# مێژووی دۆڵی سماقوڵی

## ( ١٩٧٥ - ١٩٨٨ )

هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی

٢٠٢٤

ناوی کتێب: مێژووی دۆڵی سماقوڵی (١٩٧٥ - ١٩٨٨)
نووسەر: هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی
پێداچوونەوە: زامدار ئەحمەد
دیزاینی ناوەوە: سۆران تاودەر
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالح
چاپی یەکەم ٢٠٢٤
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
ژمارە سپاردن: ٢٠٢٤/٨٣٨ - هەولێر / هەرێمی کوردستان

بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەک تا لە چاپەکانی داهاتوو سوودی لێ وەربگرین
بەم ئیمەیڵەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن:
hawresmaquly@hotmail.com

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| مێژووی دۆڵی سماقوڵی (١٩٧٥- ١٩٨٨) | ٧ |
| پێشەکی | ١٠ |
| ڕوونکردنەوە و سوپاس نامەیەک | ١٣ |
| سماقوڵی سەروچاوە لە نێوان سالانی (١٩٧٥- ١٩٨٨) | ٢٣ |
| بەشی یەکەم: پێناسەی دۆڵی سماقوڵی | ٢٥ |
| بەشی دووەم: شێوازی کارکردنی حیزبەکان لەو ناوچەیە | ٣١ |
| بەشی سێیەم: هاتنی مەڵبەند بۆ دۆڵی سماقوڵی | ٣٨ |
| بەشی چوارەم: مەڵبەند و شەڕە گەرمەکان | ٤٤ |
| بەشی پێنجەم: شەڕی ٢٦٤ کاتژمێری دۆڵی سماقوڵی | ٤٩ |
| بەشی شەشەم: شێوازی شەڕەکەی دۆڵی سماقوڵی | ٥٤ |
| بەشی حەوتەم و کۆتایی: دووای شەڕی ١١ ڕۆژەی دۆڵی سماقوڵی | ٦١ |
| کانیاوەکانی سماقوڵی سەروچاوە | ٦٤ |
| گەلییە ناسراوەکانی سماقوڵی سەروچاوە | ٦٧ |
| سماقوڵی سەروچاوە و ناوە خۆشەکانی | ٧٠ |
| سماقوڵی سەروچاوە و ئەشکەوت | ٧٢ |
| سماقوڵی سەروچاوە و گۆڕستان | ٧٥ |
| قوتابخانە و سماقوڵی سەروچاوە | ٧٨ |
| کێخوا عەبدە، مێژوویەکی جوان | ٨٢ |
| حاجی جەلال و سماقوڵی سەروچاوە | ٩٣ |
| کێخوا عەزیز و سماقوڵی سەروچاوە | ٩٦ |
| کێخوا ئەحمەد، کەسایەتی دیاری سماقوڵی سەروچاوە | ٩٩ |
| شەڕەکەی ساڵی ١٩٧٩ و هەڵوێستی جوامێرانەی کێخوا عەبدەی سماقوڵی | ١٠٢ |
| حاجی عەلی، بنەماڵەیەکی گەورە! | ١٠٧ |
| عەزیزی مام عەولا، جووتیارە ناوازەکە | ١١٠ |
| مام فەتاحی ماڵی گەورە و سماقوڵی سەروچاوە | ١١٣ |
| کاک حەمەدەمین وەک برای باوکم | ١١٥ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١١٨ | مەجیدی ئەحمەد شێری و سەختی ژیان |
| ١٢١ | ئەحمەد مەلا کێیە؟ |
| ١٢٣ | هەڵوێستێکی جوامێرانەی شەهید کارزان شەقڵاوەیی |
| ١٢٧ | سەروپێیەکەی دایکم و عەریف عەلی |
| ١٣٠ | مام عەلی مێر و سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٣٢ | مام حاجی ئەبووبەکر و سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٣٥ | حاجی سدیق و سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٣٨ | مام جەلال و کوردایەتی |
| ١٤٢ | مام فەقێ و سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٤٥ | هەڵوێستی مەردانەی کاک عومەر و کاک ڕەحمان |
| ١٤٧ | کاکە جەمال و جووتی ڕەزی |
| ١٤٩ | مام سەعید، جووتیارە ڕۆشنبیرەکەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٥١ | ژنە ڕووخۆشەکەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٥٤ | کاک تەحسین و مام ڕەسووڵی ئاشەوان |
| ١٥٧ | کاک ئەنوەر و چەند گەنجێکی سوسێ |
| ١٦٠ | نەنکە سارێ و کوندەی ئاوێ |
| ١٦٢ | پیاوە جوامێرەکانی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٦٤ | مام سەعید، کەسایەتییەکی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٦٧ | کاک کەریم، پیاوە بە هەڵوێستەکە |
| ١٦٩ | کاک نادر و سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٧٢ | سەمەد مەلا حەمەد، قسە خۆشەکەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٧٦ | مام عەلی، پیاوە بێ دەنگەکەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٧٩ | بەکری مام سەعید، پیاوە بە هێزەکەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٨٢ | کاک مەعرووف، کەسایەتییەکی ناوازەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٨٥ | مامۆستا خالید، پیاوێکی باش و بە ئەزموون |
| ١٨٨ | حاجی مەحموود و سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٩١ | محەممەد ڕەزا، پیاوە هەست ناسکەکەی سماقوڵی سەروچاوە |
| ١٩٥ | مام حاجی باپیر و سماقوڵی سەروچاوە |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| کێخوا و لادێ | ١٩٨ |
| زەماوەندی لادێ | ٢٠١ |
| زەماوەندی سێ بەگا و سماقوڵی سەروچاوە | ٢٠٤ |
| بووکە بەبارانێ | ٢٠٦ |
| سماقوڵی سەروچاوە و جۆگە مار | ٢٠٩ |
| ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پێویستییەکانی ژیان | ٢١٢ |
| ماچی بێ کۆتایی | ٢١٥ |
| مەلای گوندی و وتاری هەینی | ٢١٧ |
| مام حەمەد و کلکی بزنێ | ٢١٩ |
| دوو پێشمەرگە | ٢٢١ |
| سماقوڵی سەروچاوە و ئەنفالیماینەکەمان | ٢٢٣ |
| مام حاجی کاکۆل، پیاوە ناوازەکە! | ٢٢٥ |
| گۆمەشین و سماقوڵی | ٢٢٩ |
| سماقوڵی و گوندەکانی وراتی کۆیە | ٢٣٣ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندی سوسێ | ٢٣٨ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندە جوانەکەی سماقوڵی گرتک | ٢٤٨ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندە جوانەکەی سێنان | ٢٦٢ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندی کرۆژ | ٢٧٠ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندی سماقوڵی گەلی | ٢٧٨ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندەکانی ونکە و عەلیاوە | ٢٨٥ |
| کورتەیەک لە مێژووی گوندە جوانەکەی کێشکە | ٢٩٧ |
| فەرهەنگی وشەکان | ٣٠٧ |
| لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس) | ٣١٢ |
| ئەلبومی یادگارییەکان | ٣٥١ |



**باوکم: عبداڵله حسێن قوربانی**
ناسراو بە (کێخوا عەبدەی سماقوڵی)
(١٩٢٢ - ٢٠٠١/١٢/٢٥)

**دایکم: حەنیفە حەمەد قوربانی**
(١٩٢٧ - ٢٠١٤/١٠/٢٢)

# مێژووی دۆڵی سماقوڵی (١٩٧٥ - ١٩٨٨)



زامدار ئەحمەد

لە ڕواندز و سۆرانەوە ڕووەو کۆیە دەگەڕامەوە، لە شەقلاوە دەستی چەپم گرت و هاتمە دۆڵی هیران و نازەنین، لە لای گوندی ئاقوبان بڕیارمدا ڕێگای گەڕانەوە بگۆڕم و لە شاخی سەفینەوە خۆم بگەیەنمە دۆڵی سماقوڵی، لە کۆتا لووتکە و بەرزایی شاخی سەفین پشووێکی کورتمدا، چێژم لە دیمەن و سروشتی ناوچەکە وەرگرت، هەر لەگەڵ چوونەوە نێو ئۆتۆمبێل، بە دەنگی مامڵێ گوێم لە گۆرانی (من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە) گرت... تەنیا دوو خولەک لە دوای تێپەڕبوونم لە لای تابلۆی گوندەکانی: ناودارۆکان، بیرۆکان، سۆران تاودەر، خاوەنی چاپخانەی شەهاب تەلەفۆنی کرد، دوای هەواڵپرسین و چاکوچۆنی، فەرمووی: کاک هاوڕێ پەیوەندی کردووە و کتێبێکی سەبارەت بە دۆڵی سماقوڵی نووسیوە، پێویستی بە کەسێکە پێداچوونەوەی بۆ بکات، ئەگەر ئاسایی بێت، ژمارە تەلەفۆنەکەتی پێ دەدەم.

ڕێککەوتێکی جوان بوو، چون لەو کاتەدا لە دۆڵی سماقوڵی بووم، وا بڕیاریشە کتێبێک سەبارەت بەو دۆڵە بخوێنمەوە! دەمزانی لە ڕابردوودا دۆڵی سماقوڵی ناوچەیەکی پڕ لە چالاکی؛ ناوەندی بەشێکی زۆری پارتە سیاسییەکانی کوردستان بووە، کەچی کەمترین زانیاریم

سەبارەت بە دۆڵەکە لە کتێبدا بینیووە، ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی هەشمبوو، بە شێوەی زارەکی بیستبووم.
لە لای گوندی سماقوڵی سەروچاوە تا سماقوڵی گرتک و سماقوڵی گەلی، لەوێوە تا کۆیە، بیر و خەیاڵم لای ڕابردوو و مێژووی ئەو دۆڵە و گوندەکانی بوو. دەیان پرسیارم لا دروست بوو، ئاخۆ ئەو نووسەرە چۆن باسی ئەو ناوچەیەی کردووە؟ چۆن ئەو بیرۆکەیەی بۆ دروست بووە؟ دەبێت باکگراوندی حیزبایەتی هەبێت؟ تا چەند لە نووسینەکانی ڕەنگی داوەتەوە؟ چ لایەنێکی ئەو دۆڵەی باس کردووە؟...
کاتێک گەیشتمەوە کۆیە، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، من و کاک هاوڕێ، قسەمان کرد، ئەگەرچی سەرقاڵی کاری دیکەم بووم، بەڵام لەگەڵ ناردنی کتێبەکە دەستم کرد بە خوێندنەوە، بە ڕاستی چێژم لە نووسینەکان وەرگرت.
لە ڕاستیدا ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی نووسەرە، بەو مانایە ئەزموونی پێشتری نەبووە، کەچی زۆر بە وردی؛ لە هەموو ڕوویەکەوە سەبارەت بە دۆڵەکە زانیاری خستووەتە ڕوو. هەر لە گوندی سماقوڵی گەلی بگرە، تا دەگاتە سماقوڵی گرتک و سماقوڵی سەروچاوە (لە ڕاستیدا بەراورد بە گوندەکانی دیکە زۆر بە وردی سەبارەت بە سماقوڵی سەروچاوە دواوە)، هەروەها هەر یەک لە گوندەکانی: سوسێ، سێنان و کرۆژی باس کردووە، بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکوو چەند گوندێکی لە دەرەوەی دۆڵەکە، بەڵام لە چوارچێوەی ناوچەکە باس کردووە، ئەوانیش: ونکە، عەلیاوە و کێشکەیە.
کتێبی مێژووی دۆڵی سماقوڵی (١٩٧٥– ١٩٨٨)، تۆماری بەشێک لە ڕووداوەکانی ١٣ ساڵی گرنگی مێژووی هاوچەرخی ناوچەکەی لەخۆگرتووە، تێیدا ئاشنا دەبین بە: کەسایەتییەکان؛ بەرەبابەکان؛ گۆڕستانەکان؛ کانیاوەکان؛ ئەشکەوتەکان؛ گردەکان؛ دۆڵەکان؛ گەلییەکان؛ پێشمەرگەکان؛ شەهیدەکان؛ ئەنفالەکان؛ خزمەتگوزارییەکان ناوچەکە. هاوکات چەند بەسەرهاتی خۆشی دۆڵەکە؛ زەماوەند و ئاهەنگی لادێ؛ یارییە کوردەوارییەکانی خستووەتە ڕوو. سەرەڕای

ئەوە باسی لە بنکە و بارەگای پارتە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە کردووە و وێنای شەڕەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە، کە لە ڕابردوو ڕووی داوە.

کاک هاوڕێ لە خەمی تۆمارکردنی مێژووی ناوچەکە، ئەم بابەتانەی نووسیوە، بە یادەوەرییەکانی خۆی ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سالانی ١٩٧٥- ١٩٨٨، تا لە مێژوو، فەرهەنگ، کولتوور، دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو تێ بگەین، ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەش بزانین.

بە شێوەیەکی گشتی کتێبەکە مێژووی کۆمەڵایەتی ناوچەکەی لەخۆگرتووە، لەو نێوەشدا دەیان وشەی کۆنی کوردەواری وەک: قەرتارە، جەنجەڕ، ئامور و نیر... تێدایە، لە سۆنگەی هەست کردن بەوەی نەوەی ئێستا کەمتر بەو ئامێر و دەستەواژانە شارەزان، بۆیە داوام لە کاک هاوڕێ کرد، لە کۆتایی کتێبەکەیدا فەرهەنگێک بۆ ئەو وشانە دابنێت، خۆشبەشخانە پێشنیازەکەی قبووڵ کرد، هەر وەک لە پاشکۆی ئەم کتێبە دەی بینن، بێگومان ئەمە خزمەتێکی باشی بە کتێبەکە کردووە؛ هەروەها پێشنیازی دانانی لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس)م کرد، تا خوێنەران و توێژەران بە ئاسانی دەستیان بە وشە دیاریکراوەکانی ناو کتێبەکە ڕابگات، بە سوپاسەوە ئەمەشی قبووڵ کرد، بە دڵنیاییەوە ئەمەش کارئاسانی باشە بۆ خوێنەران، تا بە ئاسانی ئەو شوێن و کەسایەتییە دیاریکراوانەی مەبەستیانە بیدۆزنەوە و وردەکارییەکانی بخوێننەوە.

وێڕای دەستخۆشی و ماندوونەبوون، هیوای سەرکەوتن بۆ کاک هاوڕێ دەخوازم، ئومێدەوارم لە تۆمارکردنی ئەم بابەتە گرنگانە بەردەوام بێت.

**زامدار ئەحمەد**

کۆیە / ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٤

# پێشەکی



**تاهیر مەجید ئەحمەد**

سوپاسێکی بێ پایەن و بێ کۆتایی بۆ هاوڕێ و هەڤاڵ و هاوبیر و هاوڕێی تەمەنم کاکە (هاوڕێ سماقوڵی)، کە شەرەفی نووسینی پێشەکی کتێبی (مێژووی دۆڵی سماقوڵی)ی بە من سپارد، منیش زۆر بە خۆشحاڵی و سینگ فراوانییەوە گرتمە ئەستۆی خۆم.

کاک هاوڕێ بە توانا و سەلیقە و لێوەشاوەیی خۆی، ئەم بابەتە گرنگ و پێویستانەی بۆ تۆمار کردووین، لە کاتێکدا دەرچووی بەشی مێژوو نییە و بەشی کارگێڕی لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە تەواو کردووە، بەڵام خولیا و حەز و ئارەزووی بۆ ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە هەبووە، کە وا توانیویەتی مێژووی بەشێکی ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی سماقوڵی و هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەری بنووسێتەوە و کتێبێکی دیکەی مێژوویی بخاتە سەر خەرمانی مێژووی کوردستان و گەلی کورد.

بە دیار خستنی مێژووی گوندەکانی دۆڵی سماقوڵی و خستنە ڕووی کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی ئەم دەڤەرە، پێویستە

دەستخۆشی لە نووسەری بەڕێز بکەین.

نووسەر خۆی لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە لەدایکبووە و کوڕی کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکەیە، وێستگەی ژیانی هاتنە ناو دونیای سیاسەت و نیشتمانپەروەری لە ڕاپەڕینەوە دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوەی خۆی لە ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ بریندار بووە.

لەدوایدا هاتە ناو کاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی، تاکوو گەیشتە ئاستی ئەوەی بووە لێپرسراوی کۆمیتەی سویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناوبراو ئێستا لە هەندەران، لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە، زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی و سویدی دەزانێت.

نووسەر هەر بەوە نەوەستاوە، بەڵکوو لایەنێکی دیکەی گرنگی ناوچەکەی باس کردووە، ئەویش لایەنی سیاسی، ئابووری، جوگرافیا، گەشتوگوزار و کۆمەڵایەتییە. دیارە ئەم بابەتانەش بۆ نەوەیەکی تازە پێگەیشتووی سەرەتای سەدەی بیست و یەک، تازەیە، چونکە بە مێژوو، جوگرافیا، کولتوور و فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە ئاشنا نەبوون. یاخود بە دیار خستنی کەسایەتییە دیار و ناودارەکانی ئەم دەڤەرە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ژیاندا نەماون و گەڕاونەتەوە بەر سۆز و دلۆڤانی یەزدانی مەزن.

نووسەر لەم کتێبەدا باسی لە ژمارەیەک گوند کردووە، کە لە دەرەوەی سنووری دۆڵی سماقوڵی دایە، ئەویش بریتین لە گوندەکانی وراتی کۆیە، وەکوو گوندی کانی دەربەند، گۆمەشین، بانەقەڵات، شاخە پیسکە، گورزەیی، پیرەر، حاجی کاکۆل و چەندان گوندی دیکە، کە لە ڕووداوە ناخۆش و کارەساتبارەکانی بە سەر ناوچەکەدا هاتووە، پشتیوان و هاوکار و خزم دۆست و میوان دۆستێکی زۆر گەورە و بە ئەمەگ و دڵسۆز بوون بۆ خەڵکەکەی.

لە کارەساتی ساڵی ١٩٧٤دا، کە خەڵکی دۆڵی سماقوڵی لە بەر ترسی تۆپ و فڕۆکە و هێرشی دوژمن ناوچەکەیان چۆڵ کرد و ڕوویان کردووەتە ئەم دێهاتانە، لەوێش زۆر بە گەرمی و دڵسۆزییەوە پێشوازیان لێ کردوون و بوونە فریادڕەس بۆیان، بەتایبەتی گوندی کانی دەربەند و بنەماڵەی ماڵی مام قادری کوێخا حەمەد و مام حەسەنی ئامۆزای، کە دڵسۆزی و خەمخۆرییان لە بیر ناکرێت.

هاوڕێ سماقوڵی نووسەر، ناوێکی دیاری ناوچەکە بووە. ئێستاش لە بواری مێژوو، یاخود بڵێین لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو داوە. بۆیە توانیویەتی ئەم کتێبە پڕ لە بابەت و زانیارییە لە سەر ناوچەکە بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز و خۆشەویست.

هیوادارم سەرکەوتوو بێت و بەرهەمی بەپێزی زیاتر بۆ خوێنەران بخاتە ڕوو.

**تاهیر مەجید ئەحمەد**

یەکی حوزەیرانی ٢٠٢٤ / کۆیە

# ڕوونکردنەوە و سوپاس نامەیەک



سەرەتا، ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئێوەی بەڕێز هەیە.

ئەگەرچی ئێمە هەموو مرۆڤین، بەڵام لە ڕوخسار و دەربڕین و ئاخاوتن و بۆچوون و ناو لێک جیاوازین. مرۆڤیش کە دەستی دایە پێنووس، دەبێت بە ویژدان و دادپەروەرانە هەموو ئەو ڕاستی و ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە وەک خۆی تۆماریان بکات.

هەمیشە بیروڕام وا بووە و کە بیرۆکەی چەند کەسێکم پێ باشتر بووە، لە بیرۆکەی تاک بە تەنیا. هەر ئەمەش وای لە من کرد پرس بە چەندین کەس و خەڵکی بە توانا بکەم و بیرۆکەی خۆم و ئەو ئازیزانە تێکەڵ بە یەکدی بکەم، بۆ ئەو نووسین و بابەتانە سوودیان لێ وەربگرم.




منیش لە چاوی خۆمەوە هەموو شتێک نابینم، بێگومان چاوی ئێوە تیژترە و هەموو شتێک باشتر دەبینن. ڕوونە کە هیچ مرۆڤێک نییە لە ژیاندا هەڵە نەکات، منیش یەکێکم لەو بەندانەی خودای گەورە، بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نیم. نووسینەکانی منیش وەک نووسینی سەرجەم نووسەران و پێنووس بە دەستان بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام پێم خۆش بوو لە دیدگای خۆمەوە، خزمەتێکی بچووکی ئەو گوندانە و ئەو کەسایەتییانەی ناوچەکە بکەم و زیاتر بە ئێوەی بەڕێزی ئاشنا بکەم.

وەک کەسێکی دۆڵی سماقوڵی، پێم باش بوو بۆچوونم لە بوارەکانی فەرهەنگی، سیاسی، کولتووری، مێژوویی و جوگرافیایی ناوچەکە هەبێت. ئەگەرچی لە بنەچەدا بیرۆکەی خۆم بوو، بەڵام ڕاوێژم لەگەڵ چەندین کەسایەتی سنوورەکە و خەڵکی گوندەکانی ئەو دەڤەرە و چەندین دۆست و قەڵەم بە دەست کردووە بۆ نووسین و گەڵاڵە کردنی ئەو بابەتانەی کە لەبەردەستتاندایە.

سەرەتا بە نووسینەوەی ژیاننامەی چەند کەسایەتییەکی گوندی سماقوڵی سەروچاوە دەستم پێ کرد، تەنیا باسی کارە باشەکانی ڕابردووی ئەو کەسایەتییانەمان کردووە، خۆم بە دوور گرتووە لە کارە نەخوازراوەکان، بۆ ئەوەی تووشی کاردانەوە نەبم، هەموو مرۆڤێکیش لە ژیان، لایەنی باشە و لایەنی خراپەی هەیە. لەو بابەتانە پێم خۆش بوو وێنەیەکی جوان پێشکەش بە ڕۆڵەکانی ئەو سەردەمە و نەوەکانی داهاتوو بکەم، هەروەها نەمویستووە نەوەکانی ئێستا و ئایندە بەو جۆرە بابەتە نەخوازراوانەی ڕابردوو سەرقاڵ بکەم.

لە ڕاستیدا مێژوو و ئازارەکانی ڕابردوو و ڕووداوەکانی سماقوڵی لە ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨٨) بە سەر حەوت بەش پۆلێن کردووە، کە چ کارەساتێک و بەدبەختییەک لە ڕابردوودا ڕووی لەو ناوچانە کردووە.

باسی گوندەکانی سوسێ، سماقوڵی گرتک، سێنان، کرۆژ، سماقوڵی گەلی، ونکە، عەلیاوە و کێشکەم کردووە، لە ڕاستیدا تەنیا بابەتی ونکە و عەلیاوە و کێشکێ لە چوارچێوەی دۆڵی سماقوڵیدا نییە، بەڵام دواجار لە چوارچێوەی سماقوڵیدایە. هاوکات باسی هاوکاری و پشتیوانی و هەڵوێستی جوامێرانەی گوندەکانی کانی دەربەند، گۆمەشین، گۆپتەپە، گورزەیی، بانەقەڵات، شاخە پیسکە و گوندەکانی وراتی کۆیەم کردووە، لە لایەکی دیکەوە باسی گوندی حاجی کاکۆل و بنەماڵەی مام حاجی کاکۆلم کردووە.

منیش وەک ئێوە مرۆڤم، لەوەیە لە نووسینەکانم هەڵەم کرد بێت، یاخود باسی هەندێک شوێن و کەسایەتیم نەکرد بێت، لەم بارەیەوە داوای لێبووردن دەکەم، تکام وایە بە گەورەی خۆتان بمانبەخشن. خودای گەورە پشتیوان بێت و تەمەن یاوەر بێت، لە ئایندەدا باسی زۆر بابەتی دیکە دەکەین.

پێم خۆشە لێرەوە سوپاسی ئەو بەڕێزانە بکەم، کە هەر یەکەیان بە شێوازی جیاواز لەم کتێبەدا هاوکارم بوون:

کاک حەمەدەمین مام مستەفا، مامۆستا بەکر مستەفا، حاکم سەمەد، کاک کەمال مام شەریف، مامۆستا سیامەند حاجی جەلال، کاک تاهیر مام مەجید، کاک عەبدولڕەحمان حاجی سەعید، کاک تەحسین کێخوا عەبدە، کاک جەمال مام سەعید، کاک کەریم عەریف خدر. کاک کامەران حاجی کاکۆل، کاک ئومێد شەهید بەکر گۆمەشینی، مامۆستا تاهیر گۆمەشینی، کاک فەرهاد حاجی عەولا سوسەیی، کاک سامی قادر سوسەیی، کاک ئازاد کاک ڕەشیدی کێخوا ئەحمەدی گرتک، کاک جەباری حاجی قادری گرتک، کاک تاهیر حاجی مستەفا گرتک، کاک سەید سەرتیپ کرۆژی، کاک چاپوک سەید عومەر قایمقامی پێشووی کۆیە، کاک هاوار مام فەتاح سماقوڵی گەلی، کاک فازیل کوڕی مام فەخری بەگی عەلیاوە، کاک نەهرۆ هەینی، کاک بەکر حەمە، کاک سەمیر ئەمین (نوێنەری ی. ن. ک لە سوید)، حاجی مەمۆ، مامۆستا ڕێبین کێشکەیی و زامدار ئەحمەد.

لەگەڵ ڕێزم...

**براتان: هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی سەروچاوە**

شەشی حوزەیرانی ٢٠٢٤

مانچێستەر- بەریتانیا

# هەڵکەوتەی جوگرافیای دۆڵی سماقوڵی



سماقوڵی

دۆڵی سماقوڵی کەوتووەتە دۆڵێک و هەر چوار دەوری بە زنجیرە چیا دەورە دراوە، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شارە جوانەکەی کۆیەیە لە پارێزگای هەولێر. لەوەیە بەشێک لە خوێنەران و خەڵکێکی زۆری کوردستان نەزانن دۆڵی سماقوڵی کەوتووەتە کوێی کوردستان، هەر بۆیە پێم خۆشە بە کورتی کەمێک باسی ناوچەکە و هەڵکەوتەی جوگرافیای دۆڵەکە بکەم.

دۆڵی سماقوڵی لە چەند گوندێک پێک هاتووە، وەک: سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سێنان، سماقوڵی گەلی و کرۆژ. هەروەها بیرۆکان و ناودارۆکان کەوتوونەتە دۆڵی سماقوڵی، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شاری شەقڵاوەن.

دۆڵی سماقوڵی بەم زنجیرە چیایانە دەورە دراوە:

- لە ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیای ئاوەگرد دەورە دراوە.
- لە ڕۆژئاواوە بە زنجیرە چیای بەنەباوی دەورە دراوە.
- لە باکوورە گردە سوور و چیای سەفین دەورەی داوە.
- لە باشوورەوە چیای باواجی کۆیە دەورەی داوە.

ئەگەرچی خەڵکی سوسێ بە گردە سوور دەڵێن سورکی سوسێ،

بەڵام دێهاتەکانی دی پێی دەڵێن گردە سوور، واتە ئەو سورکە کەوتووەتە نێوان گوندەکانی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، بیرۆکان، ناودارۆکان و بەشێکی سنووری گوندی زیارەت.

کەشوهەوای ئەم دۆڵە مام ناوەندییە، نە زۆر ساردە، نە زۆر گەرمە، چونکە هەموو بەهاران مەڕدار و کۆچەرییەکان لە گەرمیانەوە ڕووەو دۆڵی سماقوڵی دەهاتن، وەک ناوچەیەکی کوێستانی، لەوێ هاوینە هەواریان بۆ خۆیان دادەنا. دۆڵی سماقوڵی کەشوهەوای لەباری بۆ کۆچەران هەیە، چونکە لە بەهاران خۆراکی خۆڕسکی زۆر بووە، وەک: کەنگر، کاردو، ترشۆکە، کوارگ، گیابرژا، تۆرکە، جاترە، قەزوان و کۆمەڵێک گیای بەهاری دیکە. هەروەها لە پاییزاندا خۆراکی خۆڕسکی زۆر بووە، وەک: باوی، کرۆسک، گێوژ، سۆبلەتی، گیای حەسیر، گەسکی پووش، بنێشتە تاڵ و چەندانی دیکە.

لە ڕاستیدا دۆڵی سماقوڵی ناوچەیەکی سەخت بوو، ڕێگای قیرتاو نەبوو، کارەبای نەبوو، بۆیە بە ئاسانی حکومەتی عێراق نەیدەتوانی بگاتە ئەو ناوچەیە، لە بەرامبەردا بووبووە شوێن و لانکەی پێشمەرگەکانی سەرجەم لایەنەکان. وەک دەبینین لە ساڵی ١٩٨٤ مەڵبەندی چواری ی. ن. ک بە هەموو قورسایی خۆیەوە هاتنە دۆڵەکە و بارەگایان لە ناوچەکە دامەزراند.

دۆڵی سماقوڵی سەروچاوەی ئاوی زۆری هەیە و خەڵکەکەی بە چاندنی گەنم، جۆ، نیسک، نۆک، ماش، گوڵەبەڕۆژە، توتن، تەماتە، خەیار، شووتی و چەندین میوەی دی خەریک بوون. هەروەها دار ئەسپیندار، دار سێو، هەنار، ڕەزی ترێ، دار باوی، گێوژ، قەیسی، خۆخ و چەندین دار میوەی دیکەیان هەبوو.

لە ڕووی ئاژەڵدارییەوە، مانگا، بزن، مەڕ و ئەسپ، هێستر، گوێدرێژ، سەگ، تاژی، پشیلە، مریشک، عەلەشیش، قاز، مراوی و پەلەوەری جۆراوجۆریان هەبووە. هەروەها سامانێکی گرنگی مێشەنگوینی و ماڵی

و کێوی هەیە، کە سەروەتێکی گرنگی خۆراکی و ئابووری ناوچەکە بوو. لە لایەکی دیکەوە سامانێکی گرنگی دی ئاژەڵی کێوی هەیە، ئەویش بەراز، کەروێشک، چەقەڵ، ڕێوی، سیخوڕ، ژوژک و چەندین جۆرە ئاژەڵی دی، وەک: کەو، سووسکە و چەندین باڵندەی دی. ئەو ناوچەیە لە ڕووی سامانەکانی کشتوکاڵ و ئاو و ئاژەڵداری ماڵی دەوڵەمەند بووە.

ئێستا ئەو دۆڵە ڕێگای قیر، پرۆژەی ئاو، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، مزگەوتی تێدایە، هەروەها دەریاچەی سماقوڵی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بەخشیوەتە ناوچەکە.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە خەڵکی ئەو دۆڵە بایەخی تەواوی بە خوێندن و خوێندەواری داوە، بە شێوەیەک بەشێک لە خوێندەواران بڕوانامەی بالایان وەرگرتووە و چینێکی ڕۆشنبیر سەری هەڵداوە، کە جێی پێزانین و دڵخۆشی هەموو لایەکە، هەم بۆ ئێستا و هەم بۆ ئایندە.

١٧ی شوباتی ٢٠٢٤



سماقوڵی

# سماقوڵی سەروچاوە

## لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨٨)



سماقوڵی سەروچاوە

# بەشی یەکەم
# پێناسەی دۆڵی سماقوڵی

## یەکەم: پێناسەیەکی کورتی دۆڵی سماقوڵی:

وشەی سماقوڵی، ناوی کەسایەتییەکی دۆڵی سماقوڵییە، لە پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەو کەسایەتییە لەو دۆڵەدا بوونی هەبووە. ئەو کەسایەتییە پیاوێکی گەورە و ناودار بووە، ناوی ئیسماعیل بووە، کە پیاوێکی ڕەشتارەی ئەسمەر بووە. لە ڕابردوودا وا باو بووە، کە زۆربەی ناوەکان کورت کراوەتەوە، بۆ نموونە: قادر بووەتە قالە، محەممەد بووەتە حەمە، خدر بووەتە خلە، ئیسماعیل بووەتە سمە، ڕەش ئەسمەر بووەتە قولی، تەنانەت بەشێک لە ناوی ژنەکانیش بە ناوی کورت کراوە بانگ کراون.

ئیسماعیل، کە پیاوێکی ڕەشتارەی ئەسمەر بووە، بووەتە (سمە-قولی)، ئەو سمە قولییە بووەتە سماقوڵی، واتە ئێستا نازناوی سماقوڵییەکان، ئەو (سمە- قولی)یەیە. وەک دەزانن سێ گوند پێش ناوی سماقوڵییان وەرگرتووە، ئەوانیش: سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سماقوڵی گەلی.

### ١- سماقوڵی سەروچاوە:

سەروچاوە، ئاو و کانیاوی زۆر بووە، واتە سماقوڵی سەروچاوە، ئاو و کانیاوێکی زۆری لێ هەلقولاوە، سەرچاوەیەکی ئاوی شیرین و سروشتی زۆری هەبووە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، واتە سەروچاوەی ئاوەکە بووەتە پاشگری سماقوڵی، هەر بۆیە ئەو گوندە ناوەکەی بووەتە سماقوڵی سەروچاوە.

### ٢- سماقوڵی گرتک:

چەند سەرچاوەیەک بۆچوونیان وایە وشەی گرتک لە گردێکەوە هاتووە، واتە گردە خڕ، کە لە بەرامبەر گردی قەراتییە، ئەو دوو گردە بووەتە سەنگەرێکی بە هێز لە ڕابردوو، بە تایبەتی لە دژی داگیرکەران، گرتک لەو گردانەوە هاتووە، لەبەر ئەوە گرتک بووەتە پاشگری سماقوڵی گرتک.

### ٣- سماقوڵی گەلی:

مەبەست لە گەلی، گەلی باسرمێیە، لە لای ئەو سەدەیەی لەو دواییانە دروستیان کرد، ئەو گەلییە ڕێڕەوی ئاوەکەی پێدا دەڕوات بۆ گوندی جەلی، واتە گەلییەکە بووەتە پاشگری سماقوڵی گەلی.

ئەو شوێنانەش هەر یەکەیان مێژووی تایبەت بە خۆیان هەیە

دۆڵی سماقوڵی لەو گوندانە پێک هاتووە: سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سماقوڵی گەلی، سوسێ، سێنان و کرۆژ، کە لە ڕووی ئیداری و کارگێڕییەوە سەر بە شاری کۆیەن.

## دووەم: سماقوڵی سەروچاوە:

سماقوڵی سەروچاوە مێژوویەکی جوان و پرشنگداری هەیە، خەڵکی سماقوڵی سەروچاوە لە بنەڕەتدا سێ بەرەباب بوون بە ناوەکانی: بەرە بابی قوربانی، بەرەبابی ماڵی گەورە و بەرەبابی ماڵی سۆفی عەولا. ئەو سێ بەرەبابە لە سەردەمانی زوو، لە دۆڵی جافایەتی لە گوندی گاپیلۆنی سەر بە قەزای ماوەت لە پارێزگای سلێمانییەوە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە ئەو ناوچەیە و لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە نیشتەجێ بوون[١].

(١) لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، واتە دوای ساڵی ٢٠٠٣ گوندی گاپیلۆن بووەتە ناحیە و سەر بە شارە جوانەکەی ماوەتە، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانییە.



گوندی سماقوڵی سەروچاوە

لە بنەڕەتدا ئەو سێ بەرەبابە خزم و کەس و نزیکی یەکتری بوون لە ڕابردوودا. جگە لەو سێ بەرەبابەی سماقوڵی چەند کەسایەتییەکی دیکەش هاتوونەتە سماقوڵی و هەموویان بەیەکەوە ئەو گوندەی سماقوڵی سەروچاوەیان پێک هێناوە. جێی ئاماژەیە لە ڕابردوودا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر سادە و خۆش ژیاون.

سماقوڵی سەروچاوە سنوورەکەی بەرفراوانە و لە ڕووی جوگرافیاوە پانتایەکەی لە هەموو گوندەکانی دیکەی دۆڵەکە فراوانترە. ئەوەی خەڵکی ئەو گوندە لە خەڵکی گوندەکانی دی جیا دەکاتەوە، شێوازی ئاخاوتن و زمانەکەیەتی، چونکە هەموو خەڵکی گوندەکانی دی لە دۆڵی سماقوڵی وشەی (لۆ) بەکار دەهێنن، بەڵام خەڵکی سماقوڵی سەروچاوە وشەی (بۆ) بەکار دەهێنن.

ئەگەرچی هەڵکەوتەی جوگرافیای سماقوڵی سەروچاوە شانبەشانی گوندەکانی دی دۆڵەکە کەوتووەتە ناوچەی خۆشناوەتی، بەڵام ئێستا بەشێک لە خەڵکی سماقوڵی سەروچاوە خۆی بە جاف دەزانێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە باپیرە گەورەمان لە گوندی گاپیلۆنی دۆڵی

جافایەتی هاتوونەتە سماقوڵی سەروچاوە.

لەو کاتەوەی ئەو گوندە ئاوەدان کراوەتەوە و ئەو سێ بەرەبابە هاتوون بۆ ئەو ناوچەیە، خەڵکی ئەو گوندە سەر بە هیچ تیرە و هۆزێک نەبوونە، تەنانەت عەشیرەتگەری و ئاغاشی لێ نەبووە. ئەو گوندە تەنیا کێخوا دێ بووە، ئەو کێخوایانەش فەرمانڕەوایەتیان کردووە.

لە دوای ساڵی ١٩٧٥ خەڵکی ئەو گوندە هەمیشە پشتی بە سامانی ئاژەڵ بەستووە، هیچ ماڵێک نەبووە، کە چێڵ، بزن، هێستر، گوێدرێژ و مریشکیان نەبووبێت، تەنانەت هەندێک ماڵ مەڕ، سەگ، عەلەشیش، قاز، مراوی، کۆتر و کەروێشکی ماڵیشیان هەبووە. بە شێوەیەک سماقوڵی سەروچاوە، زیاتر لە حەوت مێگەلی بزنی هەبووە و زیاتر لە ٢٠٠ چێڵیان هەبووە. ماست، پەنیر، کەشک، مەشکە ژەنین، دۆ و کەرەی کوردەوارییان بەرهەم هێناوە. لە لایەکی دیکەوە مێشەنگوین سامانێکی دی خەڵکەکە بووە، چەندین خانەوادە مێش و هەنگوینیان بە بەردەوامی هەبووە.

خەڵکی سماقوڵی سامانێکی گرنگی دیکەیان هەبووە، ئەویش دار ئەسپیندار، دار بی و دار چنار بووە. ئەو دارانە بەکار هاتوون بۆ دروستکردنی خانووەکانیان و فرۆشتنی دارەکان بۆ بژێوی ژیانیان، ئەوەش سوودێکی زۆری گەیاندووە بە خەڵکەکەی لە ڕابردوودا.

هاوکات، گەنم، جۆ، نۆک و نیسک سامانێکی دیکەی خەڵکەکە بووە بۆ بژێوی ژیان، سەرجەم خەڵکی گوند ئەو جۆرە دانەوێڵانەیان بەرهەم هێناوە، ئارد، نان، ساوەر، بروش، داندۆک و چەندین خۆراکی دیکەیان لێ دروست کردووە.

سماقوڵی سەروچاوە ڕەز و باخێکی زۆری هەیە، دارەکانی سێو، هەنار، هەنجیر، ترێ، خۆخ، هەرمێ، قەیسی، هەروچکە، گەراز، سماق، باوی و چەندانی دیکە، وەک: تووتن، تەماتە، بامیە، لۆبیا، گوڵەبەڕۆژە، شووتی، گندۆرە، باینجان، دەلوجە. لە لایەکی دیکەوە لۆکە (پەمۆ)،

ماش، کونجی و برنج بەرهەمی ئەم گوندە جوانە بووە. هەروەها گیای بەهاری وەک: کەنگر، کاردوو، ترشۆکە و چەندین ڕووەکی دیکەی خۆراکی بەهاری بووە.

خەڵکی ئەو گوندە ماوەیەک ملی دابووە کورەی ڕەژوو، خەڵک لە چیاوە بە پشتی هێستر، یان گوێدرێژ دار بەڕوو، یان دار مازوویان دەهێنا و دەیان کردە کورەی ڕەژوو و ڕەژووەکەیان دەفرۆشت بۆ بژێوی ژیان. دیارە ناوچەی شاخاویی و ئەو ناوچانەی دۆڵی سماقوڵی زۆر دەوڵەمەندن بە داری خۆڕسکی وەک: دار بەڕوو، مازوو، کرۆسک، گێوژ، بلاڕووک، کەوەت و چەندین دار و ڕووەکی خۆڕسکی دیکە.

هەروەها ئەو ناوچانە چەندین ڕووەکی دی خۆراکیان هەیە، وەک: شیلکوتک، پیفۆک، قێزبەلە و چەندانی دی، ئەو ڕووەکانە بە خۆراکی ڤێگان دەژمێردرێن، کە بۆ تەندروستی مرۆڤ سوودی زۆرە.

ئەو ماڵانەی لەو ساڵانە لە گوندی سماقوڵی ژیاون، ئەمانە بوون:

مام حاجی حەیدەر و کاک عوسمان، حاجی قادر، ئەحمەد سۆفی، حاجی مەحموود حاجی عەلی، مەجید ئەحمەد شێر، جەعفەر مام خدری، سلێمان مام سەعید، حاجی ئەحمەد حاجی عەلی، کاک حەمەدەمین مام مستەفا، ماڵی کاک قادری مام ئەحمەدی، عەزیز حاجی نادر، ڕەشید مام حەمەدەمین، فەتاح مام ڕەشید، بەکر مام حەمەد قادراغا، حاجی عومەر، کەریم حاجی عەزیز، سەعید مام حەمەدەمین، ماڵی مامە شێخ، بورهان مام مستەفا، سەمەدی مام خدری، مامە سۆر، مەلا کەریم، حاجی مەجید، عومەرە گەورە، ماڵی مام سلێمان و کاک حوسێن، حاجی باپیر، ڕەسووڵ حاجی عەلی، ماڵی کێخوا عەبدەی باوکم، حەمەدەی مام عەزیز، ماڵی مامە سابیر، کاک نادر، ئەنوەر مام حەوێز، حەسەن حاجی حەیدەر، ڕەحمانی حاجی ڕەشید، فەتاح مام باوەکر، حەمەدەمین مام باوەکر، ماڵی عەزیز حاجی ئەمین (کێخوا عەزیز)، ماڵی مام حاجی سەلیم، ماڵی مام حاجی سدیق، ئەمیر مام عەزیز، مامۆستا حوسێن، حاجی مستەفا و کاک حامید، پلکە زەکیە

کێخوا حوسێن،ماڵی حاجی باقی، بەکر حەمەسوور، جەلال یا سەفیە، ماڵی مام ڕەسووڵی کەرێ، دەروێش مەغدید، ڕەحمان حاجی سەعید، عەلی مام قادری، سابیر مام قادری، ماڵی مام حاجی ڕەشیدی، ماڵی مام حاجی مەحموودی گەورە، ڕەحمانی مام حەسەن، عەلی مام حەسەن. مام ساڵح و کاک عەزیز، ماڵی مام باوەکر و کاک ئازاد، عەوڵای مام قادری، سابیری مام سەلیم، عەزیز مام عەوڵای، کاک سەعید و کاک ئەسعەد، ئەنوەر مام کەریم، جەعفەر مام کەریم، ماڵی مام سەمەد و کاک عەباس، پلکە ناجیەی کێخوا حوسێن، حاجی حەمەد، یا زارا و کاک سەمەد، ماڵی مام حاجی ئەبووبەکری، عەلی مەحموود، بەکری مامە مینی، مام سەعید و کاک نووری، حاجی مەلا، ماڵی مام کێخوا ئەحمەد و کاک فەتاح، سەعید مامە حەمە، محەممەد ڕەزا، ماڵی یا فاتمی مام حوسێن، ماڵی کاک حەمەدەمین مام حوسێن، حەمەدەمین مام مارفی، ماڵی مام مارف و کاک زاهیر.

ئەو کەسایەتییانەش بە قۆناغی جیا جیا هاتوون، وەک مەلای مزگەوت، کارمەندی تەندروستی و مامۆستای قوتابخانە.

ماڵی مامۆستا عەبدولڕەحمان، ماڵی مامۆستا مەلا عوسمان، مامۆستای ئایینی بوون، مامۆستا فەیسەڵ و مامۆستا دڵشاد حەمەدەمین و مامۆستا ڕەنجبەر، مامۆستا خەلیل و ست نازەنین و دایکی خەڵکی چەمچەماڵ بوون، ست پەرژین حاجی حوسێن خێزانی مامۆستا کەمال و ست شیرین عومەر خەڵکی کۆیە بوون، بەڵام ئەو دوو مامۆستا ژنە بەیەکەوە بوون و چەند مامۆستایەکی دی قوتابخانە. د. مەجید، مەلا لوقمان و چەند کارمەندێکی تری بنکەی تەندروستی.

٤ی ئایاری ٢٠٢٤

## بەشی دووەم
## شێوازی کارکردنی حیزبەکان لەو ناوچەیە

بە مێژووی ڕابردووی ئەو گوند و دۆڵەدا بچینەوە، بێگومان بە چەندین پەرتووک تەواو نابێت، لەبەر ئەوە من تەنیا بەشێکی بچووکی ڕووداوەکانم هەڵداوەتەوە، بەگوێرەی ئەو ساڵەی دیاریم کردووە، ویستوومە لە دیدگای خۆمەوە واقیعی ناوچەکە، بێلایەنانە باس بکەم، نەشم ویستووە خۆم تێکەڵی کارە نەخوازراوەکان و لایەنە خراپەکان بکەم. چونکە هەموو ڕووداوەکان لایەنی باش و خراپی زۆری هەبووە بە داوای لێبوردنەوە.

لە ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٧٨) مەفرەزەی پێشمەرگەکانی سۆسیالیست، شیوعی، یەکێتی لەو ناوچانە هەبوون، بەڵام مەفرەزە و فەرماندە سەربازییەکانی حیزبی سۆسیالیست لەو سنوورە بالادەست بوون.

ئەو کاتیش شەڕی ناوخۆ و خۆکوژی ناوچەکەی هەراسان کردبوو، حیزبەکان ئەوەندەی یەکتریان دەکوشت، ئەوەندە پەلاماری سوپای عێراقیان نەدەدا، لە ڕابردوودا چەندین پێشمەرگەی گەنج و کوردپەروەر و قارەمانی خێر لە خۆ نەدیو بوونە قوربانی ئەو شەڕە قێزەونانە.

ئەو کات من قوتابی قوتابخانەی سماقوڵی سەرەتایی بووم، کە زەنگی قوتابخانە لێی دەدا بۆ دەست پێ کردنەوەی خوێندنی ساڵی تازە، دڵمان زۆر خۆش بوو، کە پەرتووک و دەفتەر و قەڵەم و ڕەشکەرەوە (مەساحە) و دادەر (موختاتە)مان وەردەگرت، دەچووینەوە ماڵێ، من پەرتووک و دەفتەرەکانم هەمووی بەرگ دەکرد بۆ ئەوەی لە دڕان و تێکچوون بیپارێزم، چونکە ناوچەکە باران و بەفری زۆری لێ دەباری، پەرتووکەکانمان هەمووی جوان و نوێ بوون و بە وێنەی جوان جوان ڕازێندرابوونەوە، پەرتووکی عەرەبیشمان هەبوو. وێنەی یەکەم و دووەمی سەرجەم پەرتووکەکان وێنەی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێنی پێوە بوو.

بەشێک لە کادیرانی پێشمەرگە لەو کاتە، واتە (١٩٧٧- ١٩٧٩) هەموو ساڵێک قوتابییەکانیان کۆ دەکردەوە و پەرتووکی عەرەبیان لێ وەردەگرتین و دەیان سووتاند، هەروەها دەبوو وێنەکانی سەددام حوسێن و ئەحمەد حەسەن بەکر لە هەموو پەرتووکەکان بدڕێنین، هەر بۆیە تا ئێستاش بە باشی فێری زمانی عەرەبی نەبووین. ئێستاش هەرچی بەرپرسی کورد هەیە خۆی فێری زمانی عەرەبی دەکات و دەیەوێت فێر عەرەبی بێت.

## یەکەم: حیزبی سۆسیالیست:



سید کاکە و هاوڕێکانی

ئەو فەرماندانەی کە لەو ناوچانە ناسراو بوون، کادیری سەربازی و سیاسی حیزبی سۆسیالیست بوون، کە ئەو بەڕێزانە بوون:

قادر مستەفا، سەید کاکە، قادر عەزیز، مامۆستا سەعید، قادر جەباری، مام قادر شۆڕش، بەکر حەمە، عەریف عەلی، شەهید تەحسین خوارزای عەریف عەلی، موحسین بایز، عەبدوڵڵا بۆر، عەولا سوور،



بەکر حەمە و هاورێکانی

بورهان بلەیی، ئەحمەد خان، کاک ڕەمەزان، سابیر فەقێیانی، سەلیم کێشکەیی، غازی قادراغای نازەنینی، تاڵیب مام ئەسوەدی کۆیە، کاک دڵزار، حاجی حاجی برایم، مامۆستا موحسین عوسمان، سەید سەلیم، شینە بۆڵی، سلێمان بیریژی، کاکە شین سماقوڵی، حەمە سوور دەشتی کۆیە، سەید عەبدوڵڵا کەردزی، باپیر گورزەی، مام غەفوور، مەغدید بناوی، بەکر توتمەیی، مەلا کەمال و چەند فەرماندەیەکی دی. لەو کاتەدا ئەو بەڕێزانە هەموویان فەرماندەی حیزبی سۆسیالیست بوون لە سنوورەکەدا، کە تەنیا یەک بارەگایان هەبوو، لە لای شێخان، لە درکۆیە، کە مام قادر شۆڕش و حاجی حاجی برایم لەوێ بەرپرس بوون، باقی فەرماندە و پێشمەرگەکانی دی دەچوونە ماڵان بۆ نان خواردن واتە دابەش دەبوون.

سۆسیالیست کادیر و پێشمەرگەی دڵسۆز و قارەمانیان هەبوو، لە ڕووی سەربازییەوە ئازا و خۆنەویست بوون، بەڵام لە ڕووی کارگێڕی و ڕامیارییەوە لاوازیان پێوە دیار بوو.

بـه هـۆی زیندوویەتـی ناوچەکـە، حکومەتـی عێـراق چەندیـن جـار پەلامـاری دۆڵـی سـماقوڵی داوە، هەمـوو جـۆرە چەکێـک و فڕۆکـە و سـەرباز و جـاش بـۆ پەلاماردانـی ئـەو ناوچانـە بـەکار هاتـوون.

سـاڵی ١٩٧٩ پێشـمەرگەکانی سۆسیالیسـت زۆر تۆکمـە بـوون، چەندیـن داسـتان و چالاکـی بـێ وێنەیـان ئەنجامـدا، شـەڕەکەی ٢٤ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٩ یەکێکە لـەو داستانە مێژووییانـە کە لـە سـماقوڵی سـەروچاوە و سـماقوڵی گرتـک تۆماریـان کـرد، کـە شـەهید سـەید سـەلیم و شـینەی بۆڵـی شـەهید کـران.

لـە ساڵانی ١٩٧٩ تـا ناوەڕاستی سـاڵی ١٩٨٢ حیزبی سۆسیالیست لـە ڕووی زۆری ژمـارەی پێشـمەرگەوە گەشـەی باشـی کردبوو، بـەڵام لـە ڕووی ڕێکخسـتنەوە زۆر لاواز بوون، نەیانتوانی خەڵک بکەنـە ئەندام و دۆسـت و هەوادارى خۆیـان.

بەشـێک لـە کادیـر و فەرمانـدەکان، پیـاوی زۆر بەڕێـز و خۆشەویسـت بـوون، خەڵکەکـە خۆشـی دەویسـتن، بـەڵام بەشـێکی دی لـە کادیر و فەرماندەکان نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ خەڵکەکە بگونجێنن، هەر ئەمـەش هۆکار بـوو کـە لـە دۆڵـی سـماقوڵی دۆسـت و هەواداری سۆسیالیسـت گەشـە نـەکات. لـە لایەکـی دیکەشـەوە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان زۆر بەهێـز بـوون، خـودی سـکرتێر و سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان زۆر بـە توانـا بـوون، ئەزمـوون و لێزانـی زۆر باشـتریان هەبـوو، بـە شـێوەیەک توانیـان لـە ماوەیەکی کورتـی چەنـد سـاڵە، ببنـە هێزێکـی بـێ ڕکابـەر و لـە هەمـوو ناوچەکانی کوردسـتان ئەندام و دۆسـت و هەواداریـان بـۆ پەیدا بێت. تەنانـەت ئـەو فەرماندانـەی سۆسیالیست، کە ناوەکانم هێنان، بەشێکیان سـەنگەری خۆیـان گواسـتەوە بـۆ نـاو ڕیزەکانـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان.

حیزبـی سۆسیالیسـت لـەو ناوچانـە ڕاوێـژکاری خراپیـان هەبـوو، کادیرەکانـی سۆسیالیسـت نەیاندەتوانـی لەگـەڵ گەنـج و لاوەکانـی

ناوچەکە خۆیان بگونجێن، بە مەزەندەی بەندە هەر ئەو هۆکارەش بوو سۆسیالیست لەو ناوچانە گەشەی نەکرد.

لەو ساڵانە چەندین ماڵە پێشمەرگە هاتن بۆ سماقوڵی، ئەو ناوانەش بەشێکن لەو ماڵانە، کە هەموویان ماڵە پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست بوون.

ماڵی مام قادر شۆڕش، سەید کاکە، مامۆستا موحسین عوسمان، مامۆستا ئەمین، ڕەحمان کۆپتەر، کاک قەهار، کاک هەڵمەت، عەلی ڕەسووڵ. مام قادر شۆڕش پیاوێکی بەڕێز و خۆشەویستی سماقوڵییەکان بوو، ماڵی مام ڕەسووڵی مام حاجی عەلی خانەخوێی مام قادر بوو، خاڵە سەید کاکە بەس دۆستی ماڵی مام عەزیزی بوو. زیاتر لە سەدان جار هاتووەتە ماڵی ئێمە و نانی خواردووە و ئێمەی هەر بە دۆستی خۆی نەدەزانی و هەر تۆزێک گەرم داهاتبا دەیگوت ئەوانە جەلالین، بۆ خەڵکانی تریش هەر وا بوو. مامۆستا موحسین خۆشەویستی سەرجەم خەڵکی گوندی بوو، هەر زووش توانی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ خەڵکی ئاوایی، کاک عەلی ڕەسووڵ چەندین جار نوێژ و پێشنوێژی لە مزگەوت بۆ خەڵکی کردووە.

کاک حاجی حاجی برایمی یەکێک بوو لەو پیاوە باش و بە ئەزموونەکان، مام عەریف عەلی کاتی خۆی باسم کردووە، پیاوێکی خۆشەویست بوو. کاک بەکر حەمە و کاک سابیر فەقێیانی ناسراو بە سابیر لاتە، ئەگەرچی زگورتی بوون، بەڵام دوو پیاوی زۆر ناوازە و ڕۆح سووک و خوێن شیرین بوون، لە هەموو ڕوویەکەوە پیاوی باش بوون، شەهید ملازم کەریم پیاوێکی بە هەیبەت و گران و بە سام بوو. ملازم خولە یەکێکی دی بوو لەو کەسایەتییانە و دەورێکی زۆری هەبوو. شەهید حەوێز هیرانی کادیرێکی ناوازە بوو، شەهید سەرباز یەکێک بوو لەو پیاوە خۆشەویستەکانی سماقوڵی، ئەو پێشمەرگانە جەولەیان دەکرد و هەر ڕۆژەی لە گوندێک بوون. خەڵکی سماقوڵییش ئەو کەسایەتییە باشانەیان خۆش دەویست.

## دووەم: حیزبی شیوعی:

حیزبی شیوعی لە دۆڵی سماقوڵی بوونیان هەبوو، بەتایبەت شەهید محەممەد حەلاق و ئەبو کاروان و چەند کادیرێکی دی، پێشمەرگەکانی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی زۆربەیان خەڵکی خوێندەوار بوون، ئەزموونیان هەبوو، خەڵکی بە تواناشیان هەبوو، شەهید هاواری کاکی هیرانیێ و شەهید مامۆستا ڕەسووڵی مام فەتاحی سماقوڵی ئەو کات پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بوون، کە بارەگایان لە گەری کفرین لە سنووری سماقوڵی گرتک و ماوەیەکیش لە چیای ئاوەگرد بوو. لە ڕاستیدا حیزبی شیوعی لەو ناوچەیەدا زۆر گەشەی نەکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان و ئەو ناوچانە پابەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن و ئاسان نییە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیە گەشە بکات.

## سێیەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨- ١٩٨٣) لە ڕووی ڕێکخستنەوە گەشەی باشی کردبوو، بە تایبەت کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، زۆربەی گەنجەکان بووبوونە ئەندام و هەواداری کۆمەڵە.

ئەو کادیر و فەرماندانەی لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچەکە بوونیان هەبوو.

شەهید ملازم کەریم، ملازم خولە، شەهید مەلا ئاراس، شەهید شەفیق، شەهید سەرباز کۆیی، عەلی مەسیفی، جەمالی عەلی باپیر، کاک ئازاد خۆشناو، شەهید کاوە مەخمووری، شەهید حەوێز هیرانی، شەهید مەلا غەفوور، حاجی مەمۆ، شەهید مامۆستا کاوە ئەنوەر، شەهید ڕێباز، سەفین مەلا قەرە و شەهید ئەحمەد قەمبەری، فارووقی عەلی مەولوود، شەهید جوامێر، ئەحمەد هیرانی، سەلاح

مەسیفی، مامۆستا شەوقی، مامۆستا سدیق، شێخ قادر، مەسعوود عەقاری، مەهدی کاوانی، فەرهاد کاوانی، نەوشیر ساڵح، کاک کاروان، کاک کاردۆ، شێخ سلێمان بالیسانی، حاجی ئەکرەم زەرگە، فوئاد گۆمەشینی، تەحسین کاوانی، یاسین کاوانی، خارە کاکەی نازەنینێ، خەسرۆی خارە کاکەی نازەنینێ، کاکەمین هەولێری، زراری مەلا گچکەی شەقڵاوە، شەهید فوئاد حەمەد سوسەیی، جەنگی فەقێیانی، عەلی ساڵح، کاک سامی قادر سوسەیی ناسراو بە نەریمان، کاک زرار مەجید زیارەتی ناسراو بە کاک هێمن، مامۆستا حەمید ناوچە و کۆمەڵێک فەرماندە و پێشمەرگەی دیکە.

ئەو کاتیش ململانێیەکان لەو پەری بەهێزیدا بوو، کەس قسەی کەسی نەدەخوێندەوە، شەڕە تەقە لە نێوان هەموویان ڕووی داوە، چەندین پێشمەرگەش لەو دووبەرەکییە بوونەتە قوربانی، یەکێتی دەهات سۆسیالیست دەڕۆیشت، سۆسیالیست دەهات یەکێتی دەڕۆیشت، ململانێیەکان زۆر نالەبار بوون، لەبەر ئەوە خەڵکەکە ترسی زۆری لێ نیشتبوو.

سڵاو بۆ کاروانی ڕابردووی پێشمەرگایەتی پیاوە باش و بە ئەزموونەکان، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان، سڵاو لە گۆڕی شەهیدەکان.

٥ی ئایاری ٢٠٢٤

# بەشی سێیەم
# هاتنی مەڵبەند بۆ دۆڵی سماقوڵی

## یەکەم: هاتنی مەڵبەند بۆ دۆڵی سماقوڵی:



کاک کۆسرەت و هاوڕێکانی

لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٤ کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەنجام درا، لەو کۆنفرانسەدا کاک کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی تازە هاتبووە ناو شۆڕش و ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ناو کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کۆمەڵێک بڕیار درا. دوو لەو بڕیارانە دەست نیشان کردنی کاک کۆسرەت بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەروەها دروست کردنی مەڵبەندی چوار بوو.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٤ بڕیارەکانی کۆنفرانس جێبەجێ کرا و مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتە دۆڵی سماقوڵی و بارەگای مەڵبەندی چوار لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە جێگیر کرا. ئەو کات سنووری پارێزگای هەولێر دوو مەڵبەند بوو، مەڵبەندی سێ

لە دۆڵی بالیسان بوو، کە کاک دکتۆر کەمال خۆشناو سەرپەرشتی دەکرد و کاک حەسەن کوێستانی یاریدەدەری بوو. مەڵبەندی چوار کاک کۆسرەت سەرپەرشتی دەکرد، کە لە دۆڵی سماقوڵی بوو.

ئەو کاتە گفتوگۆی حکومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان درێژەی هەبوو، بەڵام گفتوگۆکان بەرە و خاوبوونەوە دەڕۆیشت، واتە بەرەو کۆتایی. ئیدی گەنجێکی زۆر لە هەموو ناوچەکان ڕووی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، تا وای لێ هات ی. ن. ک لە تەواوی ناوچەکان بووە هێزی بێ ڕکابەر. هێزەکانی ی. ن. ک بارەگایان دامەزراند و خەڵکی گوندی هاوکار و پشتیوانی بەهێزی پێشمەرگە بوون و خانوو و شوێنیان بۆ پێشمەرگە دابین کرد، هەندێک خێمەشیان هەڵدابوو و پێشمەرگە نەدەچوونە ماڵان بۆ نان خواردن. پاشان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٤ مەڵبەند بڕیاریدا خانوو دروست بکەن، ئەوە بوو چەندین خانوویان بە بەرد و خشت و بلۆک دروست کرد، خەڵکی گوندی دار ئەسپیندار، بناو، بێ و چناریان زۆر هەبوو، هەر ماڵە و بەگوێرەی خۆی داریان بۆ مەڵبەند برد، لە ماوەی دوو مانگ سەرجەم خانووەکان دروست کران، چونکە وەرزی پاییز بوو و بەرەو زستان هەنگاومان دەنا.

لە ڕۆژی هاتنی مەڵبەند بۆ سماقوڵی نزیکەی ساڵێک و چوار مانگی پێ چوو، ئیدی کاک کۆسرەت سەردانێکی کاک دکتۆر کەمال خۆشناو و مەڵبەندی سێی لە دۆڵی بالیسان کرد، ئەو سەردانە بووە هۆی تێکەڵ کردنەوەی مەڵبەندی سێ و چوار. بەم جۆرە مەڵبەندی سێ و چوار بوونە یەک، بە ناوی مەڵبەندی سێ و بارەگاکەش هەر لە سماقوڵی سەروچاوە مایەوە و کاک کۆسرەت بووە لێپرسراوی مەڵبەندی سێ لە سماقوڵی سەروچاوە.

مەڵبەندی سێ لە چەند بەشێک پێک هاتبوو؛ کۆمەڵێک کادیری بە توانای تێدا بوو، کە ئەم بەڕێزانە بوون:

کاک کۆسرەت لێپرسراوی مەڵبەند، شێخ جەعفەر مستەفا بەشی عەسکەری، شەهید حەسەن کویستانی، شێخ عەلی، حەمە ساڵح بەشی کۆمەڵایەتی، شەهید عەبدولڕەزاق لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە بوو، بارەگایان لە گوندی توتمەی دۆڵی بالیسان بوو، شەهید شاخەوان عەباس لێپرسراوی بەشی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو، بارەگایان لە گوندی سوسێ بوو. شێخ محەممەد سەرگەڵویی، مەحموود بەنزین، مامۆستا چەتۆ، مامۆستا بەکر مستەفا و چەند هەڤاڵێکی دیکە لە ستافی مەڵبەند بوو. ملازم فوئاد چەلەبی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری ی. ن. ک بوو، کە لە سنووری مەڵبەندی سێ بوو، لە سنووری دۆڵی بالیسان،ماڵیشی هەر لە دۆڵی بالیسان بوو.

## دووەم: تیپەکانی مەڵبەندی سێ:

مەڵبەندی سێ چەندین تیپی قارەمانی هەبوو، کە ئەمەش ناوەکانیانە:

تیپی مەڵبەند شەهید مەلا ئاراس لێپرسراوی تیپ بوو، تیپی٩٠ی باواجی کاک جەنگی فەقێیانی بوو، تیپی ٩١ی سەفین کاک سەفین مەلا قەرە لێپرسراوی تیپ بوو، تیپی ٩٣ی کۆیە کاک ڕەهبەری سەید برایم بوو، پاشان بووە مامۆستا بەکر مستەفا لێپرسراوی تیپ، تیپی ٨٣ی هەورێ، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، کاک تەحسین کاوانی لێپرسراوی تیپ بوو، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر شەهید ڕێباز لێپرسراوی تیپ بوو، تیپی ٨٧ی قەرەچووغ لێپرسراوی تیپ مام غەفوور بوو، تیپی ١٢ی سۆران، تیپی ١٩ی کۆڕەک، تیپی ٧٨ی کارۆخ شەهید حوسێن بندایزانی لێپرسراوی تیپ بوو.

خاڵە سەید مەجید و شەهید ملازم کەریم، ئەندامی مەڵبەندی سێ بوون لە دۆڵی بالیسان، کە دکتۆر کەمال خۆشناو ئەو کاتە لێپرسراو بوو. پاشان خاڵە سەید مەجید وەک ڕاوێژکار و کەسایەتی مەڵبەندی سێ مایەوە، بەداخەوە ملازم کەریم لە کاتی گفتوگۆ شەهید کرا.




پێشمەرگەکانی کوردستان

## سێیەم: دادگا:

بەشی دادگا واتە حاکم سەمەد، حاکم عەبد. حاکم سەردار، حاکم قاسم، حاکم شۆڕش، حاکم جەمال، شەهید حاکم شێرزاد، شەهید حاکم ڕزگار و حاکم یووسف.

## چوارەم: نەخۆشخانە:

هەر یەک لە دکتۆر زریان، دکتۆر کەریم، دکتۆر مەزن و دکتۆر چیا، لە بەشی نەخۆشخانە بوون.

## پێنجەم: بەندیخانە:

کەرتی بەندیخانە (سجن) کاک مەجید میرخان لێپرسراو بوو، پاشان شەهید بارام خۆشناو بووە لێپرسراوی ئەو بەشە.

## شەشەم: باج و دەرامەت:

لە سماقوڵی سەروچاوە مام قادر قەرەچووغ لە بەشی باج و دەرامەت بوو، لە سماقوڵی گرتک شەهید خەسرۆ شێرە بوو.

## حەوتەم: بەشەکانی دیکە:

خـودا لێخۆشـبوو هیـوا دۆشـکە و کاک یاسـین سـماقوڵی و کاک ئەیووبی مـام نـادری و چەنـد پێشـمەرگەیەکی دیکـە، دەورێکی باشـیان لـە پاراسـتنی فڕۆکـەکان هەبـوو، ئەوانـە عـەدەد دۆشـکە بـوون.

مامۆسـتا سـەیفەدین لـە بەشـی ئەندازیـاری (هەندەسـە) و هاوەنـات بـوو. بەشـی جی‌هاز و هەواڵـدان لای شـەهید خەبـات مـام شـەریف و کاک عەبدوڵـڵای جیهـاز و کەمـال مـام شـەریف بـوو.

بەشـی ئازووقـە و نانەواخانـەش هەبوو، خەڵکێکی زۆری شـارەکانی هەولێر، کۆیـە و شـارەکانی دی، ئـارد، برنـج، ڕۆن، شـەکر، چـا، نـەوت و بەنزینـان بـۆ دەهێنـان، تەنانـەت چـەک و تەقەمەنیش لە ڕێگای ژمارەیەک فەوجی خەفیفـە بـۆ هێـزە کانی پێشـمەرگە دەنێـردرا. هـاوکات، بەشـێک لە دەوڵەمەنـد و سـەرۆک هۆزەکانیـش دەورێکـی باشـیان گێـڕا بـۆ هاوکاری کردنـی هێـزی پێشـمەرگە.

## هەشتەم: ماڵە پێشمەرگەکانی یەکێتی:

بەشـێک لـە ماڵـە پێشـمەرگەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بـە هاوژیـن و منداڵەکانیانـەوە لـە گونـدی سـماقوڵی نیشـتەجێ بـوون، کـە ئەمانـە بـوون:

ماڵـی کاک کۆسرەت، ماڵـی مـام ڕەسـووڵ و پلکە زوبێید، بـاوک و دایکی کاک کۆسـرەت، شـێخ جەعفـەر شـێخ مسـتەفا، کاک ڕێبـەر، ماڵـی مـام جـەلال شـێرە، مـام قـادر قەرەچـووغ، خـارە قاسـم، کاک سـەباح مـام شـەریف، کەریـم هەمـزە، ماڵـی شـەهید مـەلا ئـاراس، ماڵـی کاک جەواد، ماڵـی مـام سـەعید سـۆفی لـە بایزبـەگ بوون، ماڵـی مـام عوسـمان جەمیل، ماڵـی کاک خەلیل، ماڵـی خـارە سـەید مەجید، کاک جاسـم خزمـی شـەهید مەریـوان، کاک هاشـم خزمـی شـەهید ڕەنجە، کاک جەعفـەر برای شـەهید خدر، کاک هیـوا ئامـۆزای شـەهید خەبـات، ماڵـی عومـەر ئاغـا و

ماڵی کاک بێستوون. ماڵی کاک جەبار و کاک شاهۆ ئەو دوو خێزانە خەڵکی گەرمیان بوون.

ماڵی شەهید باقی بارزانی و کاک خدر بارزانی و کاک عادل و چەند ماڵێکی دی، کە زیاتر لە ١٧ خێمەیان لە گردی قەڵاتێ لە مام جافر هەڵدابوو، ئەو بەڕێزانە بارزانییەکانی قوشتەپەی نزیک شاری هەولێر بوون.

لە ساڵانی (١٩٨٤- ١٩٨٧) ژمارەیەکی زۆر لە زوگرتی و فیراری خێزاندار لە سماقوڵی سەروچاوە نیشتەجێ بوون، هەندێکیان خەڵکی سماقوڵی بوون، هەندێکی دیکەیان خەڵکی هەولێر و ناوچەکانی دی بوون. ئەمانە بەشێک بوون لەو کەسایەتییانە.

مامۆستا خالید مام باپیر، سەلام کاکە ڕەش، کاوەی کاک واحید، عەبدوڵڵا سمایل عەرەبی کۆیە، هەڵمەت سنەوبەر، دلێر کاک واحید، لوقمان عەبدولحەمید، کاک سەلمانی ماڵی کاکی هیرانێ واتە شێخ نیهاد، کاک سەرتیپ، کاک ڕەقیب و کاک حەمید، ئەو سێ خێزانە خزمی ماڵی کاک عەبدولحەمید بوون، لەگەڵ چەندین کەسی دیکە.

هەروەها لە هەموو گوندەکان یاسایەکییان دەرکردبوو، کە دەبێت ئەنجومەن لە هەموو گوندەکان بە هەڵبژاردن بێت، ئەو ئەنجومەنە لە سێ کەس کەمتر نەبێت و لە حەوت کەس زیاتر نەبێت، ئەوەش بەگوێرەی چڕی دانیشتووانی گوندەکان بوو، لە سماقوڵی سەروچاوە پێنج ئەندامی ئەنجومەن و دوو یەدەگ بوونی هەبوو.

ئەو ئەنجومەنانە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری گوندەکان بوو، زۆر جاریش پێشمەرگە لە ناو ئاوایی هەر کارێکیان هەبووایە، ئەوا لە ڕێگای ئەو ئەنجومەنانە جێبەجێیان دەکرد.

٦ی ئایاری ٢٠٢٤

# بەشی چوارەم
# مەڵبەند و شەڕە گەرمەکان



کاک کۆسرەت



شەهید ڕێباز

پاش تێکچوونی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حکومەتی عێراق یەکەم هێرشی لە ڕێگای فڕۆکەی جەنگی لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٥ بۆ سەر ئاسمانی گوندی سماقوڵی سەروچاوە دەست پێ کرد، بۆردوومانەکە لە ئاسمانەوە ٣٠ خولەکی خایاند، لە ئەنجامدا تریفە خانی تەمەن ١٠ ساڵان، کچی مام جەلالی یا سەفیە شەهید بوو، هەروەها مام جەلالی باوکیشی بە سەختی بریندار بوو، لە لایەکی دیکەوە چەندین خانوو سووتان و زەرەر و زیانی ماددی زۆر بە گوندە جوانەکەی سماقوڵی سەروچاوە گەیشت.

بۆردوومانەکان لە ڕێگای فڕۆکە جیاوازەکان بۆ ئاسمانی ئەو

ناوچانە بەردەوام بوون. لە ڕێککەوتی ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٥ فڕۆکە جەنگییەکان لە ڕێگای فڕۆکەی سیخۆ کاتژمێر پێنجی ئێوارە هاتنەوە سەر ئاسمانی دۆڵی سماقوڵی و بە چڕی، بە چەکی بۆمبی ناپاڵم کەوتنەوە گیانی خەڵکی گوندی سماقوڵی سەروچاوە، ئەو گوندە جوانەیان خەڵتانی خوێن کردەوە، لە ئەنجامدا حاجی مام ڕەسووڵ، بەختیار شەهید سەلام، تاهیر خارە کەریم شەهید بوون، هەروەها شەهید سەلام، یا لەعلی خارە کەریم، گەیلان سەمەدی مام خدر بریندار بوون، هاوکات چەندین خانوو سووتان و زیانی زۆری بە ڕەز و باخ و پووش و پاوان گەیشت.

خەڵکی گوندیماڵەکانیان بۆ ناو باخچەکانی ئەو کاتە گواستەوە، کە بەرەو وەرزی هاوین دەڕۆیشتین، چونکە ناو باخچەکان پەرت و بڵاو بوو، بۆ خۆ پاراستن لە ناو گوند سەلامەتتر بوو. ئەوجا خەڵک و پێشمەرگە کەوتنە دروستکردنی لەغەم و کونە تەیارەیان لێدا بۆ خۆ پاراستن لە هێرشەکانی داهاتووی فڕۆکەکانی عێراق، هەر ماڵە و یەک دوو کونە تەیارەی ئامادە کردبوو، تەنانەت خانووەکانیشیان بە شورکە ئەسپیندار شاردبووەوە.

لە ڕاستیدا ئەو فڕۆکەوانانەی تازە دەبوونە فڕۆکەوان لە سەر ئەو ناوچەیە ئەزموونی خۆیان تاقی دەکردەوە، بەم شێوەیە بۆردوومانی فڕۆکەکان درێژەی هەبوو، ڕۆژانە بەرنامەیان هەبوو، کۆپتەر و سیخۆ و مێک و پیلاتۆز، بە هەموو جۆرە چەکێک و زۆر بێ بەزەییانە بۆردوومانی سماقوڵی سەروچاوە، سوسێ، سماقوڵی گرتک، گوندی نازەنین، دۆڵی بالیسان و دەیان گوندی دیکەیان دەکرد.

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦ جارێکی دی فڕۆکە پیلاتۆزە جەنگییەکان هاتنەوە سەر ئاسمانی سنووری گوندی سماقوڵی سەروچاوە، زۆر دڕندانە ئەو گوندە جوانەیان بۆردوومان کردەوە، لەو بۆردوومانەدا، هەڤاڵ کاک کۆسرەت زۆر بە سەختی بریندار کرا، برینەکەی کاک

کۆسـرەت ئەوەنده ترسناک بـوو، زۆربـەی خەڵکی ناوچەکـە بێ ئومێد بوون لـە ژیانی، بـەڵام بە پشتیوانی خودای گـەورە و هیممەتی دکتۆرە بەڕێزەکانـی شـاخ، بـە تایبەتـی کاکـە دکتـۆر زریـان، دکتـۆر هاوکار و دکتۆر مـەزن، کـە دەورێکی ئەوتـۆ و جوامێرانەیـان گێڕا و توانیـان بـە سـەر ئـەو برینـە گەورەیـەی جەسـتەی کاک کۆسـرەت زاڵ بـن، ئەوجـا کاک کۆسـرەتیان گواسـتەوە بـۆ گونـدی سوسـێ بـۆ خانـووی ماڵـی محەممەدی مام حەسـەن ناسراو بە حەمەد حەسـەن لە گوندی سوسێ، کـە ئەشـکەوتێکی تێـدا بـوو، لـەو خانـووە دکتـۆر زریـان و سـتافەکەی توانییـان نەشـتەرگەرییەکی سەرسـوڕهێنەر و سـەرکەوتوو بـۆ کاک کۆسـرەت ئەنجـام بـدەن، کـە ئـەو کات کەرەسـتەکان زۆر سـنووردار بـوون، دەبێـت ئـەوەش بڵێیـن، کـە خەڵکـی گونـدی سوسـێ و ناوچەکـە بـە خوێـن و بـە مـاڵ هەمـوو ئامادەییەکیـان دەربـڕی بـۆ هاوکاری کاک کۆسـرەت و سـتافە پزیشـکییەکەی شـاخ، خۆشـبەختانە کاک کۆسـرەت تەندروستی باش بووەوە و دەستی بە کارەکانی خۆی کردەوە. دکتۆر زریـان و سـتافەکەی هاوکاری باشـی پێشـمەرگە و خەڵکی ناوچەکەیـان کـردووە، کـە جێگای پێزانینـە.

نـاوە نـاوە لـە دەربەنـدی گۆمەسـپان و شـارۆچکەی دێگەڵە و گوندی ئەشـکەوت سـەقا لـە نێـوان دەربەنـدی گۆمەسـپان و دێگەڵـە، بـە تۆپـی دوورهاوێژ و ڕاجیمـە، بە چڕی بۆردوومانـی دۆڵەکەیان دەکرد. پاشـان مەڵبەنـد دۆشـکە و دژە فڕۆکەیـان لـە سماقوڵی سـەروچاوە دانـا، کۆپتـەر و پیلاتـۆزەکان نەیـان دەوێـرا بێنـە سـەر ئاسـمانی سـماقوڵی، چونکـە بەرگرییەکی باشـیان دەکرد، لەو نێوەدا کاک هیوا دۆشـکە و سـتافەکەی ڕۆڵێکی باشـیان گێڕا لـە پاراسـتنی خەڵکەکە.

ئینجا هێرشـی پێشـمەرگە لـە هەمـوو ناوچەکانی کوردسـتان دەسـتی پـێ کـرد، بـەڵام هێـرش، یـان شـەڕ، جا چ جۆرە شـەڕێک؟ بـاوەڕ ناکـەم لـە مێژووی ڕابـردووی کـورد و شـۆڕشـەکانی کـورد ئـەو جـۆرە شـەڕانە

کرابێت، چونکە حکومەتی عێراق لە جەنگێکی درێژخایەندا بوو، لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

حکومەتی عێراق چەکی نوێ و پێشکەوتووی هەبوو، هەموو جۆرە چەکێکی لە دژی پێشمەرگە و ئەو گوندنشینانەی کە پێشمەرگەی لێ بوو بەکار دەهێنا. ئەو کاتی شەڕەکان قورس بوون، لە هەموو کوردستان شەڕ بوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە سنووری هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، گەرمیان، بیتوێن و باڵەکایەتی زەبری کەمەرشکێنیان لە حکومەتی عێراق وەشاند. کاتێکیش بەرەی کوردستانی دروست بوو، خەڵکی کوردستان دڵی زۆر خۆش بوو، کە زۆربەی شەڕەکان بە هاوبەشی ئەنجام دەدرا، چونکە هەمووان یەک ئامانجیان هەبوو.

وەک گوترا، ئەو کاتەی شەڕەکان قورس و سەخت بوون، لە هەموو کوردستان شەڕ بەردەوام بوو. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا، لە شەڕی قەیوان و هەڵاج و دابان سنوورێکی بەرفراوان پاک کرابووەوە.

پێشمەرگەکانی سنووری مەڵبەندی سێ چەندین داستانی مێژوویان ئەنجامدا، لەوانە:

١-گرتنی شارۆچکەی تەق تەق بە هاوکاری تیپی ٢١ی کەرکووک و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

٢-گرتنی قاتعی جەیشی شەعبی لە سنووری گوندی سێ قوچان.

٣-گرتنی ناحیەی دێگەڵە لە نێوان هەولێر و کۆیە.

٤-گرتنی ناحیەی هیران بەرەو شاری شەقڵاوە.

٥-لە ڕێککەوتی ٢٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ هاوینە هەواری سەری ڕەش و کۆشکی سەددام حوسێن گیرا.

٦-گرتنی بیرە نەوتەکانی کەرکووک بە هاوکاری هەموو مەڵبەندەکان.

٧-بریندار کردنی ئیبراهیم زەنگەنەی پارێزگاری هەولێر لە ناو شاری هەولێر، کە شەهید سەردار سەعید سۆفی، کاک ئەیووب

و کاک بەختیار ڕۆڵی باشیان بینی.
٨-گرتنی سەدان ڕەبایە و بارەگای قوەت خاسە و جەیشی شەعبی و سەربازی عێراقی.

ئەو هەموو شەڕە و گرتنی ئەو هەموو شوێنە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاک کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی بوو، بە شێوەیەک تەواوی فەرماندە و پێشمەرگەکانیش لە ژێر ڕێنمایی کاک کۆسرەت بوون.

هەموو ئەو نەخشە و پیلان دارشتنانە لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە گەڵاڵە دەکرا و نەخشەی بۆ دادەڕێژرا، چونکە کاک کۆسرەت و ستافی مەڵبەند لە بواری سەربازیدا پیاوی بە ئەزموون بوون. دۆڵی سماقوڵی و گوندی سماقوڵی سەروچاوە بووبووە شوێنێکی گرنگ و بایەخ، هەم لە لایەن شۆڕش، هەم لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس دەیویست بە هەر شێوەیەک بێت ئەو گوند و دۆڵە لەگەڵ زەوی تەخت بکات، چونکە دەیانزانی چ بڕیارێک و مەترسییەکی گەورە لە سەر سوپای عێراق دروست دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو بڕیار و نەخشەکان لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە گەڵاڵە دەکرا.

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە پیاوی باش و دڵسۆز و بە ئەمەگی گەلەکەمان زۆر بوون، کە لە ڕووی ماددی، ئازووقە، سووتەمەنی، چەک و تەقەمەنی هاوکاری باشی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد،ماڵی مام یەحیای کۆیە، شێخ مەزهەر کاکی هیران، کاکە زیاد شەقڵاوەیی، کاک جەمیل حوجرانی و دەیان و سەدان کەسایەتی دی ناوچە جیاوازەکان، بە بێ جیاوازی هاوکاری باشیان پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە دەکرد.

٨ی ئایاری ٢٠٢٤

# بەشی پێنجەم
# شەڕی ٢٦٤ کاتژمێری دۆڵی سماقوڵی

مێـژووی کوردسـتان پـڕە لـە تراژیدیـا و داسـتان، شۆڕشـی دووردرێژ، ماندووبوونێکی بێ وێنە، کە لەم پێناوەشدا خوێنێکی زۆر ڕژا. بـەڵام بەداخـەوە ئـەو سـەرکردانەی ئێمـە ئـەو کاروانە دووردرێژە پڕ خوێناوییەیان بە هەند وەرنەگرت و ئەزموونیان لـە ڕابردووی پڕ شـکۆی خۆیـان و گەلەکەمـان وەرنەگـرت.

کاتێـک نـاوی گونـدەکان دەهێنیـن، بـێ گومـان ناتوانیـن نـاوی پێشـمەرگە نەهێنیـن، چونکـە مێـژووی گونـدەکان و وشـەی پێشـمەرگە ئاوێتـەی یەکتـری بـوون، وەک دووانـەی دانەبڕاویـان لـێ هاتـووە، مێژووەکەیـان، مێژوویەکـی زێڕیـن بـوو لـە ڕابـردوودا. فەرمانـدە و پێشـمەرگەکانی پێش ڕاپەڕیـن شـایەنی ئـەوەن پەیکـەری زێڕینییـان بـۆ دروسـت بکرێـت.

## یەکەم: شەڕی ٢٦٤ کاتژمێری دۆڵی سماقوڵی:

ڕێککەوتـی پێنجـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨٧ حکومەتـی عێـراق ئامـادەکاری بـۆ پەلاماردانـی سـنووری دۆڵـی سـماقوڵی کـرد، چونکـە دەیزانـی لـە دۆڵـی سـماقوڵی چ باسـە و هەرچـی نەخشـە و پیـلان هەیـە، لـە دژی حکومەتـی عێـراق لـە دۆڵـی سـماقوڵی بـە تایبەتـی لـە گونـدی سـماقوڵی سـەروچاوە گەڵاڵـە دەکرێـت، لەبـەر ئـەوە هێزێکـی زۆر و گـەورەی کـۆ کـردەوە، کـە لـە هەمـوو بەشـەکانی جەیشـی عێـراق پێـک هاتبوو، چـەک و جبەخانەیەکی زۆر و هەمـوو جـۆرە چەکێکی قـورس و سـووکیان پـێ بـوو، تـا لـە دژی پێشـمەرگە بـەکاری بهێنـن.

بەشـی سـەربازی پیـادە، بەشـی قـوەت خاسـە، بەشـی مغاویـر، بەشـی جەیشـی شـەعبی، بەشـی هەواڵگـری، زۆربـەی فەوجـە جاشـەکانی سـنووری هەولێر و بادینان، بەشـی ئالیات، بەشـی تۆپخانەی دوورهاوێژ،



سەفین مەلا قەرە، شەهید شاخەوان، مامۆستا بکر، شەهید ڕێباز

بەشی ڕاجیمات، بەشی هاوەنات، فڕۆکەی مێک و سیخۆی جەنگی، هەلیکۆپتەری جەنگی، فڕۆکەی پیلاتۆزی جەنگی و دەیان دۆشکەی یەک لوولە و دوو لوولە، بە سەرپەرشتی قائد فەیلەق و دەیان پلەداری جۆراوجۆری سوپای عێراق ئامادە کران.

تۆپخانەکان، چەکە قورس و دوورهاوێژەکانیان لە گوندەکانی دەربەندی گۆمەسپان، ئەشکەوت سەقا، ناحیەی دێگەڵە، گوندەکانی گۆمەتاڵ، پیرەر و باوەقوب دامەزراند. لە لایەکی دیکەشەوە لە شاری شەقڵاوە بەرەو دۆڵی هیران هەمان پیلانیان جێبەجێ کردبوو.

زۆر جاریش عەلی حەسەن مەجید و وەزیری بەرگری عێراق لە هاوینە هەواری سەری ڕەش چاودێری چڕی ئەو جەیشەیان دەکرد. ئەو جەیشە و جاشەکان هەر زوو بە بێ تەقە ئەو زنجیرە چیایەی سەر جادە، هەر لە گوندی دەربەندی گۆمەسپانەوە تا ناحیەی دێگەڵە، لەوێوە بۆ گوندی تەکەوڵیان کۆنترۆڵ کرد، هەروەها ڕێگای هەولێر-کۆیە بە تەواوی داخرا.

جەیش و جاشەکان هاتبوونە ئەو گوند و هاوینە هەوارانە: کێشکێ، ونکە، کانی پەرک، عەلیاوە، کانی بی، قورتەلاس و کانی لاس. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی ئەو گوندانە: سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سێنان، سماقوڵی گەلی و کرۆژ ئاگایان لە هیچ نەبوو. بەڵام پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی پشتگیری سەرکەوت بوون بۆ سەر چیای بەنەباویی سورکی سوسێ و چیای پشتی سولاوک بۆ دۆڵی هیران.

ئەو کاتە لە وەرزی هاویندا بووین، کاتی پێگەیشتنی تەماتە و بەروبوومی هاوینە بوو، مانگا و بزن و هەموو پێداویستییەکی لێ بوو، لەبەر ئەوە ئەو گوندانە زۆر قەرەباڵخ بوون، پڕ بوو لە پیاو و ژنی بە تەمەن، ژن و منداڵ و ماڵە پێشمەرگە و خەڵکێکی زۆریش لە شارەوە هاتبوون بۆ لای کەسوکاریان.

ئێوارەی پێنج لە سەر شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧، دروست لە کاتژمێر ٩:٣٠ خولەکی شەو، پێشمەرگە خەڵکی گوندی سماقوڵی سەروچاوەیان ئاگادار کردەوە، کە گوندەکە چۆڵ بکەن، چونکە حکومەت هێرش دەهێنێت و بۆردوومانە دوورهاوێژەکان زیانیان بۆ خەڵکی ئاوایی دەبێت و هێرشی سەربازی دەست پێ دەکات. بەم جۆرە بە گشتی خەڵک نیگەران و مشەوەش بوو، زۆربەیان ڕەنگی مردوویان لێ نیشت، خەڵک فریای هیچ نەدەکەوت، چونکە ئەو کاتە منداڵی بچووک خەوتبوون.

ئەو چیرۆکە، بە لامەوە چیرۆکێکی زۆر سەرنج ڕاکێش و ناخ هەژێن بوو، ئەو کاتە من لە پۆلی سێی ناوەندی بووم لە سماقوڵی، بەڵام قوتابخانە نەکرابووەوە، ماڵی کاک تەحسین و کاک ئیحسانی برام، شەش منداڵی بچووکیان لا بوو. منداڵەکان تەمەنیان چوار بۆ هەشت ساڵان دەبوو، من و کافیە خان و پەروین خان، کە هەردووکیان براژنی منن. دەبووایە لە سماقوڵییەوە بە پیادە، بە ١٤ مانگا و گوڵکەوە بچینە شاری کۆیە، منداڵەکان بە ئێمە هەڵنەدەگیران، کاک تەحسین و کاک ئیحسان فیرار بوون، کامەرانی برام پێشمەرگەی




بورهان سەعید سۆفی، شەهید تەحسین کاوانی، کاک کۆسرەت، عوسمان بانیمارانی

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو، ئەو کاتەش سەیارە نەبوو، ڕێگاکان هەمووی داخرا بوون. هیچ جۆرە پەیوەندییەکیش نەبوو. ئێمە ماینێکی ڕەشمان هەبوو، بە خەیاڵمدا هات و بە کاک تەحسینم گوت: تێڕمان هەیە؟ گوتی: بەڵێ، چوو تێڕەکەی هێنا، ئەوجا خستمانە سەر پشتی ماینەکە، سەنگەر و سەرباغ لە لا تێڕێک و گۆران و سەرگوڵ لە لا تێڕەکەی تر، من لە سەر پشتی ماینەکە و هەژار لە پێشم و هێمن لە دوامەوە سوار بووین. کافیە و پەروین هەر یەکە و کوڵە پشتێکیان بە پشتی خۆیان دادا و چێڵەکانمان پێش خۆماندا و ڕێگای کۆیەمان گرتە بەر.

لەو ڕێگایە بە سەدان خەڵک بە پێیان دەڕۆیشتن، لە نزیک چەقژەی لەگەڵ خەڵکی گوندی سوسێ تێکەڵ بووینەوە. ئێمە گەیشتینە سەرەتایی کەپرەکانی سماقوڵی گرتک، خەڵکی سماقوڵی گرتک ئاگای لە هیچ نەبوو، لە خەوی شیرین بە ئاگامان هێنان، کە چاویان بەو حەشاماتەی گوندەکانی سماقوڵی سەروچاوە و سوسێ کەوت، دەستیان بە زیڕە و هاوار کردن کرد، ئەوانیش بە خۆ کەوتن و ڕێگای دووروودرێژی کۆیەمان گرتە بەر.

هەر چاومـان لەسـەر کاتژمێرەکانمـان بـوو، تـا بزانیـن کـەی تەقـە دەسـت پـێ دەکات. ئـەو خەڵکـە هەمـووی نـاوی خـودا و دوعـای سـەلامەتیان بـۆ پێشـمەرگە و فیـرار و ئازیزانیـان دەکـرد.
دروسـت کاتژمێـر ١٢ی شـەو، واتـە ٦ی ئەیلوولـی ١٩٨٧ هێرشـی تۆپی دوورهاوێژ و ڕاجیمـەکان دەستیان پێ کرد، یەکەم ڕەتلە ڕاجیمـە بـە چیای ئاوەگرد کـەوت، لـە پشتی گوندی سماقوڵی گرتک، چونکـە وەرزەکـە هاویـن بـوو، پووشـی ئـەو چیایـەی ئاوەگـرد ئاگـری گـرت. بۆردوومـان و قەسـفەکان بـەردەوام بـوون. تاریـک و ڕوونـی بەیانـی خەڵکـی ئـەو دۆڵـە: سوسـێ، سـماقوڵی سـەروچاوە، سـماقوڵی گرتـک، سـێنان، کرۆژ، سـماقوڵی گەلـی زۆرینـە ڕوویـان لـە شـاری کۆیـە کـرد، بەشـێکیش ڕووی لـە هیزۆپـی گچکـە و هیزۆپـی گـەورە کـرد.
بەیانییەکـەی زوو خەڵـک نـەی دەوێـرا بچێتـە نـاو شـاری کۆیـە لـە ترسـی جەیش و جاش، تا دونیا ڕووناک بوو، ئەوجا خەڵک دابەشـی سـەر ماڵـی دۆسـت و ناسـیاران بـوون لـە شـاری کۆیـە. خەڵکـی کۆیـەش جوامێرانـە پێشـوازیان لـە خەڵکـی دۆڵـی سـماقوڵی کـرد و شـوێن و خواردنیـان بـۆ دابیـن کردیـن.
وەک ئامـاژەم پێـدا، ئـەو کات ڕێـگای کۆیـە- هەولێـر داخـرا بـوو. خەڵکیش دەترسـا، نـەوەک حکومـەت بیانگرێـت و زیندەبەچاڵیـان بـکات. زۆربـەی خەڵکەکـە بـە ڕێـگای کۆیـە- تـەق تـەق بـۆ کەرکـووک بـەرەو شـاری هەولێـر چـوون، کافیـە خـان و پەرویـن خـان و منداڵەکانییـان لـەو هەزاران خەڵکـە بـوون، کـە بـەو ڕێگایـە چوونـە هەولێـر، ئـەو کاتـە باوکـم و دایکـم لـە ژیانـدا مابـوون لـە شـاری هەولێـر دادەنیشـتن.
بەنـدە و چێڵەکانیشـمان لـە کـن ماڵـی مـام کاکلـی باخچـەوان لـە گەڕەکـی حەمامـۆک لـە شـاری کۆیـەی خۆشـەویست ماینـەوە، تـا شـەڕەکە کۆتـای هات. ماڵـی مـام کاکل و یـا منـەوەر و کوڕەکانیـان: کاک مەولـوود، کاک محەممـەد، کاک ئـازاد، کاک شـاکر، کاک شـۆڕش و کچەکانیـان خزمەتێکـی زۆریـان کردیـن، کـە ناتوانیـن تـا مردنیـش ئـەو چاکـە و پیاوەتییانـە لـە بیـر بکەیـن.

٩ی ئایاری ٢٠٢٤

# بەشی شەشەم
# شێوازی شەڕەکەی دۆڵی سماقوڵی

لە هەموو شەڕێک تەکنیک، لێزان، یەکگرتوویی و چاونەترسی، واتە ڕەشیدی ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە سەرکەوتن، پێشمەرگەکانی ئەو کاتیش ئەو خەسڵەتە جوانانەیان تێدا بوو. بەرپرسی یەکەمیش ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت بۆ یەکلایی کردنەوەی شەڕەکان، کاک کۆسرەتیش یەکێک بوو لەو فەرماندانەی کە دۆست و نەیار حیسابی وردیان بۆ دەکرد. بەو مانایەی لە هەر شوێنێک کاک کۆسرەت ئامادە بووایە، نەدەزانرا شکست چییە؟ لەبەر ئەوە لە هەموو شەڕەکان سەرکەوتوو بوون.

هێزەکەی ڕژێمی عێراق لە چەندین قۆڵەوە هێرش و پەلاماری بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری دۆڵی سماقوڵی دەست پێ کرد، بە مەبەستی داگیر کردنی دۆڵی سماقوڵی و مەڵبەندی سێ، بەم جۆرە:

١-لە دەربەندی گۆمەسپان بەرەو گوندەکانی زیارەت، سولاوکی سەروو و سولاوکی خواروو، ئەو شوێنانە جادەی قیری هەبوو، بۆیە بۆ هێزەکانی عێراق ئاسان بوو پێشڕەوی بکەن تا سولاوک.

هێزەکەی حکومەتی عێراق لەو قۆڵەوە دابەش بوون بۆ چەند میحوەرێک، زیارەت بۆ سپیلکەکانی بەنەباوی، زیارەت بۆ گوندی سوسێ، زیارەت بۆ کەپکی سوسێ و لیسەتاس. لە سولاوکی خواروو بۆ گوندی ناودارۆکان، لە سولاوکی سەروو بۆ گوندی بیرۆکان. لە سولاوک بۆ کەپکی شیلانە و زنجیرە چیای ئاوەگرد، لەوێوە بۆ چیای سەفین، ئەو بەینە لە سولاوک سەردەکەوێت بۆ گوندی دۆرێ لە دۆڵی هیران- شەقڵاوە.

٢-لە گوندی ونکە بەرەو سپیلکەکانی چیای بەنەباوی، بەرامبەر

گوندی سوسێ، لە کانی پەرک بۆ چیای بەنەباوی، لە گوندی عەلیاوە بۆ چیای بەنەباوی، لە کانی بی بۆ چیای بەنەباوی، لە قورتەلەس و کانی لاس بۆ چیای بەنەباوی، واتە بە درێژایی چیای بەنەباوی لە سنووری گوندی زیارەت بۆ سنووری هاوینە هەواری کانی لاس لە پشتی گوندی کرۆژ.

٣-لە سنووری قەزای شەقڵاوە بەرەو دۆرێ و ناحیەی هیران، ئەو کات ناحیەی هیران ئازاد کرابوو؛ لەبەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوو.

لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧ لە هەموو میحوەرەکان هێرشی زەمینی بە پاڵپشتی تۆپخانەی دوورهاوێژ و ڕاجیمە و فڕۆکەی جەنگی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستی پێ کرد.

ئەگەرچی لە ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە هەموو تیپ و پێشمەرگەکان نەگەیشتبوونە شوێنی مەبەست و چیای بەنەباوی و سەنگەرەکانی ی، بەڵام ئەو هێزانەی لەوێ بوون بە پاڵپشتی هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرپەرچدرانەوە و نەیانتوانی هیچ پێشڕەوییەک بکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

ڕۆژی دواتر پێشمەرگەکان کە لە ڕێی دوور هاتبوون؛ لەگەڵ ئەوانەی لە پشوو بوون، هەموویان گەیشتنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هەر تیپە و هێزێک ناوچەیەکیان پێ سپێردرا، شەڕەکان و پەلامارەکان بۆ سنووری دۆڵی سماقوڵی چڕتر بوونەوە. فڕۆکە و مێک و سیخۆ و پیلاتوس و قوەت خاسە، لیوای کۆماندۆ، لیوای مغاویر، جەیش شەعبی، جاشەکان بە پاڵپشتی تانک و زرێپۆش، کەتیبەی هاوەنات، لە هەموو میحوەرەکان دەستیان بە هێرشی چڕ و ترسناک کردەوە، بەڵام جارێکی دیکە قارەمانەکانی گەل و نیشتمان بە پشتیوانی خودای گەورە و باوەڕ بوون بە هێزی پۆڵاینی پێشمەرگە قارەمانەکان،

لووتیان شکا و دەیان لاشەی هێزەکەی حکومەتی عێراق لە مەیدانی شەڕەکە بەجێما.

ڕۆژی سێیەم هێزەکانی عێراق بە هەمان شێوە بەردەوام بوون لە پەلامار و بۆردوومانی ناوچەکە، بەڵام سێ بارە شکانەوە و لاشەیەکی زۆر لە مەیدانی شەڕەکان بە جێما، لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بانگەواز دەکرا، کە خێرخوازان بێن لاشەکان لابەرن بۆ ئەوەی بۆگەن نەبن.

دەبێت ئەوەش بڵێین ڕۆژانە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، لە کاتژمێر چواری عەسر بەرنامەکانی پەخش دەکرد، زۆر جاریش هەبوو تەشویش نەیدەهێشت بە باشی گوێت لە هەواڵەکان بێت، کە بە دەنگی زوڵاڵی کاکە فەرهاد سەنگاوی هەواڵەکانی بڵاو دەکردەوە، سەرجەم چالاکی و ڕووداوەکانی سات بە سات دەگواستەوە. کە دەیگوت: لە سنووری مەڵبەندی قارەمانانەوە، مووچڕک بە جەستەی کوڕ و کچان و ژن و پیاوانی کورد دەهاتە خوارێ و دڵی سەرجەم کوردپەروەرانی شاگەشکە دەکرد.

ستافی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و بێژەرەکانی ئەو کات، ئەمانەن بوون: کاکە فەرهاد سەنگاوی، شێخ جەمال و حاکم فەرهاد بەشی سۆرانییان دەخوێندەوە، کاکە زێرەڤان و خالید دۆسکی خەڵکی دهۆک بوو هەواڵەکانی بەشی بادینییان دەخوێندەوە، کاکە ئازاد چالاک و کاکە شوان کەریم کابان بەشی عەرەبییان دەخوێندەوە، چەند هەڤاڵێکی دیکەش لە ڕادیۆ کاریان دەکرد.

ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕەکان گەرم و خوێناویتر دەبوون، فیرارەکانی دۆڵەکە بە تایبەتی خەڵکی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە و سماقوڵی گرتک وەک هێزی پشتگیری ڕۆڵی بەرچاویان بینی، خەڵکی هیران و گوندەکانی دەوروبەری وەک هێزی پشتگیری کاریگەری بەرچاویان هەبوو.

ڕۆژی چوارەم هێرشەکان دەستیان پێ کردەوە، سەرەتا بە

هێرشی ڕاجیمەکان دەستی پێ کردەوە، گوندەکانی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، بناری بەنەباوی و مەرداوانی گرتەوە، کاروانێک جوانەگا کە جەرەبچی بوو، بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتبوو، کەوتبووە بەر هێرشی ڕاجیمەکان، لەوێدا نۆ جوانەگا بریندار بوون، جەرەبچیەکە ئەو نۆ جوانەگەیەی پێشکەشی هێزی پێشمەرگە کرد، خەڵکی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە و سماقوڵی گرتک شێر ئاسا جوانەگاکانیان سەربڕی و گۆشتەکانیان کوڵاند و ئامادەیان کرد، ئینجا بە تەنەکە و بە پشتی خۆیان گەیاندیانە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە زۆربەی میحوەرەکان.

هەموو ڕۆژێک فیرارەکان وەک هێزی پشتگیری نان، ئاو، خورما، تەماتە، فیشەک و پێداویستییەکانی دیکەیان دەگەیاندە بەرەکانی شەڕ. هەروەها بنکەی تەندروستی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ چارەسەر کردنی بریندارەکان، بە تایبەتی دکتۆر زریان، دکتۆر مەزن، دکتۆر چیا، دکتۆر هاوکار و چەند دکتۆرێکی دیکە.

لە ڕۆژانی دواتریشدا هێرشەکان بەردەوام بوون، هەر لە گوندی دۆڕێ لە دۆڵی هیران- شەقڵاوە بەرەو سولاوک و بە درێژایی زنجیرە چیای بەنەباوی، هەر لە زیارەتەوە تا کانی لاسەی.

زنجیرە چیای بەنەباوی لە ڕووی ونکە و عەلیاوە، تا دەگاتە کانی لاسەی زۆر زۆر ڕووتەنە، تەنانەت شاخێکی لێ نییە؛ داریشی زۆر کەمە، کە خۆی تێدا بشاریتەوە، ئەو پێشمەرگانەی کە ئەو شەڕە قارەمان و کەمەرشکێنەیان لەو چیایە تۆمار کرد، بە ئاسانی وەسف ناکرێت، چونکە ڕۆژانە ئەو چیایە بە هەموو جۆرە چەکێک ئاگر باران دەکرا، ئەگەر تۆ سەردانێکی سەر ئەو چیایە بکەیت، ئەوجا بۆت دەردەکەوێت کە شەڕکردن و بەرگری کردن لەو چیایە چ بوێرییەکی دەوێت.

ئەگەر ئەو چیایە؛ ئەو شەڕ و پێشمەرگانە لە ئەوروویا بن،

دەیان فیلم لە سەر شێوازی شەڕەکە پەخش دەکرا و لە ناوەندە ئەکادیمیا و کۆلێژ و زانستە پێشکەوتووەکان دەرسیان لە سەر مێژووەکەی دەخوێند، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو شارەزایان هەبێت لە سەر مێژووی ڕابردوویان.

شەڕەکان بەردەوام بوون، ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر و دژوارتر دەبوو، تا ڕۆژی پێنجشەممە، ١٧ی ئەیلوول، لەو کاتەدا حکومەت زنجیرە چیای بەنەباوی گرت و لە سنووری سماقوڵی گرتک هاتنە خوارێ و سەرجەم خانوو و کەپری خەڵکیان لە ناو باخچەکان سووتاند، هەروەها چەند خانوویەکی ناو گوندیشیان سووتاند، بەڵام نەیانتوانی بێنە ناو گوندی سوسێ و سماقوڵی سەروچاوە، چونکە پێشمەرگەکان سورکی سوسێ و زنجیر چیای ئاوەگردیان لەبەر دەستدا بوو، ئەو هێزەی هاتبووە دۆڵی سماقوڵی زەرەرێکی زۆری بەرکەوتبوو، لە ماوەی ئەو ١١ ڕۆژە بە سەدان کەس لە جەیش و هێزەکەی سوپای عێراقی کوژرابوو. بە سەدانیش بریندار بووبوون، هێزەکەیان زۆر هیلاک و ترسێکی زۆریان لێ نیشتبوو.

هاوکات هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشی هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بادینان ناحیەی کانی ماسییان لە ڕێککەوتی ١٧ی ئەیلوولی هەمان ساڵ گرتبوو.

کاتێک حکومەتی عێراق تێ گەیشت کە ناتوانێت مەڵبەند و سماقوڵی سەروچاوە داگیر بکات، لە پاش ١١ شەو و ڕۆژ، واتە ٢٦٤ کاتژمێر پاش ڕژانی خوێنی سەدان سەرباز لە جەیشی حکومەتی عێراق، هێزەکەی عێراق کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە هەموو ناوچەکان پاشەکشەی کرد و سنووری دۆڵی سماقوڵییان بەجێ هێشت.

هێرشەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر دۆڵی سماقوڵی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێ کرد و لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٨٧ بەردەوام بوو.

تیپە قارەمـان و جوامێرەکانـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، کـە بەشـدارییەکی بێ وێنەیـان کـرد، بریتـی بـوون لـە: تیپەکانـی تیپـی مەڵبەنـد، تیپـی ٩٠ی باواجـی، تیپـی ٩١ی سـەفین، تیپـی ٩٣ی کۆیـە، تیپـی ٧٨ی کارۆخ، تیپـی ٨٥ی بەڕانەتـی، تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر، تیپـی ٨٧ی قەرەچـووغ، تیپـی ١٢ی سـۆڕان، تیپـی ٨٣ی هەوریێ، تیپـی ٩٩ی بیتوێـن، کـە شـەهید عەلـی وەیـس سـەرتیپ بـوو، کاک تۆفیـق کانـی وەتمانـی جێگـری تیـپ بـوو، لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی ی. ن. ک. لـە لایەکی دیکەوە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی لە میحوەری کرۆژ ڕۆڵیان هەبوو، پێشـمەرگەکانی سۆسیالیسـت و پارتـی و بزووتنـەوەی ئیسـلامی بەگوێـرەی هێزەکانیـان بەشـدار بـوون.

لـە ئەنجامـی شـەڕی ١١ ڕۆژەی دۆڵـی سـماقوڵی، ١٢ پێشـمەرگە شـەهید بـوون، کـە هەر هەموویـان پێشـمەرگەی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بـوون و خوێنـی خۆیـان کـردە قوربانـی گـەل و نیشـتمان.

شـەهید حوسـێن بندایزانـی سـەرتیپی ٧٨ی کارۆخ بـوو، شـەهید دەشتی موهەندیس بەداخـەوە تەنیا ٨ ڕۆژ بوو هاوسـەرگیری کردبوو، تـازە زاوا بـوو، گیانـی خـۆی کـردە قوربانـی، شـەهید نـەوزاد یووسـف کاوانـی بـرای شـەهید تەحسـین کاوانـی، شـەهید ڕەئـووف نێرەنگینـی، شـەهید جەرگۆ پیرداود، شـەهید شـوان، شـەهید ئازاد، شـەهید یاسـین، لـە دەسـتەکەی کاک کۆسـرەت، شـەهید موشـیر، بەداخـەوە نـاوی شـەهیدەکانی دیکـەم لـە بیـر نەمـاوە.

ئـەو شـەڕەی دۆڵـی سـماقوڵی بـە سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی کاک کۆسـرەت بـوو، سـەرکردەکانی سـوپای عێـراق تۆشـی شـۆک بووبـوون کاتێـک بینیـان ئـەو پێشـمەرگانە چ جـۆرە شـەڕێک دەکـەن، لـە کاتێکدا دەرچـووی هیـچ کۆلێژێکـی سـەربازی نین، بـەڵام نەیاندەزانی دەرچـووی مەڵبەند و خاک و نیشتمانی پیرۆزی کوردستانن. شەڕی دۆڵی سماقوڵی ئـەو پەیامەیـدا بـە دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێـراق، ئەگـەر پێشـمەرگە

و کورد یەکگرتوو بن، ئەوا ئامانجەکانمان زووتر دێنە دی، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش دەرس و پەندمان لە ڕابردوو وەرنەگرتووە.

ئەو بیرەوەرییە لە بەرنامەیەکی تایبەتی لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان/ کەناڵی کۆیە، بە ناوی (داستانە مێژووییەکەی دۆڵی سماقوڵی) لە ئامادەکردنی بەندە و برای بەڕێزم کاک سامی قادر سوسەیی بە پێشکەش کردنی بەندە، لە ڕێککەوتی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٨ پێشکەش کرا، بەرنامەکە ٤٥ خولەک بوو، لە بەرنامەکە شەهید شاخەوان عەباس و مام غەفوور و مامۆستا بەکر مستەفا باسی چۆنیەتی شەڕەکە و بەرگری پێشمەرگە قارەمانەکانیان دەکرد، بەداخەوە ناوی وێنەگرەکەم لە بیر نەماوە.

شەهید ڕێباز لە کتێبی (قەندیل بەغدای هەژاند) زۆر بە جوانی باسی ئەو داستانەی کردووە.

١١ی ئایاری ٢٠٢٤

# بەشی حەوتەم و کۆتایی
# دووای شەڕی ۱۱ ڕۆژەی دۆڵی سماقوڵی

دوای شەڕی ١١ ڕۆژەی دۆڵی سماقوڵی، بارودۆخە ئارام بووەوە، کەسوکاری فیرارەکان و بەشێک لە پێشمەرگەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکانی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سێنان، کرۆژ، سماقوڵی گەلی لە دۆڵی سماقوڵی، خەڵکی ئەم گوندانە زۆر بە هەست بوون، ڕۆژانە گوێیان وشت کردبوو، بزانن فڕۆکە نایەتە سەر ئاسمانی ناوچەکە، چونکە ناو ناوە فڕۆکەکان دەهاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە و بە دەیان جار بە چڕی گوندی سماقوڵی سەروچاوە و گوندەکانی دۆڵی سماقوڵییان بۆردوومان دەکرد، بۆردوومانەکان بووبووە پیشەی هەمیشەیان. ساڵ نەبوو پووش و دار و پاوانی ئەو چیا و ناوچانە بە بۆردوومانی فڕۆکەکانی سوپای عێراق ئاگر نەگرێت و نەسووتێت.

لە ڕێککەوتی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە بەکارهێنا و ئەو کارەساتە مرۆییە گەورەیەی لێ کەوتەوە کە ڕوویدا. خەڵکی کوردستان و گوندەکانی دۆڵی سماقوڵی ترسی گەورەیان لێ نیشت، چونکە چەندین جار حکومەتی عێراق بە فڕۆکەی مێک و سیخۆ بە چەکی ناپاڵم و چەکی کیمیایی ئەو گوندانەی بۆردوومان کردەوە، بەڵام خۆشبەختانە زیانی گیانی لێ نەکەوتەوە.

پاشان هێرشی ئەنفالەکان بۆ سەر تەواوی خاکی پیرۆزی کوردستان دەستی پێ کرد و کارەساتێکی دیکەی گەورەی مرۆیی بە دوای خۆیدا هێنا، دۆڵی سماقوڵییش بێ بەش نەبوو لەو هێرشە دڕندانەی سوپای عێراق. لە ڕێککەوتی ٢٧- ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعس گەورەترین هێرشی زەمینی و ئاسمانی بۆ سنووری

دۆڵی سماقوڵی ئەنجامدا، هەموو گوندەکانی داگیر کرد و خانووەکانی هەموو سووتاند، پێشمەرگە لەو ناوچانە نەمان و کاتەکەشی زۆر ناسک بوو، وەختی شینایی و تەماتە و بەروبوومی هاوینەش بوو. بەداخەوە خانووەکان و هێلانەی هەموو خەڵکی گوندەکان سووتان و خاپوورکران، ماڵ و مریشک؛ هەرچی هەمان بوو بە تاڵانی جاش و جەیشی سوپای عێراق فەرهوود کرا. خەڵکی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سێنان، سماقوڵی گەلی و کرۆژ تووشی هیلاکەتی زۆر و ماندووبوونێکی زۆر هاتن.

فیرارەکانی سماقوڵی ٣٦ کەس بوون، فیرارەکانی سوسێ نزیکەی ١٠ کەس بوون، فیرارەکانی سماقوڵی گرتک زیاتر لە ٣٤ کەس بوون، بەڵام لە ڕێککەوتی ٢٧ی ئابی ساڵی ١٩٨٨دا ٢٠ کەسی سماقوڵی سەروچاوە کە هەموویان فیراری عەسکەری بوون بۆ ماوەی ١١ بۆ ١٢ ڕۆژ خۆیان لەو کونەی گەلی کەرەکاویە شاردبووەوە. ئەو فیرارانە بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە و بە شەو دەهاتنە دەرێ بۆ کۆکردنەوەی خواردن و ئاو، چونکە شارەزای ناوچەکە بوون.

هەموو ڕۆژێک فرۆکە، گەلی بە گەلی لە ناوچەکە دەسووڕانەوە، جەیش و جاشێکی زۆریش لە ناوچەکە بوونی هەبوو. ئەو فیرارانە زۆربەیان لە ژیاندا ماون و ناونیشانیان شەهیدی زیندووە، چونکە لەو کاتی هەر یەکێکیان دەستگیر بکرانایە، ئەوا هەموویان کەشف دەبوون و بێ یەک و دوو حیسابی پێشمەرگەیان بۆ دەکرا و ڕەمی دەکران.

سڵاو لە یەکڕیزی و یەکگرتوویتان، سڵاو لە هەمووتان ئەی شەهیدانی زیندوو.

لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق بڕیاری (٧٣٦ و ٧٣٧)ی دەرکرد، ئەو دوو بڕیارە تایبەت بوو بە میللەتی کوردی و تەسریح کردنی سەربازانی کورد لە جەیشی عێراقی، ئەو بیست

فیراره سوودیان لەو بڕیاره وەرگرت و خۆیان تەسلیم بە سوپای عێراق کردەوه و هەموویان ئازاد کران.

جاشەکان لەو سنووره جێگیر کران و خەمی خەڵکی ناوچەکەش، بە تایبەتی گوندی سماقوڵی سەروچاوه و گوندی سماقوڵی گرتک ئەوه بوو، چ بکەن؟ چۆن ئەو دار ئەسپیندارانه ببڕن و بیانهێننە شار و بیان فرۆشن، چونکە ڕەنجی چەندین ساڵەی خەڵکەکە بوو، ئەگەر بۆ ساڵی داهاتووش ئاو نەدرێن، ئەوا هەموو دارەکان وشک دەبن.

ئەو کاتی فەوجەکانی ماڵی ڕائید کاکل و محەممەد بیرۆکەی و فەرحان قیرژەی و چەند فەوجێکی دی لەو ناوچانه بوون. خەڵکی ئەو گوندانه چوونه لایان و ڕێگایان بە خەڵکەکەدا، تا لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٨٩ خەڵکەکە دارەکانیان ببڕنەوه، ئیدی خەڵک دەستیان بەکار کرد و کرێکار و لۆرییان بردە سماقوڵی و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دارەکانیان بڕییەوه، دواتر بردمانه شار و فرۆشتمان، بەم شێوەیە بژێوی ژیانی ڕۆژانەمان دەستکەوت.

ئەوەی باس کرا، ڕووداوەکانی دۆڵی سماقوڵی بوو، بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨٨)، کە بە کورتی بۆ خوێنەرانی خۆشەویستمان خستە ڕوو، هیوادارم بە گەورەی خۆتان لە کەموکوڕییەکانمان ببوورن و سوودێکیشمان بە خوێنەری خۆشەویست گەیاندبێت.

یاڕەبی خودایە ئەو کارەسات و ناخۆشییانە نەبینینەوه، حکومەتی کوردستان دەبێت خەمخۆر و دڵسۆزی ڕاستەقینەی گەلەکەی خۆی بێت.

١٢ی ئایاری ٢٠٢٤

# کانیاوەکانی سماقوڵی سەروچاوە



کوردستان بە سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی، گوندەکانیش بە کانی و بیر و ئاوی شیرین و سازگار دەوڵەمەندە، ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان پڕە لە جۆگە، کانیاو و ئاوی شیرین، بە جۆرێک لە ژمارە نایەن.
بەو پێیەی سماقوڵی سەروچاوە ئاوێکی سروشتی زۆر و کانیاوێکی زۆری لێ هەڵدەقوڵێت و پانتایەکی زۆری داگیر کردووە، زەوییەکی زۆری بەراویشی هەیە، کە پڕە لە هەموو جۆرە بەروبوومێکی هاوینە، خەڵکەکەی سوودی زۆریان لێ بینیوە، هەر ئەمەش وای کردووە هەموو بەهاران کۆچەر ڕووی لێ بکەن و تێیدا سوود لە ڕووبار و کانیاوەکان وەربگرن، بە مەبەستی ئاودانی ئاژەڵەکانیان. کەواتە خەڵکێکی زۆر سوودی لەو کانیاوانە وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا جوانییەکی سروشتیشی بە ناوچەکە بەخشیوە و ژینگەکەشی پڕە لە سەوزایی.



کانی قەسرێ، واتە کانی پیاوان و ژنان، شوێنێکی دڵڕفێن و ئاوێکی سازگاری خۆشی هەیە، خەڵک لە کاتی گەرمای هاوین چوونەتە ئەو شوێنە، بە هۆی بوونی چەند دار چنارێکی گەورە سێبەر و فێنکایەتی زۆر لەوێ پەیدا بووە، ئەو دار چنارانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و زیاترە لە سەد ساڵە، تەنانەت ژمارەیەکیان دوو سەد ساڵیش دەبن، بەڵام مێژووەکەیان بە ڕوونی دیار نییە کە تەمەنی ئەو دار چنارانە چەندە.

لە پاش ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم، حکومەت چەند هەنگاوێکی بۆ ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری لە شار و دێهاتەکانی کوردستان نا، لەو نێوەدا خەڵکی سماقوڵی لە پرۆژەی چاککردنی قەسری پیاوان و ژنانی سماقوڵی سوودمەند بوون. ئیدی پرۆژەکە کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە، مقاولەکە ناوی عەنتەر بوو، وەستاکەش ناوی وەستا جەبار بوو، هەردووکیان خەڵکی هەولێر بوون، بەڵام سەرجەم کرێکارەکان خەڵکی گوندەکە بوون، بەم جۆرە حەوزی ئاو، تاتی نوێژی قەسری پیاوان و ژنانیان بە جوانترین شێواز و دیزاینی سەردەمیانەی ئەو

کات دروست کرد. ئەگەرچی چەند جارێکی تریش نۆژەن کرایەوە، بەڵام سیما و جوانی ڕابردوو وەرناگرنەوە و کاریگەری زۆریشی لە سەر ئاوەکان دروست کرد، دیارە وشکە ساڵیش بەشێکە لەو دیاردەیە.

- کانیاوەکان

ئەو کانیاوانەی لە خوارەوە نووسراوە، زۆربەیان لە ناو موڵک و زەوی خەڵک هەڵقولاون و ناوی خاوەن زەوییەکانی وەرگرتووە، بەشێکیشی ناوی کوردی ڕەسەنن.

کانی قەسریێ، کانی ژنان، کانی حەسەن ئاغا، کانی حاجی حەسەن، کانی سولێ، کانی حاجی عەلی، کانی مام فەقێ، کانی حەمەدەمین مام حوسێن، کانی شەریفی، کانی مەحموود، کانی لۆک، کانی ئاروان، کانی بن بەردێ پشتماڵی مام عەزیز، کانی بەحری، کانی تاشان، کانی دەرمان ئاوێ، کانی عەریف خدری، کانی شینکە عاسێیان، کانی زێندینی، جووتە کانیان، کانی زێرواوێ، کانی شێخ مەندی، کانی قۆرتی کتەی، کانی بن شینکی، کانی لوڕکەی، کانی مۆرەتاوێ، کانی مەرداوان، کانی قەرەنیاغا، کانی لەق لەقان، کانی خارە کەریم، کانی دۆری ئاشان، کانی بانی توان، کانی بن بەردێ نێوان مام جافر و مەیدانێ، کانی کەرەکینێ، کانی قورە ڕەشێ، کانی مەیدانی، کانی مێرگێ، کانی حاجی حەیدەر، کانی خومارۆیە، کانی چەقژە، کانی حەسەن ئاغا لە نزیک سێدارانییە، کانی لای شێخان، کانی کێخوا ئەحمەدی، کانی لای شێخانی سەرێ، کانی تاراوان، کانی درکۆیە، کانی ئاوە ڕەشان.

تکایە ئەوەی لە یادمان کردووە و نەمان نووسیوە، ئاگادارمان بکەنەوە.

بەداخەوە بە هۆی ئیشکە ساڵی و چەمەنتۆ کردنی جۆگەکانی ناو باخچان، بەشێک لەو کانیاوانە ئاوەکانیان وشک بووە.

١ی ئازاری ٢٠٢٤

# گەلییە ناسراوەکانی سماقوڵی سەروچاوە




زنجیرە چیایی بەنەباویە

سەبارەت بە جوگرافیای دۆڵی سماقوڵی، باسی چیاکانم کردبوو، بەڵام ئێستا حەز دەکەم باسی گەلییەکانی سنووری جوگرافیای سماقوڵی بکەم. زنجیرە چیای ئاوەگرد لە سماقوڵی گەلییەوە دەست پێ دەکات بۆ گوندەکانی سماقوڵی گەلی، سێنان، سماقوڵی گرتک، سماقوڵی سەروچاوە، هاوینە هەواری بایزبەگ و مێکوکاو، بیرۆکان، ناودارۆکان، سولاوکی خواروو و سولاوکی سەروو، زیارەت، خۆران، قەڵاسنج، دۆڵی تەوسکە و حوجران، بەم جۆرە لە گوندی کاوانیانی نزیک شەقڵاوە کۆتایی دێت. واتە بە ئاوەگرد دەست پێ دەکات و بە زنجیرە چیای سەفین کۆتایی دێت، دیارە ئاوەگرد و سەفین یەک زنجیرە چیان و لە هەندێک شوێن لە سنووری گوندەکان ناوی دیکەی ناوچەیی هەیە. ئەو گوندانە کەوتوونەتە ڕۆژئاوای ئاوەگرد و چیای سەفین.

هەرچی ئەو گەلییانەیە کەوتوونەتە سنووری جوگرافیای سماقوڵی.

١-گەلی ئەسحابی، گەلی بەربەخۆشان، گەلی ماران، گەلی گەرمە، گەلی حوتکی و گەلییە ڕەش، گەلی ماران ڕێگای پیادەی هەیە و لە




زنجیرە چیایی ئاوەگرد

سماقوڵییەوە ئاوا دەبێت و دەچێتە گوندی نازەنین و شارۆچکەی هیران، واتە سماقوڵی سەروچاوە و نازەنین پشتیان بە یەکەوەیە.

هەرچی زنجیرە چیای بەنەباویە لە گوندی کرۆژەوە دەست پێ دەکات بەرەو گوندی سوسێ و لە گوندی زیارەت کۆتایی دێت. ئەو گەلییانەش لە چیای بەنەباوی کەوتوونەتە سنووری جوگرافیای سماقوڵی سەروچاوە.

٢-گەلی مەجلیسێ، گەلی چارەبەفر، گەلی بەردار مازوو، جووتە گەلییان، گەلی گەورە، گەلی کەرەکاویە، گەلی بەرداوی، گەلی چەقژە و گەلی ئاوە ڕەشان.

سنووری جوگرافیای سماقوڵی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە سەر زنجیرە چیای ئاوەگرد و بەرڕۆژی گوندی نازەنین و شارۆچکەی هیرانە، لە دەشتیشدا لە باشوورەوە گوندی سماقوڵی گرتکە، لە ڕۆژئاواشەوە لە سەر چیای بەنەباوییە، گوندی عەلیاوە و قورتە لاسە، لە باکووری ڕۆژئاواشەوە گوندی سوسێ و گردە سوورە، لە باکوورەوەش گوندی بیرۆکان و ناودارۆکانە.

ئـەو گەلییانـە وا هەڵکەوتـوون و کەوتوونەتـە ناوەڕاسـتی چیـاکان. واتە شـەق بوونێکی تێدایە، لووتکە شـاخێک کەوتووەتە ئەوبەر و لووتکە شـاخێکی دی کەوتووەتـە لاکـەی دی. گەلییـەکان چەندیـن ئەشـکەوت و کونـە سـیخوڕ و کۆتـرە شـاخە و پاوانـی خەڵکـی تێـدا بـووە، ئەو گەلییانـە ڕێڕەوی پیادەی تێدا بـووە بۆ سـەرکەوتنی وڵاغـە بـەرزە و کۆچەریـان و کاروانـی ڕێبـواران.

لـە ڕاسـتیدا ئـەو چیـا و شـاخ و گەلییانـە هەمـووی دەسـتکردی سروشـت و خۆڕسـکن، دیمـەن و جوانییەکەشـیان زۆر نـاوازە و سـەرنجڕاکێشـە. هەروەها لـە کاتـی بارینی بەفر و بارانـی زسـتانان، ئـاوی بـاران و تـوواوەی بەفرەکـە بـەو گەلییانـەدا هاتـووەتـە خـوارێ.

زۆر جـار ئـەو چیـا و گەلیانـە بووەتـە پەناگـەی کۆچەرییـان و بـۆ خۆیـان و ئاژەڵەکانیـان سـوودیان لێ وەرگرتـووە، لە لایەکی دیکەوە زۆر جـار خەڵکـی ئـەو لادێیانـە لـە کاتـی لێقەومـان و هێرشـی بێگانـە بەکاریـان هێنـاوە و بۆتـە ماڵـی دووەمیـان. بـۆ نموونـە: سـاڵی ١٩٧٤ لـە ترسـی جەیش و جاشـەکان زۆربـەی خەڵکـی سـماقوڵی خۆی شـاردووەتەوە و چونەتـە گەلـی کەرەکاویـە لـە چیـای بەنەباوییـە، خونـاوی برازام، کچـی کاک موحسـینی برام لـە هەمـان سـاڵ لـەو گەلییـە لەدایکبـووە.

ئـەو چیایانـە بـە دارەکانـی وەک بـەڕوو، مـازوو، دارەبـەن، کرۆسـک، گێـوژ و چەنـدان داری دی دەوڵەمەنـدن، هەروەها گیـای بـەهارەی وەک: کەنگـر، کاردو، ترشـۆکە، ڕێـواس، قـەزوان، دومبـەلان و چەندیـن بەروبوومـی دیکـە تێدایـە. هـاوکات چەندیـن ئاژەڵـی کێـوی و باڵنـدەی کێـوی تێدایـە. لـە ئێسـتاشـدا بیـری غـازی سروشـتی لـە زنجیـرە چیـای بەنەباوییـە و بیـری ئـاو لـە بنـاری بەنەباوییـە و بنـاری ئاوەگـرد هەیـە.

١٩ی شوباتی ٢٠٢٤

# سماقوڵی سەروچاوە و ناوە خۆشەکانی



گوندەکانی کوردستان، خاکێکی جوان و بە پیت و سروشتێکی جوان و پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگە. ناوچە شاخاوییەکان پێکهاتەیەکی جوان و دڵڕفێنە و و چەندین زنجیرە چیا، گرد، دۆڵ، تەپۆلکە و دەشتایی لێ هەڵکەوتووە. هەروەها بەشە دەشتاییەکانی زۆربەیان دێمەکارن و بۆ چاندنی ڕەزی ترێ، گەنم، جۆ، نۆک، نیسک، تەرۆزی، گندۆرەی دێمەکاری و شتی دی بەکار هاتووە. بەشێکی گرنگیشی بەراوە بۆ چاندنی دار ئەسپیندار، هەنار، سێو، هەنجیر، خۆخ، قەیسی، تەماتە، توتن، شووتی، گوڵەبەڕۆژە و چەندین بەرهەمی دیکە بەکار هاتووە.

زۆربەی ئەو گرد و دۆڵ و زەوییانە بە ناوی خەڵکەوە بووە، زۆریشیان ناوی شیرینی کوردی بووە. پێم خۆش بوو ئاماژە بەو ناوە جوانانەی ناو گوند بکەم، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا و نەوەی داهاتوو سوودی لێ ببینن.

**یەکەم: ناوی گردەکان:**

گردی قەڵاتێ، گردی ترێی، گردی بەکربەگی، گردی لەق لەقان، گردی تۆپەقورێ، گردە درێژ، گردی مۆرەتاوێ، گردی ڕەزان، گردی سێدارانێ، گردی مام بەکری، گردەخر، گردی قەرەنیاغای، گردی خەزارەکۆرێ، گردی مەرداوان، گردی شینکی دوودارانێ، گردی ڕەزی بەکربەگ و گردە قیتان.

**دووەم: ناوی زەویی و دۆڵەکان:**

کەرەکین، مێرگی ئاوەرێ، مێرگی حەوێز ئاغای، چاکی پلە عیسمەتێ، قەبرۆکان، زەوی مام خوادای، گۆڕی لاشێخان، عەریف خدر، دارەقیت، مەلاسەعدی، بنشینکی، بنسورکی، تەلانی حاجی باپیر، تەلانی حاجی عومەر، شێخە جۆیلە، قورە ڕەش، ناوزەویان، چۆمی کۆلێ، دووشیوان و زێرواوێ، شینکە عاسییان، مێکوکاو، بایز بەگ، مەیدانێ، تاراوان، مام جافر، نێرگ یاخود مێرگ جاڕ، سماقان، بەکر بەگ، دۆری ئاشان. مێرگی حەمەکەی، بانی توان عاردی مام فەقێ. لەق لەقان، مێرگە سیر، مەرداوان، عەمبارە، زەوی مام حاجی حەسەن، بناری بەنەباوییە، ناو زەوییان، سەرخەرمانێ و چەندین ناوی دیکە.

٢٤ی شوباتی ٢٠٢٤

# سماقوڵی سەروچاوە و ئەشکەوت



ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان پڕن لـە ئەشـکەوتی جـوان و سـەرنجڕاکێش، کە هەر یەکەیەکیان مێژوو و چیرۆکی تایبـەت بە خۆیان هەیـە. مێـژووی ئەشـکەوتەکان و هەڵکەوتـەی ئەشـکەوتەکان جیـاوازن، هەر یەکەیـان کەوتووەتـە شـوێن و گەلیـی و قـەد چیایـەک.

هەمـوو چیـاکان نـاوی شـیرینی کوردییـان هەیـە، هەر چیـا، گـرد، تەپۆلکە، لووتکە شاخ و ئەشکەوتێک ناوی خـۆش و تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە. لـە دۆڵـی سماقوڵی و سماقوڵی سـەروچاوە، هەر ناوچـە، زنجیرە شـاخ و گردێـک نـاوی شـیرینی کـوردی و خۆشـی هەیـە. سـماقوڵی چەندین ئەشکەوتی گـەورە و بچـووک و مامناوەندی لێیـە، بـەم ناوانـە.

١-ئەشکەوتە گەورە.

٢-ئەشکەوتە گچکە.

٣-ئەشکەوتی کونە چەقەڵێ (یا ناجیە).

٤-ئەشکەوتی ساڵح بانە.

٥-ئەشکەوتی شەمشەمە کوێرە.

٦-ئەشکەوتی بزنە زاوی.
٧-ئەشکەوتی سێ کونانێ.
٨-ئەشکەوتی گەری حوتکی، ئەو ئەشکەوتە ساڵی ١٩٧٤ کۆگای چەک و نەخۆشخانەی شۆڕش بوو.
٩-ئەشکەوتی گەریە ڕەش.
١٠- ئەشکەوتی مامە سۆری .
١١- ئەشکەوتی گەری گەورە، ئەشکەوتی گەری کەرەکاویە و ئەشکەوتی چەقژە، گەری کەرەکاویە کونێکی تایبەتی لە شێوەی ئەشکەوت لێیە، گرنگی خۆی هەیە، ساڵی ١٩٨٨ زیاتر لە بیست کەسی خەڵکی سماقوڵی سەروچاوەی لە کوشتن و ئەنفال پاراست، کە ئێستا دوو کەسیان نەماون ئەوانی دیکە هەموویان شەهیدی زیندوون.

لە ٢٧ و ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعس گەورەترین هێرشی زەمینی و ئاسمانی بۆ دۆڵی سماقوڵی ئەنجامدا و هەموو گوندەکانی داگیر کرد، هەموو خانووەکانی سووتاند، پێشمەرگە لەو ناوچانە نەمان، کاتەکەشی زۆر ناسک بوو، کاتی شینایی، تەماتە، بەروبوومی هاوینە بوو، بەداخەوە هێلانەی هەموو خەڵکی گوندەکان سووتا و خاپوور کرا، ماڵ، دۆشەک، مریشک، ئاژەڵ و هەرچی هەمان بوو، بووە تالانی جاش و جەیشی سوپای عێراق.

خەڵکی سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سێنان، سماقوڵی گەلی و کرۆژ تووشی هیلاکەتی و ماندووبوونێکی زۆر هاتن.

فیرارەکانی سماقوڵی ٣٦ کەس بوون، بەڵام لە ڕێککەوتی ٢٧ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بیست کەسی سماقوڵی، کە هەموویان فیراری عەسکەری بوون، بۆ ماوەی ١١ تا ١٢ ڕۆژ خۆیان لەو کونەی گەری کەرەکاویە شاردەوە، ئەو فیرارانە بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە و بە شەو بۆ کۆکردنەوەی خواردن و ئاو دەهاتنە دەرێ، بەو پێیەی شارەزای ناوچەکە بوون.

ڕۆژانە فڕۆکە لە گەری بە گەری ناوچەکە دەسووڕایەوە، جەیش و جاشێکی زۆریش لە ناوچەکە بوونی هەبوو. ئەو فیرارانە زۆربەیان لە ژیاندا ماون، کە بە شەهیدی زیندوو ناسراون، چونکە لەو کاتە هەر یەکێکیان دەستگیر بکرانایە، ئەوا هەموویان ئاشکرا دەبوون، بێ یەک و دوو بە پێشمەرگەیان هەژمار دەکران و ڕمی دەکران، سڵاو لە یەکڕیزی و یەکگرتوویتان، سڵاو لە هەمووتان ئەی شەهیدانی زیندوو.

ئەمەش ناوی فیرارەکانی سماقوڵییە، هیوادارم کەسم لە یاد نەکردبێت.

١- عەبدولڕەحمان سەعید، ٢- تاهیر مەجید، ٣- تەحسین کێخوا عەبدە، ٤- ئیحسان کێخوا عەبدە، ٥- فەرهاد کەریم، ٦- مەغدید ئەحمەد، ٧- جەمال ڕەسووڵ، ٨- تەحسین ڕەحمان، ٩- ئیسماعیل ئەنوەر، ١٠- فەتاح کێخوا ئەحمەد، ١١- کەریم سابیر، ١٢- جەبار حاجی سەلیم، ١٣- مامۆستا حوسێن سدیق، ١٤- عەزیز مام ساڵح، ١٥- عەلی عەزیز عەبدوڵڵا، ١٦- حەمەد قادر، ١٧- سەلاح حاجی ئەبووبەکر، ١٨- حەمەدەمین حاجی سابیر، ١٩- سەلاح شەفیق، ٢٠- سەمەد ئەحمەد عەلی.

لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق بڕیاری (٧٣٦ و ٧٣٧)ی دەرکرد، ئەو دوو بڕیارە تایبەت بە میللەتی کوردی و تەسریح کردنی سەربازانی کورد لە جەیشی عێراقی بوو، ئەو بیست فیرارە سوودیان لەو بڕیارە وەرگرت و خۆیان تەسلیم بە سوپای عێراق کردەوە و هەموویان ئازاد کران.

یاڕەبی خودایە ئەو کارەسات و ناخۆشییانە نەبینینەوە، دەبێت حکومەتی کوردستان خەمخۆر و دڵسۆزی گەلەکەی خۆی بێت.

١٥ی شوباتی ٢٠٢٤

# سماقوڵی سەروچاوە و گۆڕستان



کوردستان پڕە لە گۆڕستان، دیارە کە هەتا مرۆڤایەتی بەردەوام بێت، مردنیش بەردەوام دەبێت. هەندێک گۆڕستان مێژووەکەیان زۆر کۆنە، هەندێکیان مێژووەکەیان زۆر کۆن نییە، هەندێکیش نوێیە و بەردەوام خەڵکی لێ دەنێژرێت. سماقوڵییش وەک سەرجەم گوندەکانی

دیکەی کوردستانە.

لە ڕاستیدا ئەو گۆڕستانانە زۆر بێ نازن، لە کاتێکدا پێویستە شوورەیان بۆ بکەین و ڕێز لە مردوو و شوێنەکانیان بگرین، بیان پارێزین، چونکە ئایندەی خۆشمان هەر ئەو شوێنەیە.

زۆربەی خەڵکی ئێمە نازانن گۆڕی باپیرانمان لە کوێیە و ئاسەواری گۆڕەکانیشیان دیار نییە. ڕۆشنە کە خەڵکی ئێمە هەمووی مووسڵمانە، خەڵک هەیە هەموو فەرزەکانی نوێژی کردووە و لەگەڵ بانگدان لە مزگەوت ئامادە بووە، کورد گوتەنی: نووری لێ باریوە.

لە خودای بە زیاد بێت، لەو سەردەمەدا زۆربەی خەڵک حەج و عەمرەی کردووە؛ بەشێک لە ڕوکنەکانی ئایینی ئیسلامیشیان جێبەجێ کردووە، بەڵام هەر هەمووشمان سکمان بە ئایندەی خۆمان ناسووتێت، هەر بیریشی لێ ناکەینەوە.

سماقوڵی چەندین گۆڕستانی لێیە، زۆربەیان حەیوانی لێ مۆراوە، واتە بووەتە دارە مۆر. ئەو گۆڕستانانە چەند دارێکی گەورەی دار بەڕوو، دار مازووی لێیە، کاتی هاوینان وەختی گەرما، ئەو بزن و مانگایانە، لە کاتی نیوەڕۆیان، لە بن دارەکان مۆر دەکران و کاکی شوانیش ماوەی کاتژمێر و نیوێک تا دوو کاتژمێر لەوێ پشووی دەدا و نان و چای دەخوارد، ئەو ئاژەڵانە لە سەر ئەو گۆڕانە مۆر کراون، بە بێ گوێدانە ڕێزگرتن لە مرۆڤەکان، کە ئایندەی هەر هەموومان هەر گۆڕستانە.

سماقوڵییش چەندین گۆڕستانی لێیە، بەشێکیان دارە مۆری ئاژەڵانن.

١-گۆڕستانی چەقژە.

٢-گۆڕستانی شێخ برایم.

٣-گۆڕستانی شێخ ئەبووبەکر.

٤-گۆڕستانی دوو دارانێ.

٥-گۆڕستانی شێخ محەممەد کن داری چاکی ناو گوند.
٦-گۆڕستانی شێخ محەممەد ئەوبەری ناو گوند.
٧-گۆڕستانی بابی سۆفی تایەری.
٨-گۆڕستانی مام جافر.
٩-گۆڕستانی ئەسحابە گچکەلە لە لای شێخان.

بەداخەوە ئەو گۆڕستانانە زۆر بێنازن و هیچ گرنگی بە گۆڕەکان نەدراوە، بەردەوامیش ئاوا بێ نازن.

لە ڕاستیدا چارەنووسی هەمووشمان هەر ئەو شوێنەیە، دەبێت ئێمەش وا بیر بکەینەوە، کە چارەنووسی ئێمە بە دەستی نەوەکانی داهاتوو لەمانە باشتر نابێت، واتە ئەو بێ نازییە هەموومان دەگرێتەوە.

١٤ی شوباتی ٢٠٢٤

# قوتابخانە و سماقوڵی سەروچاوە



قوتابخانە و خوێندنگە یەک مانایان هەیە، کە مەبەست لێی شوێنی فێربوون و زانست و زانیارییە، قوتابی و خوێندکار بە هەمان شێوە هەر یەک کەس و یەک مانایان هەیە، کە دەیانەوێت فێری زانست و زانیاری بن.

لە ڕابردوودا زۆربەی گوندەکانی کوردستان قوتابخانەیان نەبووە، کەچی سماقوڵی سەروچاوە بە هەمان شێوە بێ قوتابخانە بووە، بەڵام ساڵی ١٩٥٦ قایمقامی کۆیە بە ناوی (هادی چاوشلی)، لەگەڵ وەفدێک دەچێتە سماقوڵی سەروچاوە و دەبێتە میوانی کێخوا عەبدەی باوکم، لەوێ خزمەتێکی باش و شاهانە دەکرێن، دیارە لەگەڵ یەکتر برادەرایەتییان خۆش بووە.

کێخوا عەبدە داوا لە قایمقام دەکات و دەڵێت: جەنابی قایمقام سماقوڵی پێویستی بە نەخۆشخانە و قوتابخانەیە. قایمقام دەڵێت: چۆن ئەم گوندە بێ قوتابخانەیە؟ بە باوکم دەڵێت: کە چوومەوە کۆیە وەرە،

دوو هەفتە دوای سەفەری قایمقام باوکم دەچێتە لای هادی چاوشلی قایمقام و بڕیاری دروست کردنی قوتابخانە دەدرێت و ٧٠٠ دینار دەداتە باوکم، بەو شێوەیە کێخوا عەبدە بە دڵی خۆشی دەگەڕێتەوە سماقوڵی.

باپیرە حەمەد، واتە باوکی دایکم زەوییەکی زۆری لە ناو گوند هەبوو، لە سەر خەرمانێ. باپیرە حەمەد دوو کوڕ و سێ کچی هەبووە، خارە جەلال و خارە کەریم، بەڵام خارە کەریم کە مێردی پلکە ناجیەیە، پاش سێ منداڵ بە ناوەکانی: کاک حەمید، کاک فریاد و گوڵبەهار خان، لە تەمەنی لاویەتی کۆچی دوایی کردووە، خارە جەلال وەک برا گەورە مامەڵەی بە زەوییەکانەوە کردووە، حاجی جەلال ئامۆزای باوکم و برای دایکم بووە.

کێخوا عەبدەی باوکم، هەر بڕیارێکیدا بێت، چاکە و پیاوەتی بە موڵکی ئەو خزمانەوە کردبێت، ڕەت نەکراوەتەوە. خارە جەلال و باوکم حەزیان لە زانست و قوتابخانە بووە، هەبوونی قوتابخانەیان بۆ گوندەکە بە پێویست زانیوە.

ئەو پارچە زەوییەی سەر خەرمانێ، کە زیاتر لە ١٠٠٠ مەترە، خارە جەلال پێشکەشی قوتابخانەکەی دەکەن و هەمان ساڵیش تەواو دەکرێت، ژمارەیەک مامۆستاش لە کۆیە و هەولێرە دەبەنە سماقوڵی و لەو گوندە دەبن بە مامۆستا، ساڵی ١٩٥٨ قوتابییە چاوگەشەکان ڕوو لە قوتابخانە دەکەن و قوتابخانەکە دەبێتە قوتابخانەی کوڕ و کچان، ناوی قوتابخانەکەش دەبێتە قوتابخانەی سماقوڵی سەروچاوەی بنەڕەتی تێکەڵاو. ژمارەی قوتابییەکان ٦٠ تا ٧٠ خوێندکار بووە.

ئەو مامۆستا بەڕێزانە لە سماقوڵی وانەیان دەگوتەوە: مامۆستا عومەر ڕەسووڵ حەوێزی، مامۆستا عەتا، مامۆستا ئیسماعیل ئاغا، مامۆستا عەبدولواحید حەمەدەمین کەبابچی، مامۆستا دنحا خەڵکی هەرمۆتەی کۆیە بوو، مامۆستا حەبیب خەڵکی عەنکاوەی هەولێر بوو.

هەروەها کاک شـەفیقی مـام کێخـوا ئەحمـەد یەکـەم کارگوزاری قوتابخانـە بـووە.

مامۆسـتا عومـەر ڕەسـووڵ یەکـەم مامۆسـتای قوتابخانەکـە بـووە، دوای چەند هەفتەیەکی دیکە مامۆستای دی دێنە قوتابخانە، بەداخـەوە ساڵی ۱۹۹۹ مامۆستا عومـەر کۆچی دوایی کـرد.

کێخـوا عەبـدەی باوکـم و مـام حەمەدەمیـن جـۆلا و مامۆسـتاکان، بـە مەبەسـتی کات بەسـەربردن شـەوانە یـاری کۆنکانیـان کـردووە، مـام حەمەدەمین جۆلا یاریزانێکی باش و ڕووخـۆش بـووە، لەگـەڵ باوکـم و مامۆسـتاکان زۆر تێکـەڵ بـووە.

کاتـی خـۆی دەسـتەواژەی ئەفەنـدی بـۆ مامۆسـتا بەکارهاتـووە، خەڵـک نـەی دەگوت مامۆستا، بەڵکوو بـە ئەفەندی ناویـان دەرکردبوو، بـۆ نموونـە: واحیـدە فەنـدی.

سـاڵی ۱۹۷٤ بەشـێکی قوتابخانە بووە کۆگای شـۆڕشـی ئەیلوول، کە تێیدا ئـارد، برنـج، گەنـم، ڕۆن، ئاوەتەماتـە و شـتی دی لـە نـاو هەڵدەگیـرا، بـەڵام کاتێکیش حکومەتی عێراق هێرش بـۆ سـەر سماقوڵی دەست پێ دەکاتـەوە، گوندەکە خاپـوور دەکرێت، خەڵکەکـەی بـۆ کۆیـە و هەولێـر و گوندەکانی گۆمەتـاڵ، کاولۆکان و کانی دەربەنـدی و چەند شـوێنێکی دی دەچـن، هەڵبـەت سـاڵی ۱۹۷٥ خەڵکەکـەی گەڕانـەوە سـماقوڵی و گوندەکـە ئاوەدان کرایـەوە. لـە ڕاسـتیدا چەنـد جـار سـماقوڵی سـووتاوە و خاپـوور کـراوە.

ئەوجا قوتابخانە گوازرایـەوە سـەرگردی، ماڵـی مـام کێخـوا ئەحمـەد و مـام حاجـی سـدیقی مـام سـەلیم خانوویـەک دەکەنـە قوتابخانـە، کـە ئێسـتا خانـووی کاک مەجیـدی ڕەحمەتییـە.

لـە دوای شـۆڕشـی نـوێ، بـە تایبەتـی لـە دوای سـاڵی ۱۹۷٥ تـا ۱۹۷۹ یەکێتـی و سۆسیالیسـت و شـیوعی ڕۆڵـی زۆریـان هەبـوو، لـە سـاڵانی (۱۹۸۱- ۱۹۸۲) هێزەکانـی یەکێتـی ڕۆڵـی زۆریـان گێـڕا، سـاڵی

(١٩٨٣- ١٩٨٤) مەڵبەندی سێی یەکێتی بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت بە هەموو قورساییەکەوە هاتنە ناوچەکە و دۆڵی سماقوڵی. ئەوە بوو مەیدانی شەڕ گەرمتر بوو، تا شەڕی گەورەی ١١ ڕۆژەی بەنەباویی ساڵی ١٩٨٧ و سەری ڕەش و ڕزگارکردنی هیران و دێگەڵە و دەیان داستانی دیکە، ئەو دۆڵە شوێنێکی گرنگی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوو، لە دواتریشدا بەرەی کوردستانیش (یەکێتی، سۆسیالیست، شیوعی، بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی) ڕۆڵی تێدا بینی، هێزە جیاوازەکان تا ئەنفال و هێرشی حکومەتی عێراق لەو ناوچانە بوون، تا سووتان و خاپوور کردنی گوندەکان لە ساڵی ١٩٩٨دا.

پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ جارێکی دیکە گوندەکان ئاوەدان کرایەوە، ساڵانی (١٩٩٢- ١٩٩٣) قوتابخانە لە سەر خەرمانێ، لە شوێنی پێشووی خۆی لە لایەن ڕێکخراوی کرای سویدی (kra) دروست کرایەوە و لە لایەن کاک ئیحسانی برامەوە سەرپەرشتی دەکرا. جارێکی دیکەش لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن حکومەتی هەرێم نۆژەن کراوەتەوە.

لەو قوتابخانەیە چەندین مامۆستا وانەیان تێدا گوتووەتەوە، چەندین کارگوزاریش خزمەتیان تێدا کردووە، وەک: سدیقی مام سەلیم، حاجی مەلا، ئەمیری کێخوا عەزیز، حاجی باپیر، ڕەسووڵی حاجی عەلی، سلێمانی مام سەعید، حاجی عومەری حاجی عەزیز، حەمەدەمینی مام مستەفا، جەباری مام حاجی سەلیم و چەندانی دیکە.

لە لایەکی دیکەوە چەندین مامۆستای خەڵکی سماقوڵی لە قوتابخانەکە وانەیان گوتووەتەوە، ئێستاش چەندین مامۆستای کوڕ و کچی خوێن شیرین وانە دەڵێنەوە.

٢٣ی شوباتی ٢٠٢٤

# کێخوا عەبدە، مێژوویەکی جوان



کە باسی دۆڵی سماقوڵی و گوندەکانی دەکەیت، ناکرێت باس لە بنەماڵەی کێخوا عەبدەی سماقوڵی نەکەیت... هەموو مرۆڤێک، جا چ شێخ، ئاغا، کوێخا، سەید، سەرۆک هۆز، یان مرۆڤی ئاسایی بێت، یاخود پارتی سیاسی، مێژوو و چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەندێک جار هەیە چیرۆکەکان خۆشن، بڕێک جاریش هەیە چیرۆکەکان ناخ هەژێنن. ئەوەی کاریشی کردووە و کاربەدەست بووە، یان ڕیش سپی ناوچەیەک بووە، کاری باش و خراپیش دەکات. ئەو حاڵەتانە زیاتر لە کاری فەرمانڕەوایەتی ڕوو دەدات، جا تۆ ئەگەر کاری باشت کرد و دڵی خەڵکەکەت خۆش کرد، ئەوا دەبێتە مایەی خێر و خەڵک بە باشە باست دەکەن، بەم شێوەیە مێژوویەکی باش تۆمار دەکەیت، بەڵام ئەگەر کاری خراپت کرد و دڵی خەڵکت خۆش نەکرد، ئەوا مێژوویەکی خراپ تۆمار دەکەیت و خەڵکیش خۆشی ناوێیت.

خۆشبەختانە ئێمە بە مێژووی کێخوا عەبدەی باوکم ئاسوودە و دڵخۆشین. کێخوا حوسێنی باپیرمان لەگەڵ نەنکە عائیشە، دوو هاوسەر و کەسایەتی دێرینی سماقوڵیین. ئەو خانەوادەیە دوو کوڕ و چوار کچیان بە ناوەکانی: مامە سابیر، کێخوا عەبدە، حاجی ئامینە،

پلکە زەکیە، پلکە نەزیف، پلکە ناجیە دەبێت.
١-مامە سابیرم، کەسایەتییەکی گەورە و بەهێز و ڕووخۆش و دەم بەخەندە بوو.
٢- حاجی ئامینە کچی گەورەی کێخوا حوسێن بوو، خێزانی کێخوا عەزیزی سماقوڵی بوو.
٣-پلکە زەکیە خێزانی مام فەتاح بوو، کە هەردووکیان ئامۆزای یەکتری بوون.
٤-پلکە نەزیف خێزانی کاک عەلی بوو، واتە کاکی هیرانێ. پلکە نەزیف دایکی شێخ فەزڵ و شێخ مەزهەر بوو، ژنی گچکەی کاکی هیرانێ بوو.
٥-پلکە ناجیە خێزانی خارە کەریم بوو، واتە هەردووکیان ئامۆزای یەکتری بوون، دایکی کاک حەمید، کاک فریاد، گوڵبەهار خان بوو.
٦-کێخوا عەبدەی باوکم.

باوکم: عەبدوڵڵا حوسێن قوربانی، ناسراو بە کێخوا عەبدە، لە ڕێککەوتی یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ لە سماقوڵی لەدایکبووە. کێخوا عەبدەی باوکم لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ دایکم حەنیفە حەمەد ئەنجام داوە، کە هەردووکیان ئامۆزای یەکترین، باوکم و دایکم دەبنە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی. بەرهەمی بەیەکەوە بوونی دایک و باوکم حەوت منداڵ بوو، پێنج کوڕ بە ناوەکانی: کاک موحسین، کاک تەحسین، کاک ئیحسان، کاک کامەران و هاوڕێ (بەندە). دوو کچ بە ناوەکانی: پەرژین خان و خومار خان.

باوکم پیاوێکی خوێندەوار بوو، چووەتە قوتابخانە، تەنیا ساڵێکی ماوە ببێتە مامۆستای سەرەتایی، چووەتە حوجرە بۆ فێربوونی قورئان و خوێندەوارییەکی زۆر باشی هەبوو، کوردی و عەرەبی زۆر باش دەزانی و دەیتوانی بە باشی بنووسێت، هەروەها زۆر لە ئایەتی قورئان و فەرموودەی لەبەربووە، تەنانەت بە باشی لێیان تێ گەیشتووە.



کاک تەحسن، کاک ئیحسان، کاک موحسین، کاک کامەران

کێخوا عەبدە لە زەمانی پێشوودا یار و نەیاری بۆ پەیدا بووە، بەڵام زۆر حەکیمانە و زیرەکانە توانیویەتی بەسەر تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ بێت و هەموو ئەو بەربەستانەی تێ پەڕاندووە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە.

کێخوا عەبدەی باوکم پیاوێکی هۆشیار و خوێندەوار بوو، ئاگاداری هەموو ڕووداوەکان بووە، زۆر حەزی لە هەواڵ بووە، یەکەم کەس بووە کە ڕادیۆی کڕیوە، هەموو کات ئاگاداری ڕووداوەکان و هەواڵەکان بووە، دۆستایەتی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەو کاتە هەبووە، لەبەر ئەوە دوایی بیستنی هەواڵی گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، باوکم دوو چۆمی فرۆشت و چووە پێشوازی بارزانی لە بەغدا، ماوەیەک لە لایان ماوەتەوە، ئینجا گەڕاوەتەوە گوند، بەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول کاری کردووە بۆ بەرچاوڕوونی و بڵاوکردنەوەی ڕۆحی نیشتمانپەروەری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک، بە مەبەستی ئامادە باشی بۆ هەر گۆڕانکارییەک، دیارە دۆستایەتی بارزانی نەمر و باوکم بەردەوام بووە.

لە لایەکی دیکەوە باوکم پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لەگەڵ جەنابی مام جەلال تاڵەبانی هەبووە و دۆستی نزیکی بووە.

هەروەها باوکم پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ ئاغا، شێخ، سەید، کێخوا و زۆربەی چین و توێژەکانی دەڤەرەکە و ناوچەکانی دی هەبووە، وەک: کاکە زیادی حەماغای کۆیە، بنەماڵەی حەوێزی و غەفوورییەکان و چەندین کەسایەتی دی لە کۆیە، هاوکات لەگەڵ عەزیز ئاغا لە ناحیەی ئاشتیی دەشتی کۆیە، عەباس ئاغای سەرکەپکان پەیوەندی هەبووە و چەندین جار هاتووەتە سماقوڵی، ماڵی مام ئەنوەر بەگی بێتواتە، مستەفا ئاغای پشدەریی، کێخوا سمایلی تەلانی دووکان، ماڵی مام ڕەسووڵ، کاک قادری خەلەکانیی، ماڵی کاک برایمی خدرانیی، جەعفەری قادر بەگ و خزمانی، مامۆستا مەلا مەجیدی گوێڕ، مەلای دەرگەڵە، کێخوا جەلالی حەساری گەورە لە لای کەرکوک، کاک لەتیف و کاک ڕەحیم و خزمانی سلێمانی، عەبدولحەمید و خزمانی، ماڵی مەلا تاهیر و کوڕەکانی، حاجی خدری دەربەندی و خزمانی دەربەندی گۆمەسپان، ماڵی شێخ سەدرەدین و شێخ قادر و چەندین کەسایەتی دیکەی شاری هەولێر، کێخوا سمایلی دووگرتکان و کێخوا سدیق، حەمەد ئاغای پەلکە ڕەشی، عوسمان بەگی شەقڵاوە، کەریم بەگی خۆران، ماڵی مام هەینی، مام وەسمانی، کێخوا ڕەشەی زیارەتی، فەخری بەگی عەلیاوە و ماڵی مام حاجی کاکۆل، خزمانی گۆمەشین، کانی دەربەند، شاخە پیسکە، ئەشکەوت سەقا، گۆمەتاڵ، خزمانی سوسیی بە گشتی، خزمانی سماقوڵی گرتک بە گشتی، خزمانی سێنان، کرۆژ و سماقوڵی گەلی بە گشتی، خزمانی بیرۆکان، ناودارۆکان، سولاوک و ماڵی سۆفی ڕەشید، خزمانی گوندی نازەنین و دۆڵی بالیسان و چەندان کەسایەتی دیکە.

ماڵی کاکی هیران و خزمانی هیران، زۆربەیان بە حوکمی کوڕ و کچەکانی کاکی هیران، خوارزای باوکم بوون. داک نەزیف خێزانی بچووکی کاکی، خوشکی باوکم بوو. بەدەر لەوانە پەیوەندی لەگەڵ سەدان کەسایەتی و خانەوادەی بەڕێزی دیکە هەبووە، کە نەمتوانی لە پەرەگرافێکی ئەوها بچووک باسیان بکەم و ناویان بهێنم.



هاوڕێ کێخوا عبدە، خومار کێخوا عبدە، محسین کێخوا عبدە، تحسین کێخوا عبدە، کافیە خان

خێزانی کاک تحسین، کاکە هەژاری کاک تحسین، منداڵەکانی دواوە هاوبیر، هاوژیر، ڕێبەند

مامە سابیر، عەزیزی مام عەوڵا، حاجی مەحموودی حاجی عەلی و براکانی، کاک حەمەدەمین، ماڵی مام ئەبووبەکر، خارە جەلال، کاک حەمید، کاک سەلام، کاکە مەغدید و چەندین خزمی دی سماقوڵی پشتیوانی بەهێزی باوکم بوون، لە خۆشی و ناخۆشی هاوکار و هاریکاری بوون. لە ڕاستیدا خوشکەکانی باوکم پشتیوانییەکی دی بەهێزی باوکم بوون.

خانەوادەکەمان، لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا خانەوادەیەکی گەورە و بە هێزی ناوچەکە بووین، باوکم خاوەن دیوەخان و میوانێکی زۆر بوو، هیچ ڕۆژێک بە بێ میوان نانی نەخواردووە، باوکم زۆر حەزی لە شۆڕش و لە کوردایەتی بووە، لەبەر ئەوە لە شۆڕشی ئەیلوول وەها تێکەڵی کوردایەتی و شۆڕش بوو، کە وێنا ناکرێت، کاتێک میوان هاتووەتە ماڵی باوکم، ئەو کاتە کاک ئیحسانی برام بچووک بووە، لێیان پرسیوە کوڕی جوان چەند باوکت هەیە؟ ئەویش گوتوویەتی دوو، باوکم و مەلا مستەفای بارزان، ئەمە گوزارشتە لەوەی کە خەڵک

کوردایەتی لە لا مەبەست بووە، دیارە ئەو کاتە سەرجەم خەڵکی کوردستان شۆڕشی بە شۆڕشی خۆی زانیوە، خەڵکیش پێشمەرگە و شۆڕشی زۆر خۆش ویستووە.

لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، باوکم مام جەلالی سکرتێری یەکێتی زۆر خۆش ویستووە و نازناوی جەلالی وەرگرتووە. لە ڕاستیدا باوکم هاوڕێی دێرینی مام جەلال، کاک نەوشیروان، دکتۆر فوئاد، ڕەسووڵ مامەند، قادر مستەفا، سەعدی گچکە، کەریم ئەحمەدی حیزبی شیوعی، مەلا بەختیار، کاک کۆسرەت، شێخ جەعفەر، شێخ عەلی، کاک قادر عەزیز، شەهید سەید کەریم هەودیانی، ملازم خولە، شێخ عەلی، شەهید شاخەوان عەباس، مامۆستا بەکر مستەفا، سەفینی مەلا قەرە، خەسرۆ شێرە، عەریف عەلی، محەممەد حەلاقی شیوعی و دەیان سەرکردە و فەرماندەی دیکە، هەروەها سەید کاکە، مامۆستا سەعید، بەکر حەمە، شەهید تەحسین خوارزای عەریف عەلی و دەیان پێشمەرگە و فەرماندە لە پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیست.

لە سەر کوردایەتی و نیشتمانپەروەری چەند جار باوکم لە دائیرەی ئەمنی هەولێر زیندانی کراوە، پاشان ئازاد کراوە.

هاوکات کێخوا عەبدە پەیوەندییەکی بەرفراوانی لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی هەبوو، مامۆستایان ڕێزێکی زۆریان بۆ باوکم نواندووە. لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شێخ و تەکیە و خانەقاکان هەبووە؛ کێخوا عەبدە پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ چینی ڕۆشنبیر و گەنجان و چینە جیاوازەکانی دیکە هەبووە.

کێخوا عەبدە لە چارەسەری بەشێک لە کێشە و گرفتەکانی ناوچەکە و دەوروبەر بەشدارییەکی بێ وێنەی هەبووە، دیارە ئەو پەیوەندییانەش هەروا ئاسان و خۆڕسک نەبوون، بێگومان هەوڵ و ماندووبوون، عاقڵی و ژیری، زیرەکی و توانا، ئەزموون و ڕاستگۆیی، داوێن پاکی و شەونخوونی زۆری پێویستە تا بتوانیت متمانەی خەڵک و کەسایەتییەکان بە دەست بهێنیت.

باوکم هەموو جارێک دەیگوت ڕۆڵە لێپرسراویەتی ئەرکێکی زۆر قورسە، وەک ڕۆڵی جووتیار وایە، ئەگەر تۆ بە جوانی باخەکەت کێڵا و پەینت پێدا کرد و خزمەتی باشت کرد، ئەوا بێگومان بەرهەمێکی باش دەچنییەوە، بەڵام ئەگەر خزمەتی خراپت کرد و گرنگیت پێ نەدا، ئەوە بەرهەمەکەت باش نابێت و تووشی هیلاکەتی گەورەت دەکات.

ئامۆژگاری باوکم بۆ خۆمان و گەنجانی ئاوایی ئەوە بووە: هەمیشە ڕاستگۆ و عاقڵ بن، خۆتان پێ لە کەس گەورەتر نەبێت، ڕێز لە خۆتان و دەوروبەر بگرن. هەروەها باوکم زۆر حەزی لەوە بوو کە خەڵک بخوێنێت و خوێندەوار زۆر بێت و ئاستی زانست و زانیاری بەرەو پێش بڕوات و خەڵک لە نەخوێندەواری ڕزگاری بێت.

کێخوا عەبدەی باوک زۆر پاک و خاوێن بوو، گرنگی زۆری بە خواردن و تەندروستی خۆی داوە، هەمیشە حەزی لەوە بووە سفرەی نان خواردنمان ڕازاوە و جوان بێت، جوانترین خزمەت پێشکەش بە میوان و خۆشەویستان بکەین.

کێخوا عەبدەی باوکم لەگەڵ خارە جەلال ڕۆڵی گرنگیان بینی لە هێنانی قوتابخانە و نەخۆشخانە بۆ گوندی سماقوڵی. هەروەها باوکم ڕۆڵی سەرەکی لە هێنان و دامەزراندنی مامۆستا و کارمەندی قوتابخانە و یاریدەدەری پزیشک و کارمەند بۆ نەخۆشخانە و مەلای مزگەوت و کارمەند بۆ مزگەوتی سماقوڵی هەبوو.

باوکم زۆر حەزی لە یاری کۆنکان بوو،ساڵی ١٩٥٧ یاری کۆنکان لەگەڵ مامۆستا، کارمەندانی نەخۆشخانە، خۆشەویستانی سماقوڵی لە ماڵی ئێمە کراوە، بەم جۆرە کاتی خۆش و پڕ لە چێژیان وەرگرتووە. هەروەها زۆر حەزی لە یاری دامە بووە، بە تایبەتی لەگەڵ مام سەعیدی مام حەمەدەمین، عەلی مام حەسەن و دامەچییەکانی ئاوایی یاری کردووە.

باوکم لەگەڵ ماڵی خارە قادر و مەلا عەبد و عەولای کاک خدری و حاجی عەولا و حاجی حەمەدەمین و ماڵی مام مەلای سوسێ یەک

ماڵ بوون، بە هەموو شێوەیەک هاوکاری و پشتیوانی باوکم بوون، هەروەها ماڵی حاجی ئەحمەدی سەرەوە و حاجی ئەحمەدی خواریّ و کێخوا ئەحمەد و حاجی ڕەزا و حاجی ئەمین سماقوڵی گرتک یەک ماڵ بووین؛ لەگەڵ ماڵی مام حاجی کاکۆلی تەکەوڵی خانەخویّ بووین.

باوکم و کێخوا عەزیز، ئەگەرچی زاوا و خەزووری یەکتری بوون، یەکتریان زۆر خۆش ویستووە و ڕێزی یەکتریان گرتووە، بەڵام هەندێک جاریش ئەو پەیوەندییانە بەرزی و نزمی بە خۆیەوە بینیوە.

دیارە باوکم تێکەڵاوی خەڵکی ئاوایی بووە و پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ خەڵکەکە هەبووە، بە بیّ جیاوازی. نەک هەر ئەوە بگرە خەڵکی تەواوی دۆڵی سماقوڵی خۆش ویستووە، هیچ کاتێک ناوچەکە و سماقوڵی و مەڵبەندی باب و باپیرانی چۆڵ نەکردووە، بە جۆرێک باوکم و سماقوڵی ئاوێتەی یەکتری بوون و هەرگیز لێکدا نەبڕاون. هەڵبەت زۆر حەزی لە پێکەوە ژیان بووە، زۆر کاتیش بووەتە هەوێنی ئەو پێکەوە ژیانە.

لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، ئێمەش وەک سەرجەم خەڵکی ئاوایی ڕەز و باخ و زەوی و ئاژەڵێکی زۆرمان هەبووە، زەوی بەراو و دێمەکار پانتاییەکی گرنگی سماقوڵی گرتووەتەوە. ساڵانە بە بەردەوامی گەنم، جۆ، نیسک، نۆک، مەرەزە (برنج)، ماش، لۆکە، تووتن، تەماتە، پیاز، گوڵەبەڕۆژەمان بەرهەم هێناوە؛ لە لایەکی دیکەوە هەموو جۆرە بەروبوومێکی هاوینەی وەک: سێو، هەنار، تریّ، قەیسی، هەنجیر، خۆخ، هەرمیّ و چەندین میوەی ترمان هەبووە؛ ساڵانە دۆشاوی تریّ و سرکەی هەنارمان هەبووە؛ هاوکات زیاتر لە ١٢ پارچە چۆمان هەبووە (دار ئەسپیندار) کە ئەو کات باو بوو.

کاتێک کاک موحسین لە ساڵی ١٩٧١ هاوسەرگیری لەگەڵ نەسرین خانی کچی مامە سابیرم کردووە، پلکە زەکیە و خوشکە مونیرە و نەسرین خان و پەرژین خان بوونەتە هاوکار و پشتیوانی دایکم بۆ

کار هەڵسووڕانی ناو ماڵ.

ساڵی ١٩٧٦ کاک تەحسین هاوسەرگیری لەگەڵ کافیە خان کردووە، پەرژین خانی خوشکم دەبێتە خێزانی شەهید سەلام و کافیە خانیش دەبێتە خێزانی کاک تەحسینی برام.

ساڵی ١٩٧٧ کاک موحسین و نەسرین خان ئەو کاتە دوو منداڵیان بە ناوەکانی: کاکە ئاکۆ و خوناو خان هەبووە، ڕوو لە شاری کۆیە دەکەن، چونکە کاک موحسین بوو بە فەرمانبەر لە جەمعیەی فەلاحی کۆیە.

پلکە زەکیەش لەگەڵ خوشکە مونیرە ماڵی خۆیان دەکەن و دەچنە خانووی خۆیان. ئەو کات دایکم و کافیە خان ئەرکیان گران دەبێت بۆ بەڕێوەچوونی ناو ماڵ، تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ کاک ئیحسانی برام هاوسەرگیری لەگەڵ پەروین خانی مامە سابیر دەکات، پەروین خانیش دەبێتە پاڵپشتییەکی باش بۆ دایکم و کافیە خان، بە هۆی ئەوەی کارێکی زۆری ناو ماڵ و مانگا، بزن، مەڕ دۆشین و میوانێکی زۆرمان هەبوو.

ئێمە چێڵ، بزن و مەڕمان هەبوو، ماست، پەنیر، کەشک، لۆر، ڕۆنی مەشکە، داندۆک، پەنیری پێستە و چەندین شتی فۆلکلۆریمان هەبووە، زۆربەی کات عەنیفی عارف خدری گۆزەی بۆ دروست کردووین، دایکم پەنیری بۆ زستان سوێر کردووە و لە ناو گۆزەکاندا هەڵی گرتووە. دایکم ڕۆژانە نانی کردووە، مەشکەی ژەنیوە و دۆی مەشکەمان هەبووە.

هەروەها بزنی موو، بزنی مەرەزمان هەبووە، ساڵانە تووکی بزنە مەرەزەکانیان بە تەشی ڕستووە، دایکم و پلکە زەکیە بۆ باوکم و کاک موحسین و تاک تەحسین و کاک ئیحسان کردوویانە بە ڕانک و چۆغەک، هەروەها مووەکانیشیان شە کردووە، عەزیزی مام عەولا، یان مام حاجی مەحموود بۆی کردوینە بە کەژو و زۆر جاریش مام عەزیز، یان دایکم گوریسیان دروست کردووە، تووکی مەڕەکانیش

کراوەتە لباد و دۆشەک و لێف و بالیف، زۆر جاریش پلکە ناجیە ئەو کارەی کردووە، چونکە دۆشەک و لێفی باشی دروست دەکرد. بۆ خۆشمان حەسیرمان دروست دەکرد.

ئێمە هێستر، ماین، سەگ و کەروێشکی زۆری خۆماڵیمان هەبوو، مریشکێکی زۆر، عەلەشیش و مراویمان زۆر بووە، هەروەها کۆترێکی زۆری ڕەنگاوڕەنگ و تەقڵەبازمان هەبووە، کە بە گچکەیی کاکە کامەران و بەندە و ئاکۆی برازام زۆر حەزمان لێ بوو. هەروەها مێشەنگوینێکی زۆرمان هەبوو، پازدە بۆ بیست ئالە مێش دەبوون، ساڵانە هەنگوینێکی زۆرمان هەبووە، هەڵبەت کاک ئەنوەری مام حەوێز بە هاوکاری کاک تەحسین ئالە مێشیان دروست دەکرد بۆ مێشەکان.

ئێمە ساڵانە هاوینە هەوارمان هەبوو، زستانان لە ناو گوند لە خانوو دەژیاین، هاوینان دەچووینە ناو کەپران، شوێنی هاوینانمان ناوی مام جافر بوو، کە شینایی و ڕەز و باخەکانمان هەمووی لە مام جافرە. کەپرێکی گەورە و ساباتێکی جوانمان هەبوو بۆ میوانان و دار سنەوبەرێکی باڵا بەرزی لێ بوو، ئێستاش هەر ماوە، ئەو سنەوبەرە بە هاوین و زستان ڕەنگی هەر سەوز بوو، ئەمەش دیمەنێکی جوانی بەخشیوەتە مام جافر و باخەکانی ئێمە.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ سماقوڵی بە تەواوی سووتا و خاپوور کرا، هەموومان ڕوومان لە شاری هەولێر کرد و تا ڕۆژی ڕاپەڕین ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دوای کۆچڕەوی بەهاری ساڵی ١٩٩١، خەڵک وردە وردە گەڕانەوە بۆ سماقوڵی و تا شەڕی ناوخۆ لە نێوان ی. ن. ک و پ. د. ک ڕوویدا.

پاش ڕاپەڕین کاک عەبدولڕەزاق بێتوشی، مامۆستا وشیاری ساڵح بەگی شەقڵاوە، مامۆستا مەلا مەجیدی گوێڕ، کێخوا عەبدەی باوکم، کێخوا جەلالی حەساری گەورەی کەرکووک و چەند کەسایەتییەکی دی شاری هەولێر بەیەکەوە لە ناوەندی کۆمەڵایەتی هەولێر کار دەکەن و تا ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام دەبن.

بەداخەوە ئەو جارە و لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ پێنج کەسی بێ تاوان لە سماقوڵی بە دەستی هێزەکانی پارتی شەهید کران؛ بەشێک لە خانووەکانی سماقوڵی کە ٢٤ خانووی ئێمە و کەسوکاری ئێمە بوو، لەگەڵ ئاشی ئاوی ئێمە بە دەستی هێزەکانی پارتی سووتێندران، دار سێو و هەنارەکانیشیان بڕی، گوایە ئێمە هەواداری یەکێتین، بەم شێوەیە چاکە و پیاوەتی کوردایەتیمان وەرگرتەوە. حەزم نەکرد لەوە زیاتر برینی قەتماغەکان هەڵدەمەوە.

خومار خانی خوشکم، یەکێک بوو لەو کچانەی کە لە کۆتایی تەمەن خزمەتێکی زۆری باوکم و دایکمی کردووە، ئێمەی کوڕەکان بە هۆی هەلومەرجی نالەباری شەڕی ناوخۆ نەمانتوانی لای باوکم بین، بەڵام خومار خان وەک پشتیوانییەکی بەهێز تا کۆچی دوایی باوکم بە بەردەوامی لەگەڵیان ژیاوە، کە جێگای شانازی هەموو لایەکمانە.

بەداخەوە باوکم لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لێ کردین. دایکیشم لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوای کرد، هەردووکیان لە شاری هەولێر، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاک سپێردران.

درووود بۆ گیانی پاکی باوکم، دایکم و نەسرین خان و سەرجەم خۆشەویستان و تەمەن درێژی بۆ خۆشەویستانمان.

٩ی ئازاری ٢٠٢٤

# حاجی جەلال و سماقوڵی سەروچاوە



مام حاجی جەلالی سماقوڵی

حاجی جەلال و یا ئامینە، دوو هاوسەر و دوو کەسایەتی دێرینی سماقوڵی سەروچاوەن، خاوەنی حەوت منداڵ بوون، شەش کوڕ، بە ناوەکانی: دکتۆر فەیزوڵڵا، مامۆستا سیامەند، کاک بایز، کاک عیمڕان، کاک سەلمان و کاک محەممەد؛ کچێکیش بە ناوی: گوڵشا خان.

مام حاجی جەلال لەگەڵ کێخوا عەبدەی سماقوڵی ئامۆزای یەکترین، خێزانی کێخوا عەبدەی خوشکی حاجی جەلال بووە. حاجی جەلال وەک خەڵکی سماقوڵی خاوەن ڕەز و باخ و زەوییەکی زۆر بوو، ساڵی ١٩٥٧ پارچە زەوییەکی زیاتر لە ١٠٠٠ مەتری پێشکەش بە قوتابخانەی سماقوڵی دەکات، مەبەست لێی شوێنی ئێستای قوتابخانەی گوندەکەیە. هەروەها پارچە زەوییەکی دیکەی لەگەڵ کێخوا عەبدە پێشکەش بە نەخۆشخانەی سماقوڵی کردووە، کە ئێستاش هەر نەخۆشخانەیە.

حاجی جەلال ساڵی ١٩٢٩ لە سماقوڵی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٣ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. حاجی جەلال ساڵی ١٩٦٠ بە خۆی و خانەوادەکەی ڕوو لە شاری هەولێر دەکەن و لە گەڕەکی سێتاقانی خوارێ، لە کۆڵانێکی پشت مزگەوتی حاجی موراد نیشتەجێ دەبن، کە چەند خزمێکی دیکەش لە هەمان کۆڵان نیشتەجێن، وەک ماڵی حاجی جەلال، عەزیزی حاجی نادر، مستەفای حاجی نادر، ماڵی کاکە ڕەش، واحیدی حاجی حەمەد، مام حاجی باپیر مام ساڵح، کاک عومەری مام ساڵح، حاجی سدیقی مام سەلیم، سابیری مام سەلیم، ماڵی عەریف خدر، عومەری حاجی حەمەد، حەمەدەمین حاجی حەمەد، ئەحمەد چۆک ڕەش، ئەسوەدی حاجی حەسەن، مەجیدی مام سدیق، میرزای مام سابیر و چەند ماڵێکی دیکە لەو کۆڵانە بوون، لەبەر ئەوە کۆڵانەکە نازناوی کۆڵانی سماقوڵییانی وەرگرتبوو.

حاجی جەلال دووکانی بایەعی لە شەقامی کۆیە، نزیک مزگەوتی سەید غەریب هەبوو. ئەو کەسایەتییە هەمیشە دەم بە خەندە و ڕووخۆش بوو، زۆربەی خەڵک برنج، شەکر، سابوون، ڕۆن و پێداویستییەکانی دیکەیان لێ دەکڕی و بۆ سماقوڵییان دەبردەوە.

حاجی بورهان خەڵکی سوسێ بوو؛ زاوای سماقوڵییان بوو، ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێتی سووری هەبوو، لە ساڵانی (١٩٧٨- ١٩٧٩) هاتووچۆی سماقوڵی دەکرد. هەموو بەیانیان مام حاجی بورهان بە خۆی و ئۆتۆمبێلەکەیەوە لە لای دووکانی حاجی جەلال ڕادەوەستا و چاوەڕێی گەشتیاران بوو تا بۆ سماقوڵییان بگەڕێنێتەوە.

مام حاجی جەلال کە خاڵی خۆم بوو، واتە برای دایکم بوو، هەمیشە منداڵەکانی هان دەدا کە پەرە بە خوێندن و زانست بدەن، خۆشبەختانە منداڵەکانی حەز و ویستی باوکیان هێنایە دی و هەموویان بڕوانامەی باشیان هەیە، لەوانە: دکتۆر، بڕوانامەی ماستەر، پارێزەر و سەرجەم بوارە جیاوازەکانی دیکە، تەنانەت نەوەکانیشی بڕوانامەی

بەرزیان هەیە.

ساڵی ١٩٦٧ حاجی جەلال فەریزەی حەجی جێبەجێ کردووە، ئەو پیاوە هەمیشە پەیوەندی و خزمایەتی لەگەڵ خەڵکی گوند نەپچڕاوە، زۆریش حەزی لە مردوو شۆردن بوو، بەداخەوە لە تەمەنی ٥٤ ساڵی، لە ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کرد.

هەزار ڕەحمەت بۆ مردووەکان و تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ زیندووەکان.

١٦ی شوباتی ٢٠٢٤

# کێخوا عەزیز و سماقوڵی سەروچاوە



کێخوا عەزیز سماقوڵی

کێخوا عەزیز کەسایەتییەکی ناوداری سماقوڵی و دۆڵەکە بوو، خۆشی وەک برا گەورەی ماڵی گەورە ناوی دەرکردبوو، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلوول حاکمی شۆڕش بووە.

کێخوا عەزیز و حاجی ئامینە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی سەروچاوەن، کێخوا عەزیز زاوای کێخوا حوسێنی باپیرم بوو، واتە حاجی ئامینەی هاوسەری خوشکی کێخوا عەبدەی سماقوڵی باوکم بووە. دە منداڵیان هەیە، پێنج کوڕ بە ناوەکانی: کاک ئەمیر، کاکەشین، کاک محەممەد (حەمە سوور)، کاکە یووسف و کاکە جەنگی، هەروەها پێنج کچ بە ناوەکانی: نەزیرە خان، فەزیلە خان، خونچە خان، فاتم خان و مەلیحە خان. کێخوا عەزیز، حاجی ئامینە، نەزیرە خان، کاکەشین و کاک ئەمیر لە ژیاندا نەماون، بەڵام کوڕ و کچەکانی دی ماون، هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.

ماڵی مام عەزیز، چێڵ، بزن و مەڕێکی زۆر؛ مریشک، قاز، چین و ماچین و چوار سەگیان هەبوو.

کێخوا عەزیز لە دۆڵەکەدا؛ لە ناو پێشمەرگە کەسایەتییەکی بەناوبانگ بوو، کەسێکی میوان دۆست و ڕووخۆش بوو. هەروەها پیاوێکی دونیا دیدە بوو، قسەی خۆش و نوکتەی زۆری لا بوو، هەمیشە ڕێزی میوانی لە لا پیرۆز بوو، زۆر سیفاتی تایبەت بە خۆی هەبوو.

تۆ کە باسی دۆڵی سماقوڵی و سماقوڵی سەروچاوە دەکەیت، ناتوانیت ناوی ئەم کەسایەتییانە کەم دیدە بگریت.

لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤێک لە ژیاندا خاوەنی چاکە و خراپەیە، هەروەها ئەم مرۆڤانەش بێ بەش نەبوون لەم دیاردانە و سروشتی پێگەکانیشیان وایان لێ دەکات بەو ئاراستەیەدا بڕۆن. مام عەزیز دەیگوت ڕاوێژکاری خراپ سەرت دەخوات، ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێت و بە ئاراستەی خراپتدا دەبا و ڕێگات لێ ون دەکات.

سماقوڵی سەروچاوە خاوەنی سێ کێخوا بووە، ئەوانیش: کێخوا ئەحمەد، کێخوا عەزیز و کێخوا عەبدە.

١-کێخوا ئەحمەد، لە ئازاری ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە.

٢-کێخوا عەزیز، ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە.

٣-کێخوا عەبدە لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە.

کێخوا عەزیز ڕۆژێک چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی بوو بە میوان، بەندەش لەوێ بوو، یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی: مام حاجی تۆ چ لایەنێکی؟ مام عەزیز، گوتی: من شیوعییم. پێشمەرگەکە گوتی: بیستوومانە تۆ سۆسیالیستی؟ مام عەزیز، گوتی: کە دەزانی، بۆ دەپرسی؟ بەڵێ من سۆسیالیستم، یەکێتیم، پارتیم و هەموو لایەنەکانم. گرنگ ئەوەیە ئێوە وەک لایەنەکان یەکگرتوو بن، تا ئێمەش شانازیتان پێوە بکەین.

ماڵی مام عەزیز خاوەن دیوەخان بوون و هەموو جۆرە میوانێک ڕووی تێ کردووە، بۆ نموونە زۆر جار خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر لێیان دەقەوما، ڕوویان لەو ماڵە دەکرد، وەکوو پەناگەیەک بوو بۆ لێقەوماوان، ئەوانیش دەبوونە شوان و کارەوان لە ماڵی مام عەزیز.

مام عەزیز وەک هەر کەسایەتییەکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری، چیرۆکی زۆر خۆش و ناخۆشی هەیە، لەبەر ئەوە منیش پێم خۆش بوو کەمێک بە کورتی باسی ژیانی ماڵی مام عەزیز بکەم.

ڕۆحی مام عەزیز، حاجی ئامینە، کاکەشین، کاک ئەمیر و نەزیرە خان شاد بێت، تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەخوازین.

٩ی شوباتی ٢٠٢٤

# کێخوا ئەحمەد، کەسایەتی دیاری سماقوڵی سەروچاوە




مام کێخوا ئەحمەد سماقوڵی

ماڵی مام کێخوا ئەحمەد، خانەوادەیەکی دێرینی سماقوڵی و دۆڵەکە بوون. کاتێک باسی دۆڵی سماقوڵی و سماقوڵی سەروچاوە دەکەیت، ناتوانیت باسی ماڵی مام کێخوا ئەحمەدی سماقوڵی سەروچاوە نەکەیت.

کێخوا ئەحمەد سەلیم عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩١٠ لەدایکبووە. خاوەنی سێ ژن و چواردە منداڵ بوو، هاوسەرەکانی مام کێخوا ئەحمەد ناویان: یا هەیبەت کچی کێخوا حوسێن، یا مریەم مام حەمەد و یا حەبیبە مەحموود بوون. حەوت کوڕ بە ناوەکانی: کاک شەفیق، کاک محەممەد حاجی مەلا، کاک فەتاح، کاک کەمال، کاک خالید، کاک جەنگی، سەلیم. حەوت کچ بە ناوەکانی: نەعیمە خان، فاتم خان، قەدەم خێر خان، گەلاوێژ خان، ڕووناک خان، بەیان خان و خێریە خان.

کێخوا ئەحمەد، پیاوێکی خڕەی سوور و سپی بوو؛ هەروەها

ڕیش سپی و براگەورەی بەرەبابی ماڵی سۆفی عەولا بووە. مام کێخوا ساڵی ١٩٥٠ بووەتە موختاری گوندی سماقوڵی سەروچاوە.

مام کوێخا، دۆستی مەلا حەوێز ئاغای کۆیە بوو، کە ئەو کات مەلا حەوێز قایمقامی شاری کۆیە بووە. هەمان ساڵ قایمقامی کۆیە و وەفدێکی یاوەری دێنە گوندی سماقوڵی، شەو لای کێخوا ئەحمەد میوان دەبن، بە مەبەستی ئامادەکردنی خواردن بۆ قایمقام چەند ژنێک لە کۆیەوە بۆ سماقوڵی دەهێنن، بەم جۆرە خواردنێکی شاهانەی بۆ قایمقام و وەفدی یاوەری ئامادە کرا، ئەوانیش بەو میواندارییە زۆر دڵخۆش بوون.

کێخوا ئەحمەد، پیاوێکی بە دڵ و سەخی تەبیعەت و میوان دۆست بوو، خاوەن دیوەخان و ڕەنجبەر بوو، دۆستی خۆشەویستی کێخوا عەبدە و کێخوا عەزیز بوو. هەروەها دۆستی کێخوا قادری سولاوک و سەیدەکانی گوندی کرۆژ بوو.

جارێک کابرایەک چەند دار ئەسپیندارێکی بە دزی لە ناو چۆمەکە بڕیبوو، مام کوێخا بەرەبەری بەیانی چووەتە لای، کاتێک زانیویەتی کابرا کەم دەرامەت و هەژارە، دەنگی نەکردووە، تەنانەت یارمەتی داوە و دارەکانی لەگەڵ بار کردووە و بەڕێی کردووە، پێشی گوتووە، ئەگەر بهاتایە لام دارەکانم پێ دەدا و هاوکاری زیاترم دەکردیت.

مام کوێخا ئەحمەد لە ساڵانی چلەکاندا بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە سەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە تاوانی کوژرانی چەند کەسێکی تێدا بوو، لە لایەن حکومەتی عێراق زیندانی کراوە.

ئەو کات فاتمەی کچی لە دایک نەبووبوو، بەڵام کاتێک مام کێخوا ئەحمەد دێتەوە فاتمە خان تەمەنی بووبووە هەشت ساڵ.

مام کێخوا ئەحمەد ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ چەند خزمێکی خۆی ئاشی ئاوێ دروست دەکەن، هەر ئەو ساڵەش بنەماڵەی پاشایەتی دەڕووخێت و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دێتە سەر حوکم، واتە لە

سیستەمی بنەماڵەییەوە بۆ سیستەمی کۆماری دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە ئاشەکە ناو دەنێن ئاشی جومهووری.

مام کوێخا پەیوەندییەکی باش و بەهێزی لەگەڵ خزمانی ئاوایی هەبوو، وەک هەموو خەڵکی گوندیش بە کشتوکاڵ و جووتیاری و ئاژەڵدارییە خەریک بوو.

لە ڕاستیدا ماڵی مام کوێخا ئەحمەد پێشمەرگە و کوردایەتییان زۆر خۆش دەویست، بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆ، بە تایبەتی لە ڕێککەوتی ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ کاک فەتاح بە غەدر شەهید دەبێت و دەبێتە یەکێک لەو پێنج کەسەی سماقوڵی، کە ناحەقیان بەرامبەر دەکرێت.

بەداخەوە مام کوێخا لە ٢٧ی ئازاری ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی دەکات و لە سماقوڵی بە خاک دەسپێردرێت.

هەزار ڕەحمەت بۆ مام کێخوا ئەحمەد، هاوسەرەکانی، کاک شەفیق، کاک فەتاح، حاجی مەلا و کۆچکردووانی بنەماڵەکەی و تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچەکانی دی و نەوەکانیان دەخوازین.

٢٠ی شوباتی ٢٠٢٤

# شەڕەکەی ساڵی ١٩٧٩ و هەڵوێستی جوامێرانەی کێخوا عەبدەی سماقوڵی سەروچاوە



کوێخا عەبدەی سماقوڵی

لە کوردستان شەڕی زۆر کراوە، خەڵکێکی زۆریش کوژراوە، داستانی قارەمانانە ئەنجام دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزەکان یەکگرتوو نەبوون، ئەو داستانانە موڵکی حیزبییان وەرگرتووە، واتە نەبووەتە موڵکی گشتی.

کاتێک باسی چالاکی، سەرکەوتن و کوشتنی چەند جوندییەک و دەستکەوتی چەند پارچە چەکێک دەکەن، وا خۆیان وێنا دەکەن، کە پاڵەوان تەنیا ئەوانن؛ باسی دەرهاویشتە خراپەکانی دوایی خۆیان ناکەن، کە لە پاش شەڕەکە چ کارەساتێکیان بە سەر ناوچەکە و گوندنشینەکان هێناوە، باسی ڕووداوەکانی پاش خۆیان هەر ناکەن، بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵی خەڵکەکە باس ناکەن، کە بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران لە سەر قووتی ئەم خەڵکە بوون.



ساباتی مالی کێخوا عەبدەی سماقولی

پاش چل و چوار ساڵ و لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ شەڕێک لە سماقوڵی سەروچاوە و سماقوڵی گرتک ڕوویدا، لە سماقوڵی سەروچاوە ٣٦ سەربازی عێراق کوژران، بەڵام ژمارەی بریندارەکان نەزاندرا، لە سماقوڵی گرتک کوژرانی سەرباز هەبوو، بەڵام کەس ئامارێکی دروستی لا نەبوو. بەداخەوە لە سماقوڵی گرتک کاکە شینەی بۆڵی شەهید بوو، لە سماقوڵی سەروچاوە کاکە سەید سەلیم شەهید بوون.

من نامەوێت بچمە ناو ناوەڕۆکی شەڕەکە، بەڵام ڕووداوەکانی پاش شەڕەکە ئەوە بوو: جەیشێکی زۆر هاتنە ناو گوندی و سێ فڕۆکەی باری لە کن ماڵی ئێمە چاوەڕێی تەرمەکانیان دەکرد، فڕۆکەی باری لە سماقوڵی گرتک نیشتبووەوە و هێزێکی زۆری سەربازیش چووبوونە ئەوێ، چەند فڕۆکەیەکی جەنگیش لە ئاسمان دەسووڕانەوە.

چەند کەسێک کە خاوەن هێسترە بەرزە بوون، کۆیان کردنەوە و بردیانن بۆ ناو گەلی ماران و دوو دوو تەرمەکانیان لە هێسترەکان

بار کرد و هێنایان بۆ سەر خەرمانێ، کە سێ فڕۆکەی باری لە لای ماڵی ئێمە نیشتبوونەوە و چاوەڕێی بریندار و تەرمەکانیان دەکرد.

ئەفسەرەکانی سوپای عێراق ٣٦ کەسیان لە خەڵکی گوندی گرتک و لە حەوشەی ماڵی مامە سابیرم دەستبەسەر کرد و مەلای گوندیش لە ناو گیراوەکان بوون، زۆریشیان لە ژمارەیەک لە دەستبەسەرەکان دابوو، لە سماقوڵی گرتکیش دە پازدە کەسیان دەستگیر کردبوو.

بڕیار درا ٣٦ کەس لە خەڵکی گوندی سماقوڵی سەروچاوە لە تۆڵەی کوژراوەکانیان بکوژنەوە، چونکە سوپای عێراق ٣٦ سەربازی لێ کوژرابوو. یەک لە سەربازەکانی سوپای عێراق لە ناو گەلی ماران، ناوی: موحسین حەمەد مام ووسو بوو، کە خەڵکی ناوچەکە و گوندی سماقوڵی گرتک بوو، ئەفسەرێکی باڵاش کورد بوو، ناوی: کاک جەواد بوو، کوڕی ئەسعەد ئاغای شێتنێ بوو، ئەفسەرێکی دیکەش خزمی کێخوا سمایلی دووگرکانی بوو.

ناجیە خانی خێزانی سەید کاکە، لەگەڵ منداڵەکانی لە نەخۆشخانەکە لە لایەن سوپای عێراق دەستبەسەر کرابوون. کێخوا عەبدەی باوکم ئەو ڕۆژە لە کۆیە دەهاتەوە. کێخوا عەبدە پیاوێکی عاقڵ، ژیر و جوان بوو، جلوبەرگێکی کری سووری پۆشیبوو، بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بوو، هەروەها زمانی عەرەبی زۆر باش دەزانی و چەندین ئایەت و حەدیسی لەبەر بوو، پێشتر پێیان گوتبوو کە ناجیە خان و ٣٦ کەسی گیراون.

کێخوا عەبدە گەیشتە لای نەخۆشخانەکە و گوێی لە دەنگی ناجیە خان بوو. یەکسەر چاوی بە ئەفسەرە کوردەکە کەوت، کە کوڕی ئەسعەد ئاغای شێتنێ بوو، ئەو باوکمی باش دەناسی و ناوبانگی بیستبوو، پێکەوە چوونە لای ئامر لیوا و سەلامی کرد، کاکی ئەفسەر ڕێزێکی زۆری گرت، ئامر لیوا گوتی: کێخوا عەبدوڵڵا، بیستوومانە

تۆ پیاوێکی باشی، بەس دەمانەوێت پرسیارێکت لێ بکەین، ئایا خێزانی سەید کاکە لێرەیە؟ باوکم گوتی: بەڵێ. گوتی: دەتوانی ماڵی سەید کاکەمان نیشان دەی؟ باوکم چونکە پێشتر دەیزانی کە ناجیە خان و منداڵەکانی سەید کاکە گیراون، گوتی: بەڵێ، فەرموون. دە شەقاوێک ڕۆیشتن و گوتی: بگەڕێوە، ئێستا بۆمان دەرکەوت کە تۆ ڕاستگۆیت. پاش گفتوگۆیەکی زۆر و بە هاوکاری کوڕەکەی ئەسعەد ئاغای شێتنێ، هەر ٣٦ کەسەکەی خەڵکی گوندی سماقوڵی سەروچاوە و گیراوەکانی سماقوڵی گرتک ئازاد کران، هەروەها ئەفسەرەکان بە کێخوا عەبدەیان گوتبوو ٣٦ سەربازمان لە سماقوڵی سەروچاوە شەهید بووە. ئەو سەربازانەی کە کوژراشن، هەمووی کوڕی خەڵکی هەژار و داماوی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بوون.

کێخوا عەبدە گوتبووی: جەنابی ئەفسەر بە داخەوەم بۆ سەربازەکان و سەرەخۆشی لە ئێوە و کەسوکاریان دەکەم، بەڵام ئێمە چ دەسەڵاتێکمان نییە، ئێوە هێز و چەکتان هەیە، هاتوون بۆ ئێرە، کاتێک ئێوە دەڕۆن پێشمەرگە دێنەوە ناو گوند. ئێمەی گوندنشینیش ڕەز و باخ و ئاژەڵمان هەیە، هیچ دەسەڵاتێکمان نییە و ناشکرێت گوندەکە چۆڵ بکەین.

باوکم لە ماڵەوە خواردنێکی شاهانەی بۆ دروست کردن، هاتن و چاویان بە وێنەی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن و ئیمامی عەلی کەوت، کە لە ماڵی ئێمە هەڵواسرابوو، هێندەی دیکە باوکم لایان خۆشەویست بوو.

لە کۆتاییدا باوکم چوار دۆشەکی لۆکە، چوار لێفی لۆکە و چوار بالیفی لۆکەی بۆ ئەفسەرەکان کردە دیاری، لە جیاتی ئازاد کردنی خەڵکی هەردوو سماقوڵییەکە. ئێمە پەمۆمان زۆر بوو، دایکم ئەو کەلوپەلانەی بە دەستی خۆی لە پەمۆ دروست کردبوو.

ئەفسەرە پلە باڵاکە خەڵکی نەجەف بوو، کوڕەکەی ئەسعەد ئاغای شێتنێ هاوکاری بوو و ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە ئازاد کردنی خەڵکەکە. ئەفسەرە نەجەفییەکە ژمارە تەلەفۆنێکی بە باوکمدا و گوتی: هەر ئەفسەرێک، سوپایەک هاتنە گوند و کاری خراپیان ئەنجامدا ئاگادارم بکەوە. لەو کاتەوە سماقوڵی لە هەموو ئەگەرێکی خراپ دوور کەوتەوە.

درووود بۆ گیانی و شەهیدان، کاکە شینەی بۆڵی و کاکە سەید سەلیم، ڕێز و خۆشەویستیم بۆ پێشمەرگەکانی ئەو کاتی حیزبی سۆسیالیست هەیە.

هیوادارین ئەم ڕووداوە ناخۆشانە هەرگیز دووبارە نەبنەوە.

٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# حاجی عەلی، بنەماڵەیەکی گەورە!








تۆ کە باسی ئەو بنەماڵانە دەکەیت، ناتوانیت کەسایەتی ئەو جوامێرانەی ڕابردوو لە بیر بکەیت، بە کورتی ئاماژەیەک بە کەسایەتی ئەو جوامێرانەی ڕابردوو دەدەم، کە جێگای شانازین.

حاجی عەلی، مام بەکر، مام مەولوود، یا عەنیف، یا عائیشە، خوشک و برا بوون و منداڵی مام مەعرووف بوون.

کێخوا حوسێن، مام ئەحمەد، مام حەمەد برا بوون و کوڕی باپیرە قوربانی بوون، واتە مام مەعرووف و باپیرە قوربانی برا بوون و منداڵەکانی باپیرە قوربانی و منداڵەکانی مامە مەعرووف ئامۆزا بوون.

مام حاجی عەلی، خاوەنی سێ ژن بووە بە ناوەکانی: یا ئامین، یا خەزار، یا زێڕین، ئەو خانەوادە خاوەنی ١٢ منداڵ بوون، حەوت کوڕ بە ناوەکانی: حاجی ئەحمەد، حاجی مەحموود، مام ڕەسووڵ، مام عەوڵا، کاک مستەفا، کاک مەعرووف، مەلا عوسمان، پێنج کچ بە ناوەکانی: یا ئامینە، یا مریەم، یا خەجیج، یا حەلیم و یا حەبیب.

حاجی عەلی پیاوێکی ناودار بوو، ڕەز و باخ و ئاژەڵ و زەوییەکی زۆری هەبوو. مام حاجی عەلی بە کار و کەسابەتەوە خەریک بووە، زۆر جاریش بە مەبەستی بژێوی ژیان کاروانی دەشتی هەولێر و ناوچەکانی دی کردووە، ئەو کاتە ئەو جوامێران بە دەست بژێوی

ژیانـەوە زۆر هیـلاک بـوون، چونکـە پـارە و خـۆراک زۆر کـەم بـووە، ژیانیـش سـەخت بـووە.

جارێکیـان مـام حاجـی عەلـی کاروانـی بـۆ دەشـتی هەولێـر بردووە و چـووەتـە یەکێـک لـە گوندەکانـی دەشـتی هەولێـر و تووشـی مـەلای گونـدی بـووە، مامۆسـتا پرسـیاری کـردووە چۆنـی؟ مـام حاجـی بـۆ وا هیـلاک دیـاری؟ مـام حاجیش وەڵامـی مامۆستای داوەتـەوە گوتوویەتـی مامۆسـتا بڵێـم چـی؟ سـاڵەکە نەهاتییـە، ئـەورۆ کەرێکمـان دەتۆپێـت و بەیانـی چێڵێکمـان مـردار دەبێتـەوە، دوو سـبەی بزنێـک و دەردە حەیـوان وازمـان لـێ ناهێنیـت، ئەگـەر دوعایەکمـان بـۆ بکەیـت مەمنوونـی لوتفـت دەبـم.

مـام حاجـی عەلـی ئـەو کات یـەک ژنـی هەبـووە، مامۆسـتاش دەرێ مـام عەلـی وا چاکـە ژنێکـی دی بهێنیـت و بیکەیـە دوو ژن، زۆر جـار بـە دوو ژنـە دەرد و عیلـەت دەپەڕێـت. مـام حاجـی دەڵێـت بـە خـودای جوانـە، مـن وا بـە یـەک ژن پـێ ڕاناگـەم نۆبەتـی دووانـە. ڕۆژگـار تـێ دەپەڕێـت و مـام حاجـی نـاوی خـودای لـێ دەهێنێـت، نـەک دوو بەڵکـوو دەیکاتـە سـێ ژن، بـەڵام لـە نەنکـە زێڕیـن منداڵیـان نابێـت.

مـام حاجـی عەلـی لـە نـاو گونـد خانوویەکیـان هەیـە، کـە کانییەکـی ئـاوی جوانـی تێدایـە، ئێسـتا کاک مسـتەفای کـوڕی بـووەتـە خاوەنـی، کانییەکـەش بـە کانـی حاجـی عەلـی بەناوبانگـە.

بە کورتی ئاماژە بە ناوی کوڕەکانی دەکەم.

١-حاجـی ئەحمـەد، پیاوێکـی کاسـب، بـاش و ئاییـن دۆسـت بـوو، نزیکـەی ٣٠ بـۆ ٣٥ سـاڵ خزمەتـی مزگەوتـی سـماقوڵی کـردووە، بانگـی داوە و بـە دەنگـە خۆشـەکانی خەڵکەکـەی سـەرسـام کـردووە.

٢-مـام حاجـی مەحمـوود، پیاوێکـی کـراوە بـووە، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی خەڵـک و دابـەش کردنـی زەوی و میـرات ڕۆڵـی بـاڵای هەبـووە. حاجـی مەحمـوود زۆر جـار بـە نوێنەرایەتـی باوکـم چـووەتـە شـوێنان و تەگبیـر و ڕاوێـژی زۆری پێکـراوە، یەکێکیـش بـووە لـە

ڕیش سپییانی ئاوایی و خۆشەویستی هەموو لایەک بووە.

٣-مام ڕەسووڵ، پیاوێکی باش و بێ دەنگ بوو، بە کار و کەسابەتی خۆیەوە خەریک بوو.

٤-مام حاجی عەولا، پیاوێکی کاسب، دەم بە خەندە، ڕووخۆش، خزم دۆست و خۆشەویستی خەڵکی ئاوایی بوو.

٥-کاک مستەفا، پیاوێکی پاک و خاوێن و بێ دەنگ و جوان و فریشتە بوو، دڵی زۆر پاک بوو، یەکێک بوو لە پیاوە نموونەییەکانی ئاوایی و خۆشەویستی هەموومان بوو.

٦-مەلا عوسمان، پیاوێکی قورئان خوێن بوو، لە زۆربەی پرسەکان بە دەنگە خۆشەکەی سەرسامی دەکردیت، ئەگەرچی نابینا بوو، بەڵام دەم بە خەندە و ڕووخۆش بوو.

٧-کاک مەعرووف، پیاوێکی هۆشیار و کوردپەروەر بوو. بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ کردووە، ژیانی بە پێشمەرگایەتی بەسەربردووە، لەو نێوەشدا ماوەیەک ئاوارەی ئێران بووە، جیا لەمانە دووکاندار و کاسبکاری ماڵی خۆی بووە.

ئەو حەوت برایە یەک لە یەک باشتر و بەکەڵکتر بوون بۆ ئاوایی. لە ڕاستیدا من نەمتوانی لە پەرەگرافێکی ئاوا بچووک باسی ئەو کەسایەتییە خۆشەویستانە بکەم، چونکە ئەو بەڕێزانە هەر یەکەیان مێژوویەکی دوورودرێژی پرشنگداریان لە ژیانی ڕابردوویان تۆمار کردووە، ئەگەر بمانەوێ بە درێژی باس لە هەموویان بکەین، ئەوا بە پەرتووکێک تەواو نابێت، لەبەر ئەوە بە کورتی باسم کردن.

درورد بۆ گیانی مام حاجی عەلی و سەرجەم کوڕ و کچ و خۆشەویستانی، تەمەن درێژی بۆ نەوەکانیان دەخوازم.

٢ی ئازاری ٢٠٢٤

# عەزیزی مام عەولا، جووتیارە ناوازەکە



مام عزیزی مام عەولا و یا گولاو

عەزیزی مام عەولا ناسراو بە عەزیزی عەولا جافە، یا گوڵەنام ناسراو بە یا گولاو، دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی سەروچاوە بوون. مام عەزیز لە یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ لە سماقوڵی لەدایکبووە؛ لە یەکی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕانیە کۆچی دوایی کردووە و لە هەوارگەی خۆی لە سماقوڵی بە خاک سپێردراوە.

مام عەزیز و یا گولاو، خاوەنی دە منداڵ بوون، کە سەرجەمیان کوڕ بوون، بە ناوەکانی: کاک حەمید، کاک عەبدوڵڵا، کاک عەلی، کاک ئەکرەم، کاک ئادەم، کاک حەمەدەمین، کاک حاتەم، کاک محەممەد، کاک یووسف و کاک خالید.

مام عەزیز، مام حەمەد، مام مەجید و یا ئامینە، سێ برا و خوشکێک بوون، لە کاتی دابەش کردنی زەوییەکانیان، وەک میراتی باب و باپیران، مام عەزیز زۆربەی بەشە زەوییەکانی زیخ و

قەمیشـەڵان بـوو.

باخی ماڵی مام عەزیز لە ناوچەیەک بوو پێیان دەگوت: تاراوان، تاراوان شـینکێک بـوو، هەندێک ئـاوی تاڵـی لـێ بـوو، ئاژەڵـی کێـوی و باڵندەکان دەیان خواردەوە، ئەو ناوچەیە نازناوی تاراوانی وەرگرتووە.

ماڵی مام عەزیز وەک سـەرجەم ماڵەکانی دی دەرگایان بۆ میوان و خزمان و خانەخوێیان و ئازیزانی کراوە بوو.

مـام عەزیـز کەسایەتییەکی خۆشەویستی سماقوڵی بووە، یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی کێخوا عەبدەی باوکم و هاوڕێی هەرە نزیکی مامە سابیرم بووە. زۆربەی ئێواران لەگەڵ مامە سابیر دەهاتنە لای باوکم، گوێیـان لـە ڕادیۆی (مۆنتیکارلۆ و بی بی سی) دەگرت، ئەگەر جارێک باسی کورد و کوردستان بکرایە دڵیان زۆر خۆش دەبوو. مامە سابیر هەموو جارێک دەیگوت: ئەو ڕادیۆیانە بەس ناومان بهێنن، قسەشمان پێ بڵێن دڵمان خۆش دەبێت.

زۆربـەی کات مـام عەزیـز و مامـە سـابیر بەیەکـەوە سـەفەریان دەکـرد، زۆر جاریـش بـە نوێنەرایەتـی باوکـم گەشـتیان دەکـرد. یـا گوڵاویـش بـە مامـە سـابیری دەگـوت کاکـە و بـە بـرای خـۆی دەزانـی.

مـام عەزیـز زۆر کاسـب و میهرەبـان و هیـلاک بـوو، بـەڵام بـە هۆی لێهاتوویـی و دەسـتڕەنگینی، شـینک و زەوی کردبـووە بـەراو، هەنـار، هەنجیـر، سـێو، تـرێ، تووتـن، تەماتـە و چەندیـن بەروبوومـی دیکـەی وەک: گەنـم، جـۆ، نیسـک، نـۆک و دانەوێڵـەی دیکـە. ئـەو پیـاوە خۆشەویسـتە ڕەز و باخـی زۆر خـۆش دەویسـت، چواردەوری باخەکانی هەمـوو کردبـووە دڕکـە لاس، وەک پەرژیـن.

ئەنوەری مام حەوێز دەیگوت: لـە بناری بەنەباوییە دڕکت لـە پێ ڕاچوو، ئەوە خەتای مام عەزیزی عەولا جافەیە، چونکە ئەو دڕکی لـە سماقوڵی بڵاو کردووەتەوە.

ماڵـی مـام عەزیـز مانـگا، بـزن، هێسـتر و مریشـکیان هەبـوو، مـام

عەزیـز و منداڵەکانی زبڵـی ئاژەڵەکانی دەبردە نـاو باخـەکان، ئەمـەش هێـز و وزەی زیاتـری بـە بەرهەمەکانـی بەخشـی بـوو.

مـام عەزیز، کوردایەتی و پێشـمەرگەی زۆر خۆش دەویست، لاشـی پیرۆز بوو، دار ئەسـپینداری زۆر بوو، دەیگوت کە دەوڵەتی کوردیمان ڕاگەیاند، بـا دارەکانی ئێمـە کونکـەن و بیکـەنە بۆڕی نـەوت و نەوتی پێ هەنـاردەی ئەورووپا بکەن.

دەسـتڕەنگینی مـام عەزیـز بـە شـێوەیەک بـوو، کـە بـۆ خـۆی کەرەسـتەکانی وەک: کلکـە خاکەنـاز، پێمـەڕە، بژاربڕ، ئامـور، دەسـتەند، نیـر و کۆپەرانـی دروسـت دەکـرد. هەروەهـا مـام عەزیـز بزنـی مـەرەز و بزنـی مـووی زۆر بـوو، بۆ خۆشـی سـاڵانە دەیبڕییـەوە و مووەکانـی شـانە دەکـرد، بـۆ ئامادەکردنـی گوریـس و کـەژو خـەرار.

مـام عەزیز وەسـتای دروسـت کردنی گوریس و کـەژوی ولاغ بـوو، کـەژو و گوریسـی لـە مـووی بـزن بـۆ بارکردنـی ولاغ دروسـت دەکـرد. هەروەهـا مـام عەزیـز زۆربـەی بـەردە گەورەکانـی بـە کوتـک و مـاوەر ورد دەکـرد و ڕێگای خـۆش بـۆ تراکتـۆر دەکـرد.

لـە لایەکـی دیکـەوە ماڵـی مـام عەزیزیـش لـە پێنـاو کوردایەتـی قوربانـی زۆریـان بەخشـی.

بەداخـەوە کاکە حاتـەم یەکێک بوو لـەو پێنج شـەهیدەی سماقوڵی، کـە لـە شـەڕی ناوخـۆ بـە دەسـتی هێزەکانـی پارتـی لـە ١٨ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٩٦ بـە غـەدر شـەهیدیان کـرد.

درووود بۆ گیانی مـام عەزیز، یا گوڵاو، کاک حەمید و کاکە حاتـەم، تەمـەن درێژی بۆ کوڕەکانی و نەوەکانیـان دەخوازین.

١٨ی شوباتی ٢٠٢٤

# مام فەتاحیماڵی گەورە و سماقوڵی سەروچاوە



مام فەتاحی ماڵی گەورە

مام فەتاح و یا زەکیە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی سەروچاوە بوون. مام فەتاح ساڵی ١٩٣٠ لە سماقوڵی لەدایکبووە، هەر لەو گوندە درێژەی بە کاروانی ژیانی داوە.

مام فەتاح و یا زەکیە، نۆ منداڵیان هەبووە، شەش کوڕ بە ناوەکانی: مامۆستا ڕەسووڵ، مامۆستا غەفوور، کاک شۆڕش، کاک میرزا، حاکم پشتیوان و کاک کامەران، سێ کچ بە ناوەکانی: خەجیجە خان، زێڕین خان و نەسرین خان.

مام حاجی ڕەحمانی باپیری نۆ کوڕی هەبوو، واتە خانەوادەیەکی گەورە بوون، لەبەر ئەوە نازناوی ماڵی گەورەیان وەرگرتووە.

مام فەتاح کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە بوو، حەز و ئارەزووی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی هەبووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و بە هۆی لێهاتوویی بووەتە سەرپەل.

ساڵی ١٩٧٤ و بە هۆی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار، ماڵی مام فەتاح ڕووەو شاری چۆمان کۆچ دەکەن، دواتر و لە ساڵی

١٩٧٥ دەچنە وڵاتی ئێران، بەڵام لە هەمان ساڵ دەگەڕێنەوە عێراق، حکومەتی عێراقیش نەفی شاری ناسرپەیان دەکات و ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەمێننەوە، دواتر و لە ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێنەوە شاری هەولێر و لە گەڕەکی سێتاقان نیشتەجێ دەبن.

مام فەتاح، وەک سەرجەم خەڵکی ئاوایی، ڕەز و باخ و زەوییەکی زۆری هەبوو، هەروەها لەگەل کێخوا عەزیز، کێخوا عەبدە، کێخوا ئەحمەد و خزمانی ئاوایی پەیوەندییەکی باشی هەبوو، چونکە ئەو سێ بەرەبابە واتە (کێخوا قوربانی، ماڵی گەورە و ماڵی سۆفی عەوڵا)، کاتی خۆی لە گاپیلۆنی دۆڵی جافایاتی ڕوویان لە سماقوڵی کردبوو، هەمووشیان کەسی نزیکی یەکدی بوون.

مام فەتاح یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی حەزی لە پێکەوە ژیان بووە، هەروەها هەمیشە ئامۆژگاری منداڵەکانی کردووە، کە بخوێنن و پەرە بە خوێندنی خۆیان بدەن، خۆشبەختانە لە گوێی باوکیاندا بوون و سەرجەم منداڵەکانی خوێندنیان تەواو کرد و بڕوانامەی باشیان وەرگرتووە.

مامۆستا غەفووری کوڕی، ساڵی ١٩٨٨ بووەتە مامۆستای ناوەندی لە قوتابخانەی چیمەنی کوڕان لە گەڕەکی سەیداوە، ناوبراو مامۆستا من بووە و وانەی بیرکاری (جەبر و هەندەسە)ی دەگوتەوە.

مامۆستا ڕەسووڵ، لە کاتی بریندداربوونی بەندە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ و لە ئازاد کردنی شاری هەولێر، پشتیوانییەکی باش و یارمەتیدەرم بوو، بەداخەوە ساڵی ١٩٩٥ مامۆستا ڕەسووڵ بە کارەساتێک لە شاری هەولێر شەهید بوو.

مام فەتاح ڕۆژی ٧ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کرد و لە شاری هەولێر بە خاک سپێردرا.

درووود بۆ گیانی مام فەتاح، مامۆستا ڕەسووڵ و ئازیزانی، هیوای تەمەن درێژی بۆ یا زەکیە و کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەخوازین.

٢١ی شوباتی ٢٠٢٤

# کاک حەمەدەمین وەک برای باوکم



کاک حەمەدەمین مام مستەفا

چەندی لە سەر ئەو خۆشەویستانەی گوند بنووسیت، ناتوانیت لە پەرەگرافێکی بچووکدا مافەی تەواویان پێ بدەیت، چونکە هەر کەسە و چیرۆک و مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەم پەرەگرافەشدا کەمێک باس لە کاک حەمەدەمین دەکەم.

حەمەدەمین مستەفا مەحموود، ناسراو بە حەمەدەمین مام مستەفا، کاک حەمەدەمین و کاک عومەر و یا فاتم، دوو برا و یەک خوشک بوون. کاک حەمەدەمی ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە لەدایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ فاتم خان پێک هێناوە و دەبنە دوو هاوسەری دێرینی گوندە جوانەکەی سماقوڵی.

بەرهەمی هاوسەرگیری کاک حەمەدەمین و یا فاتم پێنج منداڵە، چوار کچ، بە ناوەکانی: سەبیحە خان، پەسیرە خان، ئەمیرە خان و

نەزیرە خان، کوڕێک بە ناوی: کاکە مەهدی.

نەنکە عائیشە دایکی کێخوا عەبدەی باوکم و مام مستەفای باوکی کاک حەمەدەمین خوشک و بران، بۆیە هەر لە تەمەنی لاویەتییەوە باوکم، کاک حەمەدەمینی زۆر خۆش ویستووە و وەک برا بچووکی خۆی داناوە.

کاک حەمەدەمین زۆر هۆگر و سۆزی بۆ باوکم هەبوو، تەنانەت بووە باوەڕپێکراوترین کەسی کێخوا عەبدەی باوکم، تا ئێستاش لە خۆشەویستی بۆ ئەو پیاوە هەر بە کاک ناوی دەهێنین.

کاک حەمەدەمین یەکێک بوو لەو کەسە نزیکانەی باوکم و شانبەشانی مامە سابیر، مام حاجی ئەبووبەکر، خارە جەلال، کاک حەمیدی خارە کەریم عەزیزی مام عەولا، حاجی مەحموود مام حاجی عەلی، کاک مستەفا، کاک مەعرووف، حاجی ئەحمەد، مام عەولا، مام ڕەسووڵ، ماڵی مام فەقێ حاجی باقی، حاجی حەوێز، مام لەتیف، کاک حەمەدەمینی مام فەقێ، عەزیزی حاجی نادر و کۆمەڵێک لە خزمانی دیکە.

کاک حەمەدەمین وەک سەرجەم خەڵکی گوند بە کار و کەسابەتی خۆیەوە خەریک بووە، خاوەن ڕەز و باخ و زەوی بوو، هەروەها کشتوکاڵ و جووتیار و ئاژاڵداریش پیشەی ئەو خانەوادەیە بووە. کاک حەمەدەمین چەندین جار لەگەڵ مام عەزیزی مام عەولا بۆ شترە تووتن چوونەتە دۆڵی بالیسان.

ساڵی ١٩٧٤ ڕژێمی حکومەتی عێراق پەلاماری دۆڵی سماقوڵییدا، دیسان ئەو گوندە جوانە سووتێنرا و خاپوور کرا، خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر کرا. باوکم و کاک حەمەدەمین لە شاری کۆیە دەبن کاتێک هەواڵیان پێ دەگات، باوکم، کاک حەمەدەمین دەنێرێتە گوندی گۆمەتاڵ، ئەو کات مام حاجی کاکۆل دەبێتە پشتیوانییەکی بەهێز بۆ خەڵکەکە. پاشان کاک حەمەدەمین دەچێتە گوندی کانی دەربەند بۆ

ماڵی مام قادر، تا شوێن و خانوو بۆ خەڵک دابین بکەن، خەڵکی گوندیش دابەش بۆ گوندەکانی: گۆمەتاڵ، شاخە پیسکە، کانی دەربەند و گۆمەشین دەبن، هەندێکیش دەچنە لای چۆمان و ڕایەت و قەسرێ. تەمەن یاوەر بێت بە درێژی باسی ئەو جێگۆڕکێیە دەکەین.

پاش کۆچکردنی خارە جەلال، ماڵی مام فەقێ ڕوو لە شاری هەولێر دەکەن، کاک حەمەدەمینیش وەک برای بچووکی باوکم درێژە بە ژیان دەدات، لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بەردەوام بوو، لەگەڵ باوکم، مامە سابیر، مام عەزیز، مام حاجی ئەبووبەکر و خزمانی ئاوایی.

کاک حەمەدەمین کاری دار کڕین و فرۆشتن و قەسابی بووە، هەڵبەتە زۆر کاری دیکەی ئەنجام داوە، زیاتر لە دە ساڵ کاری هاوبەشی لەگەڵ باوکم کردووە. چەند جارێک بۆ کاری کشتوکاڵی بە نوێنەرایەتی باوکم چووەتە بەغدا و ئۆتۆمبێلی تویێتای جووتیاری وەرگرتووە، باوکم بۆ زۆر شوێن کاک حەمەدەمین و کاک موحسینی برامی کردووەتە نوێنەری خۆی.

کاک حەمەدەمین، ئێستا تەمەنی ٨٤ ساڵە و لەگەڵ یا فاتم و کاکە مەهدی لە گوندە جوانەکەی سماقوڵی درێژە بە کاروانی ژیان دەدەن، هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باشیان بۆ دەخوازین.

٢٩ی شوباتی ٢٠٢٤

# مەجیدی ئەحمەد شێری و سەختی ژیان



مام مەجید و یا  فاتم

ئەگەر ڕوو لە مێژوو بکەین و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە، زۆر بابەتی گرنگ، هەستیار، داستان، شوێنەوار، کەسایەتی ئازا، بەناوبانگ و هەژارت بۆ دەردەکەوێت. گوندی سماقوڵییش بەشێکە لەم مێژووە زێڕینە، هەم لە ڕابردوو و هەم لە ئێستادا.

ئەمجارە بابەتەکەمان بریتییە لە خستنە ڕووی مێژووی پیاوێکی جوان و قسە خۆشی سماقوڵی، ئەویش مام مەجیدە.

یا عیسمەت، مام مەجید، مام ئەبووبەکر و مام قادر، خوشکێک و سێ برا بوون، هەموویان هاوسەرگیرییان کردووە و ماڵ و منداڵی خۆیان هەیە.

ئەو کات هەژاری و نەداری باڵی بە سەر کۆمەڵگە کێشابوو، مام مەجید، کاک حەمەدەمینی مام مستەفا، ڕەحمانی یا عیسمەتی یەکەم هاوسەرگیری سێ بەگا لە سماقوڵی ئەنجام دەدەن، هەروەها لە ناو ئەو خانەوادانە بۆ جاری دووەم هاوسەرگیری سێ بەگا دووبارە دەبێتەوە لە نێوان عومەری یا عیسمەت و کاک عادلی مام ئەبووبەکر

و کاک تاهیری مام مەجیدی، کە لە بابەتەکانی دیکە باسی زەماوەندی سێ بەگامان کردووە.

مام مەجید لە یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٢٩ لە گوندە خنجیلانەکەی سماقوڵی لەدایکبووە، لە تەمەنی لاوییەتی هاوسەرگیری لەگەڵ یا فاتمی مام مستەفا ئەنجام داوە و بوونە بە دوو هاوسەری دێرینی گوندەکەمان، کە پێنج منداڵیان هەیە، سێ کوڕ بە ناوەکانی: کاک تاهیر، کاک کەیفی و کاک هێمن، دوو کچ بە ناوەکانی: سەلمە خان و عائیشە خان.

دەگێڕنەوە مام ئەحمەدی باوکی مام مەجید، ڕۆژێک دەچێتە ڕاوێ و تووشی شێرێک بووە و کوشتوویەتی، دەنگ بڵاو بووەتەوە، گوایە مام ئەحمەد شێرێکی کوشتووە و نازناوی شێرەی پێوە نووساوە، ئەگەر نەڵێی مەجیدی ئەحمەد شێر نایناسیت.

مەحموود دیل، پانکێکە لە نێوان گەلی ماران و گەلی گەرمە، پێی دەڵێن بەرڕۆژ، بە ناوی باپیرییەوە کراوە، واتە بەرڕۆژی مەحموود دیلی ناوی دەرکردووە.

مام مەجید دەنگی زۆر خۆش بووە، لە تەمەنی گەنجیەتی و لە کاتی دروێنەی گەنم، جۆ، پێمەڕە و ساوەر کوتانەوە گۆرانی و بەستەی خۆشی گوتووە. هەروەها لە زەماوەند و شایی و هەڵپەڕکێ بە هەمان شێوە بووە. هەڵبەتە خۆشی گەنجێکی قۆز بووە و سەرنجی کچانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

لە ئەنجامی شەڕی کورد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٥ بە یەکجاری ماڵی چووەتە شاری هەولێر لە گەرەکی تەیراوە نیشتەجێ بوون.

مام مەجید هەر بە گەنجیەتی بە هۆی نەخۆشییەوە کەم ئەندام دەبێت، لەبەر ئەوە کار و کەسابەتی پێ ناکرێت، بۆیە یا فاتمی هاوسەری شان دەداتە بەر کار بۆ بژێوی خانەوادەکەی. یا فاتم بۆ

بژێوی خێزان و منداڵەکانی ڕۆڵی باوک و دایک دەبینێت، قۆڵ و بازووی مەردایەتی لێ هەڵدەماڵێ و کاری جۆراوجۆر دەکات. ئەو کاتە کاک تاهیر فیرار بووە کاک کەیفیش کاری کردووە، منداڵەکانی دیکەشی بچووک بوون. لە پاش ڕاپەڕینەوە وەک شێرە ژن لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەک کارگوزار کاری کردووە، دوای ١٩٩٦ لە سەر میلاکی وەزارەتی دارایی، لە بانکی خانزاد درێژەی بە کارەکانی داوە، تا پێویستی بە دەستی هیچ کەسێک نەبێت.

مام مەجید و خانەوادەکەی بە هۆی پەککەوتنی و کەم دەرامەتی تاڵی و سوێری ژیانیان زۆر چێشتووە، جێی ئاماژەیە کە مام مەجید پیاوێکی ڕۆح سووک و قسەخۆش و دەم بە خەندە بوو.

مام مەجید لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد، لە هەولێر بە خاک سپێردراوە، یا فاتمی هاوسەریشی لە ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سماقوڵی بە خاک سپێردرا.

کاتێک ئەو بابەتانە دەنووسم، باسی ژیانی ئەو کەسایەتییە خۆشەویستانە دەکەم، کزە لە جەرگمەوە دێت. چونکە کەسایەتییەکی زۆر بە هێز و خۆڕاگر بووە. هەر کاتێک میوانی ڕووی تێ کردبن، دڵ خۆش دەبوون، زۆر سەخی تەبیعەت بوون، بەو مانایەی هەستت نەدەکرد، خێزانێکی هەژارن.

یاڕەبی نموونەی ئەو جۆرە خێزانانە هەر زۆر بێت.

درووود بۆ گیانی پاکی مام مەجید و یا فاتم، تەمەن درێژی بۆ منداڵە ڕۆح سووکەکانیان و نەوەکانیان دەخوازین.

٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤

# ئەحمەد مەلا کێیە؟



ئەحمەد مەلا و یا حەنیف

ئەحمەد حەمەد مەحموود، ناسراو بە ئەحمەد مەلا. ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی سماقوڵی لەدایکبووە، تەمەنی گەنجیەتی هەر لە سماقوڵی بەڕێ کردووە، هاوسەرگیری لەگەڵ حەنیفە ئەحمەد مەحموودی خەڵکی سماقوڵی گرتک پێک هێناوە.

ئەحمەد مەلا و یا حەنیفە دەبنە دوو هاوسەری دێرینی گوندەکەمان، بەرهەمی بەیەکەوە بوونیان هەشت منداڵ بوو، پێنج کوڕ بە ناوەکانی: کاک ڕەسووڵ، کاک جەبار، کاک ئەسوەد، کاک ستار و کاک خالس، سێ کچ بە ناوەکانی: نەجیبە خان، نەورۆز خان و کافیە خان.

مام حەمەدی باوکی ساڵی ١٩٢٢ لە بێتواتەوە چووەتە هیران، پاشان ڕوو لە سماقوڵی دەکات.

ئەحمەد مەلا پیاوێکی قسە خۆش بوو، دۆستایەتییەکی بەهێزی

لەگەڵ خەڵکی گوند هەبوو، هەمیشە خۆی بە برای کێخوا عەبدەی باوکم زانیوە، مام کێخوا ئەحمەد، کێخوا عەزیز، مامە سابیر، حاجی مەحموودی گەورە، حاجی مەحموودی حاجی عەلی، حاجی جەلال، کاک حەمەدەمینی مام مستەفا و چەندین کەسایەتی دی سماقوڵی خۆش ویستووە.

یا زارا خوشکی حاجی حەمەدی مام حوسێن بووە، مام حەمەد و حاجی حەیدەر و ئەحمەد سۆفی، ئامۆزای یەکتری بوون. هەروەها خزمایەتییان لەگەڵ ماڵی مام ئەبووبەکری باوکی کاک عادل هەبوو.

ئەحمەد مەلا ساڵی ١٩٤٨ تا ساڵی ١٩٥١ لە سوپای عێراق بووەتە سەرباز.

لە ڕاستیدا ماڵی ئەحمەد مەلا، لەو گوندە سەر بە هیچ بەرەبابێک نەبوون، کەچی هەمیشە خۆشەویستی هەمووان بوو، ئەحمەد مەلا موڵکی لە مێرگی حەمەکە و زێرواوێ هەبووە، لە ژیانیدا هەر بە کرێکارییەوە خەریک بووە.

ئەحمەد مەلا بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، نەخۆش دەکەوێت، لەو کاتەدا داوا دەکات پەرداخێک ئاوی ماڵی کێخوا عەبدەی باوکم بخواتەوە تا ببێتە شیفا بۆی، هۆکارەکەش ئەوە بووە کە باوکمی زۆر خۆش ویستووە، وەک برای خۆی حیساب کردووە و سۆزی زۆری بۆی هەبووە.

ئەحمەد مەلا، ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاک سپێردرا.

درووود بۆ گیانی ئەحمەد مەلا، کاک ڕەسووڵ، کاک ئەسوەد و نەجیبە خان، تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەخوازین.

٢١ی شوباتی ٢٠٢٤

# هەڵوێستێکی جوامێرانەی شەهید کاروان شەقڵاوەیی



شەهید کاروان شەقڵاوەیی

ساڵی ۱۹۹۱ دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستان. ئێمە کۆمەڵێک گەنجی پێشمەرگە بووین، بارەگامان لە گوندی سماقوڵی بوو. ئەو کاتە سماقوڵی چۆڵ بوو، خانووەکان هەمووی ڕووخابوون، کەرتێکی ۱۰۹ پێشمەرگەییمان هەبوو. هەموومان سەر بە بەتالیۆنی شەهید کاروان شەقڵاوەیی بووین. تیپێکی گەورەمان هەبوو، کە شەهید فوئاد سوسەیی فەرماندەی تیپ بوو. کەرتەکەی ئێمەش کاک یاسین حاجی مەحموود، فەرماندەی کەرت بوو، کاک مەجید سەعید کاکۆ جێگری فەرماندەی کەرت بوو. ماوەیەکی پێچوو، شەهید کاروان شەقڵاوەیی داوای لە شەهید فوئاد و کاک یاسین کرد، کە دەبێت ۱۲ پێشمەرگەی بۆ ئامادە بکەن، بە پاراستنی نەخۆشخانەی سەرمەیدان لە شەقڵاوە. ئەوە بوو کۆبوونەوەیەکییان بە تەواوی کەرتەکەمانە کرد. سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو ۱۲ پێشمەرگە و چۆنیەتی

پاراستنی نەخۆشخانەی سەرمەیدان لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراودا.

لە ئەنجامدا ١٢ پێشمەرگەیان بۆ پاراستنی نەخۆشخانەی سەرمەیدان لە شەقڵاوە دەستنیشان کرد، بەندەش یەکێک بوو لە پێشمەرگەگان، پێشمەرگەکانی دیکەش ئەمانە بوون:

١-ئیدریس سدیق، فەرماندەی مەفرەزە.

٢-هاوڕێ عەبدوڵڵا سماقوڵی، جێگری مەفرەزە.

٣-سیامەند مستەفا عەلی.

٤-محەممەد عەبدولڕەحمان حەمەد.

٥-خالید عەلی مەحموود.

٦-فارس گورزەیی.

٧-نەوزاد مەعرووف عەلی.

٨-خالید عەزیز عەبدوڵڵا.

٩-ئەیووب حەمە حەسەن سوسەیی.

١٠- مەهدی حەمەدەمین مستەفا.

١١- عەلی ئەحمەد عەلی.

بەداخەوە، هاوڕێ پێشمەرگەکەی دیکەم لە یاد نەماوە.

ئێمە بۆ شەقڵاوە ڕۆیشتین. شەهید کارزان ئێمەی بۆ نەخۆشخانە برد و بە دکتۆر و کارمەندەکانی ناساندین، گوتی: ئەوە پۆلێک لە پێشمەرگەی خۆنەویست، بە ئەدەب و دەستپاکم بۆ پاراستنی نەخۆشخانە هێناوە. تکایە هاوکارییان بکەن و کێشەیان بۆ دروست مەکەن.

ڕۆژگار تێپەڕی، لە دوای چەند مانگێک، ڕۆژانە بە تایبەتی لە کاتی دەست پێ کردنی دەوام و ئێواران لە کاتی ڕۆیشتن، کارمەندەکان و دکتۆرەکانمان دەپشکنی، ئەم پشکنینەش لەسەر بڕیاری دکتۆری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بوو، چونکە پێشتر چەند ئامێرێکی نەخۆشخانە دزرا بوو.

ئەو ماوەیەی ئێمە لە نەخۆشخانە کارمان دەکرد، بە تەواوی ئارامیمان بۆ نەخۆشخانەکە گەڕاندەوە، متمانەیەکی باش بۆ ماوەی چەند مانگێک لە نێوانمان دروست بوو.

سەرلەبەیانییەک، دکتۆر کامەرانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، زۆر تووڕە دیار بوو. پیاسەیەکی ناسروشتی دەکرد، نێوچەوانی گرژ بوو. پێی گوتم: دەزانی دوو ئامێری گرانبەها لە نەخۆشخانە دیار نەماوە؟ چووەتە دەرەوەی نەخۆشخانە. ئەو کاتە کۆمەڵێک پزیشکی بەڕێز و ژمارەیەک کارمەند دەوامیان دەکرد، هەمان ڕۆژ دادگای شەقڵاوە ئاگادار کرایەوە، چونکە ئەو دوو ئامێرە گرانبەها بوون، بۆ نەخۆشخانەش زۆر پێویست بوو.

بەیانی سەرجەم دکتۆر و کارمەندی نەخۆشخانە بە مەبەستی وەرگرتنی گوتە (ئیفادە) ڕوویان لە دادگا کرد. کاتژمێر دەی بەیانی ئێمە، واتە هەر ١٢ پێشمەرگە بۆ دادگا بانگ کراین و یەکسەر کەوتینە زیندانەوە، بە بێ ئەوەی بزانین ئەو ئامێرانە چین و بۆچی بەکاردێت و نرخیان چەندە، تەنانەت تا ئێستاش ڕەنگی ئامێرەکانمان نەدیت.

زۆری نەبرد، شەهید کارزان جوامێرانە هاتە لای دادوەر و گوتی: جەنابی دادوەر پێت وایە ئەو پێشمەرگانە ئەو کارەیان کردووە؟ لەوەتەی خۆیان و خانەوادەکانیان دروست بوون، نە دەزانن دزی چییە؟ و نە دەزانن خیانەت چییە؟ نە دەزانن ئەو جۆرە جیهازانە چییە و بۆ چی بەکار دێت و نرخییان چەندە؟ تۆ لەباتی بەندکردنی دزی گەورە و ڕاستەقینە، ئەم کوڕە جووتیار و هەژارانەت بەند کردووە.

شەهید کارزان گوتی: جەنابی دادوەر، من کەفالەتی ئەو پێشمەرگانە دەکەم، بۆ دادگا و بۆ ئێمەش عەیبەیەکی گەورەیە، کە ئەمانە بەند بکرێن، هەڵبەت بۆ پێشمەرگەکانیش خۆش نییە، ئاوا بە بێ بەڵگە ئەوان بەند بکرێن. تکایە ئەم کوڕە هەژارانە ئازاد بکە،

دڵنیات دەکەمەوە بە دەستی خۆم تاوانباران و دزەکان دەهێنم و ڕادەستی دادگایان دەکەم.

خۆشبەختانە هەمان ڕۆژ ئێمە ئازاد کراین و چووینەوە سەر کاری خۆمان. دوای دوو سێ ڕۆژ، ئامێرەکان لە سنووری حاجی ئۆمەران دەستیان بەسەردا گیرا و گەڕێندرانەوە نەخۆشخانەی سەرمەیدان، دزەکانیش دوو کارمەندی نەخۆشخانە بوون، ئینجا ڕادەستی دادگا کران و بەند کران. نرخی ئامێرەکانیش ٤٥٠٠٠٠ چوار سەد و پەنجا هەزار دیناری سویسری عێراقی بوو. لە ڕاستیدا ئەم چەند ڕۆژە شەهید کارزان نەدەخەوت، خەمی زۆر دەخوارد. دەیگوت چۆن دەبێت کارێکی لەم شێوەیە ڕوو بدات، چونکە نەخۆشخانە موڵکی گشتییە، بە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو خەڵک دەکات.

جا لەو کاتەوە تا ئێستا هەڵوێست و چاکە و دڵسۆزی و خۆشەویستی شەهید کارزانم هەر لەبەرچاوە. شەهید کارزان پێشمەرگە، خەڵکی هەژار، جووتیار و گوندنشینەکانی خۆش دەویست. خۆشی جوامێرێکی خۆشەویستی شەقڵاوەییەکان و تەواوی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و خۆشناوەتی بوو. هەزار حەیف و مخابن بۆ ئەو پیاوە جوامێرە.

ڕۆحی شاد و یادی پیاوە مەردەکەی خۆشناوان بە خێر...

٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

# سەروپێیەکەی دایکم و عەریف عەلی



عەریف عەلی

ئێمە خێزانێکی گەورە و ناوداری سماقوڵی و ناوچەکە بووین. ڕۆژ نەبوو میوان ڕوومان لێ نەکات، هۆکارەکەشی ڕووخۆشی باوک و دایکم و خانەوادەکەمان بوو. ساڵی ١٩٨٢ هاوین بوو، ماڵمان لە کەپران بوو، واتە بە زستان لە گوندی بووین و هاوینان دەچووینە سەر شینایی. شوێنەکەمان ناوی مام جافر بوو، ڕەز و باخێکی زۆر و مانگا و مەڕ و بزن و پەلەوەرێکی زۆرمان هەبوو. هەمووشمان بە کشتوکاڵ و جووتیارییەوە خەریک بووین. چونکە گەنم، جۆ، نیسک، ماش، توتن، تەماتە، سێو، هەنار و جۆرەها بەروبوومان هەبوو. سماقوڵی سەرچاوەیەکی ئاوی جوان و زۆری هەبوو. ئێمە، گەورە و بچووک هیلاک بووین، چونکە هەموو وەرزەکانی ساڵ بە کار و

کاسبی گوندەوە خەریک بووین.

سەرەڕای ماندووبوون، کاتێک ئێواران دەهاتینە ماڵێ، جار هەبوو پێش باوکم و براکانم میوان دەهاتن. میوانەکانیشن بە دەرەجە یەک پێشمەرگە بوون. خودالێخۆشبوو عەلی مەولوود ناسراو بە عەریف عەلی، کەسایەتی شاری هەولێر بوو. پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست بوو. چونکە سۆسیالیست هەم بەهێز و هەم زۆر بوون.

مام عەلی زۆربەی کات لە سماقوڵی بوو، زۆربەی ژەمەکان دەهاتە ماڵی ئێمە. دوو کاتژمێرێک پێش نان خواردن پێشمەرگەیەکی بە ناوی ڕەشید لەگەڵ بوو، کاتێک دەهات و لە دەرگای دەدا، سەلامی دەکرد و دەیگوت: مام عەلی بۆ نان خواردن دێتە ئێرە. دایکیشم دوو، یان سێ مریشکی سەردەبڕی، بەگوێرەی ژمارەی میوانەکان، چونکە مریشکێکی زۆری خۆماڵیمان هەبوو، باوکم مام عەلی زۆر خۆش دەویست، چونکە پیاوێکی باش و گران و سەنگین بوو، مام عەلیش حەزی دەکرد بەردەوام بێتە ماڵی ئێمە.

هاوین داهات و چووینە کەپران لە مام جافر، کە ساباتێکی خۆش و ئاو و دەراوێکی زۆرمان هەبوو. ڕۆژێک دایکم کافیە خانی براژنم و پەروین خانی براژنم و خومار خانی خوشکمی ئاگادار کردەوە، گوتی: ڕۆڵە بەیانی بۆ نیوەڕۆ سەروپێ ئامادە دەکەین، چونکە میوانمان نییە، با منداڵەکان بە ئیسراحەت نان بخۆن و لەزەتی لێ وەربگرن، بکەن، تا ئێستا بێ میوان نانمان نەخواردووە.

دایکم گوتی: کافیە و پەروین، ڕۆڵە چ بکەین؟ ئێمە سەروپێمان بۆ خۆمان لێناوە وا کاک عەلی و هاوڕێیانی هاتنەوە. وەڵڵا شیو گۆڕا، لە سەروپێوە بۆ قەبوری برنج (برنجە سوور) سفرەمان ڕاخست، برنجی سوور، سەڵاتە، ماستاو و خواردنێکی شاهانەمان ڕازاندەوە.

باوکم دەمی بەش بووەوە گوتی: عەنیف ئەدی ئێمە سەروپێمان نەبوو؟ دایکیشم گوتی بابی ئیحسانی سەروپێیەکەمان نەکولاوە، بۆیە

قەبوری برنجمان لێناوە.

عەریف عەلی گوتی کێخوا ژن، با سەروپێیەکە بۆ ئێواریَ بێت. دایکم گوتی: قورمان بەسەر، هەتا سەروپێیەکە نەخوات ناڕوات، هەم لەقەلیش بووین هەم لە کۆتر.

بۆ ئێوارە داوەتەکە گەورەتر بوو، هەم مام عەلی و پێشمەرگەکانی، هەم کێخوا عەزیز و چەند خزمێکی گوندی هاتن و سەروپێیەکە بووە قیسمەتی هەمووان. جا قیسمەت و نسیبی هەر کەسێک لە چیدا بێت هەر ئەوەیە .

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی عەریف عەلی، باوکم، دایکم، کێخوا عەزیز و سەرجەم خۆشەویستان بێت.

٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# مام عەلی مێر و سماقوڵی سەروچاوە



مام علی مێر و یا ئامینە و کاک هیوا

مام عەلی مێر و یا ئامینە مەولوود، دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی سەروچاوە بوون، خاوەن هەشت منداڵ بوون، چوار کوڕ، بە ناوەکانی: کاک خدر، کاک ئیسماعیل، کاک برایم و کاک هیوا، چوار کچ بە ناوەکانی: فاتم خان، ناجیە خان، ناسکە خان و نەسرین خان.

مام عەلی ساڵی ١٩١٤ لەدایکبووە. مام عەلی و خانەوادەکەی ساڵی ١٩٤٦ لە سماقوڵییەوە ڕووە شاری ڕانیە دەڕۆن، مام عەلی لە ڕانیە پۆلیسی میری بوو، ئەوان بۆ یەکەم جار لە گەڕەکی سەرا خانوویان دروست کرد و لەوێ نیشتەجێ بوون، مام عەلی لە سماقوڵی بە عەلی مێر بەناوبانگ بوو، بەڵام کاتێک چووە ڕانیە بە عەلییە شەل ناوبانگی دەرکرد، کە گوتت مام عەلییە شەل، خەڵکی ناوچەکە و دەڤەرەکە باش دەیانناسی.

مام عەلی کەسێکی قسەخۆش و دەم بە خەندە و نوکتەچی

بوو، کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکرد، خۆشی لەگەڵ کولتوور و دابونەریتی بیتوێن بە باشی ئاوێتە و تێکەڵ بە یەک کردبوو.

لە ڕووی کەسایەتییەوە مام عەلی لە سنووری ناوبانگێکی باشی پەیدا کردبوو، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی لەگەڵ خزمانی سماقوڵی هەر بەردەوام بوو، هەر کاتێکیش خزمانی سماقوڵی لێیان دەقەوما، بە خانەوادە ڕوویان تێ دەکرد، ئەویش دەرگای کراوە بوو، دڵ گەورە و ڕوو خۆش بوون، هەمیشە بۆ یارمەتی و پشتیوانی خەڵکی لێقەوماوانی گوند ئامادە بوو. بە ڕاستی چاکە و پیاوەتی و جوامێریی ئەو بنەماڵەیە لە یاد ناکرێت.

بەو پێیەی مام عەلی پۆلیسی میری بوو، خزمەتی زۆری بە خەڵکی گوندەکانی خۆشناوەتی، دۆڵی بالیسان، دۆڵی ئاکۆیان، بەری مەرگە، دەشتی بیتوێن و ناو ڕانیە کردووە.

یا ئامینەی هاوسەری مام عەلی ماوەی ٣٥ ساڵ کاری مردووشۆری ژنانی کردووە، بە تایبەتی لە ڕانیە، لەم ڕێگایەوە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە خزمەتێکی زۆری ناوچەکە کرد.

مام عەلی و منداڵەکانی خۆشەویستی ناوچەی بیتوێن و سماقوڵییەکانن. ئەم خانەوادەیە تەمەنێکە لە سماقوڵییەوە چوونەتە بیتوێن، بەڵام پێم خۆشە گەنجانی ئەو سەردەمەی دۆڵی سماقوڵی ئاشنایەتییان زیاتریان بەو بنەماڵەیە هەبێت.

بەداخەوە مام عەلی لە ٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری ڕانیە کۆچی دوایی کرد، ئێستاش بەشێک لە کوڕ، کچ و نەوەکانی لە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین نیشتەجێن.

دروود بۆ گیانی مام عەلی و خۆشەویستانی، تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانی دەخوازین.

١٨ی شوباتی ٢٠٢٤

# مام حاجی ئەبووبەکر و سماقوڵی سەروچاوە




مام حاجی ئەبوبەکر و شەهید سەلام

مام حاجی ئەبووبەکر، مام فەتاح، مام مەجید سێ برای کوڕی مام ئەحمەد بوون. ئەو سێ کەسایەتییە ئامۆزای باوکم بوون. مام مەجید هاوسەری حاجی فاتمی پلکم بوو، دوو کچیان بە ناوەکانی: خوشکە ڕەعنا و خوشکە زێبا هەبوو، مام مەجید لە تەمەنی لاویەتی کۆچی دوایی کردووە.

مام فەتاح مێردی پلکە زەکیەم بوو، دوو کچیان بە ناوەکانی: خوشکە مونیرە و خوشکە خێریە هەبوو، مام فەتاحیش لە تەمەنی لاویەتی کۆچی دوایی کردووە. واتە حاجی فاتم خوشکی گەورەی دایکم بووە، پلکە زەکیەش لە بابم گەورەتر بوو، هەر هەمووشیان ئامۆزای یەکتری بوون.

مام حاجی ئەبووبەکر، ساڵی ١٩٢٥ لە سماقوڵی لەدایکبووە. لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ یا زولێخا کردووە و بوونە بە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی. بەرهەمی ئەو خانەوادەیە حەوت

منداڵ بوو، دوو کوڕ بە ناوەکانی: کاک سەلام و کاک سەلاح، پێنج کچ بە ناوەکانی: حەمدیە خان، کافیە خان، ئاواز خان، دڵخواز خان، شیرین خان.

ئەو خانەوادەیە زەوییەکی زۆریان هەبوو، بەشێکی زەوییەکانی مەیدانیَ لە سماقوڵی ئی ئەو بەرەبابە خۆشەویستانەن. مام حاجی ئەبووبەکر خێزانێکی گەورە و دەوڵەمەند و خزم دۆست بوو، هەمیشە باوەڕی بە کار و کەسابەت هەبووە، ساڵانە گەنم، جۆ، نیسک، نۆک، ماش، تووتن، تەماتە، سێو، هەنار، تریَ و چەندین بەروبوومی دیکە هەبووە. هەروەها ئاژەڵێکی زۆری وەک: مانگا، هێستر، گوێدرێژ، مریشک، عەلەشیش، مراوی، قاز، سەگ و کەروێشکیماڵیشیان هەبوو.

مام ئەبووبەکر پیاوێکی بەهێز و دەست ڕەنگین بوو، کورتانی گوێدرێژ، کەژو، گوریس، ئامور و چەندین شتی جووتیارییان دروست دەکرد. یا زولێخای هاوسەری و کچ و بووکەکانی، گۆزە، مەشکە، کوندە، بەڕە، حەسیر، پەنیر، کەشک، ڕۆنی مەشکە، داندۆک و چەندین شتی کۆنی فۆلکلۆری کوردەوارییان دروست دەکرد.

ژنەکانیشیان شانبەشانی پیاوان، چەندین کاری دەستکردی جوانی کوردەوارییان دروست کردووە، وەک: کراوی پیاوان، پوزەوانەی پیاوان، لفکە، دۆشەک، لێف و بالیف، هەروەها دەستڕەنگین بوون بۆ دروومانی جلوبەرگی ژنان.

یا زولێخا مامان بوو، لە کاتی منداڵ بوون یارمەتی دەیان ژنی داوە، دەستیشی هەبووە لە دروستکردنی گیای دەرمانی کوردەواری. لە لایەکی دیکەوە لە ماڵی خۆیان تەندوری ئەستووک و دەستاڕی ساوەر هاڕین و چەندین شتی دی خۆماڵییان هەبوو.

ماڵی مام ئەبووبەکر پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خزمانی ئاوایی و گوندەکانی سوسیَ، سماقوڵی گرتک، خزمانی گۆمەتاڵ، کانی دەربەند، گۆمەشین، شاخە پیسکە، ماڵی مام حاجی کاکۆل، زیارەت و چەندین شوێنی دی هەبووە، لە هەموو خۆشی و

ناخۆشـییەک، پشـتیوانی بەهێـزی باوکـم بـووە.

ماڵی مام حاجی ئەبووبەکر بۆ هەموو میوان و خزمـان دەرگایان کراوە بووە، هەمیشـە بەرانبەر بە خەڵک ڕوویان خۆش بووە.

بەداخـەوە لـە ٢٨ی ئایاری سـاڵی ١٩٨٥ حکومەتـی فاشـی عێـراق، لـە کاتژمێـر پێنجی ئێوارە بە چوار فڕۆکـەی سیخۆ، بە بۆمبی ناپاڵـم، ئەو گوندە جوانـەی سماقوڵی بۆردوومـان کرد، لـەو نێوەدا مـام حاجی خەڵتانی خوێن کرا و ئارامی لەو گوندە شێوا و چەندین کـەس شـەهید و بریندار بوون، لـەو نێوەدا ئـەم کەسانە شـەهید بـوون: شـەهید حاجی مـام ڕەسـووڵ، شـەهید بەختیـار سـەلام، شـەهید تاهیـر خـارە کەریـم، هەروەهـا ئـەم کەسـانەش بریندار بـوون: کاک سـەلام باوکـی شـەهید بەختیار، یا لەعەلی دایکی شـەهید تاهیر، کاکە گەیلان کاک سـەمەدی، هـاوکات چەندین خانووش سووتا و زەرەرێکی زۆر بەو گوندە جوانـە گەیشـت.

مـام حاجی ئەبووبەکر لـە ئابی سـاڵی ١٩٨٥ کۆچـی دوای دەکات و لـە گۆڕسـتانی شـێخ ئەحمـەد بە خـاک دەسـپێردرێت.

بەداخـەوە بۆ جارێکی دیکە تارماییەکی ڕەش بە سـەر ئەو گونـدە جوانـە نیشـتەوە، کە ئەو جارەیان بە دەسـتی هێزەکانی ناوخۆ بوو، لـە شـەڕی ناوخۆ، هـەر وەک باس کرا، پێنج کـەس بە غـەدر و بە ناحـەق کـە هیـچ پەیوەندییـان بـە پێشـمەرگایەتییەوە نەبـوو، کەچـی لـە ڕۆژی ١٨ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٩٦ گوللەبـاران کـران، شـەهید سـەلام یەکێک بوو لـە شـەهیدە غەدرلێکراوەکانی سماقوڵی، تەمەن یـاوەر بێت لـە داهاتـوو بـە درێژی باسـی ئەو ڕووداوە قێزەونـە دەکەیـن.

هەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕی مامـە حاجـی، یا زولێخـا، کاکـە سـەلام، کاکـە بەختیـار و سـەرجەم خۆشەویسـتان، هیـوای تەمـەن درێـژی بـۆ کـوڕ و کـچ و نەوەکانیـان دەخوازیـن.

٣ی ئازاری ٢٠٢٤

# حاجی سدیق و سماقوڵی سەروچاوە




مام حاجی سدیق و شەهید حەسەن

سدیق حەسەن حاجی ڕەحمان ناسراو بە حاجی سدیق، لە یەکی تەممووزی ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی سماقوڵی لەدایکبووە و لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری کردووە. حاجی سدیق دوو هاوسەری بە ناوەکانی: یا ئامینە و یا نەعیمە هەبوو، بەم شێوەیە بوونە خانەوادەیەکی گەورەی سماقوڵی. ئەم خانەوادەیە ٩ منداڵیان هەبوو، پێنج کوڕ بە ناوەکانی: کاک کەریم، کاک حەسەن، مامۆستا حوسێن، کاک لوقمان و کاک ئیدریس، چوار کچ بە ناوەکانی: شەمام خان، شلێر خان، مەهاباد خان و جەواهێر خان.

مام حاجی سدیق لە بنەماڵەی ماڵی گەورە بوو، هەروەها یەکێک بوو لە ڕاوێژکار و دەستە ڕاستەکانی مام کێخوا عەزیز. مام حاجی بە هۆی کوردپەروەرییەوە بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بووە، دواتر ڕوو لە ئێران دەکەن و

ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێنەوە عێراق، ئەوجا لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ باشووری عێراق دوورخرانەوە و لە قەزای شەطرە، لە شاری ناسرِیە نیشتەجێ کران، ماوەی چوار ساڵ لە باشووری عێراق ژیانی ئاوارەیی بەسەر دەبرد و ساڵی ١٩٧٩ گەڕانەوە شاری هەولێر.

هەمان ساڵ، واتە ساڵی ١٩٧٩ حکومەتی عێراق بایەعی خۆراکیان دەداتێ، چەند ساڵێک گەڕانەوە سماقوڵی و درێژەی بە کاروانی ژیاندا و خەریکی کشتوکاڵ و جووتیاری بوو، بەم شێوەیە وەک سەرجەم خەڵکی گوند، درێژەیان بە ڕێڕەوەی ژیاندا.

مام حاجی سدیق و منداڵەکانی لە دەست پێ کردنەوە و هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ی. ن. ک دەکەن، بەم جۆرە درێژە بە ژیانی پێشمەرگایەتی دەدەن، کاک حەسەن و کاک ئیدریس دەبنە پێشمەرگە؛ مامۆستا حوسێن دەبێتە ئەندامی ڕێکخستن لە ڕیزەکانی ی. ن. ک.

مام حاجی سدیق زۆر حەزی لە ڕاوی ئاژەڵی کێوی بوو، دوو تاژی هەبوو، بە ئەسپ، یان بە پیادە، زۆربەی ڕۆژەکان لەگەڵ حاجی سەعیدی مام حەمەدەمین، مام جەلالی یا سەفیە، عومەرە گەورە و کاک ڕەحمانی حاجی سەعید چوونەتە ڕاوی ئاژەڵی کێوی. مام سدیق بەردەوامی تاپڕ و دەمانچە و خەنجەری پێ بوو.

حاجی سدیق کاروباری زەوی و کشتوکاڵ و جووتیاری، وەک: گەنم، جۆ، ڕەز بڕین و سێو، هەنار، تووتن، تەماتە، پێمەڕە، دروێنە، ئاژەڵداری و چەندین کاری دی کردووە. لە لایەکی دیکەوە هاوکار و پشتیوان خەڵکی گوند بووە و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ خزمانی ئاوایی هەبووە.

یا ئامین و یا نەعیمە دوو شێرە ژن بوون، هاوکار و پشتیوانییەکی بەهێزی مام حاجی سدیق بوون. ئەو دوو ژنە و کچەکانیان، چیغ، حەسیر، مەشکە، گۆزە، تەشی ڕستن و شتی فۆلکلۆرییان دروست کردووە.

مام حاجی سدیق و مام حاجی سەلیم کە برا بوون، پاوانێکی گەورەیان لە قەبرۆکان بە ناوی پاوانی حاجی حەسەنی باوکیان

هەبـوو.
سـاڵی ١٩٨٥ جارێکـی دی حکومەتـی عێـراق بڕیارێکـی دەرکـرد، ئـەوەی کـوڕی پێشـمەرگە بووایـە، دەسـتگیر دەکرا و دووبـارە ئـاوارە دەبوونـەوە و خۆیـان لـە مـاڵان دەشـاردەوە.
کاک حەسـەنی حاجـی سـدیق و کاک ئیدریسـی حاجـی سـدیق پێشـمەرگەی تیپـی مەڵبەنـدی سـێی ی. ن. ک بـوون، لـە هێرشـە ناڕەوایەکـەی سـاڵی ١٩٨٨ لـە کانـی لاسـەی دۆڵـی عەلیـاوە لێکدابـران، کـە حەسـەنی مامـە شـێخ، ئیبراهیـم حاجـی سـابیر سوسێ، مـەلا کاوە سوسێ، کاک حەسـەن، ئیدریس، پاشـان کاک حەسـەن، کـە گێرسـەیەک و مەتارەی ئاو و هەندێک نانی پێ دەبێت، لەگەڵ مـەلا کاوەی سوسێ و ئیبراهیمی مام حاجی سابیر دەگەڕێنـەوە گردە سووری و لـە پشتی کانـی زێندیـن دەکەونـە کەمینـی جەیـش و قـوەت خاسـە، بەداخـەوە دەسـتگیر دەکرێـن و شـوێن بـزر و ئەنفـال دەکرێـن.
کاک حەسـەن، هاوسـەری عەنیفـە خـان بـوو، سـێ کـوڕ و چـوار کچیـان هەبـوو.
مامۆسـتا حوسـێنی کـوڕی پـاش ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی سـاڵی ١٩٩١ لـە دۆڵـی سـماقوڵی دەبێتـە کارگێـڕی کەرتـی ڕێکخسـتنی ی. ن. ک و مـاوەی چەنـد سـاڵێکیش بـووە بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی سـماقوڵی.
کاک لوقمانـی کوڕیشـی مـاوەی پـازدە سـاڵە وەک پەرسـتار لـە نەخۆشـخانەی سماقوڵی گرتک دەوام دەکات و تـا ئێسـتاش بەردەوامـە.
مـام حاجـی سدیق لـە ١٩ی نیسانی سـاڵی ٢٠٠٨ لە شـاری هەولێر کۆچـی دوایی کرد و لـە گۆڕستانی شـێخ ئەحمـەد بـە خـاک سـپێردرا.
هەزاران سـڵاو بـۆ گیانی پاکـی مـام حاجی سـدیق، کاکـە حەسـەن، یـا نەعیمـە، یـا ئامینـە و ئازیزانـی دیکـەی، هیـوای تەمـەن درێـژی بـۆ خۆشەویسـتانی دی دەخوازیـن.

٢٦ی شوباتی ٢٠٢٤

# مام جەلال و کوردایەتی



جەلالی یا سەفیەی

جەلال مستەفا قادر ناسراو بە جەلالی یا سافیەی، لەبەر ئەوەی باوکی زوو کۆچی دوایی کردووە، نازناوی دایکی وەرگرتووە، کاتێکیش بریندار بووە و بەو هۆیەوە پەنجەکانی لە دەست داوە، بە جەلالە گۆج ناسراوە.

مام جەلال ساڵی ١٩٣٢ لە گوندە جوانەکەی سماقوڵی سەروچاوە لەدایکبووە، مام جەلال خاوەنی چیرۆکی خۆش و جۆراوجۆرە، هەوڵ دەدەم کەمێک لەو چیرۆکە خۆشانە بخەمە ڕوو. مام جەلال خاوەنی دوو هاوسەر بووە بە ناوەکانی: یا عائیشە و یا هەیبەت.

ئەم خانەوادە خاوەنی ١١ منداڵ بوون، شەش کوڕ بە ناوەکانی: کاک مستەفا، کاک کەریم، کاک نەسرەدین، کاک سەفەر، کاک شەماڵ و کاک سەردار، پێنج کچ بە ناوەکانی: سوعاد خان، سۆیلە خان، نیشتمان خان، تریفە خان و تریفە خان.

مام جەلال جارێک دەچێتە ڕاوی ئاژەڵی کێوی و تاپڕێکی پێ

بووه، لەو کاتەدا باران باریوە، ئەویش دەستی لە سەر تاپڕەکە داناوه، تا تەڕ نەبێت، لەو کاتەدا تاپڕ بە ناخێری دەخزێ و لە سەر بەردێک و بە خۆیدا دەتەقێ و هەر پێنج پەنجەی دەستی چەپی دەقرتێ و کەم ئەندام دەبێت، لەو کاتییەوە نازناوی گۆجی وەرگرتووە و پێی دەڵێن جەلالە گۆج.

مام جەلال باخێکیان لە مام جافری نزیک باخەکانی ئێمە هەبوو، کەپرێکیان دروست کردبوو، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ خەڵکی گوند هەبووه، پارچە کارتۆنێکیان لە سەر کەپرەکە هەڵواسیبوو و لە سەریان نووسیبوو: ئەوەی بەو ڕێگایەدا بڕوا، لا نەدات و چایەک نەخواتەوە، قەومی گوند نییە.

مام جەلال لە سەرەتای شۆڕشی نوێ، خۆشەویستی زۆری بۆ شۆڕش و پێشمەرگە دەبێت، ی. ن. ک و مام جەلالی زۆر خۆش دەویست.

ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ حیزبی سۆسیالیست لە دۆڵی سماقوڵی زۆر بەهێز بوون، پێشمەرگەکانی سۆسیالیست بۆ پشوودان دەچوونە سەر کانی پیاوانی قەسرێ، زۆربەی کات مام جەلال لەوێ دامەی لەگەڵ مام سەعید، عەلی مام حەسەن و دامەچییەکانی گوند دەکرد، کاتێک مام جەلال دەی بردەوە، دەیکردە هەرا و بە دەنگی بەرز دەیگوت: بژی مام جەلال، کە مەبەستی مام جەلال تاڵەبانی بوو.

مام جەلال بە بەردەوامی ڕادیۆیەکی پێ بوو، هەموو ڕۆژێک لە سەر شەپۆلی ئێف ئێم، لە کاتژمێر چوار گوێی لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەگرت، ئەگەرچی تەشویش وازی لەم ڕادیۆیە نەدەهێنا، بەڵام هەر جارێک کاکە فەرهاد سەنگاوی دەیگوت: ئێرە دەنگی گەلی کوردستانە، مام جەلال دەیگوت: دەک بە قوربانی ئەو دەنگەت بم.

مام جەلال و مام کارخانی برای ڕەزێکی ترێی باشیان لە سەر چیا، لە پشتی گوندی نازەنین هەبوو، کە ناوی ڕەزی کارخان بوو.

مام جەلال زۆر حەزی لە ڕاوی ئاژەڵی کێوی بوو، زۆربەی کات ڕاوی لەگەڵ حاجی سدیق، مام سەعید، عومەرە گەورە، فەتاحی مام

ڕەشید، قادری مام سلێمان و ئەمیری مام عەزیز کردووە.

مام جەلال لە بنەماڵەیەکی هەژار بوو، ڕۆژێک کاک حەمیدی پەرستار، کە خەڵکی عەنکاوەی هەولێر بوو، واتە مەسیحی بوو، لەگەڵ کەریمی کوڕی مام جەلال بەیەکەوە دەبن، کاک حەمید بە کەریم دەڵێت: بە باوکت بڵێ بەرازێکمان بۆ بکوژێ، لە بەرامبەردا دوو پاکەت فیشەکی تاپڕ بۆ باوکت دەکڕم. مام جەلالیش بەم هەواڵە دڵخۆش دەبێت و بەرازەکە بۆ کاک حەمید دەکوژێت و دەڵێت کاکە جیم وەرە ئەو بەرازەم بۆ کەورکە، ڕۆژانەی خۆت وەرگرە. کاک جیمیش بەرازەکە ئامادە دەکات و لە ڕووبار، لە ناو ئاوێ دەیشارنەوە تا بۆگەن نەبێت. بۆ ڕۆژی دوایی کاک حەمید و کاک کەریم ١٠ دینار دەدەنە کاکە جیم و سێ پاکەت فیشەکی تاپڕ و دیارییەکی باشیش دەداتە مام جەلال و گۆشتی بەرازەکەش دەبەنەوە ماڵی کاک حەمید لە هەولێر. کاک حەمید خاوەن چێشتخانەی قەسری شیمال بوو، لە ئیسکانی شاری هەولێر.

بەداخەوە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٥ دوای هەڵوەشانەوەی گفتوگۆی حکومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوو فڕۆکەی جەنگی دێنە سەر ئاسمانی سماقوڵی و بە چڕی ئەو گوندە بۆردوومان دەکەن، لە ئەنجامدا مام جەلال بە سەختی بریندار دەبێت و تریفە خانی تەمەن دە ساڵانەی کچی شەهید دەبێت. دوای شەهید بوونی تریفەی مام جەلال، کچێکی دیکەیان لە دایک دەبێ، لە خۆشەویستی شەهید تریفە، ناوی تریفە لە کچە تازە لەدایکبووەکەیان دەنێنەوە، لەبەر ئەوە لە سەرەوە ئاماژەم بە دوو ناوی تریفە داوە.

کاتێک مام جەلال بریندار دەبێت، دەیبەنە نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر، کارخانی برای و دکتۆرەکان پێی دەڵێن، ئەگەر پرسیارییان لێ کردی فڕۆکەی کوێ لێی داوی، بڵێ فڕۆکەی ئێران. دائیرەی ئەمنی هەولێر دەچنە نەخۆشخانە و لە مام جەلال دەپرسن، فڕۆکەی کوێ لێی دای؟ لە وەڵامدا مام جەلال دەڵێ: فڕۆکەی عێراقی، دووبارە هەمان پرسیار لە مام جەلال دەکەنەوە، بە هەمان شێوە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: پرسیاری ناوێت فڕۆکەی عێراق بوون و فڕۆکەوانەکە

تورکمانـی هەولێرە و نـاوی موحسـینە، ماڵیـان لـە قەڵاتییـە. ئەمنـەکان تووشـی سـەرسـوورمان دەبـن، کاتێـک نـاوی فڕۆکەوانەکـە دەهێنێت، پرسـیار لـە مـام جـەلال دەکەنـەوە کـە چۆنـت زانـی فڕۆکەوانەکـە نـاوی موحسـینە؟ مـام جـەلال دەڵێت: مـن ڕادیـۆم پـێ بـوو، لـە سـەر شـەپۆلی ئێف ئێم گوێـم لـە قسـەکانیان بـوو. مـام جـەلال تـوورە دەبێت و بـە ئەمنـەکان دەڵێـت: ئێـوە کـەی مرۆڤـن؟ حکومـەت چـۆن کاری وا لەگـەڵ میللەتـی خـۆی دەکات، ئیزڕائیل لـە عێراقی گـەواد زۆر باشـترە.

مـام جـەلال دەبەنـە ژوورێکی تایبـەت و دەسـتبەسـەر دەکرێت، دوو ڕۆژ پـاش لێکۆڵینـەوەی ئەمنـەکان، کەریمـی کـوڕی و کاک ئـازادی مـام باوەکر، کـە هەردووکیـان پەرسـتار بـوون، بـە پەنجـەرەی نەخۆشـخانە مـام جـەلال ڕزگار دەکـەن، کەریـم بـە پشـتی خـۆی دەیگەیەنێتـە لای تەکسـییەک و دەیبەنـەوە ماڵـی کەریم، لەوێـوە کاک ئـازاد و کاک کەریمـی کـوڕی چارەسـەری دەکـەن تـا چـاک دەبێتـەوە.

پاشـان مـام جـەلال دەچێتـەوە سـماقوڵی، ئـەو کاتـە مەڵبەنـدی سـێی ی. ن. ک. و ماڵـی کاک کۆسـرەت و شـێخ جەعفـەر و کاک ڕێبـەر و دەیان کاکـی دی لـەوێ بـوون. کاک کۆسـرەت ٥٠ دینـار، کاک ڕێبـەر ٢٥ دینـار و شـێخ جەعفـەر پەڕەشـووتێک وەک دیـاری دەدەنـە مـام جـەلال، سـەبارەت بـە برینداری و هەڵوێسـتەکانی.

مـام جـەلال زۆر دۆسـتی حاجـی مەمـۆ بـوو، کـە ئێسـتا لـە وڵاتـی سـوید دەژی.

مـام جـەلال خۆشەویسـتی سـەرجەم خەڵکـی ئاوایـی بـوو بـە بـێ جیاوازی، زوو زوو لەگـەڵ مـام سـەعید و عەلـی مـام حەسـەن دەهاتنە ماڵـی ئێمـە، بـۆ لای باوکـم و یـاری دامەیـان دەکـرد.

مـام جـەلال سـاڵی ٢٠٠٢ لـە شـاری هەولێر کۆچـی دوایـی دەکات و لـە گۆڕسـتانی شـێخ مەعرووف بـە خـاک دەسـپێردرێت.

درووود بـۆ گیانـی مـام جـەلال و خۆشەویسـتانی، تەمـەن درێـژی بـۆ کـوڕ و کـچ و نەوەکانیـان دەخوازیـن.

٢٨ی شوباتی ٢٠٢٤

# مام فەقێ و سماقوڵی سەروچاوە









کە باسی سماقوڵی دەکەیت، ناتوانیت باسی ماڵی مام فەقێ و کوڕەکانی نەکەیت. مام فەقێ لە ١ی تەمموزی ساڵی ١٩٠٠ لە گوندە جوانەکەی سماقوڵی لەدایکبووە. کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە و دۆڵەکە بوو، مام فەقێ و حاجی نادر برا بوون، واتە حاجی نادر باوکی عەزیزی حاجی نادر و کاک مستەفای حاجی نادر بووە.

مام فەقێ و یا عائیشە عەبدوڵڵا، دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی بوون، خاوەنی شەش منداڵ بوون، چوار کوڕ بە ناوەکانی: مام لەتیف، حاجی باقی، حاجی حەوێز و کاک حەمەدەمین، دوو کچ بە ناوەکانی: یا ئامینە یا بەگیس.

ماڵی مام فەقێ لە سماقوڵی و دۆڵەکە خێزانێکی بەناوبانگ بوون، مام فەقێ پیاوێکی سمێر سوور بوو، لەبەر ئەوە بە فەقێ سمێر سوور ناسرابوو.

ماڵی مام فەقێ زەوی و ڕەز و چۆمیان زۆر بوو، ماڵیان لە ناو گوندی بوو، دوو کانیان لە تەنیشت و لە پێشەوەی خانووەکەیان هەبوو، کانیاوەکان ئی ئەوان بوو، بە ناوەکانی: کانی حەسەن ئاغا و کانی شەریفی.

مام فەقێ و کوڕەکانی لە بەرەبابی قوربانین و خزمایەتی و دۆستایەتی بەهێزییان لەگەڵ خزمانی ئاوایی هەبووە. مام فەقی و

حاجی حەوێز و کاک حەمەدەمین لە سالآنی شێستەکان لە سماقوڵییەوە ڕوو لە شاری هەولێر دەکەن، دوای ئەوانیش مام لەتیف و مام حاجی باقی لە ساڵی ١٩٧٧ دەچنە شاری هەولێر.

حاجی باقی ساڵی ١٩٢٩ لە سماقوڵی سەروچاوە لەدایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ یا ئامینە دەکات و دەبنە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی، بەرهەمی هاوسەرگیرییەکە دە منداڵە، حەوت کوڕ بە ناوەکانی: کاک عەبدولڕەحمان، کاک قادر، کاک حوسێن، کاک حەسەن، کاک ئیسماعیل، کاک عەبدوڵڵا و کاک عومەر، سێ کچ بە ناوەکانی: سەلمە خان، سوعاد خان و نەجات خان.

ماڵی مام حاجی باقی زۆر حەزیان لە شۆڕش و کوردایەتی بوو، هەر زوو کوڕەکانی مام حاجی باقی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ تێکەڵاوی بزووتنەوەی کوردایەتی بوون، لە نێو ڕیزەکانی ی. ن. ک. دەبنە پێشمەرگە. کوڕەکانی مام حاجی باقی خزمەتێکی زۆری پێشمەرگایەتی و کوردایەتییان کردووە.

کاک عەبدولڕەحمان، کاک حوسێن و کاک قادر کوڕی مام حاجی باقی لە ساڵی ١٩٧٧ لە ڕیزەکانی ی. ن. ک. دەبنە پێشمەرگە. ئەو کاتە ئەو جوامێرانە زۆر گەنج بوون، دڵیان بە پێشمەرگە و کوردایەتی زۆر خۆش بوو.

زۆر بەداخەوە کاکە حوسێن کاروانی ژیانی پێشمەرگایەتی ڕێگەی نەدا درێژە بە شۆڕش کوردایەتی بدات و لە ١٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵی سماقوڵی شەهید دەکرێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، هەروەها کاکە عەبدولڕەحمانیش لە ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی کێشکێ شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. ئەو خانەوادەیە دەبنە خاوەنی دوو شەهیدی سەنگەر.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی کاکە عەبدولڕەحمان و کاکە حوسێن.

ئێستاش کوڕ و نەوەکانیان پەیوەندییەکی باشی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خزم و چین و توێژە جیاوازەکان هەیە.

مام فەقێ، لە یەکی ئابی ئابی ساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کردووە

و لـه شـاری هەولێـر بـە خـاک سـپێردراوە، مـام حاجـی باقییـش سـاڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە و لە شاری هەولێر بە خاک سپێردراوە.
خودای گەورە لە مام فەقێ و کوڕ و کچ و خۆشەویستانی خۆش بێت، هیوای تەمەن درێژی بۆ نەوەکانیان و خۆشەویستانی دەخوازم.

٦ی ئازاری ٢٠٢٤

# هەڵوێستی مەردانەی کاک عومەر و کاک ڕەحمان



کاک عومەر حاجی سەلیم



شەهید ڕەحمان حاجی سەلیم

زۆرن ئەوانەی حەزیان لە چاکە و پیاوەتییە، بەڵام چاکە و پیاوەتی بە هەموو کەس ناکرێت. لە کاتی لێقەومان و تەنگانە ئەو جۆرە پیاوانە بە دەردەکەون. ماڵی مام حاجی سەلیمی مام حەسەن، یەکێکن لەو خانەوادە باش و میوان دۆست و کەسایەتی دیاری سماقوڵی سەروچاوە. ماڵەکەیان هەمیشە خانەخوێی خۆشەویستان و میوانە ئازیزەکان بووە، یەکێکیش بوون لەو کەسایەتییانە پشتیوانی هەموو جۆرە هاوکارییەک بوون، بەڵام کاک عومەر و کاک ڕەحمان لەم جۆرە کارانە و لە هەموو ڕووداوێکی نەخوازراو پێشەنگ بوون، هەر کەسێک پێویستی بە هاوکاری هەبووایە، ئەو جووتە برایە لەوێ ئامادە بوون، بە شێوەیەک سەرمەشقی ئەو کارە جوانانە بوون.

کاک عومەر، کاک ڕەحمان، کاک جەبار، کاکە جەلال کوڕی مام حاجی سەلیمی مام حەسەنی بوون و خەڵکی سماقوڵی سەروچاوەن.

هیچ کارێکی سەخت بۆ ئەو جووتە برایە قورس نەبوو، بە نموونە لە سالانی ڕابردوو، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی وەک: دۆڵی سماقوڵی، بە هۆی نەبوونی ڕێگاوبان؛ هەبوونی قوڕ و لیتە، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل سەخت بوو، بەڵام بۆ کاک عومەر و کاک ڕەحمان ئەو کارە سەخت نەبوو، چونکە هەموو هێز و توانایان دەخستە گەڕ تا کارە خێرخوازییەکە ئەنجام بدەن.

ئەو جووتە برایە بە تەنیا هاوکاری خەڵکی گوندیان نەدەکرد، بەڵکوو هاوکارییان پێشکەش بە خەڵکی گوندەکانی دیکەی وەک: سماقوڵی گرتک و چەند گوندێکی دیکە کردووە.

لە لایەکی دیکەوە هاوکاری ئەو جووتە برایە بۆ کەسوکاری پێشمەرگە، لە نێوان گوند و شارەکان بێ ئەندازە بوون.

هەر کاتێک کاری نەخوازراو لە ناو پێشمەرگە ڕووی بدابە، ئەو جووتە برایە ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە، خۆیان دەکردە خاوەنی و بە مەبەستی چارەسەرکردن دەیان بردە شار. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کارانە ئاسان نەبوو، بەڵام کاکە عومەر و کاکە ڕەحمان دڵسۆزانە شانیان دەدایە بەر و بە بێ جیاوازی هاوکاری خەڵکێکی زۆریان دەکرد.

یا خودا نموونەیان زۆر بێت.

ڕۆحی کاکە ڕەحمان و کاک جەلال شاد بێت، هیوای تەمەن درێژی بۆ کاکە عومەر و کاک جەبار و خانەوادەکانیان دەخوازم.

٥ی شوباتی ٢٠٢٤

# کاکە جەمال و جووتی ڕەزی



کەم کەس هەیە لە مێردمنداڵییەوە بتوانێت جووت، جەنجەڕ، دار هێنان و کۆمەڵێک کاری قورسی لادێ بکات، بە تایبەتی کە تەمەنی ٩ بۆ ١٠ ساڵان بێت، بەڵام کاکە جەمالی گوڵ و دڵ، وەک شێرە سواری ئەم مەیدانە شانی دابووە بەری و بەو کارە قورسانەی لادێ هەموو خەڵکی ئاوایی سەرسام کردبوو.

مام حاجی ڕەشیدی مام حەمەدەمینی سماقوڵی و پوورە هەیبەت تەمەنیان هەڵکشابوو. کاکە جەمال، زەکیە خان و مونیرە خان، دایک و باوکیان لە دەستدا بوو، بەخێوکەری ئەو منداڵانە مام حاجی ڕەشید و پوورە هەیبەت بوو.

کاکە جەمال و خوشکەکانی لای باپیرە و داپیرە بەردەوام بوون لە ژیان. مام حاجی ڕەشید ژمارەیەک بزن، چێڵ، مریشک و دوو گوێدرێژیان هەبوو. کاکە جەمال لە هەموو کار و ئیشێک هاوکاری

بابە حاجی بوو. بابە حاجی دەیویست کاکە جەمال فێری کار و کاسبی لادێ بکات، چونکە کەسی شک نەدەبرد هاوکار و پشتیوانی بێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی لە لادێ. دار هێنان، نۆبەتە حەیوان، لای کاریلان، پێمەڕەی ڕەز، باخ، کێڵانی زەوییەکان، دروێنەی گەنم و جۆ، جەنجەڕ و زۆر شتی دی.

ماڵی مام ڕەشید ڕەزێکی ترێیان لە بەر ئەشکەوتە گچکەی هەبوو، کە وەختی بەهار دەهات مام ڕەشید و کاکە جەمال بەیانیان زوو، جووتە گوێدرێژەکەیان بە ئامور، نیر و کۆپەران ئامادە دەکرد، کاکە جەمال جووتی دەست پێ دەکرد، ئێمە مانانیش لە گەرمەی خەودا بووین، کاکە جەمال بە دەنگە زوڵاڵەکەی دەیگووت: ئۆۆۆ هەچە، بەمەش ئێمە بەخەبەر دەهاتین.

خانەوادەی ئێمە هەمیشە شانازییان بە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی کاکە جەمال کردووە. یا خودا نموونەی کاکە جەمال هەر زۆر بێت.

سروشتی ژیان پێمان دەڵێت هەوڵدان و تێکۆشان فێری ئەزموونی ژیانت دەکات. وەک پەندە کوردییەکە دەڵێت: کاسبکاری ماڵی خۆت بە و خۆشەویستی خەڵکی دی بە.

ڕۆحی مام حاجی ڕەشید و پووره هەیبەت شاد بێت، تەمەن درێژی بۆ کاکە جەمال و خوشک و خزمانی ئاوایی دەخوازین.

٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# مام سەعید، جووتیارە ڕۆشنبیرەکەی سماقوڵی سەرۆچاوە



مام سعید مامە حەمە

زۆرن ئەوانەی خوێندەوارییان نییە، بەڵام ڕۆشنبیرن. ڕۆشنبیر خەڵکانی بیر تیژ و بیر ڕووناک دەگرێتەوە، بەو مانایەی کە ئاوێتەی سروشتی کۆمەڵگای خۆیانن و ئاگایان لە چەندێتی و چۆنیەتی ورد و درشتی ڕۆژگاری خۆیان هەیە، ئەو کەسانە توانای بیرکردنەوەیان هەیە و هۆشیارن.

باشترین ڕێگا بۆ ناسینی ڕۆشنبیر، تێ گەیشتن لە نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە تێیدا دەژی، زمان، ڕەوشت، قسە کردن و گفتوگۆی ناو کۆمەڵگایە، کە ڕۆژانە بە ئەنجامی دەدا.

مام سەعیدی مامە حەمە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە کێخوا عەبدەی سماقوڵی باوکم سیفەتی پیاوە جووتیارە ڕۆشنبیرەکەی

سماقوڵی پێ بەخشیبوو.

مام سەعید و یا حەبیب دوو هاوسەری دێرینی گوندەکەمان بوون، خاوەنی حەوت منداڵ بوون، دوو بە ناوەکانی: کاک جەمال و کاکە عەلی، پێنج کچ بە ناوەکانی: حەکیمە خان، نەسرین خان، پەروین خان، بەفرین خان و نازەنین خان.

هەر کاتێک تۆ سەردانی ئەو خانەوادەیەت دەکرد، هەستت نەدەکرد مام سەعید نەخوێندەوارە، کە گوێبیستی قسەکانی و گفتوگۆکانی و زانیارییەکانی و هەڵسوکەوتەکانی ئەم بەڕێزە دەبوویت، دەچوویتە ناو جیهانێکی دیکە و هەمیشە بیر و هزرت بە تەواوی گۆڕانی بەسەر دادەهات. ئێمە مانان هەمیشە شانازییمان بەم جۆرە پیاوانەوە کردووە.

سروشتی ژیان ئەوەمان پێ دەڵێت ئاگات لە ئاکار، ڕەوشت، زمان و کردەوەکانت بە و دەرس لەم پیاوە ژیرانەی ڕابردوو وەربگرە. بەو هیوایەم هەموومان سوودی زۆریان لێ وەرگرین.

دروود بۆ گیانی پاکی مام سەعید و یا حەبیب، هیوای تەمەن درێژی بۆ کوڕ، کچ و نەوەکانیان دەخوازین.

٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# ژنە ڕووخۆشەکەی سماقوڵی سەروچاوە



یا حەسیبە

لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، شێرە ژنی زۆر ئازا و لێهاتوو، چاوتێر و ڕووخۆش هەڵکەوتووە، لە زۆربەی شار و شارۆچکە، گوندنشین و دەوارنشینەکان ئەم جۆرە ژنانە بوونی هەبووە، سماقوڵی ئێمەش وەک تەواوی ناوچەکانی دی، لەم جۆرە ژنانە بێ بەش نەبووە.

یا حەسیبە خێزانی مام ڕەسووڵی حاجی عەلی، یەکێک بوو لەم جۆرە ژنانەی سماقوڵی. مام ڕەسووڵ و یا حەسیبە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی بوون، خاوەنی شەش منداڵ بوون، سێ کوڕ بە ناوەکانی: کاک بەکر، کاکە زیاد و کاکە ئازاد، سێ کچ بە ناوەکانی: زولێخا خان، هاجەر خان و ڕازیە خان.

ماڵی مام ڕەسووڵ باخچە، دوو چێڵ، بیست سەر بزنێک، گوێدرێژ، مریشک و کۆتریان زۆر بوو. مام ڕەسووڵ ڕۆژانە دەچووە داران و چیلکەی دەهێنا، بۆ چێشت لێنان و خۆگەرمکردنەوە بەکاریان دەهێنا، چونکە نەوت زۆر کەم بوو، ڕێگاوبان سەخت بوو، زۆربەی ماڵەکان چرا ڕەشکە، لالە و فانۆسیان بەکار دەهێنا، چونکە ئەو کاتە کارەبا نەبوو.



یا حەسیبە و مام ڕەسوڵ

ماڵی مام ڕەسووڵ، تەندووریکی ئەستووک کردنیان هەبوو، زۆربەی ژنانی ئاوایی دەچوونە ماڵی مام ڕەسووڵ تا ئەستوک بە تەندوور دروست بکەن. زۆربەی کات سێ چوار ژنی لێ بوو، کە ئەستووکیان دروست دەکرد، زۆر جار داری ماڵی مام ڕەسووڵیان بەکار دەهێنا.

میوانی پێشمەرگەش بە بەردەوامی لە ماڵیان بوو، بە تایبەت پێشمەرگەکانی سۆسیالیست، چونکە هیچ بارەگایان نەبوو، بەیانیان، نیوەڕۆیان و ئێواران وەختی نان خواردن دەهاتن و دابەشی سەر ماڵەکان دەبوون.

یا حەسیبە ئەو ژنە چاوتێر و سەخی تەبیعەتە بوو، هەرگیز ڕووی گرژ نەدەبوو، ئەگەر نان و نیسک با، یاخود ماست و دۆشاو با، یان هەر شتێکی هەیان با، دەیبرد بۆ میوانەکان و سەد جار خۆی بە قوربانی میوانەکان دەکرد و بەخێرهاتنی دەکردن، هەرگیز لە میوان

بێزار نەدەبوو، دایم دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش خۆی پیشان دەدا.

یا حەسیبە نەیدەویست میوانەکان هەست بە غەریبی بکەن، چونکە زۆر جار دەیگوت ڕۆڵە ئەوانەش لە خۆشی و ناز و نیعمەتی دایک و باوک و خۆشەویستانییان سەریان هەڵگرتووە و ڕوویان لەو شاخە ڕەق و ڕووتە کردووە، دەبێت قەدریان بگرین.

هەر میوانێک چووبێتە ماڵی مام ڕەسووڵ، یا حەسیبە بە قسە و زەردەخەنە و ڕووە خۆشەکانی دڵی خۆش کردوون.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕتان، مام ڕەسووڵ و یا حەسیبە، خودای گەورە ئەجر و پاداشتتان بداتەوە، هیوای تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانتان دەخوازم.

ئێمە بە ئێوەوە سەربەرزین، هەمیشە شانازی بە ڕابردووە جوانەکانتانەوە دەکەین و سیفاتە باشەکانتان بەرز دەنرخێنین.

٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# کاک تەحسین و مام ڕەسووڵی ئاشەوان



لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری زۆرن ئەوانەی بە ڕەحم و بێ بێزن، بەرامبەر کەسە نزیکەکان و دەور و پشتی خۆیان. کاک تەحسینیش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ئەو خەسڵەتە جوانانەی تێدا بوو.

ساڵی ١٩٦٣ مام ڕەسووڵ لە دۆڵی بالیسانەوە ڕووەو گوندی سوسێ دەڕوا، هەر لە سوسێ هاوسەرگیری دەکات، بەڵام بەخت یاوەری نابێت و بە تەنیایی دەمێنێتەوە. دواتر و لە ساڵی ١٩٧٤ گوندی سوسێ ڕوو بە گوندی سماقوڵی سەروچاوەی جێ دەهێڵێت. مام ڕەسووڵ دێتە ماڵی ئێمە و داوا لە باوکم دەکات، کە بیحەوێنینەوە و کارێک بکات و بژێوی خۆی پێ مەیسەر بکات. باوکیشم پێشوازی لێ دەکات و دەڵێت: یا خودا بە خێر بێیت مام ڕەسووڵ، میوان لای ئێمە ئازیز و خۆشەویستە، بەڵام تۆ تەمەنێکت هەیە و هەموو کارێک بە تۆ ناکرێت، ئێمە لەگەڵ کاک سابیری برام ئاشی ئاویمان هەیە،

وا بزانم بۆ تۆ باشە، ئەگەر پێت دەکرێت ببە ئاشەوان، ئێمەش لە خزمەتتدا دەبین و دەتکەینە کوڕی گەورەی ماڵێ. لەو کاتەوە نازناوی ئاشەوان بە مام ڕەسووڵ درا، هەتا نەتگوتایە مام ڕەسووڵی ئاشەوان کەس نەیدەناسی.

مام ڕەسووڵ لە ئاشی گەورە، ناو و ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد، سماقوڵی چوار ئاشی ئاوێی لێ بوو، چونکە ئاو دەراوێکی زۆری هەبوو، ڕۆژانە باراشێکی زۆر لە گوندی سوسێ و سماقوڵی گرتک دەهاتن بۆ ئەم ئاشانە.

مام ڕەسووڵیش دڵسۆزانە کاری دەکرد، بەیانیان دەچووە ئاشی و ئێوارانیش دەهاتەوە ماڵێ و وەک پیاوی ماڵێ لەگەڵ ئێمە دەژیا. ڕۆژانەش من و براکانم خواردنمان بۆ دەبرد، هەرچی قیسمەت بووایە بەشی مام ڕەسووڵی تێدا بوو. لە ناو ئاشی کۆمەڵێک پشیلەی جوان جوانی بۆ پاسەوانی جورج و مشکان هەبوو، ئاشەکە زۆر پاک و تەمیز بوو.

زۆر جاریش مامە سابیری مامم، بەرداشەکانی نەقار دەکردەوە، چونکە لێی دەزانی، یاخود وەستای نەقار دەهاتن و یارمەتی بەرداشەکانیان دەدا.

مامە سابیرم لە کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ لە شیوە ڕەشی حاجی ئۆمەران کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێش بە خاک سپێردرا، درووود بۆ گیانی پاکی.

مام ڕەسووڵ تا ساڵی ١٩٨١ لە کاری ئاشەوانی بەردەوام بوو، بەداخەوە لەو ساڵەدا تووشی نەخۆشی بوو و ڕەزیل بوو، ماوەی دوو مانگ وەکوو منداڵی ساوای لێ هات و کەوتە سەر جێگا. لەم ڕۆژگارانە پیاو و ژنی مەرد بەدەر دەکەون. کاک تەحسین و کافیە خان وەک دوو مرۆڤی فریشتە ئاسا فریای مام ڕەسووڵ کەوتن و

نەیانهێشت هەست بە غوربەت و تەنیایی بکات، وەک برای خۆیان هاوکار و خزمەتی مام ڕەسووڵیان کرد. دوا جار مام ڕەسووڵ کۆچی دوایی کرد و هەر لە سماقوڵی بە خاک سپێردرا.

پاش مام ڕەسووڵ کاک تەحسین لە ئاشەکە کاری دەکرد و جێگای مام ڕەسووڵی گرتەوە. لە پاش ڕاپەڕین ڕێکخراوی منداڵپارێزی بەریتانی ئاشەکەی بۆ نۆژەن کردینەوە.

بەداخەوە ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆ ئاشەکەمان، خانووەکانمان، باخەکانمان وماینەکەمان بوونە بەراگێری ئێوە.

خودای گەورە لە مام ڕەسووڵی ئاشەوان خۆش بێت و خودای گەورە ئەجر و پاداشتی کاک تەحسین و کافیە خان بداتەوە.

یا خودا نموونەی کاکە تەحسین و کافیە خان زۆر بێت.

٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# کاک ئەنوەر و چەند گەنجێکی سوسێ



کاک ئەنوەری مام حوێزی

زۆرن ئەوانەی چیرۆکی خۆش و تایبەت و بێ وێنەیان هەیە، کاک ئەنوەریش بێ بەش نەبوو لەم چیرۆکە خۆشانە. کاک ئەنوەری مام حەوێز خێزانی نەمابوو، بەڵام سێ کچ و کوڕێکی بە ناوەکانی: گەلاوێژ خان، بەیان خان، کاک ئیسماعیل و شیرین خان هەبوو. کاک ئەنوەر پیاوێکی سوور و سپی و جوان و بە هەیکەل بوو. زۆر جار نمایشی سەیر و سەمەرەی دەکرد، شەپقەیەکی لە سەر دەکرد و ماتۆڕ و پایسکلی هەبوو.

کاک ئەنوەر ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن حکومەتی عێراق لە شاری هەولێر، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، بەڵام کاک ئەنوەر ناچێت و خۆی ڕادەستی یاسا ناکات.

ماوەیەکی پێ چوو پۆلیس و جەیش پێکەوە بۆ سماقوڵی هاتن،

پۆلیس نەیدەتوانی بە تەنیا بێت، چونکە ناوچەکە شاخاوی بوو، ڕێگاش بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمبێل ئەوەندە ئاسان نەبوو، لە لایەکی دیکەوە مەترسی هێزی پێشمەرگە هەبوو.

کاک ئەنوەر لە حکومەتی عێراق یاخی بوو، ناوە ناوە جەیش دەهات و بە دوای کاک ئەنوەر دەگەڕان. کاک ئەنوەریش زۆربەی کات دەچووە ئاشە گچکەلی، یان ئاشی گەورە، لای مام ڕەسوولی ئاشەوانی ڕەحمەتی. بە هەر حاڵ جەیشی عێراق نەیتوانی کاک ئەنوەر دەستگیر بکات. کاک ئەنوەر بووە پاڵەوان، ڕۆژانە خەنجەرێکی لە بەر پشتی بوو، ناوە ناوە تاپڕ و سەمینۆڤێکی پێ بوو، دووربین، مەتارە، سافیرە و شتی سەیر و سەمەرەی زۆر هەبوو.

ڕۆژێک کاک محەممەدی مام حەمەدەمینی سوسێ، کاک سەباحی کاک حامیدی، کاک خەسرۆی مام ڕەشیدی، کاک سدیقی مام حەمەدی سوسێ و چەند کاکێکی دی بۆ لای کاک ئەنوەر هاتبوون، کە ببن بە پێشمەرگە. لە کاتێکدا کاک ئەنوەر پەیوەندی بە هیچ پارتێکی سیاسییەوە نەبوو. کاک ئەنوەریش مەتارە، دووربین، تاپڕ و شتەکانی دی بەسەریان دابەش کرد و بەسەریانەوە بووە سەرکردەیەکی سەربەخۆ، کاک ئەنوەر ئەو گەنجانەی وا ڕاهێنابوو، ئەگەر باوک، دایک و کەسوکاریان هاتن بە دوایانەوە، نابێت خۆتان نیشانی کەس بدەن، تا ئەو کاتەی من سافیرە لێ دەدەم، با سافیرە وشەی نهێنی بێت.

چەند ڕۆژێکی پێ چوو، مام حەمەدەمینی سوسێ و کاک حامید هاتن بۆ لای باوکم لە سماقوڵی و چوونە سەر کانی پیاوان و بە دوای منداڵەکانیان دەگەڕان. دواتر زانییان لای کاک ئەنوەرن، چوون بۆ لای کاک ئەنوەر لە سەر گردی ئاشی دانیشتن و گوتیان: کاک ئەنوەر هاتووین منداڵەکانمان بەرینەوە، تکایە بماندەوە، چونکە

حکومەتی عێراق بزانێت ئەوانە هاتوونەتە لای تۆ، ئەوا بێ قەید و شەرت ئێمە دەستگیر دەکرێین، سەرەتا کاک ئەنوەر نکۆڵی دەکرد و دەیگوت کەسم لا نییە، لە سەرێکیش نەیدەتوانی نانی ئەو کۆمەڵە گەنجە بدات، چونکە وەزعی دارایی باش نەبوو، خولاسە کاک ئەنوەر ڕازی بوو منداڵەکان بە کەسوکاریان بداتەوە، کاک ئەنوەر سافیرەکەی دەرهێنا و سێ جار بە دەنگی بەرز سافیرەکەی لێدا و هەر هەموویان وەکوو فەرخە کەو لە دەورەیان خڕبوونەوە.

مام حەمەدەمین و کاک حامید بە کوڕەکانیان شاد بوونەوە و ڕۆیشتنەوە سوسێ. پاشان کاک ئەنوەر هاوسەرگیری لەگەڵ ڕابی خان کرد و بوونە خاوەنی سێ منداڵ، دوو کوڕ بە ناوەکانی: کاکە ئاکۆ و کاکە محەممەد، کچێک بە ناوی: شادیە خان.

هەزار ڕەحمەت بۆ کاک ئەنوەر، مام حەمەدەمین، کاک حامید و تەواوی خۆشەویستان، هیوای تەمەن درێژی بۆ کچ، کوڕ و نەوەکانیان دەخوازم.

٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# نەنکە سارێ و کوندەی ئاوێ




نەنکە سارێ خێزانی مام حاجی حیدەر

مام حاجی حەیدەر و نەنکە سارێ دوو هاوسەری دێرینی سماقولّی بوون، ئەوان شەش منداڵیان هەبوو، سێ کوڕ بە ناوەکانی: کاک عوسمان، کاک حەسەن و کاک عومەر، سێ کچ بە ناوەکانی: یا لەعەلی، یا فەخری و یا حەنیف.

مام حاجی حەیدەر و نەنکە سارێ لەگەڵ کاک عوسمان و یا خونچە بەیەکەوە دەژیان. ماڵی کاک عوسمان دوو ئێستری بەرزە، دوو سەگ، مریشک و ئاژەڵێکی زۆریان هەبوو. کاک عوسمان و یا خونچە شەش منداڵیان هەبوو، چوار کوڕ بە ناوەکانی: کاک حەوێز، کاک بایز، کاک عیزەددین و کاک ڕێباز، دوو کچ بە ناوەکانی: بەیان خان و پەیمان خان، هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.

مام عوسمان پیاوێکی قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، ئێمە کۆمەڵێک گەنجی تازە پێگەیشتوو بووین، ناوە ناو دەچووینە ماڵی

کاک عوسمان و کۆ دەبووینەوە، یاری بنکراوانێ، مەتەڵ و یاری جۆراوجۆر هەمەڕەنگمان دەکرد و بەم شێوەیە کاتمان بەسەر دەبرد. کاک عوسمان یاری دەکرد و مەتەڵەکان لە لایەن کاک عوسمانەوە ئاراستە دەکرا. ئەگەر نەمان زانیبا، سزای خۆی هەبوو، پاشان شەوچەرە و شتی کۆنی کوردەواریمان دەخوارد.

شتێکی زانراوە کە پێستی ئاژەڵ تا ئێستاش سوودی لێ وەردەگیرێت و بەکار دێت، بۆ نموونە: بۆ کوندەی ئاو، یان بۆ دروست کردنی مەشکە و بۆ ژەنینی دۆ، هەڵگرتنی پەنیر و زۆر شتی دیکەش. نەنکە سارێ یەکێک بوو لە ژنە دەست ڕەنگین و قسە خۆشەکان، کە ئێمەی تازە پێگەیشتووی دڵخۆش دەکرد. نەنکە سارێ ڕۆژانە مەشکەی دەژەنی و دۆیەکەی و کەرەی مەشکەکەی زۆر تایبەت بوو.

نەنکە سارێ کوندەی ئاوێی هەبوو، کە کەمێک بچووکترە لە مەشکە، کانییەکی ئاویان لە نزیک ماڵی خۆیان هەبوو، ناوی دەرمان ئاو بوو، نەنکە سارێ ڕۆژانە دەچووە دەرمان ئاوێ و جار جارەش دەچووە کانی ژنان و گوندەکانی پڕ لە ئاو دەکرد و دەهاتەوە ماڵێ، کوندەکانی بە پڕ ئاو دەهێناوە و لە سەر کەپرۆکەکەی دادەنا و ئاوەکە زۆر سارد و خۆش دەبوو.

هەر کاتێک ئاوی کوندەی نەنە سارێمان دەخواردەوە، لەزەتێکی تایبەتمان لێ وەردەگرت. هەر کاتێک باسی کوندەی ئاوێ دەکەین، نەنکە سارێمان دێتەوە یاد.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی نەنە سارێ، مام حاجی حەیدەر، کاک حەسەن و تەواوی مردووان، هیوای تەمەن درێژی بۆ خۆشەویستان دەخوازین.

٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# پیاوە جوامێرەکانی سماقوڵی سەروچاوە


عومەرە گەورە


ڕەحمان حاجی سعید


حەمەدەمین مام باوەکر


مەلا کەریم

من دەمەوێت بە کورتی باسی خاسیەت و سیفاتی پێنج پیاوە ئاڵتوونییەکەی گوندی سماقوڵی سەروچاوە بکەم. کاک ڕەحمانی حاجی

سەعید، کاک عومەرە گەورە، کاک مەلا کەریم، کاک حەمەدەمینی مام باوەکر و کاک فەتاح مام ڕەشید، ئەمانە پیاوی جوان و قسە خۆش و دەم بە پێکەنینی گوندەکەمان بوون. بەداخەوە کاک عومەرە گەورە، کاک مەلا کەریم، کاک حەمەدەمین و کاک فەتاح لە ژیاندا نەماون، هیوای تەمەن درێژی بۆ کاک ڕەحمانی مام حاجی سەعید دەخوازم.

ئەگەرچی سماقوڵی پیاوی جوامێر و قسەخۆشی زۆر بوو، بەڵام ئەم کەسایەتییانە جیاواز بوون، چونکە هەر کات تۆ لە مەجلیس و دانیشتنەکانی ئەوانە دادەنیشتیت، بە ڕاستەوخۆ دەچوویتە جیهانێکی دیکە. هەر کاتێک لەم کەسایەتییانە نزیک دەبوویتەوە، خۆڕسکانە زەردەخەنە دەهاتە سەر لێوەکانت و بە دەست خۆت نەبوو پێکەنین دەیگرتیت.

سەردەمانێک لە لای داری چاکی لە ناو گوند، زۆربەی ئێواران خەڵکی گوندی کۆ دەبوونەوە، بە بەسەرهات و قسەی خۆش خەڵکەکەی دەبردە جیهانێکی دیکە. مەلا کەریم، کاک عومەر، کاک حەمەدەمین، کاک فەتاح و کاک ڕەحمان هەر زوو بوونی خۆیان سەلماند و بوونە جوانترین پیاوی ئاوایی.

هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی کاک حەمەدەمین، کاک عومەر، کاک فەتاح و کاک مەلا کەریم، تەمەن درێژی بۆ منداڵەکانیان و نەوەکانیان دەخوازم، ڕێز و حورمەتم بۆ کاک ڕەحمان و منداڵەکانی و خەڵکی ئاوایی هەیە، سەری ڕێز و نەوازش بۆ مردووان و خۆشەویستانی هەموو لایەک.

٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# مام سەعید، کەسایەتییەکی سماقوڵی سەروچاوە



مام حاجی سعید مام حمدامین

هەموو گوندەکانی کوردستان، پیاوی باش و جوان و کەسایەتی بێ وێنەیان زۆرە، دۆڵی سماقوڵییش لەو کەسایەتییانە بێ بەش نەبووە، بۆ وێنە سەعید حەمەدەمین ناسراو بە سەعیدی مام حەمەدەمین زخەی، یەکێک بوو لەو پیاوە جوانەکانی سماقوڵی، مام سەعید، مام حاجی ڕەشید، مام شێخ محەممەد، یا فاتمە سێ برا و یەک خوشک بوون.

مام سەعید ساڵی ١٩٢٠ لە سماقوڵی لەدایکبووە، خاوەنی چوار ژن بووە، بە ناوەکانی: یا عەنیفە، یا زەهوە، سەید عائیشە و حەیشە گەورە (حەیشە گەورە، لە بنەچەدا ناوی عائیشە بووە).

حەیشە گەورە، خوشکی کێخوا عەزیز بوو، ژنێکی ئاوەدان و مامانی ژنی دووگیان بوو.

ئەو خانەوادەیە خاوەنی هەشت منداڵ بوون، سێ کوڕ بە

ناوەکانی: کاک عەبدولڕەحمان، کاک سەمەد و کاک مستەفا، پێنج کچ بە ناوەکانی: یا گوڵێ، یا بەهیە، یا نەسرین، ڕەوشەن خان و ئامینە خان.

مام سەعید کەسایەتییەکی باش و بە هێزی سماقوڵی بوو، یەکێک بوو لە وەستا باشەکانی خانوو دروست کردنی گوندەکان، خانووی بۆ زۆربەی خەڵکی ئاوایی دروست کردووە. هەروەها یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر خولیای ڕاوەی ئاژەڵی کێوی هەبووە، بە تایبەتی: کەو و سووسکە، زۆربەی کات لەگەڵ مام سدیق، مام جەلال، عومەرە گەورە، ڕەحمانی حاجی سەعید و ڕاوچییەکانی دی چووەتە ڕاو، هەندێک جاریش بە تەنیا ڕاوی خۆی کردووە، مام سەعید هەر کاتێک چووبێتە ڕاو بێ نێچیر نەگەڕاوەتەوە ماڵ.

مام سەعید، حاجی مەحموودی حاجی عەلی و حاجی بەکری حەمەد قادر ئاغا وەک: ڕیش سپی ئاوایی ڕۆڵی باشیان بینیوە بۆ دابەش کردنی زەوی بە میرات و چارەسەرکردنی گرفتەکانی دیکەی ئاوایی.

مام سەعید، کێخوا عەبدەی باوکم و کێخوا عەزیز نێوانیان زۆر خۆش بووە، ساڵی ۱۹۹۲ کە گوندەکانی کوردستان ئاوەدان کرانەوە، مام سەعیدیش وەک خەڵکی ئاوایی خانووی بۆ خۆی دروست کردەوە، باوکیشم چووەتە لای و گوتوویەتی: مام سەعید هەست ناکەیت پەلە لە خانوو دروست کردن دەکەیت؟ دیارە کێخوا عەبدەی باوک عەقڵی نەخشەی خانووەکەی مام سەعیدی نەگرتووە، پێی گوتووە لە ژیانتدا و لەوەتەی تۆ هەی، لە ناو خانووی خۆش نەژیاوی، لەبەر ئەوە ئەم جارە خانوویەکی خۆش و باش دروست بکەن و بە خۆشی تێیدا بژین، دەترسم لە بەهەشتیش خانووەکەت ناخۆش بێت، مام سەعید دەڵێت: لەوێ پەلەی لێ ناکەم و خانوویەکی باشم دەدەنێ.

ڕۆژێک مام سەعید و عەلی مام قادری سەردانی عەباس ئاغای

سەرکەپکان دەکەن و شەو لایان دەبن، بۆ بەیانییەکەی عەباس ئاغا، مام سەعید و مام عەلی دەچنە ڕاوێ، مام سەعید بزنێکی کێوی دەکوژێت، عەباس ئاغا زۆر موشتاقی مام سەعید دەبێت و پێی دەڵێت: دەبێت بچینەوە ڕاو، بەڵام ڕاوەکە ناکەن، مام سەعید و مام عەلی دەچنەوە سماقوڵی.

مام سەعید کارامەیەکی زۆری لە دروستکردنی دەستاڕی ساوەر هارین و باگوردێنی بان گێڕان و ئاونی بەردی سماق کوتانی دەست کرد هەبووە. مام سەعیدیش وەک خەڵکی ئاوایی خاوەن ڕەز و باخ و زەوی خۆی بووە. ساڵانە گەنم، جۆ، نۆک، نیسک، تەماتە، تووتن، گوڵەبەڕۆژە و بەروبوومی هاوینەیان هەبووە، هەروەها چێڵ، بزن، ئەسپ، گوێدرێژ، سەگ، مریشک، ماست، پەنیر، داندۆک و شتی کوردەوارییان هەبووە.

مام سەعید زۆر حەزی لە یاری دامە بوو، زستانان لەگەڵ باوکم، حاجی باپیر، مام جەلالی یا سەفیە و عەلی مام حەسەن یاری دەکرد، بەڵام لە هاوینان هەموو شەوێک بۆ یاری دامە دەهاتە لای باوکم، چونکە دراوسێ باخ بووین و لە یەکدی نزیک بووین.

مام سەعید یەکێک بوو لەو پیاوە ناوازانە، کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرجەم خەڵکی ئاوایی خۆش بوو.

بەداخەوە لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٩٤ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد، هەر لە سماقوڵی و لە مەڵبەندی باب و باپیرانی بە خاک سپێردرا.

هەزار سڵاو بۆ گیانی پاکی مام سەعید و خۆشەویستانی، هیوای تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانی دەخوازین.

١٣ی ئازاری ٢٠٢٤

# کاک کەریم، پیاوە بە هەڵوێستەکە



کاک کەریم عەریف خدر

لە کوردستان پیاوی جوامێر، جوان، بە ئەمەگ و بە هەڵوێست زۆرن، ناتوانیت پێوەر بۆ ئەو جۆرە پیاوانە دابنێیت، کاک کەریم پیاوێکی بیر تیژ، هەست ناسک و خوێندەوارێکی ڕۆشنبیرە، پیاوێکی عەشقە ئەدەب، هۆنراوە و فەلسەفەیە، خوێنەر و بیرێکی کراوەی پڕ لە زانست و ڕامیاری هەیە.

کەریم خدر کەریم، ناسراو بە کەریمی عەریف خدر، ساڵی ١٩٦١ لە گوندە جوانەکەی سماقوڵی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٢ کاتێک تەمەنی یەک ساڵان بووە، بە هۆی کێشەی چینایەتی و کۆیلە نەبوون بۆ دەسەڵاتی ئەو کات، لەگەڵ خزمەکانی ڕوو لە شاری کۆیە دەکەن و هەندێک لە ئامۆزاکانیشی ڕوو لە سلێمانی دەکەن.

پاشان دەچنە شاری هەولێر، لەو شارەدا و لە تەمەنی شەش ساڵی دەچێتە قوتابخانە، قۆناغی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە شاری قەڵا و منارە تەواو دەکات. دواتر لە شارەکانی مووسڵ و کەرکووک درێژە بە خوێندن دەدات و پەیمانگای تەکنۆلۆژی تەواو

دەکات.

ناوبراو، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری دەکات و دەبنە خاوەنی پێنج منداڵ، بە ناوەکانی: کاردۆ، چیا، چرۆ، سۆژین و سان.

پاش شەڕی ناوخۆی ی. ن. ک و پ. د. ک، کاک کەریم بۆ جارێکی دی دەچێتەوە شارە جوانەکەی کۆیە و لەوێ درێژە بە کاروانی ژیان دەدات.

کاک کەریم لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ، بیر و هزری ئاوێتەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ی. ن. ک دەبێت، کاک نەوشیروانی زۆر خۆش دەوێت و لەگەڵ دروست بوونی بزووتنەوەی گۆڕان، هەڵوێستە جوانەکانی کاک نەوشیروان و بەرنامەکەی، وا دەکات کاک کەریم تێکەڵاوی بزووتنەوەی گۆڕان بێت؛ هەروەها یەکێک دەبێت لە باوەڕ پێکراوەکانی کاک نەوشیروان.

ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی کۆیە بە پلەی سەرۆکی تێبینەری تەکنیکی فەرمانبەرە.

لە ئێستادا کاک کەریم وەک دڵسۆزێکی کوردەواری بێ لایەنە و ماڵی چووەتەوە شاری قەڵا و منارە و لە شارە جوانەکەی هەولێر نیشتەجێیە.

کاکە کاردۆی کوڕی کارگەی ئەلەمنیۆمی لە شاری کۆیە هەیە. کاکە چیاش دەرچووی پەیمانگای کارگێڕییە و وەستای ئەلەمنیۆمە، چرۆ خانی کچی شووی کردووە، سۆژین خانیش دەرچووی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانە و کاکە سانیش پۆلی پێنجی زانستییە.

کاک کەریم لە منداڵییەوە هۆگری سیاسەت و ئەدەبی کوردی بوو، جار جارەش پەخشانە شیعر دەنووسێت.

هیوای بەختەوەری بۆ ئەو خانەوادە جوان و بەڕێزە دەخوازم.

١٣ی ئازاری ٢٠٢٤

# کاک نادر و سماقوڵی سەروچاوە



کاک نادر مام قادر

لە سەرجەم گوندەکانی کوردستان هەموو جۆرە کەسایەتییەک هەیە و هەبووە، ئەگەر بەراوردیان بکەیت، کەسە باشەکان زۆر زیاترن و نموونەی جوانیان بێ وێنەیە. سماقوڵییش وەک گوندەکانی دی کوردستان لە هەبوونی جوانی ئەو پیاوانە لە ئێستا و لە ڕابردوودا بێ بەش نییە.

نادر قادر ئیسماعیل، ناسراوە بە مام نادر، یەکێکە لە کەسایەتییە جوانەکانی سماقوڵی سەروچاوە. کاک نادر ساڵی ١٩٣٢ لە گوندە خنجیلانەکەی سماقوڵی لەدایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ حەبیبە نادر پێک دەهێنێت و دەبنە دوو هاوسەری دێرینی گوندە جوانەکەی سماقوڵی. بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەیان پێنج منداڵە، چوار کچ بە ناوەکانی: ڕەحمە خان، پەیمان خان، پەخشان خان و ژیان خان. کوڕێک بە ناوی: کاک ئەیووب.

کاک نادر پیاوێکی بێ دەنگ و جوان و هەژاری گوندەکەمان بوو، یەکێک بووە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی سماقوڵی هاوبەش بووە. بە درێژایی ژیانی خۆی خەریکی گاوانی و شوانی بووە، هەر بۆیەش نازناوی نادر گاوانی وەرگرتووە.

مام نادر لە سماقوڵی زەوی زۆر نەبووە، تەنیا پارچە زەوییەکی بچووکی هەبووە، تەماتە و بەروبوومی هاوینەیان لێ کردووە. هەروەها ماڵی مام نادر چێڵ، بزن، مریشک، کەروێشکی ماڵی و سەگیان هەبوو.

مام نادر یەکێک بوو لەو کەسانەی ئامێری شمشاڵی زۆر جوان دەژەنی، کە گوێت لە لە ژەنینی شمشاڵی کاک نادر دەبوو، دەچوویتە جیهانێکی دی.

ماڵی کاک نادر یەکێک بوون لەو ماڵانەی کە ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی هێرشی حکومەتی عێراق بۆ سەر سماقوڵی چوونە گوندی کانی دەربەند لە وراتی کۆیە.

زۆر جار کاک موحسینی برام، چێڵ و بزنی دەکڕی و کاک نادر بەخێوی دەکرد و سوودەکەیان هاوبەشی بوو. هەروەها ماوەی حەوت ساڵ ١٥ سەر بزنی ئێمەی بەخێو دەکرد، بەرەکەیان بۆ هەردوولا بە نیوە بوو.

کاک نادر لە گوند کەسێکی خۆشەویست بوو، پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم خەڵکی ئاوایی باش بوو.

کاک ئەیووبی کوڕی تاقانەی چوار خوشک بوو، بە زاراوەی کوردەواری و لە ساڵی ١٩٨٤ بووە پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێی ی. ن. ک. یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.

ئێستا بۆ بژێوی ژیان بە کارکردنەوە خەریکە، هیوادارم تەمەن درێژ بێت.

مام نادر لە ڕێککەوتی ٢٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد و لە سماقوڵی بە خاک سپێردرا.

هەزار ڕەحمەت بۆ کاک نادر، یا حەبیب و خۆشەویستانی، هیوای تەمەن درێژی بۆ کاکە ئەیووب و کچەکانی و خۆشەویستانی دەخوازین.

٢٩ی ئازاری ٢٠٢٤

# سەمەد مەلا حەمەد، قسە خۆشەکەی سماقوڵی سەروچاوە




کاک سەمەد مەلا حەمەد و یا مەلیحە

چەندی لە سەر خۆشەویستانی گوند بنووسیت، ناتوانیت لە پەرەگرافێکی ئاوا بچووک مافی تەواویان پێ بدەیت، چونکە هەر کەسە و چیرۆکێک و مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەم پەرەگرافەش کەمێک باسی کاک سەمەد دەکەم.

## سەمەد مەلا حەمەد، بە سەمەدی یا زارا ناسراو.

مەلا حەمەد و یا زارا دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی بوون، خاوەن حەوت منداڵ بوون، پێنج کوڕ بە ناوەکانی: مەلا حەمەد، کاک سەمەد، کاک جەمال، کاک ڕەحمان و کاک کەمال، دوو کچ بە

ناوەکانی: یا فاتم و یا خەجیج، مەلا حەمەد زوو کۆچی دوایی کرد و کوڕەکانی لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبن، یا زارا و کاک سەمەد بەیەکەوە لە سماقوڵی دەبن، لای ئێمە ئەگەر باوک پێش دایک کۆچ بکات، منداڵەکان زیاتر نازناوی دایکیان وەردەگرن.

کاک سەمەد و یا مەلیحە دوو هاوسەری سماقوڵی بوون، کاک سەمەد ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە لەدایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ مەلیحە خان پێک دەهێنێت و دەبنە دوو هاوسەری دێرینی گوندە جوانەکەی سماقوڵی. بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەیان هەشت منداڵە، شەش کچ بە ناوەکانی: ئامینە خان، جەمیلە خان سنوور خان، سروە خان، وەزیرە خان و هاوژین خان، دوو کوڕ بە ناوەکانی: کاکە ڕەمەزان و کاکە عومەر.

کاک سەمەد وەک خەڵکی ئاوایی بە بژێوی و ژیانی بە کاری گوندەوە خەریک بوو، بە نموونە: کاری جووتیاری و کرێکاری و ئاژەڵداری کردووە.

چیرۆکەکانی ژیانی کاک سەمەد خۆشە، پێم خۆشە چەند کورتە چیرۆکێک باس بکەم. کاک سەمەد لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونی منداڵان لە شاری هەولێر، لە سەر ڕێگای شۆڕش فەرمانبەر بوو، کاک سەمەد و دکتۆرێکی ژنی نەخۆشخانەکە کێشەیەکی پێکدادانیان لە نەخۆشخانە بۆ دروست دەبێت. کاک سەمەد دەچێتە ژوورەوە و دکتۆرەش دێتە دەرەوە، هەردووکیان بە هەیکەل و گەورە دەبن و ورگیشیان زۆر گەورە بووە. دکتۆرە و کاک سەمەد دەعم دەکەن و سکیان بەر یەک دەکەوێت. دکتۆرە ژنەکە دەکەوێتە سەر زەوی و دەیکاتە قیژە قیژ و هاوار دەکات، دەڵێت: پۆلیس بمانگەنێ ئەو پیاوە منی کوشت، کاک سەمەد دەڵێت: دکتۆرە بێدەنگ بە، هاوار مەکە ئەو

کاره کاری پۆلیس نییە، با مرور بێت، کەشفی ئێره بکات بزانە خەتای کامەمانـە؟

کاک سـەمەد، لـە سماقوڵی تووشـی خـودا لـێ خـۆش بـوو عەریـف عەلـی دەبێـت، ئـەو کاتـە مـام عەلـی پێشـمەرگەی سۆسیالیسـت بـوو، پاش هەواڵ پرسـین مـام عەلـی دەڵێت: کاک سـەمەد بڕۆ بـە ماڵـی مـام کێخـوا عەبـدەی بڵـێ ئێـوارێ مـام عەلـی میوانتانـە، مـام عەلـی مەبەسـتی خواردنـی خـۆش و گۆشـت و برنـج بـوو، کاک سـەمەد دێتـە ماڵـی ئێمـە و دەڵێـت: یـا عەنیـف کاک عەلـی دێتـە ماڵـی ئێـوە، بـەس زۆر حـەزی لـە نیسـکە شـلەیە. ئێوارەکـەی کاک عەلـی دێـت و نیسـکە شـلە حـازر دەبێـت، مـام عەلـی دەڵـێ: ئـەوە چییـە کێخـوا ژن هەر نیسـکمان هەیـە؟ دایکـم دەڵێـت: وەڵا کاک عەلـی کاک سـەمەد هات و گوتـی: کاک عەلـی حـەزی لـە نیسـکە، مـام عەلـی تـێ گەیشـت و گوتـی: سـەمەد کـەس دەرەقەتـم نەهاتـووە، بـەڵام تـۆ داخـت کـردم.

کاک سـەمەد پیاوێکـی زۆر سـەر ڕاسـت و پیاوانـە و قسـەخۆش و دڵ سـاف بـوو، دوژمنـی قسـە گێڕانـەوە و ناکۆکـی بـوو، لـە نێـوان خەڵکـی ئاوایـی. هەروەهـا یەکێـک بـوو لـە کەسـە خۆشەویسـتەکانی سـماقوڵی و ناوچەکـە، ناعەدالەتـی زۆر پـێ ناخـۆش بـوو.

کاک سـەمەد و خانەوادەکـەی سـاڵی ١٩٧٤ یەکێـک بـوون لـەو خێزانانـەی بـە هـۆی هێرشـی سـوپای عێـراق و سـووتاندنی گونـدی سـماقوڵی دەچنـە گونـدی گورزەییـان لـە وراتـی کۆیـە.

یـا مەلیحـە و کاک سـەمەد ئـەو کاتـی تەنیـا کاکـە ڕەمـەزان و کاکـە عومەریـان هەبـوو، یـا مەلیحـە لـە ڕووبـاری ئاوەڕەشـان لـە بنـاری بەنەباوییـە تاکـە پێڵاوێکـی ئـاو دەیبـات و عومـەری لـە پشـتی خـۆی بـە بەرامپیـل دەپێچێـت و ڕەمەزانـی کوڕیشـی لـە سـەر ملـی خـۆی دادەنێـت

و بە یەک تاکە پێڵاو لە سماقوڵییەوە لە ترسی حکومەتی عێراق بۆ گورزەییان دەڕوا، ئەگەر دایک نەبێت، چ کەسێک دەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات؟ هەزار سڵاو بۆ گشت دایکێکی دڵسۆز.

بەداخەوە ئەو پیاوە جوانە ساڵی ٢٠٠٤ و ئەو ژنە باشەش لە ساڵی ٢٠٠٦ ماڵ ئاواییمان لێ دەکەن و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بە خاک دەسپێردرێن.

درووود بۆ گیانی پاکیان و تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەخوازم.

٣٠ی ئازاری ٢٠٢٤

# مام عەلی، پیاوە بێ دەنگەکەی سماقوڵی سەروچاوە

 

مام علی مام قادر و کاک شوان

هەموو گوندەکانی کوردستان پیاوی باش و بە ئەمەگ و کەسایەتی باشی بێ ئەندازەیان زۆریان هەبوو، سماقوڵییش لەو جۆرە پیاوانە بێ بەش نەبووە. ئەو جارەش باسی کەسایەتییەکی دیکەی سماقوڵی دەکەم. عەلی قادر عەبدولڕەحمان ناسراو بە مام عەلی، یەکێک بوو لە پیاوە جوانانەی سماقوڵی.

مام عەلی، مام سابیر، یا ڕەیحان، یا عائیشە دوو برا و دوو خوشک بوون. یا ڕەیحان خێزانی مام سەعیدی سماقوڵی گرتک بوو، یا عائیشە خێزانی مامە سابیرم بوو.

مام عەلی، ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی سماقوڵی لەدایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ یا فاتمە خدر حوسێن کردووە.

ئـەو خانـەوادەیـە خاوەنـی چـوار منـداڵ بـوون، سـێ کـچ بـە ناوەکانـی: کافیـە خـان، نایلـە خـان و زەکیـە خـان، کوڕێـک بـە نـاوی: کاکـە شـوان، لـە کـوردەواری ئەگـەر یـەک کـوڕت هەبووایـە دەبـووە تاقانـە، هـەر بۆیـەش کاکـە شـوان نازنـاوی تاقانـەی خوشـکەکانی وەرگرتبـوو.

مـام عەلـی کەسـایەتییەکی بێدەنـگ و گـران و سـەنگین و سـەرڕاسـت بـوو، خۆشـەویستی خەڵکـی گونـدی بـوو.

مـام عەلـی پیاوێکـی نیشـتمانپەروەر بـوو، لـە شـۆڕشـی ئەیلـوول بـووە پێشـمەرگە و تـا سـاڵی ١٩٧٤ درێـژەی بـە خەباتـی پێشـمەرگایەتیدا، لـە شکسـتی شـۆڕشـی ئەیلـوول، ماڵـی مـام عەلـی لەگـەڵ ماڵـی کێخـوا عەزیـز، مـام فەتـاح، مـام سـدیق، کاک مەعرووف و چەنـد خانەوادەیەکی دی ڕوو لـە ئێـران دەکـەن، لـەوێ لـە شـارۆچکەی ڕەبەتـی سـەر بـە شـاری سـەردەشـت نیشـتەجێ دەکرێن.

هەمـان سـاڵ لـە وڵاتـی ئێـران دەگەڕێنـەوە بـۆ عێـراق و تەرحیلـی گونـدی نـازم گەرمـە حەسـەن، لـە پارێزگای ناسـڕیە دەکرێن، مـام عەلـی پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ ڕیـش سـپی گوندەکـە، بـە نـاوی شـێخ سـاڵح دروسـت دەکات.

ئـەو خانـەوادە بەڕێـزە تـا سـاڵی ١٩٧٧ لـە ناسـڕیە دەمێننـەوە، ئەوجـا دەگەڕێنـەوە کوردسـتان و لـە شـاری هەولێـر نیشـتەجێ دەبـن، دواتـر دەگەڕێنـەوە بـۆ سـماقوڵی مەڵبەنـدی لەدایکبوونیـان.

مـام عەلـی، پیاوێکـی زۆر ئـارام و هێمـن بـوو، یەکێـک بـوو لـە کەسـە نزیکەکانـی کێخـوا عەزیـز؛ تەنانـەت وەک ڕاوێژکـار وا بـوو، تەگبیـر و ڕێنمایـی باشـی بـۆ دەکـرد. هەروەهـا بـۆ ماوەیـەک کاری ئاشـەوانی لـە ئاشـی حەمـەد بـەگ کـردووە و بووەتـە هاوبەشـی ئاشـی ماڵـی مـام عەزیـز.

مام عەلی پەیوەندی باشی لەگەڵ کێخوا عەبدەی باوک و تەواوی خەڵکی ئاوایی هەبووە، کەسێکی گران و بێ دەنگ بووە، هەر بۆیەش نازناوی پیاوە بێ دەنگەکەی وەرگرتبوو.

مام عەلی وەستایەکی باشی بەرداشی ئاشی بوو، هەروەها وەستای دروست کردنی خانووی لادێ بوو؛ سەلیقەیەکی باش و وەستایەکی باش بوو بۆ دروست کردنی کەندوی ئارد و دروست کردنی سۆپای داران. لە لایەکی دیکەوە لێزانێکی باش بوو لە چاندنی دار هەنجیر، سێو، هەنار و مێوی ترێ.

چێڵ، بزن، گوێدرێژ، هێستر و مریشکیشیان هەبوو، هەروەها مام عەلی ساڵانە گەنم، جۆ، نیسک و نۆکیان بەرهەم هێناوە.

وەک وەفایەک ناوە ناوە مام عەلی سەردانی شێخ ساڵحی لە گوندی نازم گەرمە حەسەن، لە سنووری پارێزگای ناسرِیە، لە باشووری عێراق کردووە، دیارە زمانی عەرەبی و نووسینی عەرەبی بە باشی زانیوە.

بەداخەوە لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و چووە کاروانی نەمرانەوە. هەزار سڵاو بۆ گیانی پاکی مام عەلی و خۆشەویستانی، تەمەن درێژی بۆ کاکە شوان و خۆشەویستانیشی دەخوازین.

یەکی نیسانی ٢٠٢٤

# بەکری مام سەعید، پیاوە بە هێزەکەی سماقوڵی سەروچاوە



بەکری مام سەعید و یا بەدری

سماقوڵی پڕ بووە لە جوامێر؛ مەڵبەندی پێکەوە ژیان و بەرهەم و ماندووبوون و شەونخوونی ئەو جوامێرانە بووە، ئێستا سەدان و هەزاران ڕۆڵەی ئەو گوندە شانازی بە نازناوەکەیانەوە دەکەن و وشەی سماقوڵی بووەتە پاشگری ناوەکانیان.

ئەو جارەش بە کورتی باسی پیاوێکی جوان و بە هەڵوێست و بە ئەمەگتان بۆ دەکەم ئەویش بەکر سەعید ڕەشیدە. کاک بەکر، کاک سلێمان، کاک حامید، یا حەلیم، یا ئامینە، یا عائیشە و یا ئەسمەر خوشک و برا بوون، کاک بەکر ساڵی ١٩٤٣ لە سماقوڵی لەدایکبووە، لە تەمەنی گەنجییەتیدا هاوسەرگیری لەگەڵ بەدریە ئەنوەر سەعدی پێک دەهێنێت و دەبنە دوو هاوسەری دێرینی سماقوڵی.

کاک بەکر و یا بەدری دەبنە خاوەنی نۆ منداڵ، پێنج کوڕ بە ناوەکانی: عەبدوڵڵا، موزەفەر، جەوهەر، سەنگەر و سەفەر، چوار کچ بە ناوەکانی: خێریە، فاتمە، ئەحلام و ئیلهام.

کاک بەکر یەکێک بوو لەو پیاوە دڵ ساف، ڕاستگۆ، بەهێز و بە توانایانەی کە هەمیشە پشتی بە خۆی بەستووە، غەدری لە هیچ کەسێک نەکردووە، غەدریشی لە کەس قبووڵ نەکردووە.

هەر لەگەڵ دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول، جوامێرانە بەشداری شۆڕشی کردووە و بووەتە پێشمەرگە تا شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، وەک هەزاران خەڵکی دی ڕوو دەکاتە ئێران و هەمان ساڵ گەڕاوەتەوە عێراق و تەرحیلی جنوب کراوە، لە قەزای شطرە لە پارێزگای ناسرِیە نیشتەجێ کراون.

کاک بەکر هەر لەو شارە کار دەکات و لە نەخۆشخانەی شطرە دەبێتە چێشتلێنەر، عەرەبییەکی باش فێر دەبێت، دەتوانێت بنووسێ و قسە بکات، هەروەها منداڵەکانی دەچنە بەر خوێندن، بەدریە خانیش عەرەبییەکی باش فێر دەبێت و ڕەگەزنامەی شاری ناسرِیە وەردەگرن، ئێستا مەحەل ولادەیان ناسرِیەیە. ساڵی ١٩٨٤ دەگەڕێنەوە شاری هەولێر و لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ دەبن.

کاک بەکر لە هەمان ساڵ (١٩٨٤) وەک چێشتلێنەر دەچێتە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە شاری هەولێر، بەم شێوەیە درێژە بە کاری چێشتلێنەری دەدات و خزمەتێکی زۆری دکتۆرەکان و کارمەندەکان دەکات، پەیوەندییەکی باش لەگەڵ دکتۆرەکان و کارمەندەکان پەیدا دەکات.

کاک بەکر هیوایەتی باخ و جوانکاری ناو ماڵ بوو، حەزی لە دار و گوڵی هەمەڕەنگ بوو، هەر بۆیەش باخی ناو ماڵەکەی هەمیشە

ناوازە بووە.

ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ی. ن. ک. دەکات، کە ئەو کاتە یەکێتی لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، تا ڕاپەڕینە پڕ شکۆدارەکەی بە هاری ساڵی ١٩٩١.

لە پاش ڕاپەڕینەوە کاک بەکر جارێکی دیکە لەگەڵ کوڕەکانی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هێزی ١١ی سەفین دەبێتەوە پێشمەرگە و درێژە بەو کاروانە دەدات.

لە پاش شەڕی ناوخۆ، ماڵی کاک بەکر دەچنە شاری کۆیە و تا ئێستاش منداڵەکانی بەردەوامن لە پێشمەرگایەتی.

بەداخەوە لە ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد؛ لە گۆڕستانی جمک و بن بێرز لە سەر ڕێگای گوێڕ بە خاک سپێردرا، بەدریە خانیش هەمان گۆڕستانی بە قیسمەت دەبێت.

هەزاران سڵاو لەو پیاوە مەرد و بە ئەمەگە و بەدریە خانی هاوسەری و خۆشەویستانی، هیوای تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەخوازین.

٤ی نیسانی ٢٠٢٤

# کاک مەعرووف، کەسایەتییەکی ناوازەی سماقوڵی سەروچاوە



مەعرووف حاجی عەلی

باس کردن و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ژیاننامەی کەسایەتییەکی ناودار و دەگمەنی وەک کاک مەعرووف، لە کورتە نووسینێکدا ئەستەمە و ئەو مافەی پێنادرێت کە شایەنیەتی، بەڵام بە کورتیش بێت، بە پێویستی دەزانم تیشکێک بخەمە سەر چەند وێستگەیەکی ژیانی ئەم پیاوە مەزنە.

مەعرووف عەلی مەعرووف، ناسراو بە حاجی مارفی حاجی عەلی، ناوبراو لە ڕێککەوتی یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە لە خانەوادەیەکی ناودار، گەورە و زەحمەتکێش لەدایکبووە، خانەوادەی حاجی عەلی خانەوادەیەکی گەورە و بە هێزی

ناوچەکە بوون، کاک مەعرووف کەسایەتییەکی بەهێز، ڕۆشن فیکر، زیرەک و زمانزان بووە، زمانی عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە.

کاک مەعرووف لەگەڵ فاتمە ساڵح، ناسراو بە یا فاتم، هاوسەرگیری کردووە و شەش منداڵیان دەبێت، سێ کوڕ بە ناوەکانی: کاکە دڵشاد، نەوزاد و یووسف، سێ کچ بە ناوەکانی: خاتوو ناهیدە، پەروین و سەروین، کە سەرجەمیان هاوسەرگیرییان کردووە.

ناوبراو یەکێک بوو لە کەسایەتییە خۆشەویست و کۆمەڵایەتییەکانی گوندە جوانەکەی سماقوڵی، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خزم و دۆست و هاوڕێیانی هەبوو، لە هەر گرفت و کێشەیەک خزمانی خۆی پرس و ڕاوێژییان پێ کردووە، جێگای متمانە بووە، پیاوێکی کراوە و شارەزا و کۆمەڵایەتی بووە، هەمیشە جێگەی متمانەی باوکی ڕەحمەتیم و هاوڕێی نزیکی مامە سابیر بووە.

کاک مەعرووف بەشداری لە ڕیزەکانی سوپای عێراق کردووە، لە بەر لێهاتوویی و چاونەترسی و ئازایەتی پلەی (نائب ظابط)ی پێ دراوە، لە کاتی کوودەتای سەربازی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لە ئەرک و فەرماندا بووە، ڕووداوەکانی ئەو کاتەی بە چاوی خۆی بینیوە. پاشان لەسەر بیروڕا و کاری سیاسی، لە ١٥ی ئایاری ساڵی ١٩٦١ ڕیزەکانی سوپای عێراق بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێکانی پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕش و کوردایەتی دەکەن.

وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و بووەتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی کوردایەتی و تا هەرەسی شۆڕش کۆڵی نەداوە، پاشان ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە و ماوەی چوار ساڵ لەو وڵاتە ماوەتەوە.

کاک مەعرووف لە کاتی پێشمەرگایەتی چالاک، ئازا و چاونەترس بووە، جارێکیان لە بۆردوومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق بۆ بارەگای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی زمانحاڵی شۆڕش، لەگەڵ هاوڕێکانی

بەرگرییەکی قارەمانانە دەکەن و فڕۆکەیەکی ڕژێم دەخەنە خوارەوە، ئەم چالاکییە لە ئێزگە بڵاو دەبێتەوە، بەم هۆیەوە خەڵات و ڕێزلێنانیان پێ دەدرێت.

کاک مەعرووف لە شاری تاران سەردانی ئیدریس بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دەکات، پاش گفتوگۆ و ڕاوێژ خۆی و پۆلێک لە هاوڕێکانی لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێنەوە نیشتمان، دواتر خانەنشین دەبێت و لە شاری هەولێر، گەڕەکی سێتاقان نیشتەجێ دەبێت.

کاک مەعرووف و مامۆستا خالید و کاک موحسینی برام زۆربەی شەوەکانی زستان دەهاتن بۆ لای باوکم و یاری کۆنکانیان دەکرد و کاتی خۆشیان بەسەر دەبرد.

کاک مەعرووف لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی ١٩٩١ تا ڕزگارکردنی شاری کەرکووک لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی باشی بینیوە.

لە دوا قۆناغەکانی ژیانی حەز و خولیای کشتوکاڵ و باخداری دەیگەڕێنێتەوە گوندی سماقوڵی، دڵی زۆر بە باخەکان لە سماقوڵی خۆش بوو، خزمەتی ڕەز و باخەکانی دەکرد.

ئەو پیاوە دڵسۆزە لە ١٠ی نیسانی ساڵی ٢٠١٧ لە گوندی سماقوڵی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاک سپێردرا، درووود بۆ گیانی پاکی کاک مەعرووف و یا فاتم و خۆشەویستانی، هیوای تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و خۆشەویستانی دەخوازین.

٤ی ئایاری ٢٠٢٤

# مامۆستا خالید، پیاوێکی باش و بە ئەزموون



کاک خالیدی مام باپیر و یا جەواهێر

سماقوڵی پیاوی جوان، باش، بە ئەمەگ و ڕۆشنبیر و خوێندەواری زۆری لێ پەیدا بووە، مامۆستا خالیدیش یەکێکە لە چینە پێگەیشتووەکانی سماقوڵی.

کاک خالید، گەلاوێژ خان، حەکیمە خان و نەعیمە خان، خوشک و برا بوون، مامۆستا خالید تاقانەی ئەو سێ خوشکانە بووە. خالید عەبدوڵلا ساڵح ناسراو بە خالیدی مام باپیر. مام باپیر لە بنەچەدا ناوی عەبدوڵلا بووە، بەڵام بە باپیر بانگ کراوە و ناسناوی مام باپیری وەرگرتووە.

مامۆستا خالید لە یەکی تەممووزی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندە جوانەکەی سماقوڵی چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و لە تەمەنی ١٧ ساڵی، واتە لە ساڵی ١٩٧٢ لە کاتێکدا کە پۆلی سێی ناوەندی بووە، هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو جەواهێر مەحموود عەلی ئەنجام داوە،

بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەش حەوت منداڵ بووە، دوو کوڕ بە ناوەکانی: وریا و ڕێناس، پێنج کچ بە ناوەکانی: نێرگز، خاتوون، خانزاد، ڕێژین و ڕەنگین.

ساڵی ١٩٦١ چووەتە قوتابخانە و پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە سماقوڵی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٢ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە شاری کۆیە و لە قوتابخانەی باواجی کۆیە پۆلی دووەمی سەرەتایی خوێندووە، دواتر بە مەبەستی خوێندن چووەتە هەولێر و لە قوتابخانەی زەهاوی سەرەتایی درێژەی بە خوێندن داوە، پاشان چووەتە قوتابخانەی ناوەندی سەیداوەی کوڕان، ئینجا چووەتە ئامادەیی پیشەسازی کارەبای کوڕان لە شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی ١٨ مانگ بووەتە سەرباز لە سوپای عێراق. دواتر لە یەکی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٩ بووەتە مامۆستای ئامادەیی پیشەسازی کارەبا لە هەولێر.

ساڵی ١٩٨١ و لە کاتی شەڕی عێراق- ئێران بووەتە سەرباز و بریندار بووە، کاتێکیش چاک بووەتەوە فیراری کردووە و نەچووەتەوە ڕیزەکانی سوپا، بەڵکوو خۆی و خێزانەکەی دەچنەوە زێدی باب و باپیران لە گوندی سماقوڵی.

زستانەکەماڵیان لە خانووی ماڵی سابیری مام سەلیم دەبێت، هاوینەکەش لە گردی قەڵاتێ لە نزیک ماڵی کێخوا عەبدەی باوکم کەپر دروست دەکەن، باوکم وەک برازای خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکات و دەبێتە خۆشەویستی باوکم و خزمانی ئاوایی، زۆربەی شەوەکانیش بە یاری کۆنکان و دۆمینە کاتە خۆشەکانییان بەسەر دەبرد.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ مامۆستا خالید بەر لێبوردنی گشتی حکومەتی عێراق دەکەوێت و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و دەبێتەوە مامۆستای

پیشەسازی کارەبا.

مامۆستا خالید سەرەڕای پیشەکەی خۆی، کە مامۆستایە، کاری بازرگانیش دەکات و دەست بە کڕین و فرۆشتنی کەرەستەی بیناسازی وەک: شیش و چەمەنتۆ دەکات، نزیکەی نۆ کرێکار لە لای کار دەکەن و دەبێتە هۆکاری هاوکاری بژێو و ژیانی ڕۆژانەی کرێکارەکان.

مامۆستا خالید هەر بەو کارانە ناوەستێت، ساڵی ٢٠٠٣ بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج سەردانی مەککەی پیرۆز دەکات و دەبێتە حاجی، جارێکی دیکەش لەگەڵ جەواهێر خانی هاوسەری دەچنەوە مەککە بۆ بەجێ گەیاندنی فەریزەی عەمرە.

ناوبراو ساڵی ٢٠١٤ سەردانی وڵاتی جۆرجیا دەکات و ساڵی ٢٠١٥ سەردانی وڵاتی ئەرمینیا دەکات، ساڵی ٢٠١٧ سەردانی وڵاتی فەرەنسا، ئەڵمانیا و سوید دەکات، ساڵی ٢٠١٨ جارێکی دیکە سەردانی ئەڵمانیا، سوید و فینلەندا دەکاتەوە.

لە ڕێککەوتی یەکی تەمموزی ٢٠١٨ وەک مامۆستا خانەنشین دەبێت، مامۆستا خالید پارچە باخێک لە سماقوڵی دەکڕێت، هاوینان بۆ خۆشی و کات بەسەربردن دەگەڕێتەوە زێدی باب و باپیران و شوێن و مەڵبەندی لەدایکبوون.

هیوایی تەمەن درێژی و تەندروست باشی بۆ ئەو خانەوادە جوانە دەخوازم.

٦ی نیسانی ٢٠٢٤

# حاجی مەحموود و سماقوڵی سەروچاوە



مام حاجی محمودی گەورە

هەمـوو گوندەکانـی کوردسـتان پیـاوی بـە ئەمـەگ، بـاش، جـوان، خانـەدان، کەسـایەتی گـران و سـەنگینی بـێ وێنەیـان زۆر بـووە، دۆڵـی سـماقوڵییش لـەو کەسـایەتییە جوانانـە بـێ بـەش نەبـووە.

حاجـی مەحمـوود سـەعید ناسـراو بـە حاجـی مەحمـوودی گـەورە، یەکێـک بـوو لـە پیـاوە مەزنەکانـی سـماقوڵی. حاجـی مەحمـوود کەسـێکی گـەورە و بـە هەیکـەل و چـوار شـانە بـوو، هەر بۆیـە نازنـاوی حاجـی مەحمـوودی گـەورەی وەرگرتـووە.

حاجـی مەحمـوود، سـاڵی ١٨٩٦ لـە گونـدی سـماقوڵ چـاوی بـە دونیـا هەڵهێنـاوە، ناوبـراو سـێ هاوسـەری بـە ناوەکانـی: یـا خەجیـج، یـا خونچـە و یـا عائیشـە هەبـووە. یـا خەجیـج خەڵکـی کۆیـە بـوو، یـا خونچـە خوشـکی کێخـوا ئەحمـەد بـوو، ئـەو خێزانـە خاوەنـی ١٥ منـداڵ بـوون، شـەش کوڕ بـە ناوەکانـی: مـام عەلـی، کاک ئەسـعەد، کاک عەبدوڵڵا، کاک

عەبدولڕەحمان، کاک نافیز و کاک بایز، نۆ کچ بە ناوەکانی: یا حەلیم، یا حەبیب، یا عائیشە، یا ڕەحمە، یا خونچە، یا زەکیە، یا خانە، یا نەزیف و یا ناجیە.

یا حەلیم خێزانی حاجی سەلیمی سماقوڵی گرتک بوو، یا عائیشە خێزانی سابیری مام سەلیم بوو، یا خانە خێزانی مام حاجی مەجید بوو، یا ڕەحمە خێزانی ئەنوەری مام حەوێزی بوو، یا خونچە خێزانی مام ڕەسووڵ مام حەمەدی بوو، یا زەکیە خێزانی مام زاهیری مامە مینی بوو، یا نەزیف خێزانی کاکە شین بوو، یا ناجیە خێزانی کاک خالیدی حاجی ئەحمەدە.

حاجی مەحموود سەر بە هیچ تایەفە و بەرەبابێک نەبووە، کەچی هەمیشە وەک ڕیش سپی ئاوایی حیسابی بۆ کراوە، لە ڕووی داراییەوە بارودۆخی باش بووە؛ یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی سماقوڵی لەو سەردەمە، هەروەها بزن و چێڵی زۆریان هەبوو، دوو هێستر و مریشکی زۆریشیان هەبوو، لە لایەکی دیکەوە زەوی، ڕەز، باخ و چۆمی ئەسپینداریان زۆر بوو.

مام حاجی مەحموود ساڵانە تووتنێکی زۆری چاندووە، خۆشی ساڵانە تووتنی کڕیوە و فرۆشتوویەتی. مام حاجی یەکێک بوو لەو کەسانەی ساڵانە گرنگی باشی بە تووتن و تەماتە و شینایی داوە، خزمەتێکی زۆری باخ و تووتنی کردووە، هەر ئەوەش بووە ساڵانە تووتنی مام حاجی یەکێک بووە لە تووتنە باشەکان و دەیبردە کۆیە و بە یەکێک لە تووتنە باشەکان هەژمار دەکرا.

مام حاجی یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر کەیفی بە پێشمەرگە و چەکداری نەدەهات، زۆربەی ژەمەکان چوار بۆ شەش پێشمەرگە ڕووی لەماڵەکەی کردووە، مام حاجی بە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی دەگوت: مەلا مستەفا دەرۆزەی نۆ دەوڵەتتان بۆ بکات ئێوە تێر ناخۆن. ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨١ زۆربەی ژەمەکان چوار بۆ پێنج

پێشمەرگەی سۆسیالیست بۆ نان خواردن دەچوونە ماڵیان.
حاجی مەحموود کەسێکی زۆر سادە بووە و باوەڕی بە ئاغا و شێخ و کێخوا نەبووە، بەڵام وەک کێخوا ڕەفتاری کردووە، هەرگیز ڕەنجبەر و خزمەتکاری هەبووە.
حاجی مەحموود پەیوەندی لەگەڵ باوکم، حاجی سەلیم، حاجی مستەفا، مام عەلی، سابیری مام قادری، حاجی حەسەن، حاجی حەیدەر و زۆربەی خەڵکی گوندی زۆر خۆش بووە.
حاجی مەحموود یەکێک بووە لەو کەسانەی زۆر دژی چەوسانەوە و زۆرداری و دووبەرەکی ناو ئاوایی بوو. هەر ئەو هۆکارانەش بوون مام حاجی و کوڕەکانی خۆشەویستی خەڵکی سماقوڵی بوون. ئەو پەیوەندییانە شۆڕ بووەتەوە بۆ خوارەوە و پەیوەندییەکی تۆکمە و ژن و ژنخوازی کەوتووەتە نێوان سەرجەم کوڕ، کچەکان و هەموو لایەک بوونەتە خزم و کەسی نزیکی یەکتر.
مام حاجی مەحموود، ئەو پیاوە مەزنە ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بە خاک دەسپێردرێت.
ئێستاش بەشێک لە کوڕ، کچ و زۆربەی نەوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەیان لە شاری هەولێر و سماقوڵی بەردەوامن.
ئەو خانەوادەیە بە هۆی هەبوونی زۆری کوڕ و کچ و نەوەکانیان، ڕەگ و ڕیشەی بەرفراوانیان هەیە و بوونەتە چەندین خێزانی جوان و پرشنگدار، هیوادارم تەمەنی هەمووان درێژ بێت، ئەو خانەوادانەش هەر بەختەوەر بن.
هەزار درووود بۆ گیانی مام حاجی مەحموود و خۆشەویستانی، تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانی دەخوازین.

٧ی نیسانی ٢٠٢٤

# محەممەد ڕەزا، پیاوە هەست ناسکەکەی سماقوڵی سەروچاوە



هاوڕێ کێخوا عبده ، محمەد رەزا ،احسان کێخوا عبده

پێم خۆشە لە دیدگای خۆمەوە هەڵوێست و هاوڕێیەتی خۆم و کاک محەممەد بخەمە ڕوو. من نامەوێت باسی ژیان و مێژووی کاک محەممەد ڕەزا بکەم، چونکە کاکە مەهدی کوڕی گەورەی کاک محەممەد، زۆر بە جوانی باسی یادەوەرییەکان و مێژووی باوکی کردووە، کە جێگای دەست خۆشییە.

ئەگەرچی هەردووکمان خەڵکی گوندی سماقوڵی سەروچاوەین و خزم و کەسی نزیکی یەکترین، بەڵام لە دوو خێزانی جیاواز بووین. لەوەتەی خۆم ناسیوە کاک محەممەدم وەک خەڵکی سماقوڵی سەروچاوە ناسیوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٤ کە پێشمەرگەی ی. ن. ک. بوو، ئاشنایەتییەکەمان زیاتر دروست بوو.

ئەگەرچی بە تەمەن لێک جیاواز بووین، کاک محەممەد بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، بەڵام هەرگیز تەمەن نەبووە ڕێگر لە پەیوەندی نێوان بەندە و کاک محەممەد.

کاک محەممەد زوو زوو دەهاتە ماڵی ئێمە و سەردانی باوکمی دەکرد، عاشقی دیوەخان و دانیشتنی باوکم بوو. کاک محەممەد پیاوێکی زۆر پاک و تەمیز بوو، هەمیشە ڕیشی دەتاشی، کراو و جەمەدانییەکی جوان و قیتی لە سەر دەنا، کاک محەممەد زۆر گرنگی بە پاک و خاوێنی جلوبەرگ و جەستەی خۆی دەدا.

کاک محەممەد پیاوێکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو؛ دڵ ساف و بێ بوغز بوو، نهێنی پارێز بوو، ڕق و قسەی خەڵکی لە دڵی خۆی نەدەگرت، هەڵبەت قسەزانیش بوو، هەرگیز نەم دیتووە ڕوو گرژ بێت، بەڵام لە هەمان کاتیش پیاوێکی هەست ناسک بوو، بە قسەی ڕەق و ناخۆش ئارامی لە دەست دەدا.

کاک محەممەد زۆر حەزی لە کوردایەتی، شیعر، چیرۆک و سروودی نیشتمانی بوو، هەمیشە کە قسەی لەگەڵ دەکردیت بە کۆپلە شیعرێک وەڵامی دەدایەوە.

زوو زوو دەچوومە ماڵی کاک محەممەد، کە لە دەرگام دەدا، یا نەسرینی هاوسەری، یان منداڵەکانی دەرگایان دەکردەوە، کە دەیزانی بەندەیە دەهاتە دەرەوە و پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکردم، ئەوەش گەورەیەیی ئەو پیاوە ناوازە دەردەخات.

ساڵی ١٩٩١ پێش و ڕاپەڕین، ژمارەیەک کەسی سماقوڵی دەمان ویست بەیەکەوە بڕۆینە سنووری دۆڵی سماقوڵی تا ببینەوە پێشمەرگە، بەڵام لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە شاری هەولێر ڕاپەڕین کرا، بەداخەوە کاکە لوقمانی هاوڕێی قوتابخانەم لەوێ شەهید بوو، بەندەش بە سەختی بریندار بوو.

لە کۆچڕەوەکەی خەڵکی کوردستان لە سنووری حاجی ئۆمەران، خەڵک برسی و هیلاک بوو، دیمەنێکی غەریب و ناخ هەژێن لە سەر سنووری عێراق و ئێران ڕووی لەو میللەتە کرد، کاک محەممەد شیعرێکی بە ناوی قەڵەم نووسی. من ئەو شیعرەم هەمووی لەبەر

بوو، بەڵام دواتر گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی شیعرەکە کرد.

پاش ساڵی ١٩٩١ پێکەوە لەگەڵ کاک تاهیر، کاک مەجید، مامۆستا حوسێن، کاک ڕەحمان حاجی سەعید، کاک یاسین، شەهید فوئاد، کاک فاخیر سوسەیی، کاک مەجید سەعید کاکۆی سماقوڵی گرتک و چەندین پێشمەرگەی دی لە سماقوڵی درێژەمان بە کاروانی پێشمەرگایەتیدا.

کاک محەممەد بۆ ئێمە هەمیشە برا گەورە بوو، وەک کەسێکی خۆشەویست ڕێزی لێ دەگیرا. پاشان لە کەرتی ڕێکخستنی دۆڵی سماقوڵی درێژەی بە کاری حیزبیدا، زۆریش حەزی لە کاری خێرخوازی بوو، چەند کارێکی باشیشی کرد، بەندەش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر بووینە پشتیوانییەکی بەهێز بۆ کاک محەممەد.

پاشان چووە ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە و بەشداریان کرد لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی سنووری شاری کۆیە و ناوچەکە.

ساڵی ٢٠١٨ گەرامەوە کوردستان و لەگەڵ کاک ئیحسانی برام لە شاری کۆیە سەردانی ئەو پیاوەمان کرد، خۆشبەختانە تەندروستی باش بوو، کۆمەڵێک یادگاری ڕابردوومان بۆ یەکتری گێڕایەوە. هەروەها لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٣ جارێکی دی لەگەڵ کاک تاهیر لە سماقوڵی سەردانمان کردەوە، بەڵام بەداخەوە نەخۆشییەکەی ڕێگر بوو، نەمتوانی ڕوخسارە جوانەکانی وەک پێویست ببینمەوە.

کاک محەممەد هیوایەتی بە چاپ گەیاندنی نامیلکە شیعرەکانی بوو، بەڵام هەژاری و کەم دەرامەتی ڕێگر بوون لەم خەونەی، بەڵام پێش کۆچی دوایی بە ماوەیەکی کورت توانی خەونەکە بهێنێتە دی و نامیلکە شیعرەکانی بە ناوی (هاوار) بڵاو بکاتەوە.

ئەگەرچی حەزی دەکرد بیرەوەرییەکانیشی بەر لە مەرگی خۆی چاپ بکرێت، بەڵام نەگونجا و ئەو خەونەی نەهاتە دی، بەڵام کاکە مەهدی کوڕی وەک خەمخۆرێکی باوکی توانی هیوا و ئاواتەکانی کاک

محەممەدی کۆچکردوو بهێنێتە دی، بە بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی کاک محەممەد، لە ژێر ناوی (حەمەد ڕەزا- پێشمەرگە و پیاوە خاکییەکەی دۆڵی سماقووڵی). دەستخۆشی لە کاکە مەهدی دەکەم، کە توانی لە یەکەم ئەزموونی خۆیدا پەرتووکی یادەوەرییەکانی باوکی بڵاو بکاتەوە. ئەگەرچی هیچ شتێک بێ کەموکوڕی نییە، دیسان دەبێت ئێمە شانازی بەو گەنجە جوانەوە بکەین کە جێگای دەستخۆشییە.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت هاوڕێ و هاوبیرم: کاکە محەممەد ڕەزا.

١٥ی ئایاری ٢٠٢٤

# مام حاجی باپیر و سماقوڵی سەروچاوە



حاجی باپیر

سماقوڵییەکان هەمیشە شانازییان بە خۆیان و گوندەکەیانەوە کردووە، چ لە ڕابردوو، یان لە ئێستادا، منیش وەک ڕێزگرتنێک لەو کەسایەتییە جوانانەی گوندەکەمان، پێم خۆشە ئەو بەڕێزە زیاتر بە ئێوەی خۆشەویست ئاشنا بکەم.

ئەو جارەش بە کورتی باسی پیاوێکی جوان و بە ئەمەگتان بۆ دەکەم، ئەویش مام حاجی باپیرە. تەها مستەفا ناسراو بە حاجی باپیر مستی حەلاوێ، باب و باپیرانی خەڵکی شارۆچکەی هیران بوون، لە ڕابردوودا ڕوویان لە گوندی ناودارۆکان کردووە؛ حاجی باپیر ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی ناودارۆکان لەدایکبووە.

لە زەمانی مەلیکی لەگەڵ خانەوادەکەی ڕوویان لە گوندی سماقوڵی گەلی کردووە و لەو ناوچەیە درێژەیان بە کار، توتن و گوڵەبەڕۆژە چاندن داوە، پاش چوار ساڵ مانەوەیان لە سماقوڵی

گەلی، ڕوویان لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە کردووە.

مام حاجی باپیر، باوک و دایکی و خانەوادەکەی لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە درێژە بە ژیانی ڕۆژانەیان دەدەن، لە تەمەنی لاویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ حەلیمە کەریم عەولای خەڵکی شارۆچکەی هیران پێک هێناوە، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە ١٢ منداڵ بووە، دوو کوڕ بە ناوەکانی: محەممەد و شوان، دە کچ بە ناوەکانی: لەیلە، ناسکە، نازەنین، شادیە، نازدار، نیگار، بەهار، چنار، یادگار و ڕۆژگار.

مام حاجی باپیر خانوویەکیان لە سماقوڵی هەبوو، کە کەوتبووە تەنیشت قوتابخانەی ئێستا و پارچە زەوییەکیان هەبوو ناوی گۆرانگە بوو، هەروەها تەلانێکیش بە ناوی مام حاجی باپیر بوو، کە پێی دەڵێن تەلانی حاجی باپیری.

مام حاجی باپیر وەک خەڵکی ئاوایی بە ژیانی ئاژەڵداری، وەک: مانگا، بزن، گوێدرێژ و مریشک، هەروەها کشتوکاڵی، وەک: تەماتە و بەروبوومی هاوینە، بەم شێوەیە ڕۆژانە خەریکی کار بوون.

مام حاجی باپیر یەکێک بوو لە وەستا باشەکان، لە دروست کردنی دیوار و خانووی گوند، شانبەشانی مام حاجی سەعید، مام عەلی، کاک فەتاحی مام کێخوا ئەحمەد و وەستا کەریمی مام حەوێزی. هەروەها زۆریش هیوایەتی لە ڕاوە ئاژەڵی کێوی بوو، ناو ناوە لەگەڵ ڕاوچییەکانی گوند دەچووە چیاکانی سنووری سماقوڵی بۆ ڕاو.

حاجی باپیر هیوایەتی یاری دامە بوو، زۆربەی کات دەهاتە ماڵی ئێمە و لەگەڵ باوکم یاری دەکرد، یان دەچووە سەر قەسری پیاوان بۆ دامە کردن، لەگەڵ مام سەعید، مام جەلالی یا سەفیە، عەلی مام حەسەن و کۆمەڵێک لە دامەچییەکانی گوند.

ساڵی ١٩٨٥ مام حاجی باپیر لە قوتابخانەی سماقوڵی بنەڕەتی تێکەڵاو لەگەڵ کاک حەمەدەمین مام مستەفا، کاک سلێمانی مام سەعید،

حاجی مەلا و کاک ئەمیری مام عەزیزی دەبنە کارگوزار.

دواتر مام حاجی باپیر ڕوو لە شاری هەولێر دەڕوا و لە قوتابخانەی هەژاری بنەڕەتی کوڕان، لە گەڕەکی سێتاقان لەگەڵ مام حاجی سدیق مام سەلیم و چەند کەسێکی دیکە درێژە بە کاروانی کارگێڕی دەدەن. ئێستا مام حاجی باپیر خانەنشینە و لەگەڵ کاکە شوانی کوڕی لە شاری هەولێر دادەنیشێت.

مام حاجی باپیر دۆستایەتی لەگەڵ سەرجەم خەڵکی گوند خۆش بوو، هەموو خەڵکی گوندی ڕێزیان لەو پیاوە گرتووە.

هیوادارم مام حاجی باپیر تەمەن درێژ و تەندروست باش بێت، هیوای بەختەوەری بۆ منداڵ و نەوەکانی دەخوازم.

٢١ی ئایاری ٢٠٢٤

# کێخوا و لادێ



لـە زۆربـەی گوندەکانـی کوردسـتان، ئاغـا و سـەرۆک هۆزەکان فەرمانڕەوایەتـی خەڵکەکەیـان کـردووە، هۆزی زۆر گـەورەش بوونـی هەبـووە، لـە لایەکـی دیکـەوە چەندیـن گونـد و ناوچـەی بەرفـراوان لـە ژێـر چەتـری عەشـیرەتدا بـووە. زۆر گوندیـش شـێخ، کێخـوا، سـەید، ڕیـش سـپی، ئەنجوومـەن و موختـار ڕۆڵـی باڵایـان تێدا گێـڕاوە. دۆڵـی سـماقوڵییش وەکـوو زۆربـەی ناوچەکانـی دی لـەو دیاردەیـە بێ بـەش نەبـووە.

گونـدی گـەورە هەبـووە و چـڕی دانیشـتووانی زۆر بـووە، بەپێچەوانـەوەش گونـدی بچووکیش هەبووە و چـڕی دانیشـتووانی کـەم بووە. هەندێک گوند دوو سێ کێخـوا و چەند ڕیش سـپی و کەسـایەتی هەبـووە، بـە شـێوازی بەرەبـاب، یـان کەسـایەتییەکان نازنـاوی خۆیـان هەبـووە.

گوندەکانـی: زیـارەت، سـولاوکی سـەروو، سـولاوکی خـواروو، بیـرۆکان و نـاودارۆکان، کێخـوا دێ بـوون، کـە لـە ڕووی ئیدارییـەوە سـەر بـە شـاری شـەقڵاوەن.

گوندەکانی: سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سێنان، سماقوڵی گەلی و کرۆژ، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە شاری کۆیەن.
گوندەکانی: زیارەت، سولاوکی سەروو، سولاوکی خواروو، بیرۆکان، ناودارۆکان، سوسێ، سماقوڵی سەروچاوە و سماقوڵی گرتک کێخوا دێ بوون، بەڵام گوندەکانی: سێنان، سماقوڵی گەلی و کرۆژ تەنیا سەیدی لێ بووە. لێرەدا ڕیزبەندی گوند و ناوی کەسایەتییەکان بە نموونە دەخەینە ڕوو.
١-گوندی زیارەت، کێخوا ڕەشە، فەتاحی مام هەینی، حاجی وەسمان و چەند ڕیش سپییەکی دیکە.
٢-گوندەکانی هەردوو سولاوک کێخوا قادر و چەند ڕیش سپییەکی دی.
٣-گوندی بیرۆکان کێخوا بایز، کێخوا ئیسماعیل و چەند کەسایەتییەکی دی.
٤- گوندی ناودارۆکان کێخوا ئەحمەد، حاجی حوسێن و چەند کەسایەتییەکی دی.
٥-گوندی سوسێ کێخوا حەمەدەمین، کێخوا مەعرووف، کێخوا ئەحمەد، کێخوا مەولوود، کێخوا حوسێن، مەلا عەبدی سوسێ،ماڵی مام مەلای فەیزی، حاجی ئەحمەدی سوسێ، حاجی سمایل، مام وەهاب و چەند کەسایەتییەکی دیکە.
٦-گوندی سماقوڵی سەروچاوە کێخوا عەبدە، کێخوا عەزیز، کیخوا ئەحمەد، حاجی مەحموودی گەورە، ماڵی مام حەسەن، مام فەتاح، حاجی عەلی، حاجی مەلا و چەند کەسایەتییەکی دی.
٧-گوندی سماقوڵی گرتک، کێخوا ئەحمەد، حاجی ئەمین، حاجی ئەحمەدی بەرەوە، حاجی ئەحمەدی سەرەوە، حاجی تەها، حاجی ڕەزا و چەند کەسایەتییەکی دی.
٨-گوندی سێنان، سەید ساڵح و سەید حوسێن.
٩-گوندی سماقوڵی گەلی، سەید وەلی، سەید عومەر، سەید مستەفا و چەند کەسایەتییەکی دی.

١٠- گوندی کرۆژ، سەید باوەدین، سەید حەمەد، شێخ مەحموود و چەند کەسایەتییەکی دی.

ئەو کەسایەتییانە هیچ حوکمێکی ئەوتۆیان نەبوو، تەنیا وەک برا گەورە کێشەی ئاواییان چارەسەر کردووە، هەر یەکەیان برا گەورەی بەرەبابێک بووە.

هەڵبەتە هەر کەسێک ڕەز و باخی خۆی هەبووە، ئەگەرچی هەندێک جاریش کاری قێزەون کراوە، چەند کێخوایەک دەوری خراپیان گێڕاوە و خەڵکەکەی لە سەر ڕەز و باخی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر کردووە و بوونەتە هۆی دووبەرەکی و نانەوەی ئاژاوە، هەر بۆیەش تاکوو ئێستا ساردی و نا متمانەیی لە ناو هەندێک خانەوادە هەر ماوە، بەڵام هەر کەسە و ڕیش سپی ماڵی خۆی بووە.

کێشە و کەموکوڕی لە نێوان کەسایەتییەکان ڕووی داوە، تەنانەت کار گەیشتووەتە کاری نەخوازراو و کۆچکردنی هەندێک خەڵک بە زۆرەملێی، وشککردنی ڕەز و باخ، بەڵام ئێستا خەڵک ئاستی وشیاری زۆر باشە و ئەو جۆرە کارانە زۆر کەمی کردووە.

ئەگەرچی ئەو گوندانە لە ناوچەی خۆشناوەتین، بەڵام سەر بە هیچ، تیرە و هۆز و عەشیرەتێک نین. هەر کەسە و سەربەخۆیی خۆی هەیە.

لە پێشوودا ئاستی خوێندەواری لاواز بووە، خەڵک خوێندەواری نەبووە، بەڵام ئێستا جیاوازییەکە زۆرە، دەیان دکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستا و زمانزانی باشمان لێ هەڵکەوتووە، لەبەر ئەوە ئەو کێخوایەتی و ڕیش سپییەتی کاڵ بووەتەوە.

زۆربەی خەڵک هۆشیارە، چینی هەژار گەشەی باشی کردووە، هیوادارم چینی ستەمکار بەرەو نەمان بڕوات.

٢ی شوباتی ٢٠٢٤

# زەماوەندی لادێ




لـە هەمـوو کوردسـتان خۆشـییەکانی ژن گواسـتنەوە؛ زەماوەنـدی لادێ زۆر لێک نزیک بوون، بەڵام هەندێک کەس خۆشی و ئاهەنگەکەی گەرموگوڕتر بووە. دەوڵەمەندی و هەژاریش لـەم بوارەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە، هەروەها لایەنی ئایینیش کاریگەری خۆی هەبووە.

ماڵی زاوا ڕۆژەکەیان دیاری دەکرد، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ڕۆژەکان ڕۆژی هەینی بوو. سـەرجەم خەڵکی ئاوایی بانگهێشت دەکرا، پیاو، ژن و منداڵان جلی جوان و ڕەنگاوڕەنگیان دەپۆشـی، بە تایبەت پۆشـاکی ژنـان زۆر جیـاواز بـوو. تـاس، بسـکۆکە، کرمۆکـە، مێخـەک، چۆچـە، خەزێـم، قەنەفل، مـۆری، مەرجـان، سـێگۆ، خەنـە و کۆمەڵێک شـتی جیـاوازی کـۆن، ئەمـەش ژنەکانـی ڕابـردووی جوانتـر دەکـرد. سـەرەڕای بووکـە خـان، کـە تایبەتمەندییەکانـی زۆر جیـاواز بـوو.



دوو یان سێ حەیوانیان سەردەبڕی، بەگوێرەی ئەوەی چەند کەس داوەت کراون، ژمارەیەک ژن و پیاو بە هەرەوەزی برنج، گۆشت، شلەی بامیە، فاسۆلیا، پەتاتە، یا کولەکەیان ئامادە دەکرد، پیاو لە لایەک و ژن و منداڵ لە لایەکی دی خواردنیان دەخوارد، پاشان چایان دەخواردەوە.

کوڕ، کچ، ژن و پیاو دەستی یەکیان دەگرت و شایی و ڕەشبەڵەکیان ڕێک دەخست، دۆر و زوڕنا، ئەسپسواری لە ناو ئاوایی جمەی دەهات، ئەمەش دیمەنێکی جوانی دەبەخشییە لادێیەکە.

لە ڕابردوو وا باو بوو کاتێک بووک دەهات، بەربووکێک، یان دوو بەربووک یاوەری بووکە خان دەبوون. بە گەیشتنی بووکە خان تێکڕا بەیەکەوە دەیان کردە چەپڵە ڕێزان و کاکی زاوا، یان دایکی زاوا چوکلات و شەکرۆکەی بەسەر بووکە خان هەڵدەدا، بووکیان دەبردە ژوورەوە، ژنێک لە ماڵی زاوا منداڵێکی کوڕیان دەخستە باوەشی بووکە خان، تاوەکوو یەکەم منداڵی نۆبەرەی بووکە خان کوڕ بێ. پاشان خەڵکەکە پیرۆزباییان لە بووکە خان و کاکی زاوا دەکرد.



ئەو ڕۆژە خەڵک نەدەچووە سەر کار، هەموویان دەچوونە سەر زەماوەندەکە بۆ بەسەربردنی خۆشییەکانیان و دڵیان خۆش دەبوو. بەڵام کات بە کات جیاوازی لەو جۆرە ئاهەنگانە هەبووە.

هەر کات و سەردەمێک شێوازەکان جیاواز بوون، هەتا بوونی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت، ئەو هاوسەرگیرییانە و ئەو ئاهەنگانە بەردەوام دەبێت..

یەکی شوباتی ٢٠٢٤

# زەماوەندی سێ بەگا و سماقوڵی سەروچاوە



لـە هەمـوو جیهان هاوسـەرگیری ژن و پیـاو دیاردەیەکـی بـاو و پێویستی ژیانە. لە کوردستان شێوازی هاوسەرگیری جیاواز بوو، ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک، بن پشک، لە بەدەل خوێن و خۆشەویستی دوو کەس و زۆر شێوازی دی. هاوسەرگیری سێ بەگا زۆر دەگمەن بوو، ئەو جۆرە کارانەش بۆ ڕێکخستن و گونجان و تێکەڵاوی زیاتر بوو.

زۆر جار کوڕێک خۆشی لە کچێک هاتووە، خۆشی خوشکی گەنجی هەبووە و کاتی هاوسەرگیری بووە، بەڵام خاوەن کچەکە برای بچووک بووە، کاتی هاوسەرگیری نەبووە و داوای بن پشک کراوە، لەم کاتەشدا هانا بۆ لایەنی سێیەم براوە بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەم کارە.

سێ خێزان بەیەکەوە ڕێک دەکەوتن، بۆ نموونە: عەلی، ئاسۆ و سیامەند.

عەلی بچووکە و ئاسۆ و سیامەند پێگەیشتوون، بۆ ڕێکخستن و تێکەڵاوی زیاتر، سیامەند خوشکی خۆی دەداتە ئاسۆ و خوشکی عەلیش دەدرێتە سیامەند و خوشکی ئاسۆش وەک بن پشک دەدرێتە کاکە عەلی. کاکە سیامەند و کاکە ئاسۆ زەماوەندەکە لە هەمان ڕۆژ ڕێک دەخەن، کاکە عەلیش کە تەمەنی گەیشتە لاویەتی خوشکەکەی کاک ئاسۆ دەگوازێتەوە.

لە سماقوڵی ئێمەش چوار بۆ پێچ حاڵەتی لەم شێوازە ڕووی داوە. هەندێک جاریش لە بەینی سێ گوند بووکە خان ئاڵوگۆڕ کراوە، لای ئێمە بەم جۆرە هاوسەرگیرییە گوتراوە سێ بەگا.

هەڵبەت هەندێک جار ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر کردووە، بەڵام ئێستا ئەو دیاردانە زۆر لاواز بووە؛ تەنانەت بەرەو نەمان دەڕوات.

خەڵک هۆشیارترە، کچ بە شوودان و ژن هێنان ئاسانترە، لە سەردەمی ئێستادا کرانەوەی خەڵک شێوازی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانەی گۆڕیوە.

خودای گەورە لە مردووەکان خۆش بێت، هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەو خانەوادە بەڕێزانە و تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواری دەخوازم.

٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# بووکە بەبارانێ



بووکە بەبارانێ

لــە هەمــوو گونــدەکان ئــەو جــۆرە یادەوەرییانــە هەبــووە، هەر شــوێنێکیش بەگوێــرەی دابونەریتــی خــۆی. ســماقوڵییش لــەم جــۆرە یادەوەرییانە بێ بەش نەبووە. ساڵانە لە کاتی درەنگ باران بارین، بــە تایبەتــی لــە وەرزی پاییــزان، واتــە لــە مانگــی تشــرینی یەکــەم و تشـرینی دووەم، خەڵک زۆر بێزار دەبوون و دڵیان تەنگ دەبوو، بە تایبەت جووتیارەکان، ناچار کۆمەڵێک گەنج و منداڵ کۆ دەبووینەوە، ئێواران بە کۆڵاناندا دەڕۆیشتین و لە دەرگای ماڵانمان دەدا، جار جار بڵندگۆیەکـی بچووکمـان پـێ بـوو، بـە دەنگـی بـەرز هاوارمـان دەکـرد: «هەیـاران و مەیـاران یـا خـودا بیکەیتـە بـاران بـۆ فەقیـر و هەژاران»، یاخـود بووکـە بـە بارانـە، کولتوورەکـەش ئـاوا بـوو:

دوو کەس بە جلی سـەیر سـەیر خۆی نمایش دەکرد، تا گوزارشت

لە بووک و زاوا بکەن. زۆر جار دۆر و زورناشی تێدا بەکار دەهات. بە زاوایان دەگوت: کۆسە، تەپڵیان لێ دەدا، یەکێکیش دەبووە پارە وەرگر و منداڵی گوندیان لێ خڕ دەبووەوە! بۆ هەرماڵێک بچوونایە دەبووایە تەنەکەیەک ئاو، یان سەتڵێک ئاو، بە بووکەکە دابکەن، ناوە ناوەش بووکەکەیان لە کۆسە دەدزی، لەو کاتە کۆسە دارێکی گەورەی لەلا بوو، وەردەگەڕا بەرمیل، تەنەکە، کووپە و کوندەی ماڵانی دەکوتا و دەیکردە تەقەتەق و بە ناچاری بووکەکەیان دەدایەوە!

زۆر جاریش خاوەن ماڵ چوکلات و شەکرۆکە و چەند پارە خوردەی وەک: دە فلس، نیو دەرهەم و یەک دەرهەمیان بە سەر خەڵکەکە هەڵدەدا، هەموویان بە یەکەوە شیرینی و پارەکانیان کۆ دەکردەوە. هەندێک کەسیش ئەگەر بارودۆخی دارایی باشتر بووایە، ئەوا پارەی زیاتری دەبەخشی، ئەو کات زۆر خۆش بوو، لەزەتی زۆرمان لەوە وەردەگرت.

ئەگەر کەسێک دەنگی خۆش بووایە، زیاتر دەبووە پێشەنگ و سەرپەرشتی ڕێکخستنی شەوانی بووکە بە بارانێی دەکرد، هاواری دەکرد: «بووکە بە بارانێ، ئاوی بن دەغرانێ، سەعاتی جارانێ»، یان هاوار دەکرا: «هەیاران و مەیاران، یا خودا بیکاتە باران بۆ فەقیر و هەژاران»، مندارەکانی گوندی هەموو بەیەکەوە دووبارەمان دەکردەوە، زۆر لە گەنجانی گوندی بە گەرمان دەکەوتن و دەبووە گرووپێکی گەورە.

ئەو کولتوورە لە کۆنەوە هەبووە، بە باوەڕی خۆیان بەو هەیارانە باران دەبارێت!

خەڵکی بیر تیژ و عاقڵ، گاڵتەی بەوە دەهات، چونکە دەیگوت بە خودای خودا زۆر بە ڕۆحمە، دەزانێت ئێمە هەر ئەوەندەی لێ دەزانین، چونکە بە هاوار کردن و دەهۆڵ ژەنین هەرگیز باران نابارێت.

له کۆنەوە نوێژی بارانەمان هەبووە، خەڵکی ئاوایی گەورە و گچکە، دەچوونە دەرەوەی گوند، مەلا پیاوانی بە تەمەن و هەمووان نوێژیان دەکرد، دواتر ئاژەڵێکی گەورەیان دەکوشتەوە، خاوەن ئاژەڵەکان یەکی مەڕێکیان دەهێنا و لە لای مزگەفتێ دەیان کوشتەوە و دەیان کردە سەدەقە بۆ باران بارین و گۆشتەکەش دەکرا بە خێر و بە سەر خەڵکی ئاوایی دابەش دەکرا.

بەڵام ئەو هەیاران و مەیارانە و بووکە بەبارانییە لە کۆنەوە لە ناو کوردەواری هەبوو، ئێستا نەماوە، هەرچەندە بارانیش کەم بووە.

۲٤ی کانوونی دووەمی ۲۰۲٤

# سماقوڵی سەروچاوە و جۆگە مار



کاک علی ، کاک تحسین ، هاوڕێ سماقوڵی

سماقوڵی چۆم و ڕەز و باخێکی زۆری هەبوو، پشتی بە ئاوی کانیاو و جۆگەکان بەستبوو. سماقوڵی سێ جۆگەی گەورە و ڕووبارێکی لە خۆگرتووە. خەڵکی گوند بۆ ئاودانی چۆم، ڕەز، باخ و شینای پشتی بەم جۆگەنە بەستووە.

لە پێش ڕاپەڕین خەڵک گرنگی زۆری بە دار ئەسپیندار، تووتن، تەماتە، ماش، گەنم، جۆ، نیسک، نۆک و شتی دیکە دەدا، دوای ڕاپەڕین خەڵک گرنگی زۆری بە دار سێو، هەنار، ترێ، قەیسی، خۆخ و شتی دی داوە، بە هۆی کەم بوونی ئاو خەڵک کەمتر شینایی دەکەن، وەک: تەماتە، تووتن، گوڵەبەڕۆژە و شتی دی.

سێ جۆگە و ڕووبارێک لە سماقوڵی بوونی هەیە، هەر جۆگەیەک بۆ چەند ناوچەیەک (جۆگەی پلەی، جۆگەی مەیدانێ و جۆگەی ئاشی

حەمەد بەگ) دابەش بووە، کە سێ جۆگەی گرنگن و خەڵکی گوندی پشتی پێ دەبەستن، بەڵام جۆگەی پلەی درێژترینیانە و زۆرترین خەڵک پشتی پێ دەبەستێت.

هەر سێ جۆگە لە ناو گوندەوە دەست پێ دەکات و هەر یەکەی لە شوێنێک کۆتایی پێ دێت.

١-جۆگەی ئاشی حەمەد بەگ، ئاشە گچکەل، فەقێ تایەر، ئاشی حەمەد بەگ، عەمبارە، مێرگی حەمەکە، بانی توان، مام جافر، نێرگجار، مۆرەتا و چەند شوێنێکی دی.

٢-جۆگەی پلەی، ئاشی گەورە، چۆمی مەلا عەبدەی، مام جافر، گردی ترێ، سماقان، بەکربەگ، دۆری ئاشان، لەقلەقان، شێخە جۆیلە و چەند شوێنێکی دی.

٣-جۆگەی مەیدانێ، ئاشە گچکە، چناران، قورە ڕەش، مەیدانێ، تاراوان، گۆری مارە خەراتان، داری وەشەنێ و چەند شوێنێکی دی.

٤-ڕووباری گەورە،ماڵی کاک بەکر، ئاشی جومهووری و چەند شوێنێکی دی.

ساڵانە ئەم جۆگەیانە دوو بۆ سێ جار جۆگەماری پێویست بوو، بە هۆی پیس بوونیان بە قەوزە، گوو بۆق، کوزەرە و چەندین گیاوگۆری دی. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە جۆگەکان بە شێوازی سندووقی چەمەنتۆ کراون، ئەم کارەش لە لایەن ڕێکخراوی فاوەوە ئەنجام درا و هاوکارییەکە گەیەندرایە سماقوڵی، ئەم شێوازە جۆگەیە جۆگەماری زۆر پێویست نییە، دەتواندرێت باشتر سوود لە ئاوەکان وەربگیرێت، دیارە ئێستا ئاوی جۆگەکان زۆر کەمی کردووە، هەرچەندە ئاوەکان کەمیان کردووە، بەڵام بە هۆی میراوەوە تا ئەندازەیەک دەتواندرێت بە دوو تا سێ هەفتە خەڵک بۆ ئاودانی ڕەز و باخ سوود

لـە ئاوەکـە وەربگرێت.

بـەو هیوایـەم بەفـر و بـاران زیاتـر ببارێت، کانیـاوەکان بـە باشـی بژیەنـەوە، گونـدەکان باشـتر ئـاوەدان بکرێنـەوە، سـامانی ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵی بگاتـە ئاسـتێک دڵـی هەمووومـان خـۆش بـکات.

١٣ی شوباتی ٢٠٢٤

# ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پێویستییەکانی ژیان

سماقوڵی بە نموونە



لە سالانی ڕابردوو سەرجەم گوندەکانی کوردستان جمەی دەهات، خەڵکێکی زۆر و بێ وێنە لە گوندەکانی کوردستان دەژیان، سامانێکی زۆری کشتوکاڵ و پەلەوەر و ئاژەڵیش بوونی هەبوو.

دۆڵی سماقوڵی و سماقوڵی سەروچاوە، وەک سەرجەم گوندەکانی دی کوردستان بێ بەش نەبووە لەو جوانی و ئاوەدانییە.

بەڵام بەداخەوە دوای شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی، ئاوەدانی سماقوڵی لە گەشەکردن وەستا، سووتانی خانووەکان، کوژرانی خەڵک، بڕینی باخ و جێ هێشتنی زۆربەی خەڵکەکەی بۆ شارەکان و بوونی بنکەی سەربازی لە سەر لووتکە شاخەکان، بەداخەوە ئەو تارماییە تا ئێستاش ڕەنگدانەوەی خراپی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە.



له ڕابردوو و له ئێستاشدا سماقوڵی قوربانی حکومەته جیاوازەکانی عێراق و له دواتریشدا کێشەی دوو زۆنی بەرۆکی ناوچەکەی بەرنەداوە.

١-له ڕابردوو ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ ماڵی لێ بوو، ئێستا ٤٦ ماڵی لێیە.

٢-له ڕابردوو ٧ بۆ ٨ مێگەلی ئاژەڵی لێ بوو، هەر مێگەلێک ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ بزن دەبوو، بەڵام ئێستا تەنیا ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ سەر بزن بوونی هەیە.

٣- له ڕابردوو ١٦٠ بۆ ٢٠٠ مانگای لێ بوو، بەڵام ئێستا ٣٠ بۆ ٤٠ چێڵی لێیە.

٤-له ڕابردوو هەموو ماڵەکان گوێدرێژ، یان هێستری هەبوو، بەڵام ئێستا بە هەموو ١٠ گوێدرێژ و هێستریان نییە.

٥-لە ڕابردوو هەموو خەڵک گەنم، جۆ، نۆک، نیسک، ماش و چەندین دانەوێڵەی هەبوو، بەڵام ئێستا هەموومان خەون بەم شتانەوە دەبینین.
٦-لە ڕابردوو زۆربەی کانی و جۆگەکان، ئاوی سروشتی پێدا دەهات و دیمەنێکی جوانی بە ناوچەکە بەخشیبوو، بەڵام ئێستا پشت بە بیری ئاوێ دەبەستین.
٧-لە پێشوودا پێویستمان بە میراو نەبوو، بەڵام ئێستا لە هاوینان میراومان پێویستە بۆ ئاودانی باخەکانمان.
٨-پێشتر هەموومان تەماتە، بامیە، لۆبیا، توتن، ماست و زۆربەی شتمان دەفرۆشت، بەڵام ئێستا هەموومان بووینە بە کڕیار.
٩-لە ڕابردوو خەڵکی لادێ هەمووی نیشتەجێ و خانەخوێ بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی خەڵک ڕۆژانی هەینی و شەممە دەچنەوە لادێ بۆ بەسەربردنی کات.

بەراوردی ئێستا بەرامبەر بە پێشوو جیاوازە و زۆر گۆڕاوە، زۆربەی شتەکان لە کورتی داوە و بەرەو نەمان ڕۆیشتووە، دەبێت دەسەڵاتی خۆمان چ وەڵامێکی بۆمان هەبێت؟

١٠ی شوباتی ٢٠٢٤

# ماچی بێ کۆتایی



لە ڕاستەوە: خۆم، دێنێ، ڕێبین، هاوژیر، هاوبیر، دێهان

هەندێک شت هەیە، پارە ناتوانێت بیکڕێت، چی لە پارە بەنرختره بۆ تۆ؟

من و خێزانم کارمان دەکرد، شەش منداڵمان پەروەردە دەکرد، هەموو هەفتەیەک نیگەران بووم، کە ئایا دەتوانین بژێوی ژیانی منداڵەکان دابین بکەین؟ ئێواران من و منداڵەکان کەمێک کاتمان پێکەوە بەسەر دەبرد، بەڵام ئەوان هەستیان بە فشاری دەروونی من دەکرد، هەرچەندە هەوڵم دەدا لێیان بشارمەوە، بەڵام بێ سوود بوو، شەوێک پێکەوە دانیشتبووین و چیرۆکێکم بۆ دەخوێندنەوە، چیرۆکەکە

باسی خێزانێک بوو، کە هەموو شتێکیان هەبوو... ئۆتۆمبێلی نوێ،ماڵێکی جوان، خانوویەکی گەورە و سامانێکی زۆر، ژیانێک کە زۆر لە ئێمە دوور بوو، فرمێسک بە چاوەکانمدا هات و لە منداڵەکان دوور کەوتمەوە، چونکە نەمدەویست بەم شێوەیە بمبینن.

یەکێک لە منداڵەکانم زۆر ژیر و عاقڵ بوو، هەستی بە من دەکرد، کە لە چ دۆخێکدام، کوڕەکەم وا دیار بوو بیری منی خوێندبووەوە، دایکیان خەمی زۆر دەخوارد و دڵی زۆر توند بوو، کوڕەکەم چووە لای دایکی و گوتی: «دایکە دڵی خۆت توند مەکە، خەم مەخۆ، ڕەنگە ئەم خێزانە شتێکی زۆریان هەبێت، سەروەت و سامانی زۆریان هەبێت، بەڵام دەزانی ئێمەش زۆر دڵ خۆش و دەوڵەمەندین.»

سەیرم کرد و بە تەواوی تێ نەگەیشتم مەبەستی چییە، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «ڕەنگە زۆرمان نەبێت، بەڵام یەکترمان هەیە و یەکترمان خۆش دەوێت، پارە و سەروەت و سامان ناتوانێت ئەوەمان بۆ بکات کە ئێمە هەمانە».

زەردەخەنەیەکم کرد و گوتم: «با ماچی بێ کۆتاییت بکەم»، تا ماوەیەکی زۆر ڕوومەتیم ماچ کرد. بێگومان خۆشەویستی و تەبایی گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە. ئەم ماچە بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت، هەمیشە و هەمیشە بەختەوەر دەبین، سڵاو لە خێزانی بەختەوەر و خۆشبەخت.

١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# مەلای گوندی و وتاری هەینی



دابونەریتی ئایینی لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری وایە، کە ڕۆژی هەینی داهات، خەڵک بە کۆمەڵ دەچێتە مزگەوت، هەم بۆ نوێژ و هەم بۆ گوێگرتن لە وتاری هەینی. لە گوندی سماقولێیش وەک هەموو ناوچەکانی دی، لەم دابونەریتە ئایینییە بێ بەش نەبووە.

ڕۆژی هەینی هات، خەڵک بە کۆمەڵ ڕووی لە مزگەوت کرد، بە مەبەستی گوێگرتن لە وتاری هەینی، کە ڕوکنێکی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە. وتاری مامۆستا لە سەر نوێژنەکەر و درۆزن بوو. مام حین و مام عین، لە تەنیشت یەک بوون، مام حین بە درۆزن مەشهوور بوو، مام عین بە نوێژنەکەر مەشهوور بوو، مامۆستا بەردەوام بوو لە وتاردان و لە ناکاو مام حین بە مام عینی گوت: ئەوە مامۆستا لەگەڵ من و تۆیەتی، چونکە من مەشهوورم بە درۆزن و تۆش مەشهووری بە نوێژنەکەر.

مام حین گوتی: مامۆستا تۆ لە وتاری خۆت بەردەوام بە، سەد وتاری دیکەش بدەیت من درۆی خۆم پێ تەرک ناکرێت، مام حین گوتی: خۆزگە درۆ زەنگوڵە دەبوو، لە ملی خەڵکیدا دەبوو. ئەوجا دەمزانی ڕۆژێ چەند کەس درۆ دەکات، بەس ناوی من بەدە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، درۆ ئەوەندە زۆر بووە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ، بەشێکی بەرفراوان درۆی هەڵبژاردووە لە جیاتی ڕاستی.

درۆ ماڵت وێران دەکات و لە ناوت دەبات، بەڵام ڕاستی تاڵە و بەری شیرینە..

٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# مام حەمەد و کلکی بزنێ



چیرۆکەکانی ژیان بەردەوامە و ناوەستێت، ڕۆژێک لە ناوچەی خۆشناوەتیدا مام حەمەدێک هەبوو، بە بەردەوامی حەزی لە گەشت بوو، مام حەمەد ویستی بۆ دەشتی هەولێر سەفەر بکات، مام حەمەد ئەو جارە پێی باش بوو بەر لە سەفەرەکەی پرسیار و ڕاوێژ بکات.

مام حەمەد چووە لای مام حەیدەر و گوتی: مام حەیدەر دەمەوێت سەفەر بۆ دەشتی هەولێر بکەم، هاتووم لێت بپرسم بزانم باران دەبارێت؟ یا نا؟ مام حەیدەر بە مام حەمەی گوت: من ئەوەندە لە کەشوهەوا نازانم، بڕۆ بۆ لای مام شوان، ئەو باشتر دەزانێت.

مام حەمەد سەری خۆی هەڵگرت و چووە لای مام شوان، سەلامی کرد و گوتی: مام شوان، من هاتووم بۆ لای تۆ، دەمەوێت سەفەری دەشتی هەولێر بکەم، پێم بڵێ باران دەبارێت؟ یا نا؟ مام شوان گوتی: ئێمە کەشوهەوامان بە ئاژەڵەکانمان تاقی کردووەتەوە،

تەماشای کلکی بزنێ بکە، ئەگەر کلکی بزنێ قیت و ڕاست بوو، بڕۆ و ناوی خودای لێ بهێنە و سەفەری خۆت بکە، ئەوە باران ناباریت، ئەگەر کلکی بزنێ شۆڕ بوو، ئەوە باران دەباریت.

مام حەمەد چووە ناو ئاژەڵەکان و تەماشای کردن، هەموو بزنەکان کلکیان قیت و ڕاست بوو، مام حەمەد دڵی زۆر خۆش بوو، کە زانی بزنەکان کلکیان قیتە و سەفەرەکەی خۆی دەست پێ کرد.

مام حەمەد ڕێگای دوورودرێژی بڕی و چوار بۆ پێنج کاتژمێرێک بە ڕێگادا ڕۆیشت، لە ناکاو هەورێکی ڕەش و تیری هێنا و کردییە با و باران، زریانێک هەر ماشەڵڵای دەویت، مام حەمەد هەموو گیانی بووە ئاو و لە کولە مەرگی ڕزگاری بوو.

مام حەمەد گوتی ئای حەمەد چیت لە خۆت کرد؟ تا نەخشە کێشت مام حەیدەر بێت و ڕاوێژکارت مام شوان بێت و ڕێ نیشاندەرت کلکی بزنێ بێت، حاڵت لەمە باشتر نابێت.

بەداخێکی زۆرەوە زۆربەی ڕاوێژکارەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە، عەقڵیان لە عەقڵی مام شوان باشتر نییە، بۆیە حاڵمان بەم ڕۆژە گەیشتووە.

٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# دوو پێشمەرگە



دوو پێشمەرگە

وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ گەرمەی شۆڕش و خەبات بوو، گوندێکی زۆر ئاوەدان بوو، ڕۆژ نەبوو خەڵکی گوند بێ میوان بێ، سروشتی پێشمەرگەکان وا بوو، ئەگەر پۆلێک، یان دەستەیەک بوونایە پێکەوە و بە کۆمەڵ نەدەهاتن، هەموو کات کە دەهاتنە ناو گوند دوو دوو ڕیز دەبوون، ئەوجا دەهاتنە ناو ئاوایی. گوندنشینەکانیش هەر کەسە و بە کاری خۆیەوە خەریک بوو، زۆربەی کات بەر دەرگای مزگەوتەکان لە خەڵکی بەتەمەن جمەی دەهات، لەوێ دادەنیشتن و خۆیان بە بەر تیشکی خۆر دەدا و تەزبیحاتیان دەکرد، هەر کەسە و شتێکی ڕابردووی خۆی دەگێڕایەوە، بەم شێوەیە مەجلیسیان گەرم دەبوو.

کاتێک دوو پێشمەرگە هاتنە ناو گوند و لە مزگەوت نزیک بوونەوە، ڕەوە سەگ پەلاماری پێشمەرگەکانیدا، ئەو سەگانە زۆر بەو

پێشمەرگانە وەڕین. هیچ کەسێک لەو پیاوانەی بەر دەرگای مزگەوت سەگەکانیان پێ پاس نەکرا، تا سەگەکان دوور بخەنەوە و هاوکاری پێشمەرگەکان بکەن. پێشمەرگەکانیش لە ناو خۆیان کەوتنە گفتوگۆ، یەکێک لە پێشمەرگەکان زۆر تووڕە بوو، بە هاوڕێیەکەی خۆی گوت: «جا وەرە خەبات بکە، ماندوو بە، تێ بکۆشە و بۆ ئەو میللەتە خۆت بە کوشت بدە، کەچی ئەوان سەگمان لێ پاس ناکەن».

هاوڕێیەکی دی زۆر هێمن بوو، گوتی: «ڕۆڵە ڕاستە ئێمە خەبات دەکەین، تێ دەکۆشین و خۆشمان بە کوشت دەدەین، بەڵام خەباتەکەمان بە ناوی میللەتە، گوێ مەدەیە».

جا لەوەتەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوونی هەیە، هەر بە قسەی خۆیان کردووە، هەرگیز گوێیان نەداوەتە میللەتی داماو، بۆیە حاڵمان بەم ڕۆژگارە گەیشتووە.

٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢

# سماقوڵی سەروچاوە و ئەنفالی ماینەکەمان



وشـەی ئەنفال لـە نـاو کۆمەڵگـەی کـوردی وشـەیەکی قێزەونـە، چونکە هەزاران ڕۆڵـەی ئـەم گەلـە ئەنفال کران. ماینە ڕەشـی ئێمـەش لـە ئەنفال کـردن بـێ بـەش نەبوو، چونکـە چیرۆکەکـەی زۆر تایبـەت بـوو. سـاڵی ١٩٨٨ پاش خاپوور کردن و سـووتاندنی خانووەکانی سـماقوڵی و چـۆڵ کردنـی گوندەکە، تاڵانی دەسـتی پـێ کـرد، هـەر لـە کەلوپەلـەوە بیگـرە تـا دەگاتـە ئـاژەڵ و مریشـک، تەنانـەت ڕەز و باخەکانیـش وشـک بوون. لـەو نێوەدا ماینە ڕەشـەکەی ئێمـەش بـەر شـاڵاوی ئەنفال کـەوت.

زەمەن تێپەڕی و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستی پێ کرد، مانگێکیشی نەبرد کۆچڕەو دەستی پێ کرد، دواتر و بە تایبەتی لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ بارودۆخەکـە ئاسـایی بـووەوە، ڕۆژێـک کاک عەبدوڵـڵای سـمایل عەرەبی کۆیە، هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، هاتە ماڵمان و گوتی: ئیحسـان ماینە ڕەشـەکەتانم دۆزییەوە، وا لـە شـێخەڵڵای هەولێری لای کەسـێکە و لـە بن عارەبانەیە.

باوکم و براکانم متمانەیان نەبوو، گوتیان: چۆن دەبێت؟ ئەو ماینە ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال کراوە، خودا دەزانێت کێ بردوویەتی. ڕۆژی دواتر کاک عەبدوڵڵا و ئیحسان چوونە بازاڕ و هاتنەوە، ئیحسان گوتی: بابە عەبدوڵڵا ڕاست دەکات، ماینەکەی ئێمەیە، باوکم گوتی: ڕۆڵە ئەوها نابێت، ئەو کابرایەی ماینەکەی لە لایە، کڕیویەتی و کابرایەکی هەژارە. دەبێت چەند کەسێک وەک شایەتحاڵ بچن و شایەتی بدەن و بەڵگەی بەهێزمان لەبەردەستدا بێت.

ئەوە بوو کاک ڕەحمانی حاجی سەعید، کاک تەحسین، کاک فریاد، کاک ئیحسان، کاک عەبدوڵڵا و کۆمەڵێک کاکی دی بوونە شایەتی ماینەکەی ئێمە، ڕۆژێکیان دیاری کرد و پێنج مەلا و پازدە شاهید و ماین کڕەکە لە ماڵی خۆمان مەجلیسێکی گەورە پێک هات. مامۆستایەکان پرسیاریان لە کڕیارەکە کرد، خولاسە چوار دەستی کردبوو، ماین چووبووە دووزخورماتوو، لە گەرمیانەوە هاتبووە هەولێرێ.

لە ڕووی شەرع و شایەتەوە، ماینە ڕەش بووەوە ئی ئێمە. خاوەن عەرەبانە گوتی: من هیچ کێشەم نییە، مادام ١٥ شاهێد و شەرع دەتانداتەوە، من دەتاندەمەوە بەس هەندێک خەرجیم لێ کردووە، پارەکەم بدەنەوە و ماینەکە ببەنەوە. باوکم گوتی: چەند پارەت لێ خەرج کردووە؟ کابرا گوتی: ٢٥٠ دینار، باوکم گوتی: فەرموو، ئەوە ٣٥٠ دینار، با ١٠٠ دینار زیاترت پێ بدەم.

ماینمان بردەوە سماقوڵی و گوند ئاوەدان بووەوە، ڕۆژگار سووڕا و شەڕی ناوخۆ دروست بوو، ساڵی ١٩٩٦ دیسان خانووەکانمان سووتانەوە و باخەکانمان بڕانەوە، ماینە ڕەشیش دیسان بە دەستی هێزەکانی ناوخۆ ئەنفال کرایەوە.

ئەو جارە ماین ڕۆیشت و نەماندیتەوە و بووە بەڵاگێڕی هەمووان.

ئینشائەڵڵا هیچ کاتێک ناخۆشی ڕوو نادات و ژیان بۆ هەمووان ئارام و ئاسوودە دەبێت.

٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

# مام حاجی کاکۆل، پیاوە ناوازەکە!



مام حاجی کاکۆل

کاتێک باسی مێژووی کەسایەتی گوندەکان دەکەیت، ناتوانیت باسی جوامێری ئەو کەڵە پیاوە نەکەیت. مام حاجی کاکۆل مێژوویەکی زێڕین و پرشنگداری هەیە، ناتوانیت لە پەرەگرافێکی ئاوا بچووک حەقی خۆی بدەیتێ.

مام حاجی، ساڵی ١٩٠٧ لەدایکبووە، لە بنەڕەتدا باوکی مام حاجی کاکۆل خەڵکی کۆڕێی نزیک شارۆچکەی پیرمامە و لە عەشیرەتی شێخانن، پتر لە ١٠٠ ساڵە ڕووەو گوندی کاولۆکان هاتوون، لە نێوان پیرەر و تەکەوڵ.

مام حاجی کاکۆل، پیاوێکی گران و خاوەن کەسایەتی بووە، تاکە خانەوادە بوون کە لەم گوندە ژیاون. خاوەنی دیوەخان و ڕەنجبەر و میوانێکی زۆر بوون. مام حاجی کاکۆل خاوەنی چوار ژن بووە، ژمارەیەک کوڕ و کچی هەبووە، لە ناو خانەوادەکەیان زیاتر لە ٥١

کەس بوون، بەم جۆرە بوونە بە کاریگەرترین خانەوادەی ناوچەکە.
مام حاجی کاکۆل شەش کوڕی بە ناوەکانی: کاک ڕەحمان، کاک ئەکرەم، کاک نەریمان، کاک نامیق، کاک نافیز، کاک کامەران هەبووە.

ماڵی مام حاجی کاکۆل زیاتر بە ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون، زیاتر لە ٥٠٠ سەر مەڕ، بزن، مانگا، هێستر و سەگیان هەبووە. هەروەها زەوییەکی زۆر و ڕەزی ترێ و کەمێکیش باخیان هەبوو، زستانان لە ناو گوندی کاولۆکان درێژەیان بە ژیان داوە، هاوینان چوونەتە هاوینە هەواری کانی لاسەی و ڕەشماڵێکی زۆریان هەڵدەدا و ژیانی هاوینەیان لەوێ بەسەر دەبرد، واتە: ماڵی مام حاجی کاکۆل بە کشتوکاڵ و جووتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون. بەو پێیەی مەڕ و ئاژەڵی زۆریان هەبوو، شوانیان هەبوو، منداڵەکانی خۆشی و ژنەکانیان هاوکار و پشتیوانییەکی بەهێزی مام حاجی بوون.

ساڵانە مەڕ و بزنیان دەبڕییەوە، ژنەکانیان وەک شێرە ژن، ئەو موو و خورییەیان بەکار دەهێنا بۆ دروست کردنی مافووری جوانی ڕەنگاوڕەنگ، لباد، دۆشەک، لێف و چەندین شتی دیکە. هەروەها گۆزە، مەشکە، کوندە و چەندین شتی دی فۆلکلۆری کوردەوارییان دروست کردووە. لە لایەکی دیکەوە ماست، پەنیر، کەشک، لۆر، قەیماغ و داندۆکیان بە بەردەوامی هەبووە.

مام حاجی کاکۆل، لە سەردەمی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم زیندانی کراوە.

ئەو کەسایەتییە ناسراوەی ناوچەکە، ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی لەگەڵ باوکم دروست دەکات و وەک برایان لێ دێ، ئەو برایەتییە تا ئێستاش لە نێوان ئەو دوو خانەوادەیە بەردەوامە.

مام حاجی کاکۆل، پیاوێکی نوورانی و ئایین دۆست بووە، بۆیە ساڵی ١٩٦٨ فەریزەی حەج بە ئەنجام دەگەیەنێت.

ئەو پیاوە بەڕێزە، شۆڕش و پێشمەرگەی زۆر خۆش ویستووە، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا، لە ڕێگای عەلی عەبدوڵڵای جێگری سەرۆکی

پارتی لە ماڵی کاکە زیاد بە دیدەنی مەلا مستەفای سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان شاد دەبێت.

کاتێک شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ١٩٧٥ تووشی هەرەس دەبێت، منداڵەکانی تێکەڵاوی شۆڕشی نوێ دەبن، کاکە کامەران دەبێتە پێشمەرگە لە ناو ڕیزەکانی ی. ن. ک لە تیپی ٩١ی سەفین.

مام حاجی کاکۆل کەسایەتییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی بوو، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کاکە زیاد، کەسایەتییەکانی کۆیە، کێخوا عەبدەی باوکم، مام فەخری بەگی عەلیاوە، کەریم بەگی خۆران، ماڵی مام هەینی، کێخوا ڕەشەی زیارەت، کێخوا ئەحمەد، حاجی حاجیەمین، حەمە وسووی سماقوڵی گرتک، کاک هەمزەی هیزۆپ، ماڵی مام مەلا و حاجی عەولا سوور، تەهای مام عارەب، عەولای کاک خدر، مام باقی سوسێ، مامە سابیر، عەزیزی مام عەولا، حاجی مەحموودی حاجی عەلی، حەمەدەمینی مام مستەفا، کاکە مەغدید و خزمانی سماقوڵی سەروچاوە و چەندین کەسایەتی دی ناوچەکە.

ساڵی ١٩٧٤ کە خەڵکی سماقوڵی لێیان قەوما، تەنیا ١٢ ماڵ بوون، مام حاجی کاکۆل یەکەم کەس بووە چووە بۆ پێشوازی و هاوکاری خەڵکەکە. پاشان بۆ گوندی کانی دەربەندی و ماڵی مام قادری کێخوا حەمەدەی بەڕێ کردوون، ئەوانیش هاوکاری باشی خەڵکی سماقوڵییان کردووە.

لەبەر ئەوەی مام حاجی کاکۆل ئاژەڵدار بوو، بۆ ئاودانی مەڕ و ئاژەڵەکانیان پێویستیان بە کۆل هەبوو، لەبەر ئەوە زوو زوو دەهاتە سماقوڵی. ئێمەش خاوەن داری ئەستوور و گەورەی وەک ئەسپیندار، بی و چنار بووین، مام حاجی کاکۆل، حاجی مەحموودی حاجی عەلی، عەزیزی مام عەولا، مامە سابیر، حاجی عەولا سوور، تەهای مام عەرەب، عەولای کاک خدری سوسێ و کاک حەمەدەمین هەموویان بە یەکەوە کۆلیان بۆ دۆشاوی ترێ و کۆلی حەیوانان دروست کرد، کە بە پشتی هێستر دەیانبردەوە بۆ کانی لاسێ.

ساڵی ١٩٧٧ مام حاجی کاکۆل کۆچی دوایی دەکات، لە پاش خۆی منداڵەکانی درێژە بە کاروانی ژیان دەدەن تا ساڵی ١٩٨٨. کاولۆکانیش وەک سەرجەم دێهاتەکانی دی کوردستان لە لایەن ڕژێمی فاشی خاپوور دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەو خانەوادەیە ڕوو لە هەولێر دەکەن.

دوای ساڵی ١٩٩١ ئەو خانەوادە دەگەڕێنەوە ناوچەکەیان، ناوی گوندەکە لە کاولۆکانەوە دەگۆڕن بۆ ناوی حاجی کاکۆلی باوکیان، ئێستا گوندەکە بووەتە گوندی حاجی کاکۆل.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی مام حاجی کاکۆل و خۆشەویستانی، تەمەن درێژی بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەخوازین.

٢٧ی شوباتی ٢٠٢٤

# گۆمەشین و سماقوڵی



شەهید فەقێ عوسمان، شەهید بەکر عوسمان شەهید باپیر عوسمان

بمانەوێ بە وردی باسی ئەو گوند و خەڵکە جوامێرانە بکەین، ئەوا بە پەرتووکێک و دوان تەواو نابێت، حەقیشی پێ نادەیت، بەڵام من بە کورتی لە پەرەگرافێک پوختەیەک لەو ڕووداوانە باس دەکەم، کە مێژووی هەموومان یەکە و لە یەک دەچێت. گوندنشینەکانی کوردستان لەوەتەی بوونیان هەیە باجی کوردایەتییان داوە، بەڵام خۆشبەختانە خەڵکە جوامێرەکان هاوکار و پشتیوانی یەکتری بوون. لە ڕابردوو هەر جارە و ناوچەیەک بووەتە سووتماکی ئەو کوردبوونەمان بە دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق.

لە سەرەتای وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٦٩ ڕژێمی ئەو کاتی عێراق هێرشێکی بەرفراوان بۆ گوندەکانی دەشتی کۆیە دەبات، ئەو هێرشە زۆربەی گوندەکانی وەک: شاخە پیسکە، کانی دەربەند، گۆمەشین، بانە قەڵات، گۆمەتاڵ، پیرەر، کاولۆکان، تەکەوڵ و باوەقوب و تەواوی گوندەکانی پشت شەقام و بەر شەقامی گرتەوە، هەر لە شارۆچکەی دیگەڵەوە تا شارەکەی حاجی قادری کۆیە. لەو نێوەدا بەشێکی زۆری

خەڵکەکەی لە زێدی باب و باپیرانیان ئاوارە و سەرگەردان بوون و ڕوویان لە گوندەکانی دی کرد.



پیاوماقوڵانی گوندی گۆمەشین (تاهیر عوسمان، کەریم جەرجیس، سابیر عوسمان)

سماقوڵییش وەک یەکێک لەو گوندانە بوو، کە خۆشەویستانی گوندی گۆمەشینی لە خۆگرتووە، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان باپیرە کێخوا حوسێن و مام عوسمان گۆمەشینی هەبووە.

بنەماڵەی مام عوسمان بە سەرجەم کوڕ و خزمانییەوە باجێکی زۆریان لە پێناو کورد بوون و کوردایەتی داوە. مام عوسمان و نەنکە هەمین، خانەوادەیەکی دێرینی گوندی گۆمەشین بوون، خاوەنی حەوت منداڵ بوون، شەش کوڕ بە ناوەکانی: مام بەکر عوسمان، مام سابیر عوسمان، مامۆستا تاهیر گۆمەشینی، شەهید فەقێ گۆمەشینی،

شەهید باپیر گۆمەشینی و کاک هەژار عوسمان، کچێک بە ناوی: پەیمان خان، نەنکە هەمین کچی کێخوا عەلی بووە.



کەسایەتی دیاری گوندی گۆمەشین (تاهیر عوسمان گۆمەشینی)

ئەوە بوو هاوینی ساڵی ١٩٦٩ نەنکە هەمین، کاک بەکر عوسمان و براکانی ڕوو لە سماقوڵی دەکەن و دەچنە ماڵی کێخوا عەبدەی باوکم، لەوێ ڕێز و حورمەتێکی بێ وێنەیان دەگرن و لە مام جافر، لە ناو ڕەز کەپریان بۆ دروست دەکەن و دەبنە یەکێک لە خانەوادە لەگەڵ ماڵی کێخوا عەبدەی باوکم.

خزمانی گۆمەشین نزیکەی دوو مانگ و نیو لە سماقوڵی مانەوە، لەو ماوەیە پەیوەندییەکی باش و بەهێزیان لەگەڵ کێخوا عەزیز، کێخوا ئەحمەد، مامە سابیر، حاجی ئەبووبەکر، عەزیزی مام عەولا، حاجی حەیدەر، حاجی مستەفا، ئەحمەدی مام باوەکر، حاجی مەحموودی حاجی عەلی، کاک حەمەدەمینی خارە مستەفا، حاجی مەحموودی گەورە، حاجی سەلیم، حاجی سدیق، مام فەتاح، مام عەلی، کاکە مەغدید، عومەرە گەورە و سەرجەم خەڵکی ئاوایی دروست کرد و

بوونە کەس و خۆشەویستی یەکتری.

کاک بەکر عوسمان ئەو کاتە لێپرسراوی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە عەبدولستار شەریف قایمقامی کۆیە بوو، پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان کاک بەکر عوسمان و عەبدولستار شەریف هەبووە، کە هەردووکیان لە باڵی جەلالی هاوبیر بوون.

بەداخەوە هەر لە ناو شۆڕش کاک بەکر عوسمان بە پیلانێکی گوماناوی شوێن بزر کرا و تا ئێستاش گۆڕەکەی دیار نییە، واتە دەبێتە شەهیدی ونبوو.

لە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بە ڕابەریەتی ی. ن. ک. ئەو خانەوادانە تێکەڵی شۆڕش و یەکێتی و کوردایەتی دەبن، شەهید فەقێ و شەهید باپیر و چەندین قارەمانی دی دەبنە قوربانی ڕێبازی کوردایەتی. ئەو بنەماڵەیە باج و قوربانی زۆریان لە پێناو کورد و کوردایەتی داوە.

سماقوڵی و گۆمەشین دوو دەستە خوشکی یەکترین، تا ئێستاش ئەو پەیوەندییانە لە نێوان ئێمە و خزمانی هەردوو لا درێژەی هەیە.

درووود بۆ گیانی شەهید بەکر، شەهید فەقێ، شەهید باپیر و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، ڕێز و حورمەتمان بۆ کەسوکار و دانیشتووانی گۆمەشین و ناوچەکە هەیە.

هەر ئاوەدان بێت گۆمەشین و گوندەکانی کوردستان.

(*) مەبەست لە گۆمەشینی سەیدانە.

١٤ی ئازاری ٢٠٢٤

# سماقوڵی و گوندەکانی وراتی کۆیە




مام قادر کوێخا حەمەدە کانی دەربەندی

زۆربەی خەڵکی گوندەکانی کوردستان لە وەتەی بوونیان هەیە، بە هۆی هەلومەرجی ناوچەکە و هێرش و بۆردوومانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ سەر گوندەکانی کوردستان، خەڵکی گوندەکانی کوردستان،ماڵیان لە سەر پشتی وڵاغ بووە گوندە و گوند، یا گوند ڕوو لە شار ڕۆیشتوون.

گوندەکانی دۆڵی سماقوڵی یەکێک بووە لەو گوندانەی کوردستان، کە بێ بەش نەبووە لە پەلامار و هێرشی زەمینی و تۆپباران کردن و بۆردوومانکردن، لە ئەنجامیشدا سووتان و خاپوور کردن و ئاوارە کردنی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٤ پاش تێکچوونی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی ئەو کاتی عێراق، واتە دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی چوار

ساڵەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی جەیش و جاش پەلاماری زنجیرە چیای بەنەباوی و دۆڵی سماقوڵیدا و توانی بۆ جاری چەندەمین سماقوڵی داگیر بکات، لەو نێوەشدا سەرجەم خانووەکانی سووتاند و خاپووری کردن، خەڵکەکەشی ئاوارە و سەرگەردان بوونەوە.




کاک هەمزە شاخەپیسکەیی

بەشێکی زۆری خەڵکەکە چوونە گەلییەکانی چیای بەنەباوی، ئەو کەسانەشی چەکداری شۆڕش بوون بە خۆیان و ماڵ و منداڵیان چوونە لای چۆمان و ڕایەت، بەرەو ئێران. ئەو ماڵانەی بەرەو ئێران ڕۆیشتن، ماڵە پێشمەرگە بوون، ئەو کاتە ماڵی کێخوا عەزیز، مام فەتاح ماڵی گەورە، سدیق مام حەسەن، عەلی مام قادر، مەعرووف حاجی عەلی و چەند ماڵێکی دی.

ئەو ماڵانەشی کە چوونە گەلی زۆر بوون، چەند ڕۆژێک لە

گەلییان مانەوە، لە ترسی جەیش و جاشەکان ژیانیان لەو شاخانە بەسەر برد، چونکە سەربازەکان تەواوی چیای بەنەباوییان گرتبوو، خەڵکەکە ڕێگای دەرباز بوونی نەبوو، ئەوە بوو مام بەکری مام حەمەد قادر ئاغا، کە زمانی عەرەبی باش بوو، لەگەڵ چەند کەسێک



مام ئەسعەد کوێخا حەمەدامین بانەقەڵاتی

لە خەڵکی سماقوڵی چوونە سەر شاخی بەنەباوی و قسەیان لەگەڵ جەیشەکە کرد، تا ڕێگا بە خەڵکەکە بدەن بڕۆنە گوندی گۆمەتاڵ، پاش ڕەزامەندی جەیشەکە خەڵکەکە چوونە گوندی گۆمەتاڵ و مام حاجی کاکۆل، خەڵکی ئەو گوندانەش هاتنە پێشوازی خەڵکەکە، ئەو کاتە باوکم و کاک حەمەدەمین مام مستەفا لە کۆیە بوون، کاک حەمەدەمینیش چووبووە گۆمەتاڵ و لەگەڵ مام حاجی کاکۆل خەڵکەکەیان بە سەر گوندەکانی: شاخە پیسکە، کانی دەربەند، گۆمەشین و بانەقەڵات دابەش کرد، ئەگەرچی گوندەکانی ئیلنجاغ و گورزەیی و سماق شیرین و گوندەکانی دی ئامادەیان بۆ پێشوازی لە خەڵکەکە دەربڕی.

ئەوە بوو ١٤ ماڵ چوونە گوندی کانی دەربەند بۆ لای ماڵی مام قادری کێخوا حەمەدەی، کاک حاجی حەمەی موختار، مام سەعیدی کێخوا ساڵحی برای کێخوا حەمەدە و خزمانی کانی دەربەند، ئەمانە بەشێک بوون لەو ماڵانە: ماڵی کێخوا عەبدەی باوک، مامە سابیر، عەزیزی مام عەوڵا، حاجی ئەبووبەکر، مام بەکر حەمەد قادر ئاغا، مام مەجید ئەحمەد شێر، کاک ڕەحمانی حاجی سەعید، عومەرە گەورە، کاک نادر، کاک قادر مام ئەحمەد، مام مستەفا، کاک حەمەدەمین مام مستەفا و کاکە مەغدید و چەند ماڵێکی دی.



مامۆستا عوسمان کانی دەربەندی

ماڵی مام قادری کێخوا حەمەدە و خزمانی گوندی کانی دەربەند خانوویان بۆ دابین کردین و بوونە پشتیوان و خانەخوێیەکی بەهێز بۆ خزمانی سماقوڵی.

ماڵی کێخوا ئەحمەد، سابیری مام سەلیم، سەعیدی مامە حەمەی، عەوڵای مام قادر، عەزیزی مام ساڵح، حاجی حەمەدی مام حوسێن،

میرزای مام سابیر و چەند ماڵێکی دی چوونە گوندی پیرەر، بەڵام دوای سێ چوار ڕۆژ ڕوویان لە گۆمەشین کرد.

ماڵی حاجی مەجید، حاجی عومەر، کەریمی حاجی عەزیز و چەند ماڵێکی دیکە چوونە گوندی شاخە پیسکە، ماڵی مام حاجی حەیدەر، کاک عوسمان و کاک حەسەن، چەند ماڵێکی دیکەش چوونە گوندی بانە قەڵات و لە ماڵی مام سەعیدی مام حەمەدەمین و چەند ماڵێکیش لە گوندی گۆمەتاڵ مانەوە. ماڵی ئەحمەد سۆفی لە سێنان بوون و ماڵی مامە شێخ محەممەد و چەند ماڵێکی دی چووبوونە شاری کۆیە.

خەڵکی سماقوڵی ماوەی دوو سێ مانگ لەو ناوچانە مانەوە، تا ئەو کاتەی بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە، پاشان خەڵکەکە گەڕانەوە بۆ سماقوڵی و سەرلەنوێ گوندەکە ئاوەدان کرایەوە.

لەوەتەی هەین، ژیانمان هەر بەو دەردە بەڕێ کردووە، لە پاش ساڵی ١٩٩١یشەوە لە ژێر سێبەری ئەو پارتە کوردییانە هەناسەیەکی خۆشمان هەڵنەمژیوە، تا دڵمان ئاسوودە بێت، ململانێ و شەڕی ناوخۆ بەردەوام بووە، تا ئێستاش ئەو ململانێیە هەر بەردەوامە.

سڵاو لەو خەڵکە جوامێر و دڵسۆز و خزم دۆستانەی گوندە خۆشەویستەکانی وراتی کۆیە.

گوندەکانی کانی دەربەند، شاخە پیسکە، بانەقەڵات، گۆمەشین، پیرەر، گۆمەتاڵ و حاجی کاکۆل و گوندەکانی ناوچەکە هەر ئاوەدان بێت.

١٦ی ئازاری ٢٠٢٤

# کورتەیەک لە مێژووی گوندی سوسێ




گوندی سوسێ

زۆربەی گوندەکانی کوردستان لە ڕووی ژیان و کار و پێکهاتەوە لە یەک دەچن، تەنیا ئەوەی ئەو گوندانە لێک جیا دەکاتەوە، هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافیا و خەڵکەکەیەتی. ئەگەر باسی مێژوو و خەبات و خۆڕاگری خەڵکی ئەو گوندە قارەمانە بکەین، ئەوا بە چەندین پەرتووک تەواو نابێت، بەڵام پێم خۆش بوو بە کورتی چەند لاپەڕەیەکی جوانی ئەم گوندە خۆڕاگرە هەڵدەمەوە.

گوندی سوسێ کەوتووەتە دۆڵی سماقوڵی، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شاری کۆیەیە، گوندی سوسێ کەوتووەتە ناوقەدی ڕۆژئاوای سورکی سوسێ، ئەو سورکە کەوتووەتە سنووری نێوان گوندەکانی سماقوڵی سەروچاوە لە باشووری ڕۆژهەڵات، گوندی ناودارۆکان و بیرۆکان لە ڕۆژهەڵات، گوندەکانی سولاوک و زیارەت لە باکوورەوە، گوندی ونکە لە ڕۆژئاوا، گوندی عەلیاوا لە باشووری ڕۆژئاوا، واتە ڕۆژهەڵاتی سوسێ گردە سورە و ڕۆژ ئاواشی کۆتایی سپیلکەکانی

زنجیره شاخی بەنەباوییە، زنجیرە چیای بەنەباویی کەوتووەتە نێوان گوندی سوسێ، کێشکە، ونکە و عەلیاوە.

ئەو سورکە شانبەشانی زنجیرە چیای بەنەباوی و ئاوەگرد و چیای سەفین ڕۆڵێکی گرنگی زۆری بۆ شۆڕشەکانی کورد هەبووە و بووەتە سەنگەرێکی بەهێز دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و چەندین ڕۆڵەی قارەمان لەم سورکە شەهید بوون و گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی بۆ پاراستنی ئەم ناوچانە.

سورکی سوسێ نزیکەی دوو کیلۆمەتر درێژە و پانییەکەشی چەند سەد مەترێک دەبێت، بەرزییەکەشی شانبەشانی زنجیرە چیای بەنەباوییە، سەری سورکی پانتاییەکی باشی لێیە، کە پێی دەڵێن سەری کاولان، پێ دەچێت لە ڕابردوو سەری کاولان ئاوەدان بووبێت، چونکە تا ئێستاش ئاسەوار، یاخود شوێنەواری ئاوەدانی لێیە، لە سەر ئەم کورتە چیایە سێ قۆپی جوان هەیە، یەکێکیان دەڕوانێتە سەر سماقوڵییەکان و پێی دەڵێن سەری کەپکی، دووەم قۆپی پێی دەڵێن سەری هەوروسی و سێیەم قۆپ پێی دەڵێن لیسەتاس، یان لیتەتاس.

گردە سوور لە ڕابردوو و لە ئێستادا شوێنێکی گرنگ بوو، بە تایبەتی بۆ لەوەڕگای ئاژەڵان. لە هەموو گوندەکانی سماقوڵی، سوسێ و ناودارۆکان، لە هەر چواردەوری سورکەکە سوودی زۆریان لەم کورتە چیایە بینیوە.

گردە سوور دار و درەختێکی زۆری لێیە، وەک دارەکانی بەڕوو، مازوو، گێوژ، کرۆسک، باوی، بلارووک و چەندین درەختی دی خۆڕسک، کە خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر سوودی زۆریان لێ بینیوە.

گوندی سوسێ لە چەندین بەرەباب و کەسایەتی پێک هاتوون، وەک: بەرەبابی مستی، بەرەبابی ماڵی ئەحمەدی ڕەشەی، بەرەبابی ماڵی ئاودەل، بەرەبابی ماڵی فەیزی، بەرەبابی ماڵ ونسی، بەرەبابی شێخ محەممەد عەزیزی، بەرەبابی مەلازادە و چەند تیرە و کەسایەتییەکی دی.



مەلا عبدەی  سوسێ یە

گونـدی سوسـێ قوتابخانـە و بنکـەی تەندروسـتی هەیـە، هەروەها سـێ مزگەوتـی بـە ناوەکانـی: مزگەوتـی نـاو گونـدی، مزگەوتـی نـاو زەوییـان و مزگەوتـی حەمـەدی مـام حەسـەنی لێیـە.

## یەکەم: ناوی کانیاو و کارێزەکانی سوسێ:

کارێزی مـام عـەرەب، کارێزی ماڵـی کێخوا ڕەشـەی، کارێزی ماڵـی کێخوا حوسێن، کانی سپیلک، کانی پیاوان، کانی ژنان، کانی ئەسپیندار، کانی لـەرزەکان، سـەروکانی، کارێزی حاجی ئەحمـەد لـە کانی هەرمێ، کارێزی ماڵـی مـام وەهاب، کانـی کەپـران، کارێـزی ماڵـی مـام حەوێز، کانی مەحمەریان و چەند کانییەکی دی.

## دووەم: ناوە خۆشەکانی گوندی سوسێ:

کانـی هەرمـێ، شـێخ مەنـد، کانـی گـورگان، سـپیە ڕێـز، سـۆتمەن،

سەرکەکافران، کەندی شیوە سووری، جۆتە پانکان، کراوی قەسرۆکێ، گۆڕی بەرسرقان، سەرمەیدان، داری جۆخینێ، بەنەباوی، داری حەمەی، گەرویزین، قول قول، مێرگە سیر، گۆڕی خیوەتێ، گردە چاک، سەری کاولان دۆرێ، گردە سوور، سەری کەپکی تەلان و چەند شوێنێکی دیکە.

## سێیەم: ناوی گۆڕستانەکانی سوسێ:

گۆڕستانی بابە شێخ، گۆڕستانی مراز حاسر، گۆڕستانی بەرقەبران، گۆڕستانی ئەسحابەی کانی هەرمێ، گۆڕستانی کانی هەرمێ، گۆڕستانی ئەسحابەی سپی و چەند گۆڕستانێکی دیکە.

## چوارەم: ناوی گردەکان:

گردی نیشتێ، گردە سوور، گردە چاک، بەینی بەیاران، تەلانی ڕەش و چەند گردێکی دیکە.

## پێنجەم: ناوی ئەشکەوتەکان:

ئەشکەوتی کەریم کۆی، ئەشکەتی مامە سۆری، ئەشکەوتی حەمەد عەلی، ئەشکەوتی چێران، ئەشکەوتی حوجرەی فەقێیان، ئەشکەوتی حوسێنی و چەند ئەشکەوتێکی دیکە.

## شەشەم: کەسایەتییەکانی گوند:

گوندی سوسێ چەندین کەسایەتی جوان و خاوەن هەڵوێست و نیشتمانپەروەری لێ هەڵکەوتووە، وەک: کێخوا مەعرووف، کێخوا کەریم، کێخوا مەولوود، کێخوا حەمەدەمین، کێخوا ئەحمەد، مەلا عەبدەی سوسێ، حاجی عەبدوڵڵا ناسراو بە حاجی عەوڵا سوور، حاجی ئەحمەد یوونس، مام حەسەن کێخوا حوسێن، کاکە عەشقی کێخوا حوسێن، مام عەرەب، مام تەهای مام عەرەب، ئەسعەد مام



حاجی عەولا سووری سوسێ و یا عائشەی خێزانی

مستەفا، وەستا عەولا، حاجی سمایل، حاجی مامە ڕەش، محەممەد سۆفی، مام مەلا، مام فەقێ ڕەسووڵ، حاجی قادری ئەحمەدی ڕەشەی، نادری مام سەلیم، ڕەحمانی حاجی قادری، حاجی بورهان، حاجی خالید، حەمەدەمین مام حەیدەری، نادری مام مەلا، کەریم مام مەلا، سابیری مام مەلا، سەلیم مام مەلا، عومەر مستەفا ئاودلی، ماڵی حەمە تاهیری، عەولای کاک خدری، حاجی ئەبووبەکر ئەحمەد عائیشێ، محەممەد مام قادری، حاجی حەمەدەمین مام سەعیدی، عوسمانی مام خدری، دەروێش سەلیم و عوسمان مام مستەفا و چەندین کەسایەتی دیکە. هەروەها عەلی عەبدوڵڵا موڵک و باخی لە سوسێ هەیە، لەگەڵ مامۆستا مەلا تاهیر، ئەو دوو کەسایەتییەش خۆیان بە خەڵکی گوندی سوسێ زانیوە.

## حەوتەم: شەهیدەکانی گوندی سوسێ:

خەڵکی ئەو گوندە خۆڕاگرە خاوەنی چەندین شەهیدن، لەوانە: شەهید قادرە سوور، شەهید نادر، شەهید نادری مام سەلیم، شەهید حەوێز و خێزانەکەی، شەهید بەکر کێخوا کەریم، شەهید فوئاد حەمەد، شەهید موزەفەر حەمەد، شەهید ئیسماعیل حاجی حەسەن، شەهید حەمەدی تایەری، شەهید وەلی مام سلێمان، شەهید کاکەڵڵا عومەر، شەهید کەریم حاجی عەولا سوور، شەهید موخلیس یاسین، شەهید سەباح حەمەدەمین، شەهید نەجمەددین حەمەدەمین، شەهید ئیبراهیم بەهرام عوسمان و شەهید ڕەقیب حوسێن. هەروەها شەهید مەلا کاوە و شەهید ئیبراهیم حاجی سابیر بەداخەوە لەساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵی سماقوڵی ئەنفال کران.

بەداخەوە دەبێت ئەوەش بڵێین، کە کاکە فازیل مام نادری یەکێک بوو لەو پێشمەرگە دێرین و قارەمانانەی تیپی ٨٥ی بەرانەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە ئێستا کەم ئەندامی سەنگەرە و فەرەیدوون کاک سەمەد و نەریمان مام یاسین دوو کەم ئەندامی دیکەن.

لە ڕابردوو خەڵکی سوسێ بۆ بژێوی ژیانیان، زۆر پشتییان بە ئاژەڵداری بەستووە، هەر خێزانێک بەشی خۆی زەوی بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی وەک: گەنم، جۆ، نۆک و نیسک هەبووە.

بەرهەمی ئەو گوندە ڕەزی ترێ، هەرمێ، گەراز، هەروچکە، قەیسی، هەنار، باوی، گێوژ، کرۆسک، قەزوان، کەنگر، کاردوو و گیا بەرژاو و چەندانی دی بووە.

گوندی سوسێ خەڵکی باشی هەبووە، دەستی وەستایەتی و دروست کردنی کەرەستە فۆلکلۆرییەکانیان هەبووە، وەک: جەنجەڕ، نیر، کۆپەران، ئامور، باگوردێن، بەفرمار، پێمەرە و چەندین کەرەستەی دیکەی جووتیاری. هەروەها گوریس، کەژ و کورتان، هەروەها ژنەکانیشیان شانبەشانی پیاوەکان پشتیوانییەکی بەهێز بوون بۆ

ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان.

دار بلارووک یەکێک بووە لەو کەرەستانەی کە بەکاریان هێناوە بۆ کەرەستەی ژیان، وەک: تریانە، سەبەتە، قەرتارە، گەسکی ماڵەوە و ئالەی مێشەنگوین و چەند شتی دیکە.

لە ڕابردوودا خەڵکی سوسێ بە مەبەستی کێڵانی زەوی، دار هێنان، گەڵای حەیوان و گەڵای خانوو، پشتیان بە هێستر، گا و گوێدرێژ بەستووە.

لە ڕاستیدا خەڵکی سوسێ قەومێکی خۆنەویست بوون، هەمیشە هاوکار و پشتیوانی گوندەکانی دەوروبەر بوون، بە تایبەت سماقوڵییەکان. پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لە نێوان خەڵکی سوسێ و سماقوڵی سەروچاوە هەبووە، تەنانەت تێکەڵاوی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەبووە و ڕەگی داکوتاوە، بەم شێوەیەش زۆربەی خێزانەکان بوونە بە خزم و کەسوکاری یەکتر.

خەڵکی سوسێ لە دروست کردن و هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد؛ هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی باشیان هەبووە، شەهیدەکان و پێشمەرگە خۆنەویستەکان گەواهیدەری ڕاستییەکانن. جێی ئاماژەیە کە گوندی سوسێ شانبەشانی گوندەکانی دیکە هەمیشە مەڵبەندی پێشمەرگە و ڕێبواران بووە.

لە قۆناغی ئێستادا خەڵکەکەی لە ڕووی پەروەردەوە گەشەی باشی کردووە، خاوەنی چەندین دکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستا و کارمەندی تەندروستین، هەروەها چەندین چینی دیکەی جیاوازیان لێ پەیدا بووە. لە لایەکی دیکەوە دەیان پێشمەرگایەتی و کادیری حیزبی و ڕێکخراوەی و چەندین فەرماندە و کادیری پلە بالای حیزبییان لێ هەڵکەوتووە.

گوندی سوسێ لە سووتان، تالان و کاولکاری بێ بەش نەبووە، هەر سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە تا دەگاتە شەڕە نەگریسەکانی دواتر،

کە کەوتووەتە ناوچەکە.

هەر کاتێک دۆڵی سماقوڵی لە لایەن جەیشی عێراق و هێزە نەیارەکان پەلامار درابێت، ئەوە گوندی سوسێ لەو نێوەدا بووە، بە درندەترین شێوە لە رێگای فرۆکە، تۆپی دوورهاوێژ و هێزەوە پەلامار دراوە، خەڵکە خۆراگرەکەشی ئاوارە و سەرگەردان بووە.

دواجار ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق پەلاماری بۆ سەر ئەو گوندانە دەست پێ کرد و گوندەکە بە تەواوی سووتا و خاپوور کرا، کە ئەو کات چەندین گەنج لەو گوندە فیرار بوون، لانە و ماڵ و حاڵیان بووە سووتماکی دەستی رژێمی داگیرکەری ئەو کاتی عێراق. ئەو فیرارانەی کە مابوونەوە، ئەمانە بوون: شەهید کەریم حاجی عەوڵا، فەرهاد حاجی عەولا، سەیفەدین عومەر، نافیز سابیر مام مەلا، موزەفەر کەریم مام مەلا، نەجیم مام تەها، ئیسماعیل کەریم، محەممەد حەوێز خدر، عەبدەی گورانێ و چەند کەسێکی دی، سەیفەدین مام عومەر ئەو کاتە پێشمەرگە بوو.

بەداخەوە لە پاش راپەرین و دەست پێ کردنی شەری ناوخۆ، ئەو ناوچانە دووبارە بوونەوە سووتماکی ئەم شەرە قێزەونە و چەندین رۆڵەی دی بوونە قوربانی.

ئەمەیە مێژووی ئەو ناوچانەی ئێمە، هیواداریـن لە ئایندە خەڵکی ئەو گوندانە دوور بن لە شەر و ئاژاوەگێری.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان، ژن و پیاوە جوامێرەکانی رابردوو، رێز و حورمەتم بۆ گەنجەکانی ئەم سەردەمە هەیە، هەر ئاوەدان بێت گوندی سوسێ و تەواوی گوندەکانی کوردستان.

سوپاس بۆ هاوکارییەکانی کاک فەرهادی مام حاجی عەوڵا.

هیوادارم سوودێکمان بەو گوندە جوانەی سوسێ گەیاندبێت.

٢٥ی نیسانی ٢٠٢٤




گوندی سوسێ

# کورتەیەک لە مێژووی گوندە جوانەکەی سماقوڵی گرتک



سماقوڵی سەروچاوە

# بەشی یەکەم



گوندە جوانەکەی سماقوڵی گرتک، یەکێکە لە گوندە جوانەکانی کوردستان، زۆربەی گوندەکان لە ڕووی ژیان و کار و پێکهاتەوە لە یەک دەچن، تەنیا ئەوەی ئەو گوندانە لە یەکدی جیا دەکاتەوە، هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافیا و ئاخاوتنەکانیان و خەڵکەکەیەتی.

ئەگەر باسی مێژوو و خەبات و خۆڕاگری خەڵکی ئەو گوندە قارەمانە بکەین، ئەوا بە چەندین پەرتووک تەواو نابێت، بەڵام من پێم خۆش بوو بە کورتی چەند لاپەڕەیەکی جوانی ئەم گوندە خۆڕاگرەی سماقوڵی گرتک هەڵدەمەوە.

گوندی سماقوڵی گرتک کەوتووەتە دۆڵی سماقوڵی و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شاری کۆیەیە. سماقوڵی گرتک، کەوتووەتە نێوان زنجیرە چیای بەنەباوی لە ڕۆژئاواوە، زنجیرە چیای ئاوەگرد

لە ڕۆژهەڵاتەوە. گوندی سێنان کەوتووەتە باشووری سماقوڵی گرتک؛ سماقوڵی سەروچاوە کەوتووەتە باکووری سماقوڵی گرتک. زنجیرە چیای ئاوەگرد کەوتووەتە نێوان سماقوڵی گرتک، گوندی سناوە و گوندی نازەنین، هەروەها زنجیرە چیای بەنەباوی کەوتووەتە نێوان گوندی سماقوڵی گرتک و قورتەلاس و کانی بی.



سماقوڵی گرتک لە ڕووی دانیشتووانەوە زۆرترین ڕێژەی دانیشتووانی تێدایە لە دۆڵی سماقوڵی. ئەو گوندە لە چەندین بەرەباب و تیرە و کەسایەتی جیاجیا پێک هاتووە، هەروەها ئەم گوندە چەندین تایبەتمەندی هەیە، کە لێرە هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە بەرەبابەکان، کانیاوەکان، بیرەکان، گۆڕستانەکان، گەلییەکان، شەهیدەکان و پێشمەرگەکان بدەین.

## یەکەم: بەرەبابەکان:

بەرەبابی ماڵی عەولا بەگ، بەرەبابی کێخوا مەولوودی حاکمی، بەرەبابی ئەحمەدی مەحمموودی، بەرەبابی مەلا مستەفا حاجی وەسمان، حاجی محەممەد و حاجی ئەحمەدی بەرەوە، بەرەبابی مام حاجی ئەمین، بەرەبابی کاکۆی حاجی قادری، بەرەبابی ماڵی ئاودەلی، بەرەبابی ماڵی قادری فەقێ ئەحمەدی، بەرەبابی ماڵی کێخوا ڕەسووڵی، بەرەبابی ماڵی کێخوا سمایلی، بەرەبابی ماڵی حوسێنی جەرجیسی، بەرەبابی ماڵی ڕەسووڵی خەزارێ و قادری خەزارێ و چەند کەسایەتییەکی دیکە.

## دووەم: کەسایەتییەکان:

١- کەسایەتییەکانی ڕابردوو:

قادری مەحمموودی، مام سابیر، حاجی عومەر، حاجی ڕەزا، مستەفای خانزادی، حاجی قادر، حەمە غەریب، مام عەولا، دەروێش سەمەد، حاجی ئەمین، حاجی خالید، حەمە وسوو، دەروێش قادر، ماڵ عوسمانی عەنیفێ، کاک زاهیری حەمە وسوو، حاجی ئەحمەدی بەرەوە، حاجی بەکر، حاجی مستەفای گەورە، حاجی ڕەشید، مام ئەیووب، حاجی موحسین، حاجی سەعیدی کاکۆیی، حاجی قادر، مام سابیر حەمەدەمین، حاجی تەهای باغەر گەورە، مام حەمەدی ئاشەوان، حەمە عەلی، کاک عەبدولڕەزاق، ڕەفیقی مام تەهای، قادری فەقێ ئەحمەدی، تەهای مام فەقێ، مام هەمزە، حاجی خدری شەکری، مامۆستا عەباس، حاجی غەفوور، کاکە مەلا، ئەحمەدی سمایلی، حاجی عەزیز، حاجی فەتاح، کاک یووسفی حەمە یاسین، مەحموود جامچی، کێخوا ئەحمەد، کێخوا قادر، حاجی عەزیز، عوسمانی حاجی عەزیز، مەلا کەریم، سەعدی عەبدولڕەحمان، حاجی ئەحمەدی سەرەوە، حاجی کەریم، حاجی جەرجیس، سەید کەمال، سەید مەولوود، مام باویل، کاک ئەنوەر، کاک نادر، کاک عوسمانی حاجی ئەحمەدی، مام حاجی

عەلی حاجی ئەحمەدی، سەعیدی حاجی جەرجیس، ئەسعەدی حاجی مستەفای، ڕەشیدی مام سەعیدی مام سەعید، مام سلێمان، حاجی عەولا، کەمالی حاجی عەولا، کاک تالیب، ئەحمەدی مام ڕەسوولی، عەزیزی مام ڕەسوولی، مستەفای مام مارف و چەند کەسایەتییەکی دیکە.

٢- کەسایەتییەکانی ئێستا:

کاک حەوێز، عوسمان عەزیز، کاک مەجید سەعید کاکۆیی، سیروانی مام هەمزەی، ئازادی کاک ڕەشیدی، ڕەمەزانی مام حاجی عەلی، وەستا جەعفەر، مەغدید حاجی سەلیم، حاجی عەبدوڵڵا، واحیدی حاجی فەتاح، تەهای کاک حوسێن، عەبدوڵڵا ڕەش، برایم مام سمایل، کاک غەفوور، مستەفا مام مەعرووف، بەکر حاجی جەرجیس، فەرحان مام سابیر، حاجی ڕەفیق، حاجی خەسرۆ، حاجی حاجی کەریم، ڕەمەزان حاجی عەلی، سەعدی عەبدولڕەحمان، ئەحمەد سەرباز، خالید مام شێخ محەممەد، حاجی خدر، کاک جەباری حاجی قادر، مستەفا مام مەعرووف، بەکر حاجی جەرجیس، فەرحان مام سابیر، حەسەن حەمە عەلی، مامۆستا ڕەسووڵ حاجی ڕەزا، عومەر مام مەولوود، عەبدولڕەزاق، کاک مەولوود حاجی قادر، سێبور دەروێش سەمەد، موحسین حاجی مستەفا، حاجی حەمەد، حاجی مام حاجی عەلی، کاک کەیفی کاک عوسمان حاجی ئەحمەد، کاک حاجی کێخوا ئەحمەد، کاک تەحسین عومەر، کاک یاسین عومەر، کاک بەکر مام سمایل، بەکر قادر مەحموود، عەبدوڵڵا مام مەغدید، عەزیز حاجی سوورە، کاک بەکر حاجی سوورە، حاجی سوورە، حەسەن حەمە عەلی، مامۆستا ڕەسووڵ حاجی ڕەزا، فەرحان مام سابیر، مستەفا مام مارف، لەشکر و شاکری کاک یووسفی حەمە یاسین و چەندین کەسایەتی دیکە.

## سێیەم: مزگەوتەکان، قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکان:

سماقوڵی گرتک دوو مزگەوتی بە ناوەکانی: مزگەوتی گەورەی ناو گوندی و مزگەوتی عیبادەت الرحمانی لێیە.

گوندەکە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی سماقوڵی گرتکی لێیە.

گوندەکە بنکەی تەندروستی سماقوڵی گرتکی تێدایە.

## چوارەم: ناوە خۆشەکانی سماقوڵی گرتک:

ئاوە ڕەشان بەشی گرتک، کانی زەرتک، ڕەزان، قەبران، جندان، سۆرە دارە، کفرین، گۆر مێکوک، گۆڕی کێلێ، گۆڕی شێخ ڕەسووڵ نێوان گوندی سێنان و گوندی سماقوڵی گرتک، هەوارە برندە، گۆڕی حەسەن بەگ، گردی ڕەزان، درکۆیە، ئیسحابی، لای شێخان نێوان سماقوڵی گرتک و سماقوڵی سەروچاوە.

## پێنجەم: کانیاوەکان:

کانی ساردی، کانی جندانێ، کانی گەری قەبران، کانی ڕەزانێ، کانی زەرتکێ، قورپی درکۆیە، کانی لای شێخان، کانی مام عەلی، کانی شێخ محەممەد، کانی هەوارە برندە، کانی سەر چیای ئاوەگرد، حەوت بیرەکەی چیای ئاوەگرد، کانی وەتمانە ڕەش، کانی سەرچاران، کانی حوسێن، کانی میر سەید، کانی پیاوان، کانی ژنان، بیری کەرەکێ، کانی شینکە توتەی، کانی پلوسکێ، کانی دارە قوتەی، کانی ڕوڵکی.

لە ڕابردوودا لە گوندی سماقوڵی گرتک سەرچاوەی ئاوی کانیاوییان زۆر کەم بوو، هەرچی کانیاوەکان بوون کەوتبوونە بەری بەنەباوییە و ناو باخچەکان و لای چیای ئاوەگرد. هەر بۆیە پشتیان بە ئاوی بیرەکانی ناو گوند بەستبوو. ئەمەش ناوی بیرە ئاوەکانە.

بیری ماڵی حاجی تەها، بیری ماڵی کێخوا ئەحمەد، بیری ماڵی حاجی مستەفا، بیری کەرەکێ، بیری ماڵی حاجی ئەحمەدی سەرەوە،

بیری ماڵی حاجی قادری، بیری ماڵی حاجی ئەحمەدی بەرەوە و چەند بیرێکی دیکە.

## شەشەم: ناوی گۆڕستانەکان:

گۆڕستانی شێخ محەممەد، گۆڕستانی جندانێ، گۆڕستانی قەبران، گۆڕستانی شێخ ڕەسووڵ، گۆڕستانی ئەسحابی و چەند گۆڕستانێکی دیکە.

## حەوتەم: ناوی گردەکان:

گردی قەراتێ، گردی جندانێ، گردی ڕەزان، گردی ڕەزانی کێخوا سمایل، گردی قەبران، گردی کفرین، ئاوەگرد، گردی هەنجیران، گردی حەساری، گردی محەممەد شلان، گردی ئەشکەوتی، گردی درکۆیە، گردی شێخ محەممەدی گەورە، گردی شێخ محەممەدی گچکە و چەند گردێکی دیکە.

## هەشتەم: ناوی گەلییەکان:

١- گەلییەکانی چیای بەنەباویە:

گەلی ئاوەڕەشان، گەلی محەممەد شلی گەورە، گەلی محەممەد شلی گچکە، گەلی ڕەزان، گەلی قەبران، گەلی جندانێ، گەلی کفرین، گەلی بەنەباوی.

٢- گەلییەکانی چیای ئاوەگرد:

گەلی ئاوەگرد، گەلی هەنجیران، گەلی حەساری، گەلی محەممەد شلی، گەلی درکۆیە، گەلی ئەسحابی گەورە، گەلی ئەسحابی بچووک.

## نۆیەم: ئەشکەوتەکان:

١- ئەشکەوتەکانی بەری بەنەباوییە:

ئەشکەوتی محەممەد شلی، ئەشکەوتی ڕەزان، ئەشکەوتی جندانێ، زیندانی دەرگ بەرین، زیندانی بێ بن (هەنجیرۆک)، ئەشکەوتی گەلی قەبران، ئەشکەوتی کفرین.

٢- ئەشکەوتەکانی چیای ئاوەگرد:
ئەشکەوتی هەنجیران، ئەشکەوتی گەری حەساری، ئەشکەوتی گەری محەممەد شلی، ئەشکەوتی درکۆیە، ئەشکەوتی شێخ محەممەدی گچکە، ئەشکەوتی شێخ محەممەدی گەورە و چەند ئەشکەوتێکی دیکە.
سوپاس بۆ کاک ئازادی کاک ڕەشید و کاک جەباری مام حاجی قادر، کە هاوکار و هاریکار بوون لە نووسینی ئەم بابەتە جوانە.

٣٠ی نیسانی ٢٠٢٤

# بەشی دووەم

## یەکەم: ژیانی ڕابردووی خەڵکی گوندی سماقوڵی گرتک:




لەوەتەی خەڵک ئەم گوندەی ئاوەدان کردووەتەوە، وەکوو گوندەکانی دی دۆڵی سماقوڵی، هەمیشە هەژاری، هەوراز و نشێویان زۆر بینیوە، لە پێشوودا کاروانیان کردووە، ترێ، مێوژ، تەماتە و چەندین میوەی دیکەیان بە پشتی گوێدرێژ یان هێستر بردووەتە گوندەکانی دەشتی هەولێر، ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و گوندەکانی ناوچەکانی دیکە، پاشان بە گەنم، جۆ و دانەوێڵەی دیکە ئاڵوگۆڕیان پێ کردوون.

خەڵکی سماقوڵی گرتک پشت و پەنای یەکتری بوون، هەر کارێکیان هەبووبێت بە هەرەوەزی ڕایان پەڕاندووە، تەنانەت هاوکاری گوندەکانی دەوروبەریشیان کردووە.




خەڵکی ئەم گوندە خۆڕاگرە، هەر زوو بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان بە خۆیان بەستووە و دەستیان کردووە بە بەرهەم هێنانی کەلوپەلی خۆماڵی، چونکە گوندەکە زەوی بە پیتییان زۆر بووە، سەرجەم خەڵکی گوندەکە زەوی بەراو و دێمەکاری بەشی خۆیان هەبووە. هەر یەک لە: گەنم، جۆ، نیسک، نۆک، ماش، کونجی، برنج و زۆر شتی دیکەیان چاندووە، هەروەها تووتن، تەماتە لۆبیا، بامیە، گندۆرە، شووتی، گوڵەبەڕۆژە و چەندین بەرهەمی دیکەیان بەرهەم هێناوە. هەروەها دار سێو، هەنار، هەنجیر، هەرمێ، خۆخ، هەروچکە، قەیسی، گەراز، باوی و چەند جۆرێکی دی دار بەرهەمی ژیانیان بووە. هەر یەک لە: دارە مێو، ڕەزی ترێ، مێوژ، دۆشاوی ترێ، سرکەی هەنار بەشێکی دیکەیان بووە بۆ ژیان. جێی ئاماژەیە بگوترێت ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بە سامانی ئاوی شیرین و کانیاو و بیر.

خەڵکی سماقوڵی گرتک، دار ئەسپیندار، بی، چنار و چەندین داری دیکەیان ڕواندووە و بۆ خانوو دروست کردن بەکاریان هێناوە، لە هەمان کاتدا بەشێکیان فرۆشتووە. لە لایەکی دیکەوە گا، هێستر، گوێدرێژ کەرەستەی بنەڕەتی بووە بۆ کێڵانی زەوییەکانیان، جەنجەڕ

و دار هێنـان و گـەڵای حەیوانـان، هێنانـی بـەرد بـۆ دروسـت کردنـی خانـوو و شـتی دیکـە. بـە شـێوەیەکی گشـتی خەڵکـی سـماقوڵی گرتـک پشتی زۆریان بە سامانی ئاژەڵ بەستووە، دەتوانم بڵێم زۆربـەی هەرە زۆری خەڵکەکە چێڵ، گا، بزن، هێستر، گوێدرێژ، مریشک، عەلەشیش، قاز، مـراوی، کۆتـر و چەندیـن پەلـەوەری دیکەیـان هەبـووە.

ژنـان شـان بـە شـانی پیاوەکانیـان هەوڵـی زۆریـان بـۆ ژیـان داوە و پشـتیوانییەکی بەهێـزی پیاوەکانیـان بـوون، هەر لـە دروسـت کردنـی ماست، پەنیر، کەشک، داندۆک، کوڵاندنی ساوەر، مەشکە ژەنین، دۆ و کەرەی کوردەواری و زۆر شتی دیکە. هەروەها زۆر جار ژنان لەگەڵ پیـاوەکان بـە شـوارکی بـلارووک و ئەسـپیندار و بنـاو قەرتـارە، تریانـە، سـەبەتە، ئالـەی مێشـەنگوینیان دروسـت کـردووە، لـە لایەکـی دیکـەوە کـراوی پیـاوان، پوزەوانـە، ملوانکـە، لفکـە و چەندیـن شـتی فۆلکلـۆری کوردەوارییـان دروسـت کـردووە.

دەبێت فەخـر بـە ژنانـی سـماقوڵی گرتـک بکرێـت، وەک سـەرجەم ژنانـی کوردسـتان، کـە شـان بـە شـانی پیـاوان هەوڵیـان داوە بـۆ ژیـان، هەر لە بەخێو کردنی منداڵ و دروست کردنی نان، خـواردن و خزمـەت کردنـی میـوان و ئازیـزان، لـە دەردەسـەری، هەژاری و کـەم دەرامەتـی بێ بـەش نەبـوون.

سـماقوڵی گرتـک جیـا لـە گوندەکانـی دی دۆڵـی سـماقوڵی زیاتـر لـە بیسـت تراکتۆریـان هەبـووە، کـە بـۆ زەوی کێـڵان بەکاریـان دەهێنـا، هەروەها گوندەکانـی دی وەک سـماقوڵی سـەروچاوە، سـێنان، کـرۆژ، سماقوڵی گەلی و سوسێ سوودی زۆریان لـەم تراکتۆرانە بینیوە بۆ کێڵانـی زەوییەکانیـان، هاوکات پێشـمەرگەش بـە مەبەسـتی گواسـتنەوە سوودی زۆریان لـەم تراکتۆرانە وەرگرتووە، زۆر جاریش هەبووە ئەو تراکتۆرانـە دار ئەسـپیندار، سـێو، هەنـار، تەماتـە و بەروبوومـی دیکەیـان گواسـتووەتەوە بـۆ شـار، لەبـەر ئـەوەی ڕێگاوبانـەکان زۆر خـراپ بـوون و بەکەڵکی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل نـەدەهات، ئـەو تراکتۆرانـە بـۆ هەمـوو جـۆرە کارێـک سـوودی لـێ وەرگیـراوە.



بەشێک لە پیاوانی سماقوڵی گرتک، بۆ خۆیان جەنجەڕ، نیر، کۆپەران، ئامور، شەنە، بەفرمار، کورتانی گوێدرێژ، گوریس، کەژوو، کلکە پێمەڕە و کلکە خاکەناز، دار جگەرە، باگولدێن (باگردێن) و چەندین کەرەستەی جووتیاری و فۆلکلۆری دیکەیان دروست کردووە. لە لایەکی دی خەڵکی ئەم گوندە کورەی ڕەژوویان زۆر کردووە، واتە (خەڵووز)، بە مەبەستی فرۆشتن، تاکوو بژێوی ژیانیان پێ بەڕێوە ببەن، هەروەها چەندین جار دار بەڕوویان بە پشتی وڵاغ بردووەتە کۆیە و حاجیاوا تا بیفرۆشن.

خەڵکی ئەم گوندانە بە شۆڕشەکانی کوردستان زۆر هیلاک بوون، هەمیشە ماڵەکانیان لانەی پێشمەرگە و ڕێبواران بووە. ئەمەش هۆکارێک بووە کە زیاتر لە چەند جار گوندەکە لە لایەن ڕژێمی فاشی عێراق پەلامار بدرێت و بسووتێنرێ و خەڵکە خۆڕاگرەکەی ئاوارە و سەرگەردان بکرێت. بۆ نموونە لە سالانی (١٩٧٤- ١٩٨٨) ئەم گوندانە سووتاون و خاپوور کراون، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ لە شەڕی ١١ ڕۆژەی دۆڵی سماقوڵی بەشێکی ئەو گوندە سووتا،

هاوکات چەندین جار بە فڕۆکەی جۆراوجۆر و تۆپی دوورهاوێژ، سوپای عێراق پەلاماری ئەو گوندانەی داوە.

خەڵکە جوامێرەکەی وەک هێزی بەرگری و پێشمەرگە و فیرارەکانی سوپای ئەو کاتی عێراق ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە، چەندین ڕۆڵەی ئەم گوندە جوانە گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی گەل و نیشتمان.

## دووەم: شەهیدانی گوندی سماقوڵی گرتک:

شەهید سەعید حاجی جەرجیس، شەهید جەلال ساڵح، شەهید حوسێن حاجی عەزیز، شەهید سەعدوڵلا عەزیز، شەهید ئەبووبەکر سابیر، شەهید عەباس سلێمان، شەهید سلێمان خدر حەسەن، شەهید فەتاح قادر، شەهید ساڵح ئیسماعیل، شەهید سەلاح مستەفا، شەهید عومەر مام باویل، شەهید ئیسماعیل مام تەها، شەهید ئازاد سابیر مام ڕەسووڵ، شەهید کازم قاسم مام حامید، شەهید سەید کەمال، مەجید ئەحمەد سەعید. مامۆستا حاتەم ئەنفال کراوە، جەعفەر مام شێخ محەممەد لە شەڕی ئێران و عێراق دیار نەما و تا ئێستا بێسەروشوێنە بەداخەوە.

## سێیەم: پێشمەرگەکانی گوندی سماقوڵی گرتک:

سماقوڵی گرتک چەندین گەنج و لاوی بە هەڵوێست و جوامێرانەیان هەبوو، کە بەشدارییەکی کارامەیان لە کاروانی پێشمەرگایەتی هەبووە، هەم لە شۆڕشی ئەیلوول و هەم لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ئەمەش ناوی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕابردووە.

## پێشمەرگەکانی پێش ڕاپەڕین:

مەجید مام سەعید، سیروان مام هەمزە، جەبار قادر مەولوود، مەولوود قادر مەولوود، محەممەد عەبدوڵلا مەولوود، سەیفەدین

حەمەد حەمەدەمین، عەزیز مستەفا عەزیز، تالیب سلێمان، یووسف یاسین عەزیز، سلێمان ڕەحمان حەمە غەریب، سابیر عەزیز، غەفوور تەها ڕەسووڵ، قەرەنی ئەحمەد حاجی ئەمین، کەمال ئەحمەد حاجی ئەمین. عەلی مام تەها، مەحموود حاجی ئەمین، حەمەد حاجی ئەمین، سابیر جەرجیس حەسەن، ساڵح ڕەشید سەعید، غەفوور تەها مام ڕەسووڵ، ئەنوەر محەممەد حوسێن، عەبدولسەمەد، واحید حاجی فەتاح، کاک سابیر، مام هەمزە، ئەحمەد حاجی ئەمین، حاجی ڕەزا ئیسماعیل.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکی ئەو گوندانە بە مەبەستی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان بە لێشاو گەڕانەوە، بەم جۆرە سامانی ئاژەڵ، کشتوکاڵ و دروست کردنی ئاوەدانی زیاتر گەشەی کرد، بەڵام بەداخەوە شەڕی ناوخۆ کاریگەری نەرێنی زۆری بەسەر ئەو دۆڵە هەبوو، بە تایبەتی ململانێی نێوان زۆنی سەوز و زۆنی زەرد، ئەمەش وای کرد ناوچەکە دوابکەوێت.

خۆشبەختانە خەڵکی ئەو گوندە جوانە لە زۆر بواردا گەشەی باشی کردووە، چەندین دکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستای خاوەن پسپۆڕی جیاجیا، کارمەند، مامۆستای ئایینی، فەرماندەی باڵای سەربازی، کادیری حیزبی و چەندین چینی خوێندەواری لێ هەڵکەوتووە.

هیوادارم ئەو مەڵبەند و گوندە جوانانە هەمیشە لە گەشە کردندا بێت، چیتر بە دەست ناحەزان ئازار نەکێشێت، ئومێدەوارم خەڵکەکەشی هەر وەک پێشوو یەکگرتوو بن، ببنە پشتیوانی بەهێز بۆ یەکتری، تاوەکوو نەوەکانی داهاتوو بتوانن باشتر خزمەتی ناوچەکەی خۆیان بکەن.

یەکی ئایاری ٢٠٢٤

# کورتەیەک لە مێژووی گوندە جوانەکەی سێنان



گوندەکانی کوردستان زۆربەیان جوان و دڵڕفێنن و خاوەن کولتوور و دابونەریتی خۆیانن، بە تایبەتی لە ڕووی ژیان و کار و پێکهاتەوە، تەنیا ئەوەی ئەو لادێیانە لێک جیا دەکاتەوە، هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافیا و دانیشتووانەکەیەتی. ئەگەر باسی مێژووی خەڵکی ئەو گوندە جوانە بکەین، ئەوا بە چەندین پەرتووک تەواو نابێت، بەڵام پێم خۆش بوو بە کورتی چەند لایەنێکی جوانی ئەم گوندە سەیدنشینە هەڵدەمەوە.

## یەکەم: گوندی سێنان لە چییەوە هاتووە؟

چەند سەرچاوەیەک لە گوندی سێنان دەڵێن وشەی سێنان لە سێ ناو هاتووە، واتە سێنان سێ بەش بووە، ئەو سێ بەشە ناویان: کورتە جۆ، کێلێ و قەسرێ بووە، واتە سێ ناو بووە، ئەو سێ ناوە بۆتە سێ نان، ئەو سێناوە بۆتە ناوی گوندی سێنان.



## دووەم: هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی سێنان:

- لە ڕۆژهەڵاتی گوندی سێنان، زنجیرە چیای ئاوەگردە.
- لە ڕۆژئاوای گوندی سێنان، زنجیرە چیای بەنەباوییە.
- لە باکووری گوندی سێنان، گوندی سماقوڵی گرتکە.
- لە باشووری گوندی سێنان، گوندی سماقوڵی گەلییە.
- لە باشووری ڕۆژئاوای سێنان، گوندی کرۆژە.

واتە گوندی سێنان کەوتووەتە نێوان گوندەکانی سماقوڵی گرتک، سماقوڵی گەلی، کرۆژ، چیاکانی ئاوەگرد و بەنەباوی. گوندی سێنان کەوتووەتە دۆڵی سماقوڵی و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شارە جوانەکەی کۆیەیە.

## دووەم: بەشێک لە کەسایەتییەکانی گوندی سێنان:

دانیشتووانی گوندی سێنان زۆربەیان لە پێکهاتەی سەید و شێخ و چەند کەسایەتییەکی دیکەن، ئەمانەش بەشێکن لەو کەسایەتییانەی

گوندی سێنان: سەید ئیبراهیم، سەید نووری، سەید حوسێن، سەید جەعفەر، سەید حەمەدەمین، سەید ساڵح، سەید ئیبراهیم، سەید عومەر، سەید عەبدوڵڵا، مام شێخ ڕەش، شێخ تەها، شێخ ئیسماعیل، مام خدری گەورە کە جاف بوون، کێخوا مامە لە کۆیە بە کاکە مامەی سایەق ناسراوە باوکی مامۆستا شێروان و دکتۆر پشتیوان و مامۆستا کامەرانە، حەمەدەمین مام حەسەن، حەمەدەمین مام بابەکر، سەید نووری سەید ساڵح، سەید مستەفا، سەید محەممەد، مام شێخ محەممەد، سەید حەسەن، شێخ فەتاح، سەید موحسین کوڕی سەید حوسێن، سەید کەمال ناسراو بە کاک حەمە سوور کاک عەرەب، حاجی مەولوودی گەورە بڵباس بوون، حاجی ڕەمەزان مامی دکتۆر پشتیوان، حەمەد مستەفا، سەلیم حاجی ڕەمەزان، مام عەبدوڵڵا پوورە مێرێ، عەبدوڵڵا مام سۆفی، خدری مام سۆفی، مام سۆفی ڕەسووڵ، کاک ڕەحمانی برای، حاجی ئەحمەدی خدری، مام حەسەنی خدری، سەید ئەحمەد، سەید عەزیز برای سەید حوسێن و چەندین کەسایەتی دیکە.

گوندی سێنان لە چاو گوندەکانی تری دۆڵی سماقوڵی گوندێکی بچکۆلانەیە، خەڵکی باش و ئایین پەروەر و کەسایەتی جوانیان هەبووە. لە گوندی سێنان مزگەوت و قوتابخانەی بنەڕەتی تێکەڵاو و بنکەی تەندروستی هەیە.

## چوارەم: ناوی زەوییەکانی گوندی سێنان:

زەوی زیان، زەوی شلەی باویان، زەوی حەتەمی، زەوی لەرزۆک، زەوی گۆڕی سووتەک، زەوی لاسان، زەوی کفرین، زەوی ئاشینک، زەوی کانی قوڕە، زەوی ئاوەنیان، زەوی دەرمان ئاوێ، زەوی سێ توان، زەوی شێخ ئیسماعیل، زەوی ناو مورتکان، زەوی ناو چۆمان، کانی قەسرێ، زەوی سەرکەند، زەوی کەندی سماق، زەوی مێرگێ، زەوی ناو ئاشان، زەوی سیدار، زەوی گۆڵی، زەوی کورتەجۆ، زەوی ناو شینکان و چەند زەوییەکی دیکە.



## پێنجەم: ناوی گردەکان:

گردی کێلێ، گردی سووتەک، گردی ڕەزان، گردی سیداری، گردی ئاشینک، گردی کفرین، گردی گرینجان، گردی پشت ماران و چەند گردێکی دیکە.

## شەشەم: ناوی کانیاوەکان:

کانی قەسرێ و مزگەوت، کانی قوڕە، دەراوی ژنان، گۆمی جۆنیان، واتە دەراوی پیاوان و چەند کانییەکی دی.

جێی ئاماژەیە بڵێین: لە گوندی سێنان چەندین دار توو هەبوو، ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق پەلاماری ئەو گوندەیدا، زۆربەی دار تووەکانیان وشک کرد و بڕیان، تەنیا دار توویەک لە کۆی دارەکانی دی مایەوە، کە لەسەر کانی قەسرێ، لە تەنیشت مزگەوتێ بوو، تەمەنی ئەو دارە تووە زیاترە لە ١٠٠ ساڵە، دیمەن و سروشتێکی جوانی بە گوندەکە بەخشیوە.

## حەوتەم: ناوی بیرە ئاوەکان:

لە گوندی سێنان سێ بیری ئاویێ هەیە، یەکەم بیر لە گەلی هەنجیرانە و دوو بیرەکەی دی کەوتووەتە گەلی غەران.

## هەشتەم: ناوی گۆڕستانەکان:

گۆڕستانی شێخ ڕەسووڵ، گۆڕستانی مام شێخەڵڵا، گۆڕستانی سەرکەند، گۆڕستانی قەبرۆکان، گۆڕستانی لاسان و گۆڕستانی مورتکان.

## نۆیەم: ناوی گەلییەکان:

لە چیای ئاوەگرد، ئەم گەلییانە هەیە: گەلی پیرۆزان، گەلی شەختەی، گەلی ڕێیە، گەلی بەردی سپی، گەلی هەنجیران، گەلی خش خشۆک، گەلی ئاوەگردی، گەلی خدرە سۆری.

لە چیای بەنەباوی، ئەم گەلییانە هەیە: گەلی تایەری، گەلی غەران، گەلی کفرین و گەلی کەرتڕێن.

## دەیەم: ناوی ئەشکەوتەکان:

ئەشکەوتی کونە کەمتیار لە چیای ئاوەگرد، ئەشکەوتی گەلی هەنجیران، ئەشکەوتی کونە کۆتر لە چیای بەنەباوی، ئەشکەوتی خش خشۆک، ئەشکەوتی گەلی کفرین و ئەشکەوتی گەلی تایەری.

## یازدەیەم: جۆگەکانی گوند:

لە گوندی سێنان دوو جۆگەی ئاوی سەرەکی هەیە.

یەکەم جۆگە بناوانەکەی لە سماقوڵی گرتک هەڵدەبەسترێت و پێی دەڵێن جۆگەی سەریێ.

دووەم جۆگە بناوانەکەی لە لاسان هەڵدەبەسترێت و پێی دەڵێن جۆگەی خواریێ.

## دوازدەیەم: ئاژەڵداری گوند:

خەڵکی سێنان بە کاری ئاژەڵداری خەریک بوون، زۆربەی ماڵەکان چێڵ، بزن، هێستر، گوێدرێژ، مریشک، سەگ و شتی دیکەیان هەبووە. وەک: ماست، پەنیر، کەرە، مەشکە ژەنین و دۆیان.

سەرجەم خەڵکی ئاوایی بە کاری جووتیارییەوە خەریک بوون، وەک: تەماتە، تووتن، بامیە، لۆبیا، خەیار، شووتی، گندۆرە، گوڵەبەڕۆژە، ماش، برنج، کونجی و چەندین بەرهەمی دی هاوینەیان بەرهەم هێناوە. هەروەها دارەکانی ئەسپیندار، بی، چنار یەکێک بووە لە بەرهەمەکانی ئەو گوندە، کە بۆ دروست کردنی خانووی لادێ بەکاریان هێناوە، هاوکات بەشێکیشیان بۆ بژێوی ژیان فرۆشتووە.

دارەکانی سێو، هەنار، مێوی ترێ، خۆخ، قەیسی، هەنجیر، باوی، هەروچکە و چەندین داری دیکەش یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەو گوندە. هاوکات داری دێمەکاریشیان زۆر بووە، وەک دارەکانی بەڕوو، مازوو، کرۆسک، گێوژ، بلارووک و چەندین داری دی.

## سێزدەیەم: بەرهەمی کشتوکاڵ:

گەنم، جۆ، نیسک، نۆک، بەشێک لە بەرهەمەکانی دانەوێڵەی ئەو ناوچەیە، خەڵکی ئەو گوندە لە ڕابردوو و بە مەبەستی بژێوی ژیان کاری دار فرۆشتن و کورە ڕەژووشیان کردووە.

شێخ فەتاح، دارتاشێکی باشی گوندی سێنان بوو. کەرەستە فۆلکلۆرییەکانی دروست کردووە، لەوانە: لانکی منداڵان، نیر، کۆپەران، ئامور، قادرمەی ماڵان، بەفرمار، کلکە پێمەڕە، خاکەناز، شەنە و چەندین کەرەستەی دیکەی جووتیاری. هەروەها مام حەمەدەمین مام حەسەن، گوریس، کەژ و کورتانی دروست کردووە، ژنەکانیشیان شانبەشانی پیاوەکان پشتیوانییەکی بەهێز بوون بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان، بە نموونە ئەوانیش لە دروست کردنی حەسیر، بەڕە و تەشی ڕستن کاریان کردووە.

دار بلارووک و کەوەت یەکێک بووە لەو کەرەستانەی کە بەکاریان

هێناوە بۆ کەرەستەی ژیان، وەک: تریانە، سەبەتە، قەرتارە، گەسکی ماڵەوە، ئالەی مێشەنگوین و چەندین شتی دیکە.

لە پێشوودا خەڵکی گوندی سێنان پشتیان زۆر بە هێستر، گا و گوێدرێژ بەستووە، بە مەبەستی کێلانی زەوییەکانیان؛ جەنجەڕ؛ دار هێنان؛ گەڵای حەیوانان؛ دار و گەڵای خانوو دروست کردن.

## چواردەیەم: هەندێک زانیاری دیکە:

خەڵکی گوندی سێنان قەومێکی خۆنەویست و ئایین پەروەر بوون، هەمیشە هاوکار و پشتیوانی گوندەکانی دەوروبەر بوون، پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لە نێوانیان خەڵکی گوندی سێنان و گوندەکانی دۆڵی سماقوڵی هەبووە، لەو نێوەدا پەیوەندی ژن و ژنخوازیش دروست بووە و ڕەگی داکوتاوە، زۆربەی خەڵک بوونەتە خزم و کەسوکاری یەکتر.

لە قۆناغی ئێستادا خەڵکی گوند گەشەی باشی کردووە، بە تایبەتی لە ڕووی پەروەردەوە، خاوەنی چەندین دکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستا و کارمەندی تەندروستی و چینی جیاوازی دیکەن.

گوندی سێنان هاوشێوەی گوندەکانی دیکە، لە سووتان، کاولکاری بێ بەش نەبووە، هەر لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بگرە، تا دەگاتە شەڕە نەگریسەکان کە کەوتووەتە ئەو ناوچانە، وەک شەڕی ١١ ڕۆژەکەی دۆڵی سماقوڵی لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧. لە لایەکی دیکەوە پێویستە بڵێین: گوندی سێنان شانبەشانی گوندەکانی دی، هەمیشە مەڵبەندی پێشمەرگە و ڕێبواران بووە.

هەر کاتێک دۆڵی سماقوڵی لە لایەن جەیشی عێراق و هێزە نەیارەکان پەلامار درابێت، ئەوە گوندی سێنانیشی گرتووەتەوە، لەو نێوەدا بە دڕندەترین شێوە، لە ڕێگایی فڕۆکە، تۆپی دوورهاوێژ و هێزەوە پەلامار دراوە، خەڵکە خۆڕاگرەکەشی ئاوارە و سەرگەردان بووە. هەروەها گوندی سێنانیش لە شەهید و ئەنفال بێ بەش نەبووە،

وەک: شـەهید سـەید جەمیل، شـەهید جەواهێر کچی حەمەدەمین کێخوا باوەکـر، هەروەها شــەهید ئەکـرەم سـەید حوسـێن و شــەهید ئەسـوەد حەمەدەمین بابەکر برای شـەهید جەواهێر لـە سـاڵی ١٩٨٨ ئەنفال کران.

گونـدی سـێنان چەندیـن جـار سـووتاوە و وێـران کـراوە، دواجـار لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە لایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پەلامـاری گوندەکانـی دۆڵـی سـماقوڵی دراوە، لـەو نێـوەدا ئـەو گونـدەش بـە تـەواوی سـووتا و خاپـوور کـرا، لـە دوای ڕاپەڕیـن خەڵکەکـەی گەڕاوەتـەوە بـۆ گونـد و ئاوەدانییـان کردووەتــەوە.

لـە ڕاسـتیدا لـە زسـتاناندا چەنـد ماڵێکـی کـەم لـەو گونـدە دەژیـن، بـەڵام هاوینـان ئاوەدانـی زیاتـرە و خەڵـک ڕوو لـە ڕەز و باخەکانیـان دەکەنـەوە.

هیـوای تەمـەن درێـژی و تەندروسـت باشـی بـۆ خزمانـی گونـدە خۆشەویسـتەکەی سـێنان دەخـوازم.

سـوپاس بۆ کاک سـەید مسـتەفا سـەید ساڵح و کاکـە توانـا سـەید محەممـەد، کـە هاوکارم بـوون.

هیوادارم سوودێکمان بە خوێنەران گەیاندبێت.

٢٣ی ئایاری ٢٠٢٤

# کورتەیەک لە مێژووی گوندی کرۆژ



گوندەکانی کوردستان مێژوویەکی جوان و پرشنگداریان هەبووە، گوندی کرۆژیش یەکێکە لەو گونە جوان و سەیدنشینانەی دۆڵی سماقوڵی، پێم خۆشە لە دیدگای خۆمەوە ئەو گوندە سەیدنشینە بە ئێوەی خۆشەویست ئاشنا بکەم.

## یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی کرۆژ:

گوندی کرۆژ کەوتۆتە نێوان زنجیرە چیاکانی، بەنەباوی، باواجی و گەروی حاجیلان، هەروەها کەوتووەتە کۆتایی باشووری زنجیرە چیای بەنەباوی.

- لە ڕۆژئاواوە هاوینەهەواری کانی لاس و کانی گوند و تۆبزاوایە.
- لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندی سماقوڵی گەلی و زنجیرە چیای ئاوەگردە.
- لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، گوندی سێنانە.
- لە باکوورەوە زنجیرە چیای بەنەباوییە.
- لە باشوورەوە سنووری گوندی فەقێیان و چیای پشتێنەیە.

گوندی کرۆژ گوندێکی جوان و دڵڕفێنی دۆڵی سماقوڵییه، خەڵکی باش و ئایین پەروەر و کەسایەتی جوانیان هەیە و هەبووە. گوندەکە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شارە جوانەکەی کۆیەیە.

## دووەم: ناوی کرۆژ:

هەندێک سەرچاوە لە گوندی کرۆژ، ناوی گوندەکەیان بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە ئەو گوندە لە ڕابردوو داری کرۆسکی زۆر بووە، کرۆسکیش لە ناوچەی خۆشناوەتی بەرهەمێکی پایزی زۆر خۆشە، ئەو گوندەش نازناوی کرۆژی وەرگرتووە و خەڵکەکەش ناویان لەو گوندە جوانە ناوە کرۆژ.

گوندی کرۆژ لە سەدەی نۆزدەوە، هاوینە هەواری خەڵکی گوندی فەقێیان بووە، شێخ مەحموودی گەورە باوکی شێخ مەعرووف ئەو گوندەی کڕیوە، زۆربەیان خزم و کەسی یەکترین، بەم جۆرە گەشەیان کردووە و بووەتە گوندی سەیدان، هەڵبەت چەند خێزانێکی دی موڵکیان لەو گوندە کڕیوە و ئێستا تێیدا دەژین.

## سێیەم: ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی گوند:

لە ڕابردوو و لە ئێستادا، گوندی کرۆژ چەندین کەسایەتی لێ ژیاوە، لەوانە: شێخ مەحموودی گەورە، شێخ مەعرووف، شێخ مستەفا، شێخ مەحموود کوڕی شێخ مەعرووف، شێخ سەلام، حاجی خالید، سەید عەبدوڵڵا، سەید باوەدین، سەید جەلال، سەید حەمەد، سەید گوڵ، سەید ئیدریس، سەید فەتاح، سەید ئەبووبەکر و سەید عوسمان کوڕانی مام حاجی خالید، حاجی سەلیم و سەید عەبدولخالق، سەید لوقمان و سەید بەختیار کوڕانی سەید ئیدریس، سەید سەرتیپ و سەید سەرهەد کوڕانی سەید فەتاح، عومەر فەقێیانی، عەلی مام لەتیف، سەید جەمال و سەید کەمال کوڕانی سەید حەمەد، سەید ئیبراهیم و سەید لەتیف کوڕانی سەید گوڵ، سەید نووری برازای

شێخ مەعرووف، سەید عومەر و سەید قادر کوڕانی سەید نووری، سەید عەبدوڵڵا و سەید سلێمان کوڕانی سەید عومەر، سەید ئیسماعیل و سەید ئیبراهیم کوڕانی سەید قادر و چەندین کەسایەتی دی.

## چوارەم: ناوی زەوییە خۆشەکانی گوندی کرۆژ:

زەوی دارە گردان، زەوی گێوژۆک، زەوی دەم ڕووباران، زەوی بەر ڕێیان، زەوی پشت ڕێیان، زەوی خەلیفەی، زەوی سۆتەنی، زەوی بیستانجاڕان، زەوی کەندە عاسێ، زەوی ئاشی سەرێ، زەوی داری، زەوی قالە کوژرای، زەوی سەلیم ئاغای، زەوییەکانی سەروچاوەی کرۆژی، زەوی باری میرە سەنی، زەوی کاولی مەلا قادری، زەوی حەوێزی، زەوی گردە سۆر، زەوی دۆری شێخ نووری کوژراوی، زەوی کرۆسکی، زەوی دارە گزیلان، زەوی سینگورە، زەوی چار ماران، زەوی کەرەکین، زەوی شیلانە، زەوی باپیری، زەوی گرترخێنە و چەند زەوییەکی دیکە.

## پێنجەم: گردەکانی کرۆژ:

گردی دارە، گردی دەم ڕووباران، گردی سۆتەنێ، گردی پشت قەراتێ، گردی سەلیم ئاغای، گردی ناوگردان، گردی حەوێزی، گردی دەوڕێیان، گردی شینکی گەورە، گردی شینکی گچکە، گردی بانی نیسکان، گردی گردە سۆر، گردی گرترخێنەی، گردی گەرووی سینگورەی و چەند گردێکی دیکە.

## شەشەم: کانیاوەکانی کرۆژ:

کانی سارد، کانی حەمە خان، کانی شاخ و سەروچاوەی کرۆژ.




## حەوتەم: گەلییەکانی کرۆژ:

گەلی تەیارەی، گەلی هەرمێیان، گەلی سەروچاوەی و گەلی تاراوان.

## هەشتەم: ئەشکەوتەکانی کرۆژ:

ئەشکەوتی سەروچاوە، لە گەلی سەروچاوە ئەشکەوتێکی لێیە، ئەشکەوتی کونە کۆترێ.

## نۆیەم: گۆڕستانەکانی کرۆژ:

گۆڕستانی دارەگردان، گۆڕستانی شێخ زەینەر، گۆڕستانی دارێ، گۆڕستانی سەر ڕووبارێ و گۆڕستانی دارەگزیران.

## دەیەم: ئاژەڵداری و کشتوکاڵی لە گوند:

لە ڕابردوو خەڵکی گوندی بە کاری ئاژەڵداری خەریک بوون، زۆربەی ماڵەکان چێڵ، بزن، مەڕ، هێستر، ئەسپ، گوێدرێژ، مریشک،

قاز، مراوی، عەلەشیش، سەگ و شتی دیکەیان هەبووە، وەک: ماست، پەنیر، کەرە، مەشکە ژەنین و دۆ.

سەرجەم خەڵکی ئاوایی بە جووتیارییەوە خەریک بوون، هەر یەک لە بەرهەمەکانی: تەماتە، تووتن، بامیە، لۆبیا، خەیار، شووتی، گندۆرە، گوڵەبەڕۆژە، ماش، برنج، کونجی و چەندین بەرهەمی دیکەی هاوینەیان هەبووە.

دار ئەپسپیندار، دار بی و دار چنار یەکێک بووە لە بەرهەمەکانی ئەو گوندە، کە بۆ دروست کردنی خانووی لادێ بەکاریان هێناوە، هەروەها بەشێکیشیان بۆ بژێوی ژیان فرۆشتووە. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کرۆژ داربەڕوویان بڕیوە و لە کۆیە فرۆشتوویانە، هەروەها کورە و ڕەژووشیان بۆ فرۆشتن دروست کردووە.

دارەکانی سێو، هەنار، مێوی ترێ، خۆخ، قەیسی، هەنجیر، باوی، هەروچکە و چەندین داری دیکە بەرهەمی ئەو گوندە بووە. داری دیمەکاریشیان زۆر بووە، وەک: دارەکانی بەڕوو، مازوو، کرۆسک، گێوژ، بلارووک چەندین داری دی.

هاوکات گەنم، جۆ، نیسک، نۆک و بەرهەمی دیکەیان هەبووە، لە لایەکی دیکەوە خەڵکی گوندی کرۆژ دروونەیان بە هەرەوەزی کردووە، جەنجەڕ، گەنم و کایان لێک جیا کردووەتەوە، گەنمەکە بۆ ئارد ساوەر و بڕوش بەکار هێناوە، کایەکەشیان بۆ ئاژەڵان بە کار هێناوە.

ژنانی گوندی کرۆژ شانبەشانی پیاوەکان پشتیوانییەکی بەهێز بوون، بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان، حەسیر، بەڕە، مافوور و تەشی ڕستنیان دروست کردووە.

دار بلارووک و کەوەت و بی، یەکێک بووە لەو کەرەستانەی کە بەکاریان هێناوە بۆ: تریانە، سەبەتە، قەرتارە، گەسکیماڵەوە، ئالەی مێشەنگوین و چەندین شتی دی.

لە پێشوودا خەڵکی گوندی کرۆژ پشتیان زۆر بە هێستر، گا و

گوێدرێژ بەستووە لە کێڵانی زەوییەکانیان، جەنجەڕ، دار هێنان، گەڵای حەیوانان، دار و گەڵای خانوو دروست کردن و چەندین کاری دیکە.

خەڵکی گوندی کرۆژ قەومێکی خۆنەویست و ئایین پەروەر بوون، هەمیشە هاوکار و پشتیوانی یەکتری بوون، پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێزیان لەگەڵ خەڵکی گوندەکانی سێنان، سماقوڵی گەلی و دۆڵی سماقوڵی هەبووە، لەو نێوەدا پەیوەندی ژن و ژنخوازی دروست بووە، لەم ڕێگەیەوە خزمایەتی ڕەگی داکوتاوە.

## یازدەیەم: ئاشی ئاوێ:

گوندی کرۆژ چوار ئاشی ئاوی هەبووە، وەک: ئاشی سەرێ، ئاشی کانی سارد، ئاشی سینگورە و ئاشی کانی حەمە خان.

گوندی کرۆژ دوو ئاوی گرنگی لێیە، یەکەمیان ئاوەکەی شیرینە و بۆ خواردنەوە گونجاوە، دووەمیان ئاوەکەی گڕاوە و بۆگەنیە؛ بۆ خواردنەوە دەست نادات.

## دوازدەیەم: زانیاری گشتی:

دەریاچەیەی دۆڵی سماقوڵی، کە لەو ساڵانەی دوایی دروست کرا، کەوتووەتە نێوان گوندی کرۆژ و گوندی سماقوڵی گەلی، کە دیمەنێکی جوانی بەخشیوەتە ناوچەکە و سوودێکی زۆریشی بە ناوچەکە و گەشتیاران گەیاندووە.

ئەشکەوتی سەروچاوەی کرۆژی خۆرە سورێکی لێیە، هەر کەسێک خروشت و زیپکە و برینی لە لەشی هاتبێت، ئەو خۆرە سوورەیان لە برینەکان داوە، وەک دەرمان بەکاریان هێناوە و بووەتە شیفا بۆیان، هەڵبەت خەڵکەکەش باوەڕیان پێی هەبووە. ئەو ئەشکەوتە شوێنی شەمشەمەکوێرە و باڵندەی کێوییە.

سەید عائیشە خەڵکی گوندی گۆمەشینە و خێزانی شێخ مەحموودە، یەکێک بووە لەو ژنانەی گوندی کرۆژ کە خەڵکی گوند

و ناوچەکە متمانەیان پێی هەبووە، هەم وەک ژنە سەید و هەم وەک ژنێکی نوورانی، هەر ژنێک منداڵی نەبووایە ئەوە سەید عائیشە گۆمەشینی وەک فریادڕەس بە هانایانەوە چووە و دەستی بە پشتی ژنەکان داهێناوە، یان بە قاچەکانی پشتی شێلاون، پاش ماوەیەک ژنەکان بەخت یاوەریان بووە و دووگیان بوون.

سەید عائیشە گۆمەشینی خێزانی شێخ مەحموود و سەید خەجیجە خێزانی سەید حاجی خالیدە، ئەو دوو ژنە وەک مامان لە گوندی کرۆژ ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە هاوکاری کردنی ژنانی دووگیان، بە تایبەتی لە کاتی منداڵ بووندا.

لە قۆناغی ئێستادا خەڵکی کرۆژ گەشەی باشی کردووە، بە تایبەتی لە ڕووی پەروەردەوە، خاوەنی چەندین کەسایەتی و خاوەن بڕوانامەی بەرزن، وەک: مامۆستا و کارمەندی تەندروستی و چەند چینێکی دیکە.

گوندی کرۆژ باخچەی ساوایان، قوتابخانەی بنەڕەتی تێکەڵاو، بنکەی تەندروستی و مزگەوتی لێیە و خەڵکی گوندەکە لێیان سوودمەند بوون.

گوندی کرۆژ وەک گوندەکانی دیکەی کوردستان لە سووتان، تاڵان و کاولکاری بێ بەش نەبووە، جا هەر لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بگرە تا دەگاتە شەڕە نەگریسەکان، بە نموونە شەڕی ١١ ڕۆژی دۆڵی سماقوڵی لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧. گوندی کرۆژ شانبەشانی گوندەکانی دی هەمیشە مەڵبەندی پێشمەرگە و ڕێبواران بووە.

هەر کاتێک دۆڵی سماقوڵی لە لایەن جەیشی عێراق و هێزە نەیارەکان پەلامار درابێت، ئەوا گوندی کرۆژیش بێ بەش نەبووە و بە دڕندەترین شێوە، لە ڕێگای فڕۆکە، تۆپی دوورهاوێژ و هێزەوە پەلامار دراوە، بەم هۆیەوە خەڵکە خۆڕاگرەکەی ئاوارە و سەرگەردان بوون.

گوندی کرۆژ چەندین جار سووتاوە و وێران کراوە، دوا جار ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق پەلاماری بۆ سەر گوندەکانی دۆڵی سماقوڵی دەست پێ کرد، ئەو گوندەش بە تەواوی سووتا و خاپوور کرا، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین خەڵکەکەی گەڕایەوە و گوندە جوانەکەیان ئاوەدان کردەوە.

هیوای تەمەن درێژی و تەندروست باشی بۆ خزمانی گوندە خۆشەویستەکەی کرۆژ دەخوازم.

سوپاس بۆ کاک سەید سەرتیپ، کە لەم بابەتە هاوکارم بوو.

٢٩ی ئایاری ٢٠٢٤

# کورتەیەک لە مێژووی گوندی سماقوڵی گەلی



ئەم جارەش کورتەیەک لە مێژووی گوندێکی دی سەیدنشین و کرمانجەکانی دۆڵی سماقولی هەڵدەدینەوە، ئەویش گوندێکی تێکەڵاوی هەمەڕەنگی سماقوڵی گەلییە.

گوندی سماقوڵی گەلی وەک سەرجەم گوندەکانی دی کوردستان، ژیان تێیدا بەردەوام بووە، چەندین تیرە و بەرەباب و کەسایەتی لەو ناوچانە ژیاون، هەندێکیان لە دێر زەمانەوە لەو گوندە ژیاون، هەندێکی دیکەش لە شوێنی دیکەوە ڕوویان لەو گوندە کردووە و ئێستا هەموویان بوونەتە هاووڵاتی سماقوڵی گەلی.

لە ڕابردوو باس و پێناسەی سماقوڵییەکان و دۆڵی سماقوڵییمان کرد، بەڵام ئەو جارە باسی هەڵکەوتەی جوگرافیای سماقوڵی گەلی و چەند بابەتێکی دی دەکەین.



## یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی سماقوڵی گەلی:

گوندی سماقوڵی گەلی کەوتووەتە نێوان گوندەکانی: سێنان، کرۆژ، فەقێیان، میر سەید و جەلی، واتە سماقوڵی گەلی و ئەو گوندانە سنووریان پێکەوەیە.

گەلی باسرمێ گەلییەکە، زنجیرە چیای ئاوەگردی شەق کردووە و ئەو ئاوە زیادەی بەنداوی سماقوڵی گەلی بەرەو گوندی جەلی پێدا دەڕوات، واتە ئەو کورتە شاخەی باشوور بەرەو هیزۆپ بە زاراوەی ناوچەکە، پێی دەڵێن: شاخی کەچەچوک و بەشی باکووریشی لەگەڵ زنجیرە چیای ئاوەگرد گرێ دراوە.

لە ڕۆژهەڵاتی گوندی سماقوڵی گەلی شاخی کەچەچوک و گوندی جەلی و گەلی باسرمێیە، لە باکووری ڕۆژهەڵات زنجیرە چیای ئاوەگردە، لە باکووری سماقوڵی گەلی گوندی سێنانە، لە باشووری سماقوڵی گەلی گوندی کرۆژ و کۆتاییەکانی زنجیرە چیای بەنەباوییە، لە باشووری ڕۆژئاوایی سماقوڵی گەلی چیای باواجی کۆیە و سنووری

گوندی فەقێیانە، لە باشووری گوندی سماقوڵی گەلی دۆڵی ئەسحابان و سنووری گوندەکانی جەلی و میر سەیدە بەرەو هیزۆپ، لە سەر چیای باواجی گردێکی گەورە و بەناوبانگ هەیە، ناوی دۆڵە مەمنە؛ لە چیای ئاوەگرد تەپۆلکەیەک جیا بووەتەوە، پێی دەڵێن هێلانە سەقەڵ.

## دووەم: ڕووبارەکان:

لە ڕابردوو دوو ڕووباری گرنگ دەڕژایە سماقوڵی گەلی.

یەکەم: ڕووباری سماقوڵی سەروچاوە دەڕۆیشت بۆ سماقوڵی گرتک و سێنان، لەوێوە بۆ سماقوڵی گەلی.

دووەم: ئاو لە گوندی کرۆژ هەڵدەقولا و ڕووبارە ئاو دەهاتە سماقوڵی گەلی.

ئەو دوو ڕووبارە لە سماقوڵی گەلی تێکەڵ دەبوونەوە، دواتر بە گەلی باسرمە دەڕۆیشت بۆ گوندی جەلی و هیزۆپ، ئەو ڕووبارانە دەرفەتێکی باشیان دروست کرد بۆ دروست کردنی بەنداوی سماقوڵی.

## سێیەم: بەنداوی سماقوڵی:

بەنداوی سماقوڵی، ساڵی ٢٠١٠ دەست بە دروست کردنی بەنداوی سماقوڵی کراوە و ساڵی ٢٠١٨ ئەو بەنداوە تەواو بوو و بە ڕووی گەشتیاراندا کرایەوە. درێژی بەنداوی سماقوڵی ١.٧٠٠ مەترە، واتە یەک کیلۆ مەتر و حەوت سەد مەتر، پانییەکەشی نزیکەی ٧٠٠ مەترە، ئێستا دەیان کەپر، چێشتخانە، چاخانە، دووکانی هەمەجۆر و شوێنی هاوینەهەوار لەو ناوچەیە هەیە. لە لایەکی دیکەوە چەندین بەلەم لەو بەنداوە بوونی هەیە، خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران سوودێکی زۆریان لەو بەنداوە بینیوە. دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت لە کاتی دروست کردنی بەنداوەکە سەرجەم کانیاوەکان و بەشێکی زۆری زەوی

سماقوڵی گەلی ژێر ئاو کەوتن، ئێستا ئەو گوندە پرۆژەی ئاویان هەیە و پشت بە ئاوی بیر و پرۆژەی ئاو دەبەستن.

## چوارەم: کەسایەتییەکانی گوندی سماقوڵی گەلی:

- بەرەی مام سابیر، عەزیز سابیر، عومەر سابیر، ڕەشید سابیر، ساڵح سابیر، ڕەمەزان سابیر، قادر سابیر و نەوەکانیان.
- بەرەی عەزیز مەرجان، ئیسماعیل عەزیز و حەمەد عەزیز.
- بەرەی عەلی حەبێ، کاک مستەفا و کاک جەلال.
- هەروەها چەندین کەسایەتی دی هاتوونەتە سماقوڵی گەلی و لەوێ نیشتەجێ بوون، بە نموونە: مەلا عوسمان، وەک مەلای گوند، کاک زاهیر، کاک ئەنوەر، کاک تاهیر.
- بەرەی مام حەمەدەمین و مام سەعید.
- خانەوادەی مەلا ئەحمەد، خارە کاکە، مام عەولا و منداڵەکانیان.
- قادر ڕەسووڵ، دەروێش ڕەسووڵ کاک عەولا، مام ئەحمەد، مام ڕەحمان، سەیدەکان لە عەشیرەتی بەرزنجەن، وەک سەید مەعرووف، سەید عومەر، سەید مەلیک، مامۆستا فەیسەڵ، سەید زرار، سەید سەلام و نەوەکانیان.
- فارس تاهیر ئاغا و قاسم ئاغا، لە ڕابردوو ئەوان لە شاری کۆیە دانیشتبوون، سەید قادر، سەید وەلی، سەید ڕەشید، سەید عەلائەدین، سەید عەولا، سەید ڕەسووڵ، سەید ئیبراهیم، سەید جەنگی، سەید ڕەسووڵ، سەید قاسم، سەید جاسم و چەندین کەسایەتییەکی دی.
- ماڵی شا مورادی، ڕەشید حەمەد شا موراد، حوسێن شا موراد و نەوەکانیان.
- ماڵی مام عەزیزە گچکەل، مام نادر، مام قادر، مام ئەحمەد، مام حەمەد و نەوەکانیان.

لـه سـالانی ڕابـردوو سـەید ئەبووبەکـر و برایەکـی سـەید ئۆمـەر لـە کانـی شـاخ دوو موڵکـی شـیلەیەکانیان کـڕی بـوو، ئـەو موڵکانـە دار سـماقێکی زۆری لـێ بـوو، شـەرتی زەوی فرۆشـەکان ئـەوە بـوو خـاوەن موڵکەکانـی پێشـوو، سـالانە سـماقەکان ببـەن، تـا ئـەو دواییانـە لـە ڕنینـی سـماقەکان بـەردەوام بـوون، بـەڵام لـە ئێسـتادا زۆربـەی دار سـماقەکان وشـک بـوون.

لـە سـاڵی ١٩٧٢ دانیشـتووانی گونـدی سـماقوڵی گەلـی ٢٤ ماڵ بـوون، لـە هاوینـان ئاوەدانـی ئـەو گونـدە زیاتـرە، بـەڵام لـە زسـتانان ڕێژەکـەی کـەم دەبێتـەوە.

شـێخ ڕەسـووڵ لـە سـاڵی ١٩٥١ کچەکانـی خـۆی ناردووەتـە قوتابخانـە، لـە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، خاتـوو نایلـە و خاتـوو فەیمـە بوونـە مامۆسـتای ناوەنـدی، هەروەهـا مامۆسـتا شـلێر سـاڵی ١٩٧٢ بووەتـە مامۆسـتای کۆلێـژی ئـاداب/ بەشـی کـوردی، لـەو سـەردەمانە ئاسـان نەبـووە خەڵکـی گونـد کچەکانیـان بنێرنـە قوتابخانـە و فێـری زانسـت و زانیـاری بـن. دکتـۆر چـالاک کـوڕی سـەید عومـەر، دکتـۆری پسـپۆڕی دڵ بـووە، ماسـتەری لـە ئەمریـکا بەدەسـتهێناوە؛ کاک چاپـوک سـەید عومـەر قایمقامـی پێشـووی کۆیـە بـوو، سـەید سـەلام مامۆسـتای زانکۆیـە، کاک سـەید ئەنـوەر کـوڕی سـەید وەلـی پارێزەرێکـی بـە توانـای شـاری کۆیـە بـوو.

## پێنجەم: گردەکان:

گـردی مـەلا کـودوی، گـردی سـەنگەران، گـردی شـینکی خـەم ڕەوێن، گـردی تڕخێنە.

## شەشەم: گۆڕستانەکان:

گۆڕستانی ئەسحابان، گۆڕستانی دارە قەبرۆکان، گۆڕستانی تووی غەرێ، گۆڕستانی ئەسحابان لە ڕابردوو تایبەتمەندی خۆی هەبوو، چەندین دار بەڕووی گەورەی لێ بوو، هەروەها چەندین بەردی تایبەتی لێ بوو، وەک پیاو چاک وا بوو، هەندێک لەو بەردانە لە شارەکانی دی کوردستان و ناوچەکانی دی سەردانیان کردوون، بە مەبەستی چارەسەرکردن، کاتی خۆی خەڵک زۆر باوەڕی بە پیاوچاکان هەبووە و ژنانی ناوچەکە لە شارانەوە قوماشی سەوزیان کڕیوە و بە دارەکانیانەوە کردووە، هەندێک جار ئەو پەڕۆکانە وەک موتفەڕک بەکار هاتووە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی دروستکردنی شەقام و پیربوونی دارەکان، زۆری دارەکان فەوتاون و ئاسەواری شوێنەوارەکان وەک خۆیان نەماوە.

## حەوتەم: زانیاری گشتی گوند:

سنووری سماقوڵی گەلی ئەشکەوتی تورکێی لێیە.

ئەو گوندە خاوەنی مزگەوت و پرۆژەی ئاون.

کاتی خۆی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە سامانی ئاژەڵداری و جووتیارییەوە خەریک بوون، هەر وەک گوندەکانی دیکەی دۆڵی سماقوڵی.

ئەو گوندەش وەک گوندەکانی دی دۆڵی سماقوڵی بێ بەش نەبووە لە ئازار وماڵوێرانی، ساڵی ١٩٨٨ وەک سەرجەم گوندەکانی دی خاپوور کرا و سووتا. ساڵی ١٩٩١ واتە لە پاش ڕاپەڕین، بەشێک لە خەڵکەکەی گەڕانەوە ناوچەی خۆیان، ئەو بەنداوەش کە دروست کراوە سروشتێکی جوانتری بەخشیوەتە ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران لێی سوودمەند بوون.

هەر ئاوەدان بێت گوندی سماقوڵی گەلی.

سوپاس بۆ کاک سەید چاپوک سەید عومەر قایمقامی پێشووی کۆیە؛ کاک هاواری مام فەتاح، بە سوپاسەوە لەم بابەتە هاوکارم بوون.

٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٤

# کورتەیەک لە مێژووی گوندەکانی ونکە و عەلیاوە




پیاوماقوڵانی گوندی ونکە

لە ڕابردوو باسی مێژووی زۆربەی گوندەکانی دۆڵی سماقوڵییمان کرد. ئەم جارەش مێژووی دوو گوندی جوانی دیکەی ناوچەکە و ئاغانشین هەڵدەدەینەوە، ئەوانیش گوندەکانی: ونکە و عەلیاوەیە.

میرانی سمایل بەگ، لە زەمانی عوسمانییەکان لە حەلەب و سووریا قومیتاون بووە، کە دەکاتە مودیر ناحیەی ئێستا. میرانی سمایل بەگ دوو ژنی هەبووە، یەکەم ژنی لە ئەشراف و کوردانی سووریا بووە، دووەم ژنی تورک بووە و لە عەشیرەتی چەچان بووە، خەڵکی ئەنقەرەی تورکیا بووە.

میرانی سمایل بەگی لە ژنە کوردەکەی سووریا منداڵی نەبووە، بەڵام لە ژنە تورکەکە سێ منداڵی هەبووە، دوو کوڕ بە ناوەکانی: نافیز بەگ و ئەکرەم بەگ، کچێک بە ناوی: سەبیحە خان.

میرانی سمایل بەگ دەگەڕێتەوە کوردستان، لە گوندەکانی خۆشناوەتی لە تەمەنی لاویەتی کۆچی دوایی کردووە، پاش مردنی

میرانی سمایل بەگ هەردوو ژنەکەی دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، لای کەسوکاریان لە تورکیا و سووریا.

نافیز بەگ لە تەمەنی لاویەتی بەشداری لە حکومەتی مەلیک مەحموودی حەفید دەکات، خاڵوانی نافیز بەگ تورک دەبن و دەبنە هاوکاری نافیز بەگ لە حکومەتی شێخی نەمر. نافیز بەگ و خاڵوانی دەگەڕێنەوە ئەنقەرە.

نافیز بەگ درێژە بە خوێندن دەدات و کۆلێژی یاسا لە ئەنقەرە تەواو دەکات و دەبێتە پارێزەر. یەکێک لە خاڵەکانی نافیز بەگ لە شاری ئەنقەرە حاکم دەبێت و نافیز بەگ دەکاتە یەکێک لە پارێزەرە دەستڕۆیشتووەکانی دادگای ئەنقەرە.

بەشێک لە میرەکانی خۆشناوان ڕێک دەکەون تا لە ئەنقەرە سەردانی نافیز بەگ بکەن، بە مەبەستی ڕازی کردن و هێنانەوەی بۆ کوردستان، تا نەوەکانی میرانی سمایل بەگ کۆتاییان نەیەت و مێژوویان لە ناوچەکە کۆتایی نەیەت. ئەوە بوو میرەکان نافیز بەگ ڕازی دەکەن و دەگەڕێنەوە کوردستان، نافیز بەگ لە گوندی ونکە نیشتەجێ دەبێت و حوکمی میراتەکانی خۆی دەکات.

پاشان نافیز بەگ لەگەڵ حەلیم خان هاوسەرگیری ئەنجام دەدات.

نافیز بەگ زمانەکانی کوردی، تورکی و فارسی بە باشی زانیوە و توانیویەتی بەو زمانانە قسە بکات و بنووسێت، کەمێکیش قسەکردنی بە ئینگلیزی زانیوە.

نافیز بەگ لە عەهدی مەلەکی بەشداری کردووە، لە زۆر لیژنە بەشداری کردووە، هەروەها سەرۆکی ئەو لیژنەیەی کردووە، کە گوندەکانیان لە سەر میرەکان و بەگزادەکان لە ناوچەی خۆشناوەتی تاپۆ کردووە.



لـه بـەر زیرەکـی و دەسـتپاکی سـەرۆکایەتی ئـەو لیژنەیـان پـێ سپاردووە، هەر ئەو دڵسۆزییەی خۆشی بووە نەیویستووە گوندەکانی ونکە و عەلیـاوە لـە سـەر خۆیـان تاپـۆ بکات.

سـەبیحە خانی خوشکی نافیز بـەگ بووەتـە خێزانی سـابیر ئاغـای کوڕی مەحموود ئاغای کاکە خانی گەورە ئاغاکانی دزەییان. سـەبیحە خـان تورکی بـاش زانیوە و کەمێک عەرەبیشـی زانیـوە.



مام فەخری بەگی عەلیاوەیی

لە ڕاستیدا ئەم ئەو خانەوادە بە گشتی خوێندەوار بوون.

نافیز بەگ و کەریم بەگی خۆران دوو ئامۆزا و دوو کەسایەتی ناوچەکە بوون، کەریم بەگ خەڵکی گوندی خۆرانی بناری سەفین بوو، نافیز بەگ خەڵکی ونکە و عەلیاوە بوو، بەڵام لە گوندی ونکە نیشتەجێ بووە، فەخری بەگی کوڕی نافیز بەگ لە گوندی عەلیاوە نیشتەجێ بووە. واتە بنەماڵەی نافیز بەگی باوک و فەخری بەگی کوڕ فەرمانڕەوایەتی گوندەکانی: ونکە و عەلیاوەیان کردووە.

لە زەمانی باپیرە گەورەیانەوە کەسایەتییەک ناوی عەلی بووە، یەکەم کەس بووە گوندی عەلیاوەی ئاوەدان کردووەتەوە، گوندی عەلیاوە ناوی ئەو کەسایەتییەی وەرگرتووە، کە ناوی عەلی بووە، واتە مام عەلی گوندی عەلیاوەی ئاوەدان کردووەتەوە، ئێستا ئەو گوندە ناوەکەی عەلیاوەیە، واتە ماڵی مام نافیز بەگ و مام فەخری بەگ ئاغای ئەو دوو گوندە: ونکە و عەلیاوە بوون.

## یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی ونکە و عەلیاوە:

١-هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی ونکە:

لە باکووری گوندی ونکە، گوندی کێشکێ دێت، گوندی ونکە کەوتووەتە نێوان زنجیرە چیای بەنەباوییە و چیای کوڕە دێر و گەلی ئارەغان، زنجیرە چیای بەنەباوی/ گوندی سوسێ کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی گوندی ونکە، زنجیرە چیای کوڕە دێر و گەلی ئارەغان کەوتووەتە ڕۆژئاوایی گوندی ونکە، گوندی عەلیاوە کەوتووەتە باشووری گوندی ونکە.

٢-هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی عەلیاوە:

گوندی عەلیاوە کەوتووەتە نێوان زنجیرە چیای بەنەباوییە و

زنجیره چیای بەرڕۆژ و کوڕە دێر و ناحیەی دێگەڵە و گوندەکانی ونکە و کانی بی، زنجیرە چیای بەنەباوی کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی گوندی عەلیاوە. زنجیرە چیای کوڕە دێر و بەرڕۆژ و ناحیەی دێگەڵە، گەلی دێگەڵە، کەپکی سپی و کەپکی لاورە کەوتووەتە ڕۆژئاوای گوندی عەلیاوە. گوندی ونکە، کانی پەرک کەوتووەتە باکووری گوندی عەلیاوە. گوندەکانی کانی بی و قورتەلاس کەوتوونەتە باشووری گوندی عەلیاوە، واتە لە دەربەندی گۆمەسپانەوە ڕێگای ئۆتۆمبێل بۆ گوندەکانی کێشکێ، ونکە، عەلیاوە، کانی بی، قورتەلاس، کانی لاس، کانی گوند و تۆپزاوە دێت.

واتە ئەو دۆڵە بە دۆڵی ونکە و عەلیاوە بەناوبانگە. ئەو گوندانە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی دێگەڵەن و سەر بە شارە جوانەکەی کۆیەن.

## دووەم: ناوی کەسایەتییەکانی ونکە و عەلیاوە:

نافیز بەگ، فەخری بەگ، محێدین نافیز بەگ، جەنگی فەخری بەگ، فەوزی فەخری بەگ، فازیل فەخری بەگ، ساڵح حاجی مستەفا، حاجی شێخ تەها، مام مستەفا ئۆمەری پەری، سابیری حاجی مستەفای، کاک خالید عەبدولڕەحمان کەسایەتی ناوچەکە، باپیری مام مستەفای ونکەی، مەلا خالیدی ونکەی، حاجی سمایلی کاکە لاوی ونکەی، حاجی حەمەدەمین شێخ عیسا، خاڵە شێخ عیسای ونکەی، سەید ڕەشید شێخ عیسا، سەید حەمەدەمین شێخ عیسا، سەید یووسف شێخ عیسا، سەید عوسمان شێخ عیسا، مەولوود حاجی برای شەهید حاجی ئەفسانە، سمایلی خوماری، مام حەمەدی مەولوودی، برای مام سابیری، ئەحمەد مەولوود، مەولوودی شابانی ونکەی، سەید ئەنوەری شێخ تەهای، سەید مامەی شێخ تەهای، سەید شێخ محەممەد و مەلا

خالید و حاجی سمایلی لاوەی کەسایەتی و پیاوە ماقووڵی گوندی ونکەی بوون، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکەش.

مام ئەحمەدی مەولوودی بەیتاریێکی زۆر باش و شارەزا و دەستڕەنگین بوو، هەروەها خاڵە شێخ عیسا پیاوێکی زۆر باش و ناندەر بوو، هەمیشە دەرگای ماڵەکەی بۆ ڕێبواران و پێشمەرگە لەسەر پشت بوو.

## سێیەم: ناوی زەوییەکانی ونکە و عەلیاوە:

زەوی نێرگزێن، زەوی میری، زەوی تاقە دار، زەوی باکی گەورە، زەوی کاولە عەلیاوە، زەوی لەرزەکان، زەوی کوڕە دێری گچکە، زەوی کوڕە دێری گەورە، زەوی بەری فەقێ بوب، کاولی ماڵی خراپ، زەوی چۆمی ئاغا ژنێ، زەوی بانی زازڕێ، زەوی کەندی پیران، زەوی قوڕە بەرازە، زەوی لەرزەکان، زەوی چاکی بارزانیان، زەوی دارە تەرازوێ، زەوی دار مازەرە، زەوی گرد سێپێک و چەند زەوییەکی دیکە.

## چوارەم: ناوی گردەکان:

گردی لەرزەکان، گردی کانی پاوانی، گردی کونە سیخوڕە، گردی لاسۆرێ، گردی حەمەد بەگی، گردی بانیە و چەند گردێکی دیکە.

## پێنجەم: ناوی کانیاوەکان:

کانی سپیلک، کارێزی دارە تەرازوی، کانی سماقان، کانی ئاغای، کانی لاوەی، کانی زاری، کانی پەرکە و چەند کانییەکی دیکە.

## شەشەم: ناوی گۆڕستانەکان:

گۆڕستانی داری تەرازوی، گۆڕستانی شێخ حەسەن، گۆڕستانی

شێخ ڕەش، گۆڕستانی فەقێ بوب، گۆڕستانی چۆمی ئاغا ژنێ، گۆڕستانی گرد گێوژ، گۆڕستانی بارزانییان، گۆڕستانی تاقە دار، گۆڕستانی ئەسحابەی و چەند گۆڕستانێکی دیکە.

## حەوتەم: ناوی گەلییەکان:

گەلییەکانی چیای کوڕەدێر و بەرڕۆژ: گەلی قۆرتی چارێ، گەلی کونە بایە، گەلی چارێ، گەلی نافیز بەگ، گەلی گۆڕی بەرتەڕاش، گەلی بەرڕۆژ، گەلی دێگەڵەی، گەلی دەرگای کافران، گەلی حەوشۆرێ گچکە، گەلی حەوشۆری گەورە، گەلی سەنگەری ئەکرەم بەگی

گەلییەکانی بەنەباوییە: گەلی پیسکەی، گەلی نێریانی گەورە، گەلی نێریانی گچکە، گەلی پانە ملی، گەلی هودە پانکان، گەلی سۆر، گەلی دارە ڕەشان و چەند گەلییەکی دیکە.

## هەشتەم: ناوی لووتکە شاخەکان:

لوتکی مەیتان، لوتکی کوڕە دێز، قۆپی هەنارۆکان، قۆپی هێلانە پیرۆزە، قۆپی سپی، سەنگەری ئەکرەم بەگی، قۆپی شینکی هەراوێ و چەند لوتکە شاخێکی تر

## نۆیەم: ناوی ئەشکەوتەکان:

ئەشکەوتی کونە سیخوڕە، ئەشکەوتی گەلی نێریان، ئەشکەوتی کراوێ قەسرێ، ئەشکەوتی زیندانی پاکی، ئەشکەوتی کونە کۆترێ، ئەشکەوتی مام ڕەسووڵی، ئەشکەوتی گەلی دولک، ئەشکەوتی پانە ملی، ئەشکەوتی پانکە باریک، ئەشکەوتی گەلی سۆر، ئەشکەوتی حەوشۆر و چەند ئەشکەوتێکی دیکە.

### دەیەم: ئاژەڵداری و کشتوکاڵ:

خەڵکی گوندەکانی ونکە و عەلیاوە بە کاری ئاژەڵداری خەریک بوون، زۆربەی ماڵەکان چێڵ، بزن، مەڕ، هێستر، ئەسپ، گوێدرێژ، مریشک، قاز، مراوی، عەلەشیش، سەگ و شتی دیکەیان هەبووە. لە لایەکی دیکەوە ماست، پەنیر، کەرە، مەشکە ژەنین و دۆیان هەبووە.

هەروەها خوری مەڕەکانیان ڕستووە و هەر یەک لە: لباد، دۆشەک، لێفە و چەندین کەرەستەی دی فۆلکلۆری و کوردەوارییان لێ دروست کردووە، تووکی بزنەکانیشیان بۆ گوریس، کەژوو، چیخی مالان جۆرەها شتی تر بەکار هێناوە.

ئەو گوندانە سەرچاوەی ئاویان زۆر نەبووە، بۆیە نەیانتوانیوە بەروبوومی هاوینەی جووتیاری بەکار بهێنن، بەڵام هەر ماڵێک توانیویانە کەم کەمە تەماتە و بەروبوومی هاوینەیان بە ئەندازەی بەشی خۆیان هەبووە، واتە ئەو ناوچەیە زیاتر پشتی بە ئاژەڵداری بەستبوو.

خەڵکی گوندەکانی ونکە و عەلیاوە درونەی گەنم و جۆیان بە هەرەوەزی کردووە، بە جەنجەڕ گەنم و جۆیان ورد کردووە، دانەوێڵە و کایان لێک جیا کردووەتەوە، گەنمەکە بۆ ئارد، ساوەر و بڕوش بەکاریان هێناوە، کایەکەشیان بۆ خۆراکی زستانانی ئاژەڵان بە کار هێناوە، هەروەها گەنم، جۆ، نیسک، نۆک و بەرهەمی دیکەیان هەبووە.

ژنەکانیشیان شانبەشانی پیاوەکان پشتیوانییەکی بەهێز بوون بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان، بە تایبەتی لە حەسیر، بەڕە، مافوور و تەشی ڕستن، منداڵ بەخێوکردن و چێشت ئامادە کردن.

دار بلارووک و کەوەت یەکێک بووە لەو کەرەستانەی کە بۆ ژیان بەکاریان هێناوە، وەک: تریانە، سەبەتە، قەرتارە، گەسکی ماڵەوە، ئالەی مێشەنگوین و چەندین شتی دیکە. هەروەها کورەی ڕەژوو

یەکێکی دی بووە لە کارەکانیان بۆ بژێوی و درێژەدان بە ژیان.

لە پێشوودا خەڵکی گوندەکانی ونکە و عەلیاوە پشتیان بە هێستر، گا و گوێدرێژ بەستووە، بە مەبەستی کێڵانی زەوییەکانیان، جەنجەڕ، دار هێنان، گەڵای حەیوانان، دار و گەڵای خانوو دروست کردن و چەندین کاری دیکە.

خەڵکی ئەو ناوچەیە قەومێکی خۆنەویست و ئایین پەروەر و خزم دۆست بوون، هەمیشە هاوکار و پشتیوانی یەکتری بوون.

پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێزیان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەر هەبووە، تەنانەت ژن و ژنخوازیش لە نێوانیان دروست بووە و ڕەگی خزمایەتی داکوتراوە.

مام فەخری بەگ ئەگەرچی بە ناو ئاغا بوو، بەڵام کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی ناوچەکە بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی ناوچەکە زۆر خۆش بووە، ئەگەر هەر کێشەیەک هەبووایە مام فەخری وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لەگەڵ پیاو ماقووڵانی ناوچەکە کێشەکەیان چارەسەر کردووە.

مام فەخری لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، سەرلق بووە، دۆستی نزیکی ئیدریس بارزانی و فارس باوە بووە. لە شۆڕشی نوێش خزمەتێکی زۆری پێشمەرگە و کوردایەتی کردووە، هەر ئەوەش بوو ساڵی ١٩٨٤ جەنابی مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە دوای کێخوا عەبدەی سماقوڵی سەروچاوە و مام فەخری بەگی عەلیاوە دەنێرێت و لە گوندێکی نزیک ناحیەی سورداش یەکدی دەبینن.

لە پاش هاتنی مەڵبەندی سێ و چواری یەکێتی بۆ دۆڵی سماقوڵی پەیوەندی بەهێز لە نێوان مام فەخری و کاک کۆسرەت دروست دەبێت. چونکە عەلیاوە لە سەر ڕێگای پێشمەرگەکانی تیپەکانی دەشتی

هەولێر و قەرەچووغ بوو، هەر کاتێک ڕۆیشتبان بۆ مەڵبەند و دۆڵی سماقوڵی، ئەوا عەلیاوە وماڵی مام فەخری خانەخوێی پێشمەرگەگان بووە و هەموو کات نانی پێشمەرگەکانی داوە. مام فەخری لەگەڵ سەرجەم حیزبەکان پەیوەندییان باش بوو.

عەلیاوە و ماڵی مام فەخری خزمەتێکی زۆری شۆڕش و کوردایەتی و پێشمەرگەکانی سەرجەم لایەنەکانی دی کوردستانیان کردووە. ماڵی مام فەخری بەگ ماڵەکەیان هەمیشە ماڵی کاروان و ڕێبواران و پێشمەرگە بووە، هەم لە ڕابردوو، هەم لە ئێستاشدا، بە ڕاستی مام فەخری بەگ پیاوێکی سەخی تەبیعات بوو.

مام فەخری بەگ دۆست، برا و پشتیوانی کێخوا عەبدەی باوکم بوو، هەر لە سەردەمی نافیز بەگ و محێدین بەگی برای ئەو پەیوەندییانە بوونیان هەبوو، هەر کات گوندەکانی ونکە و عەلیاوە بە دەستی ڕژێمی بەعس سووتا بێ، ئەوا مام فەخری و خزمانی ئاوایی چوونەتە لای کێخوا عەبدەی باوکم و خزمانی سماقوڵی سەروچاوە، دار ئەسپینداریان بۆ دروست کردنەوەی خانووەکانیان هێناوە، لە ئێستاشدا کوڕانی مام فەخری و کوڕانی کێخوا عەبدە درێژەیان بە پەیوەندییەکانیان داوە و لە سەر ڕێچکەی باب و باپیرانیان بەردەوامن.

کاک محێدین کوڕی نافیز بەگ، لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری هەولێر، بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی بووە، هەروەها سەرۆکی بەشی تاقیکردنەوەکانی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٨٥ بەڕێوەبەری ئیستیهلاکی بووە لە هەولێر، ساڵی ١٩٩١ بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی بووە بە وەکالەت، ساڵی ١٩٩٤ کاک محێدین خانەنشین کراوە، بەڵام لە ماوەی کارکردنی سوودێکی زۆری بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی شار و شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کردووە.

کاک محێدین سێ کوڕی هەیە، کاک نەبەز ماستەری پەروەردەی لە ئەمریکا بەدەستهێناوە، کاک ئاراس مامۆستای بیرکارییە لە قوتابخانەی ناوەندی، کاک محەممەد لە نەخۆشخانە پەرستارە.

گوندی عەلیاوە قوتابخانەی سەرەتایی بنەڕەتی تێکەڵاو، مزگەوت و بنکەی تەندروستی و پرۆژەی ئاوی هەیە. گوندی ونکەش قوتابخانە، مزگەوت و پرۆژەی ئاویان هەیە.

لە پێشوو بە هۆی نەبوونی نەخۆشخانە لەو ناوچانە، ژنانی کورد ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە بۆ ڕزگار کردنی ژنانی دووگیان لە کاتی منداڵ بووندا.

حەنیفە حەمەساڵح خێزانی سابیری حاجی مستەفا و گوڵێ شێخ کەریم خێزانی سەید بیلال و ڕابیعە عەبدولڕەحمان خێزانی مام جەعفەر بوو، ئەو سێ ژنە خۆنەویستە ڕۆڵی بەرچاویان لە هاوکاری ژنانی دووگیان هەبووە، بە تایبەتی لە کاتی منداڵ بووندا.

ڕێگاکەیان ڕێگای خۆڵە، لە دەربەندی گۆمەسپانەوە دێت و لە نێوان گوندەکانی دەربەندی گۆمەسپان و زیارەت دەڕوات بۆ دۆڵی ونکە و عەلیاوە؛ بۆ گوندەکانی کێشکێ، ونکە، عەلیاوە، کانی بی، قورتەلاس، کانی لاس، کانی گوند و تۆبزاوە، بەم جۆرە دەسووڕێتەوە بۆ گوندی کرۆژ و گوندەکانی دۆڵی سماقوڵی، هەم بە چیای باواجی سەردەکەوێت بۆ شارە جوانەکەی حاجی قادری کۆیە. گوندی عەلیاوە ڕێگایەکی تایبەتی هەیە، لە سەر پردی دێگەڵە بە ناو گەلی دێگەڵە دەڕواتە گوندی عەلیاوە.

لە قۆناغی ئێستادا خەڵکەکەی گەشەی باشی کردووە، بە تایبەتی لە ڕووی پەروەردەوە، خاوەنی چەندین کەسایەتی و بڕوانامەی بەرز، مامۆستا، کارمەندی تەندروستی و چەندین چینی دیکە.

گوندەکانی ونکە و عەلیاوە لە سووتان، تالان و کاولکاری بێ

بەش نەبووە، هەر لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بگرە تا دەگاتە شەڕە نەگریسەکان، بە نموونە شەڕی ١١ ڕۆژی دۆڵی سماقوڵی لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧. هەروەها لە ڕابردوودا گوندەکانی ئەو دۆڵەش شانبەشانی گوندەکانی دی دۆڵی سماقوڵی، هەمیشە وێران بوون و ئازاری زۆریان چێشتووە.

هەر کاتێک دۆڵی سماقوڵی لە لایەن جەیشی عێراق و هێزە نەیارەکان پەلامار درابێت، ئەوا گوندەکانی ونکە و عەلیاوە بێ بەش نەبووە لەو پەلامارانە، لە ئەنجامدا خەڵکە خۆڕاگرەکەی ئاوارە و سەرگەردان بوون. لە ڕاستیدا دۆڵی ونکە و عەلیاوە چەندین جار سووتاوە و وێران کراوە، دوا جار ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق پەلاماری بۆ گوندەکانی دۆڵی ونکە و عەلیاوە و دۆڵی سماقوڵی دەست پێ کرد، ئەو گوندانەش بە تەواوی سووتان و خاپوور کران، لە دوای ڕاپەڕین خەڵکە گەڕایەوە گوند و گوندە جوانەکەیان ئاوەدان کردەوە.

لە پاش شەڕی کورد کوژی ناوخۆش ئەو سنوورانە بوونەوە چەقی ململانێکانی پارتی و یەکێتی، دەیان ڕۆڵەی جوان لەم سنوورانە بوونە قوربانی، تا ئێستاش ئەو شوێنەوارە خراپانە بوونیان هەیە.

هیوای تەمەن درێژی و تەندروست باشی بۆ خزمانی گوندە خۆشەویستەکانی ونکە و عەلیاوە دەخوازم.

سوپاس بۆ کاک فازیل کوڕی مام فەخری بەگی عەلیاوە، کە لەم بابەتە هاوکارم بوو.

هیوادارم سوودێکمان بە خوێنەران گەیاندبێت...

٣٠ی ئایاری ٢٠٢٤

# کورتەیەک لە مێژووی گوندە جوانەکەی کێشکە



گوندی کێشکە

گوندەکانی کوردستان سامانێکی گرنگی کوردستانن، زۆربەیان لە ڕووی ژیان و کار و پێکهاتەوە لە یەک دەچن، تەنیا ئەوەی ئەو گوندانە لێک جیا دەکاتەوە، هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافیا و دانیشتووانەکەیەتی.

ئەگەر باسی مێژوو و خەبات و خۆڕاگری ئەو گوندە جوانە بکەین، ئەوا بە چەندین پەرتووک تەواو نابێت، بەڵام پێم خۆشە بە کورتی چەند لاپەڕەیەکی جوانی ئەم گوندە خۆڕاگرە هەڵدەمەوە.

## یەکەم: ناوی گوندی کێشکە:

چەند سەرچاوەیەک وا پێناسەی کێشکە دەکەن، کە وا چۆلەکەیەکی کێشکە چووەتە ناو تۆقە توترکێک، خەڵک نەیزانیوە ئەو کێشکەیە بۆ

چووەتە ناو ئەو توترکانە، کاتێک بینیویانە ئەو چۆلەکەیە بە بەردەوامی چووەتە ناو ئەو دڕکانە، خەڵکەکە بە شوێن پێی چۆلەکەکە کەوتوون و ئاویان دۆزیوەتەوە. ئەو چۆلەکەیە بۆ ئاو خواردنەوە چووەتە ناو ئەو دڕکە توترکانە. پاشان خەڵکەکە سوودیان لەو ئاوە بینیوە و بووەتە کانیاو، ئەو گوندەش نازناوی ئەو کێشکەی وەرگرتووە، ئێستا بووەتە ئەو گوندە جوانەی کە هەیە، زۆر کەسیش بە گوندی کێشکێ ناوی دەهێنێت.

## دووەم: هەڵکەوتەی جوگرافیایی گوندی کێشکە:

کێشکێ کەوتووەتە نێوان زنجیرە چیای کێشکێ، سپیلکەکانی زنجیرە چیای بەنەباوییە و سنووری گوندەکانی: ونکە، سوسێ، زیارەت، دەربەندی گۆمەسپان و بەشێک لە گوندەکانی بناری سەفین. دەربەندی گۆمەسپان و چیای کێشکێ کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای گوندی کێشکێ. گوندەکانی بناری سەفین کەوتووەتە باکووری گوندی کێشکێ. گوندی زیارەت و سپیلکەکانی بەنەباوییە کەوتووەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندی کێشکێ. گوندی سوسێ و بەشێک لە چیای بەنەباوییە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی گوندی کێشکێ. گوندی ونکە و گەلی ئارەغان کەوتووەتە باشووری گوندی کێشکێ.

لە دەربەندی گۆمەسپانەوە جادەی قیر بۆ گوندەکانی زیارەت، سولاوک و دۆڵی سماقوڵی دەڕوات، ئەو جادە قیرە سنووری گوندەکانی بناری سەفین و گوندی کێشکێ و ونکە و عەلیاوە لێک جیا دەکاتەوە.

گوندی کێشکێ لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی دێگەڵەیە، لە شارە جوانەکەی حاجی قادری کۆیەیە.

## سێیەم: تیرە و بەرەبابەکانی گوندی کێشکێ:




گوندی کێشکێ وەک سەرجەم گوندەکان لە چەندین بەرەباب و تیرە و کەسایەتی پێک هاتوون، ئەمانەش بەشێکن لەو کەسایەتییانە:

١. بەرەی ماڵی کاک ئەحمەد، حاجی ساڵح، حاجی قادر و مام عەوڵا.
٢. بەرەی مام عەوڵای خەزارێ، مام کەریم و مام قادر.
٣. بەرەی عەوڵای ئۆمەری، شەهید سەلیم کێشکە، مام ساڵح، مام حەمەد، حاجی ئەحمەد، حاجی شێخ محەممەد، حاجی عەزیز، سۆفی باپیر، مام سمایل، مام ڕەحمان، مام عەلی، مامۆستا جەوهەر، کاک خەلیل و کاک سلێمان کاک عومەر.
٤. بەرەی مام شێخ محەممەد، حاجی عەزیز، حاجی ئەحمەد و مام حەمەد.
٥. بەرەی عەوڵای حەبێ، حاجی حەسەن، مام حوسێن، مام عەزیز، مام ڕەشید، مام عومەر، مام کەریم و مام مەولوود.
٦. بەرەی فەقێ قادری، مام مستەفا، مام ساڵح، شێخ محەممەد، مام سمایل، جەمالی مام ساڵح، عەبدولڕەزاق مام باپیر و کاک

ئەحمەد مام مستەفا.

٧. ماڵی مام کێخوا شێخ محەممەدی، کاک تەها و حاجی باوەکر.

٨. ماڵی ڕەسووڵی فاتمێ، مام عەزیز، حاجی ڕەحمان، وەستا کەریم، مام یووسف، کاک یاسین.

٩. بەرەی ماڵی مام حەسەن، مام ئەحمەد، کاک ساڵح، مەلا ساڵح و مام باوەکر.

١٠. بەرەی ڕەسووڵی عەلی، مام ڕەسووڵ، مام حەسەن، کاک بەکر، کاک عەلی، کاک عومەر و کاک جەعفەر.

١١. بەرەی ئەوڕەحمان هەینی، مام قادر، مام ئەحمەد، کاک ڕەحمان قادر، سلێمان موختار، کاک ساڵح وەستا کەریم و کاک ڕزگار عەزیز.

١٢. بەرەی ونسی، مەلا مەحموود، کاک ئەحمەد و کاک محەممەد، کاک سابیر، کاک تاهیر، کاک ئیسماعیل، کاک ئیبراهیم.

١٣. بەرەی مستەفای فەقێ، مام حەمەدەمین، حەمە ڕەئووف، کاک حەسەن، کاک حوسێن قەساب و کاک یاسین.

١٤. ماڵی مام مەولوودە سووری، کاک سەلیم، کاک هەمزە و کاک عەلی.

١٥. ماڵی خدری حەمەدە سۆرکەی، حاجی نادر، مام حەمەد، مام قادر، کاک سەلیم، کاک دڵشاد، کاک واحید، کاک خدر و کاک یوونس.

١٦. بەرەی حاجی حوسێن، عەبدولکەریم، مام سابیر عەبدولخالق، کاک زاهیر، کاک جەعفەر، کاک موزەفەر و کاک ئادەم.

١٧. ماڵی سەید حەمەدەمین، سەید ئەحمەد، سەید محەممەد، سەید کەریم، سەید بورهان، سەید مەجید، سەید ئەنوەر و سەید باپیر.

١٨. ماڵی حەمەدی حوسێن بەگی، کاک سەعید، کاک خالید.

١٩. ماڵی سەید غەریب، سەید عومەر، سەید محێدین، سەید محەممەد، سەید عوسمان.
٢٠. ماڵی مام ئۆمەر، حاجی غەریب و مامۆستا عەبدولخالق.
٢١. مام حەمەدەمین کێشکە، مام باوەکر، دکتۆر نەوزاد، کاک نەجات خۆشناو و مام نادر.

لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکە و نەوەکانیان.

## چوارەم: ناوی زەوییەکان

زەوی ڕەسووڵ لەنگەر، زەوی شیوە شوان، زەوی گۆمی شاخی، زەوییە قومی، زەوی بەقاری، زەوی دواوێ، زەوی دارێ مشکینی، زەوی سەندەرۆک، زەوی سەر خواشەل، زەوی حەوێزی، گۆری دارە خریلەی، زەوی سماقان، مۆری پەرگۆڕی، زەوی جۆخینان، بەراوی مام عەولا، بەراوی خارە قادر، بەراوی مام مستەفا، بەراوی مام عومەر و چەند زەوییەکی دیکە.

## پێنجەم: کانیاوەکان:

کانی پیاوان، کانی ژنان، کانی توتن، کانی تەنگۆر، کانی گراوێ، کانی قەمیشەی، کانی گوێز و چەند کانییەکی دی.

## شەشەم: کارێزەکان:

کارێزی مام مستەفای، کارێزی مام قادری، کارێزی ڕەزگەر، کارێزی مام عەولای، کارێزی مام کەریم و کارێزی خەندەک.

## حەوتەم: ناوی بیرەکان:

بیری سەرچاران، بیرە بۆگەنی، بیری فاتمەلان، بیری مێرگێ،

بیری خوشک و برایان و بیری ڕەسووڵ لەنگەری.

### هەشتەم: مێرگەکان:

مێرگی گەورە، مێرگی گچکە، مێرگە سیر، مێرگی حاجی سۆر و مێرگی شێخ ساڵح.

### نۆیەم: ناوی دۆڵەکان:

شیوە حەرەس، کەندی قەمیشەی، کەندی خارەکی و شیوی ئیسماعیل.

### دەیەم: ناوی گردەکان:

گردی حوسێن بەگی، گردی مامۆری، گردی کوخان و سۆرکی بانە نۆک.

### یازدەیەم: گەلییەکان:

گەلی هەولێریێ، گەلی ڕێی پێچەکان، گەلی کەندی گەورە، کەندی گچکە، گەلی شیوەشوانی گەورە، شیوەشوانی گچکە و ڕێی دواویێ.

### دوازدەیەم: بەهرەمەندانی گوندی کێشکێ:

گوندی کێشکێ چەندین کەسی بەهرەمەندیان لە بوارە جیاوازەکان هەبووە، لەوانە:

١-مام نادر و ڕەحمانی سۆفی باپیر ناربەند بوون.

٢-مام ساڵح کورتان و ئاموری دروست دەکرد و دەستی دارتاشی هەبوو.

٣-وەستا کەریم، حاجی عەبدولکەریم، شەهید سەلیم کێشکە وەستای دروست کردنی دیوار و خانووبەرە بوون، لە هەمان کات وەستا

کەریم ددانی خەڵکیشی دەکێشا.
٤- ساڵحی مام قادری ناوکی خەڵکی دەهێناوە.
٥- هەمینە خان خێزانی حاجی عەولای ئۆمەری دەستی دکتۆری هەبوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی لادێ.
٦-مام حوسێن کێشکە دەنگی خۆش بوو، لاوک و حەیرانی دەگوت، مام حوسێن و مام برایم برا بوون.

## سێزدەیەم: چەند زانیارییەکی دیکەی گوند:

لووتکەکان: لوتکی کەپکی مەلای و لوتکی کەپکی عەرەب کوژ.

ناو گوندی کێشکێ دار تووێکی بەناوبانگی هەیە، بە ناوی تووی حاجی عەلی.

لە گوندی کێشکێ دوو چاودێری دارستان هەبوون، وەک ژینگەپارێز، ئەوانیش: کاک بورهان و کاک میرزا.

نابێت هەڵوێستی مام حاجی ڕەحمان حاجی ڕەسووڵ، باوکی شەهید تەحسین فەرامۆش بکرێت، لە ڕووی کاری باش و خەمخۆری گوند.

خەڵکی گوندی کێشکێ لە ڕابردوو بە مەبەستی بژێوی ژیان، پشتی زۆریان بە ئاژەڵداری بەستبوو، هەر خێزانێک بەشی خۆی زەوی بۆ بەرهەم هێنانی دانەوێڵەی وەک: گەنم، جۆ، نۆک و نیسک هەبووە.

بەرهەمی ئەو گوندە ڕەزی ترێ، هەرمێ، کرۆسک، باوی، گێوژ، قەزوان، کەنگر، کاردوو، گیا برژاو و چەندین بەرهەمی دی بووە.

لە ڕابردوو خەڵکی ئەو گوندە کورە ڕەژوویان کردووە و ڕەژووەکەیان بۆ بژێوی ژیان فرۆشتووە.

گوندی کێشکێ خەڵکی باشی هەبووە و دەستی وەستایەتی و دروست کردنی کەرەستە فۆلکلۆرییەکانیان هەبووە، وەک جەنجەڕ،

نیر، کۆپەران، ئامور، باگوردێن، بەفرمار و پێمەرە و چەندین کەرەستەی دیکەی جووتیاری. هەروەها گوریس، کەژ و کورتانیان دروست کردووە.

ژنانی ئەم گوندە، شانبەشانی پیاوەکان پشتیوانییەکی بەهێز بوون، بە تایبەتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان. ژنەکانیان خەریکی بەخێوکردنی منداڵ، چێشت لێنان، دۆشینی ئاژەڵ، دروستکردنی ماست، پەنیر و مەشکە ژەنین بوون، لەگەڵ دروست کردنی چەندین بەرهەمی دی کوردەواری.

دار بلارووک یەکێک بووە لەو کەرەستانەی کە بۆ ژیان بەکاریان هێناوە، وەک: تریانە، سەبەتە، قەرتارە، گەسکی ماڵەوە، ئالەی مێشەنگوین و چەندین شتی دیکە.

لە پێشوودا خەڵکی کێشکێ پشتی بە هێستر، گا و گوێدرێژ بەستووە، بە تایبەتی بۆ کێڵانی زەوییەکانیان، جەنجەڕ، دار هێنان، گەڵای حەیوانان، دار و گەڵای خانوو دروست کردن.

گوندی کێشکێ لە ساڵی ١٩٧٠ەوە قوتابخانەی بنەڕەتی تێکەڵاوی لێیە، چەندین مامۆستا لەوێ وانەیان گوتووەتەوە، وەک: مامۆستا کەریم، مامۆستا ئەکرەم، مامۆستا عەبدوڵڵا، مامۆستا جەبار، مامۆستا ڕۆکان، مامۆستا ئیسماعیل تەنیا، مامۆستا ئەحمەد حوسێن و چەندین مامۆستای دی.

هەروەها گوندەکە مزگەوتیشی هەبووە، مەلا شێخ محەممەد، مەلا سەید ڕەسووڵ و چەندین مەلای دی لەم گوندە بوون.

لە ئێستادا پرۆژەی بەنداوی دەربەندی گۆمەسپان تەواو نەبووە، بەڵام زەوییەکی زۆری گوندی کێشکێ و گوندەکانی دی بەم پرۆژەیە ژێر ئاو دەکەون.

ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق بە دوای پێشمەرگە چووەتە گوندی

کێشکێ، کە ئەو کاتە کاک تەهای کێخوا شێخ محەممەد لەگەڵ پازدە کەسی دی گیرابوو، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر کەسیان ئیعترافیان لە سەر کاک تەها ناکەن، ئەو هەڵوێستە ئەوەمان پێ دەڵێت: کە خەڵکی ئەو گوندانە یەکگرتوو و یەکڕیز بوون.

خەڵکی کێشکێ قەومێکی خۆنەویست بوون، هەمیشە هاوکار و پشتیوانی یەکتر بوون.

لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کێشکێ ڕۆڵێکی باشیان گێڕا لە دروست کردن و هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد و هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بوون، شەهیدەکان و پێشمەرگە خۆنەویستەکان گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن.

لە قۆناغی ئێستادا خەڵکەکەی گەشەی باشی کردووە، بە تایبەتی لە ڕووی پەروەردەوە، خاوەنی چەندین بڕوانامەی بەرزن، وەک: دکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستا و کارمەندی تەندروستی و چەند چینێکی دیکە. بە نموونە: دکتۆر نەوزاد، دکتۆرە هاژە، دکتۆرە هەتاو، دکتۆر خەلیل سەید کەریم، حاکم بەدرەدین، حاکم گەیلان سەید ئەحمەد، پارێزەر یاسین مام سوڵتان و چەندانی دیکە.

هەروەها لە ڕووی پێشمەرگایەتی و کاری حیزبی و ڕێکخراوەی چەندین فەرماندە و کادیری پلە باڵای حیزبیان هەبووە.

دیارە گوندی کێشکێ هاوشێوەی گوندەکانی دیکە لە سووتان و تالان و کاولکاری بێ بەش نەبووە، هەر لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بگرە تا دەگاتە شەڕە نەگریستە ناوخۆییەکان. لە کاتێکدا ماڵەکانیان شانبەشانی گوندەکانی دیکە هەمیشە مەڵبەندی پێشمەرگە و ڕێبواران بووە.

هەر کاتێک دۆڵی سماقوڵی و ناوچەکە لە لایەن جەیشی عێراق و هێزە نەیارەکان پەلامار درابێت، ئەوە گوندی کێشکێ بێ بەش نەبووە،

لەو نێوەدا چەندین جار بە فڕۆکە بۆردوومان کراوە، چەند جارێکیش گوندی کێشکێ سووتاوە و خەڵکەکەی ئاوارە و سەرگەردان بووە، دواجار ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عێراق پەلاماری بۆ ئەو گوندانە دەست پێ کرد و گوندەکە بە تەواوی سووتا و خاپوور کرا، خەڵکەکەش ڕوویان لە هەولێر و دەوروبەری کردن. لە دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩١ خەڵک گەڕایەوە گوند و جارێکی دیکە گوندەکەیان ئاوەدان کردەوە و ژیانێکی نوێیان دەست پێ کرد.

بەداخەوە ئەو گوندە جوانەش چەندین ڕۆڵەیان بووەتە قوربانی، وەک: شەهید قادری داودی لە چەمی ڕێزان شەهید بووە، حەنیفە خدر بابەکر و کچەکەی بە فڕۆکە شەهید بوون، شەهید سەلیم کێشکە، شەهید سەلیم ئەحمەد عەبدوڵڵا، شەهید تەحسین ڕەحمان ڕەسووڵ، شەهید ئیسماعیل حەسەن کەریم، شەهید حەسەن حەمەدەمین مستەفا لە شەڕی داعش شەهید بووە، لەگەڵ شەهید حەمە زیاد سەعید.

ساڵی ١٩٧٤ گوندی کێشکێ ئاوەدان کرایەوە، خەڵکی گوندەکانی سوسێ، زیارەت و ونکە چوونەتە گوندی کێشکێ، چونکە گوندەکانی خۆیان چۆڵکرا و بۆیان نەبوو بچنەوە گوندەکانی خۆیان.

لە ئێستادا نزیکەی ٣٠ماڵێکی لێیە و بەڵام هاوینان گوندەکە ئاوەدانترە.

سڵاو بۆ ژن و پیاوە جوامێرەکانی ڕابردوو.

ڕێز و حورمەتم بۆ گەنجەکانی ئەو سەردەمە هەیە؛ هەر ئاوەدان بێت گوندی کێشکێ و تەواوی گوندەکانی کوردستان.

سوپاس بۆ مامۆستا ڕێبین کێشکەیی، کە لەم بابەتەدا هاوکارم بوو.

٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٤

# فەرهەنگی وشەکان

## داندۆک
یەکێکە لە خواردنە بەلەزەتەکانی کوردەواری، لە دێر زەمانەوە خەڵکانێکی زۆر گرنگیان پێ داوە و چێژیان لە خواردنی وەرگرتووە، لە ڕابردوودا زۆربەی ژنان ئەم خواردنەیان لە وەرزی هاوین ئامادە کردووە، ڕێژەیەکی زۆریان لێ دروست کردووە بۆ ئەوەی لە وەرزەکانی دیکەشدا سوودی لێ وەربگرن. شێوازی دروستکردنی داندۆک ئاسانە و تێچووشی کەمە، پێکهاتەکەشی تەنیا ساوەر و ماست و خوێیە.

## مەشکە
لە پێستی ئاژەڵ، بە تایبەتی لە پێستی بزن دروست دەکرێت و بۆ دۆ و کەرەی کوردەواری بەکار دەهێنرێت.

## دۆ
ماستێکی تا ڕادەیەک مزرە و لەگەڵ ئاو لە ناو مەشکە تێکەڵ دەکرێت، ماوەی ٣٠ بۆ ٤٠ خولەک دەیژەنن، تا بە تەواوی چەوری ماستەکە و ئاوەکە لێک جیادەبێتەوە، ئاوەکەی سپی و مزر و خۆشە، پێی دەڵێن دۆ. دۆش یەکێکە لە خواردنەوە خۆشەکان و لەگەڵ خواردن دەخورێتەوە.

## کەرە
هەر پێکهاتەی دۆیە کە لە ناو مەشکە دەیژەنن، چەورییەکانی ماست و ئاوەکە لێک جیا دەبێتەوە، ئەو چەورییە ڕەنگی زەرد و جوانە، کە دەبێتە کەرە، یان ڕۆنی خۆماڵی.

## کوندە
لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت، بەڵام بچووکترە و بۆ ئاو هێنان و ئاو خواردنەوە بەکار دێت.

## پەنیر
یەکێکە لە خواردنە خۆشەکانی بەیانیان، لە شیر و شیلک، یان خەلی سێو دروست دەکرێت.

## سەرتوێ، یان قەیماغ
لە شیر دروست دەکرێت، بەم شێوەیە: شیرەکە دەکوڵێنرێت، ئینجا کاتێک نەختێک سارد دەبێتەوە، چەوراییە زەردەکەی سەر شیرەکە، دەبێتە سەرتوێ، واتە قەیماغ.

## کەشک
لە پاشماوەی ئاوی پەنیر دروست دەکرێت.

## لباد
لە وەرزی بەهاران مەڕ دەبڕدرێتەوە، خورییەکەی بۆ چەندین کەرەستەی ناو ماڵ بەکار دێت، یەکێک لەو کەرەستانەی ناو ماڵ، لبادە کە لە خوری مەڕ دروست دەکرێت.

## حەسیر
لە جۆرە گیایەک دروست دەکرێت، کە پێی دەڵێن حەسیر، ئەو گیایە باڵا بەرزە و لە ڕۆخی جۆگە و ناو مێرگان شین دەبێت، لە گوندەکان بۆ ڕاخستن لە ژێر بەڕە و مافوور بەکارهاتووە.

## مەرەز
جۆرە بزنێکە، کە ڕەنگیان زەرد، سوور، خورمایی و هتد... بە مووەکەی دەڵێن مەرەز، ئەو مەرەزە بە تەشی دەڕێسرێت و بۆ ڕانک و چۆغەڵی کر بەکار دەهێندرێت.

## موو
سوود لە بزنی ڕەش وەردەگیرێت، کە لە وەرزی بەهار ئەو بزنانە دەبڕدرێنەوە، ئینجا مووەکانیان بۆ گوریس، خەرار و کەژۆ و چەندین کەرەستەی دی بەکار دەهێندرێت.

## خوری
وەرزی بەهاران مەڕ دەبڕدرێتەوە، بە تووکی مەڕەکان دەڵێن خوری، کە بۆ چەندین کەرەستەی ناو ماڵ بەکار دێت، وەک: دۆشەک، لێفە، بالیف، لباد، مافوور و چەندین کەرەستەی دی.

## کەژۆ
جۆرێکە لە شێوەی جۆڵا، کە لە مووی بزن دروست دەکرێت، بۆ تەنگەدانی کورتانی سەر پشتی گوێدرێژ و هێستر سوودی لێ وەرگیراوە، هەروەها باری سەر پشتی وڵاغیشی پێ توند و گورج و گۆڵ دەکرێت.

## گوریس
بە هەمان شێوەی کەڤو، لە مووی بزن دروست دەکرێت، بۆ ئیش و کاری بارکردنی گوێدرێژ و هێستر سوودی لێ وەردەگیرێت، هەروەها بۆ گواستنەوەی کەلوپەلیش بەکارهاتووە.

## دروێنە
کارێکی هەرەوەزییە، بە داس و دەست بۆ دروێنەی گەنم و جۆ و دانەوێڵە دەکرێت.

## گا
گۆلکە نێرە بەخێو دەکرێت، کە تەمەنی بووە سێ ساڵ دەبێت بە گا، دواتر دوو گا لێک دەبەستن و فێری جووتیان دەکەن، زەوی بەو جووتە گایە دەکێڵن.

## جەنجەڕ
بۆ وردکردنی گەنم و جۆ بەکار دێت، گەنم و جۆ و کا لێک جیا دەکاتەوە، جەنجەڕ لە سەردەمی زوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەکار دەهات، چونکە ئەو کاتە دەڕاسە نەبوو.

## ئامور
لە دار دروست دەکرێت و بۆ کێڵانی زەوی و ڕەز و باخ بەکار دێت. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین: جۆرە دارێکە بۆ کێڵانی زەوی بەکار دێت، ئامور لە نیر بەستراوە و گاسنێکی نوک تیژ لە ئامور دەبەسترێ، بە زەوییدا دەچێتە خوارەوە، دوو هێستر، یان دوو گوێدرێژ، یان دوو گا ڕای دەکێشن و زەوییەکان بەو ئامورە دەکێڵن، زیاتر بۆ کێڵانی ڕەزی ترێ بەکار دێت، لە پێشوودا زەوی بەراویشیان پێ کێڵاوە، بەڵام ئێستا تەراکتۆر زەوی بەراو دەکێڵێت.

## نیر
لە دار دروست کراوە، دەخرێتە سەر ملی ئەو ئاژەڵانەی کە جووتیان پێ دەکەن، ئامورەکە لەو نیرە دەبەسترێت، پاشان زەوییەکان دەکێڵن.

## کۆپەران
دەخرێتە سەر ملی ئاژەڵەکان و بۆ جووت کردن بەکار دێت، واتە ئامور، نیر، مژانە و کۆپەران تەواوکەری یەکترین بۆ بەکارهێنانی جووتی ڕەز و باخ و زەوییەکان.

## تریانە
لە شورکی بلارووک، زەردە بی و مورتک دروست دەکرێت، بۆ هەڵگرتنی میوە و زۆر شتی دی بەکار دێت.

## قەرتارە
وەک تریانە دروست دەکرێت، بەڵام شێوە و قەبارەی جیاوازە، بۆ گواستنەوەی ترێ و تەماتە بە شێوەی کاروان بەکارهاتووە.

## ئالە مێش
لە شورکی بلاروک، زەردەبی، مورتک و بناو دروست دەکرێت، لە سەردەمی ئێستاشدا لە شێوەی سندووق دروست دەکرێت، بۆ بەخێوکردنی مێشەنگوین بەکار دێت.

## بژاربر
ئامێرێکی بچووکی دەستییە، کلکەکەی لە دار دروست دەکرێت، دەمەکەشی پارچە ئاسنێکی بچووکی دەم پانی تیژە بۆ بژار کردنی گیای ناو تووتن و تەماتە و بەروبوومی هاوینە بەکار دێت.

## پێمەڕە
بۆ خاوکردنەوەی زەوی بەکار دێت، لە جیاتی جووت کردن بۆ ناو باخچە و ڕەزی ترێ.

## ماوەر
لە ئاسن دروست دەکرێت، کلکێکی داری پێوەیە، بۆ شکاندنی بەردی گەورە و بچووک بەکار دێت.

## بەفرمار
لە دار دروست دەکرێت، زستانان کاتێک بەفر دەبارێت، گوندنشینان بەفری سەربانەکانی پێ ڕادەماڵن.

## ترشۆکە
گیایەکی خۆڕسکە، تامی ترشە، لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەڕوێت و خەڵک دەیخوات.

## شیلکوت
گیایەکی خۆڕسکی بە شیرە، لە وەرزی بەهاران دەڕوێت، دەخورێت و زۆر بە سوودە.

## پیفۆک
جۆرە گیایەکی بەهاری خۆڕسک و خۆشە، خەڵک دەیخوات.

## قێزبەلە
جۆرە گیایەکی دی خۆڕسکی بەهارییە.

## گیا برژان
چەند جۆرە گیایەکی خۆرسکە، لە وەرزەکانی هاوین و پایز پەیدا دەبن، لە ناو تەماتە و تووتن و شوێنە وەردەکان دەڕوێن.

## بلارووک
دارێکی خۆڕسکە و لە چیا دەڕوێت، بەرێکی لە شێوەی گێوژ دەگرێت، بەڵام بچووکترە، ئەو بەرە خواردنی خۆشە، هەروەها شورکی ئەو دارە دەکرێتە تریان، سەبەتە و زۆر شتی دیکە.

## پوزەوانە
لە خوری و بەن دروست دەکرێت، لە شێوەی گۆرەوییە، بەڵام درێژترە، لە وەرزی زستان بەکار دێت و لە سەرما دەتپارێزێت.

## تاس
کەرەستەیەکی کۆنی ژنانە، بۆ خۆ ڕازاندنەوە و خۆ جوان کردن لە سەریان ناوە.

## کرمۆکە و بسکۆکە
دوو کەرەستەی دیکەی ژنانە، لە ڕابردوودا بۆ خۆ جوان کردن و ڕازاندنەوە بەکارهاتووە.

## قەنەفل، یان مێخەک
لە ناوچەی ئێمە پێی دەڵێن قەنەفل، بەڵام لە هەندێک ناوچە پێی دەڵێن مێخەک، ئەو قەنەفلە بۆنێکی خۆشی هەیە، ژنان وەک ملوانکە بەکاریان هێناوە، لە هەمان کاتدا بۆ چێشت و خواردنیش سوودیان لێ وەرگرتووە.

## شەغرە
بۆ گواستنەوەی گەنم و جۆ بەکار دێت، بە تایبەت لە ناو پەرێزێ بۆ سەر خەرمانێ.

## تێرکەی ئاوێ
لە مشەمایەکی ئەستوور دروست دەکرێت و ئاو نادات، لە سەر پشتی گوێدرێژ، یان هێستر، یان ماین دادەنرێت، بۆ ئاو کێشان و ئاو گواستنەوە بەکاردێت.

## باگولدێن
لە بەردێکی لوولەیی نەقار کراو دروست دەکرێت، لە کاتی باران بارین لە سەر سەربانی خانووی قوڕ دەیگێڕن تا دلۆپە نەکات، واتە سەربانی قوڕ دەپەستێتەوە.

## قاڵبی خشت
لە دار دروست دەکرێت و خشتی پێ دەبڕن لە دروست کردنی خانوو سوودی لێ وەردەگرن.

## ڕەشماڵ
کەرەستەیەکی دەستکردە، لە مووی بزنان دروست دەکرێت، شێوە و قەبارەیەکی گەورەی هەیە وەک خێمە وایە، دەوار نشینەکان یان کۆچەرییەکان یان ئاژەڵدارەکان وەک خانوو بەکاریان هێناوە ، بۆ وەرزەکانی بەهار و هاوین. واتە ئەو کەسانەی لە ناو ڕەشماڵ دەژین، پێیان دەڵێن دەوار نشین.

## گۆزە
کەرەستەیەکی دەستکردە، لە وەرزی زستاندا بۆ هەڵگرتنی قاورمە، پەنیر و ڕۆنی خۆماڵی بەکار هاتووە.

## قاورمە
کاتی خۆی گوندنشینان ئاژەڵیان سەربڕیوە، ئینجا گۆشتەکەیان سوورکردووەتەوە و لەگەڵ چەورییەکەی لە ناو گۆزەدا هەڵیان گرتووە، لە کاتێکی دیکە خواردوویانە، ئەو گۆزەیە وەک بەفرگر سوودی لێ وەرگیراوە.

## تەندوور، یان تەنوور
زۆر جار تەندوور لە کەرپوچ، یان لە شێوەی قۆرتێکی لوولەیی دروست کراوە، پاشان بە خۆڵی سپی، یان خۆڵی سوور سواخ دراوە، کە وشک بووەتەوە ئاگریان لە ناودا کردووەتەوە، لەوێدا ئەستوکە بە تەندووریان دروست کردووە، کە تامێکی زۆر خۆشی هەیە.

## دەستار
کەرەستەیەکی دەستکردە، لە دوو پارچە بەردی پان و خڕی نەقار کراو دروست دەکرێت، بۆ هاڕینی ساوەر و بڕوش بەکار دەهێندرێت.

## ئاون
ئەو کەرەستەیە لە بەرد و ئاسن دروست دەکرێت، بۆ کوتانی کونجی و سماق بەکار دێت.

## ئاشی ئاوێ
کەرەستەیەکە بە ئاو کار دەکات، بۆ هاڕینی گەنم، جۆ و دانەوێڵە سوودی لێ وەردەگیرێت و دەکرێت بە ئارد.

## باراش
بەو گەنم و جۆیە دەگوترێت، کە بۆ ئاشی دەبەن و دەکرێتە ئارد.

## خەرمان
بەو گۆڕەپانانە دەگوترێت، کە گەنم، جۆ، نۆک، نیسک و دانەوێڵەی لێ کۆ دەکەنەوە، بە مەبەستی وردکردن و جەنجەڕ و گێرە کردن.

## جۆخین
بە گەنم، جۆ، نیسک، نۆک و دانەوێڵەی کۆکراوەی سەر خەرمان دەگوترێن جۆخین، واتە بەر لەوەی ورد بکرێت.

## شەنەی دار
لە دار دروست دەکرێت، کلکێکی درێژ و دەمێکی لە شێوەی ناوپەلی دەستی پێوەیە، بەڵام نووکەکانی تیژ و وەک یەکن، دوای هاڕینی گەنم و جۆ بە جەنجەڕ، لە کاتی کزە بادا بە هۆی ئەو شەنەوە دانەوێڵە و کایەکە لێک جیا دەکەنەوە.

## هەرەوەز
هەموو جۆرە کارێک دەگرێتەوە، کە بە کۆمەڵ و بێ بەرامبەر ئەنجام بدرێت.

## تێڵەکێش
ئەو ژن و پیاوانە دەگرێتەوە، کە دەسکەنەی گەنم و جۆی ناو پەرێز کە لە کاتی دروێنە کۆ دەکەنەوە و دەیکەنە گیشە.

## قەزوان
دارێکی خۆڕسکە و لە ناوچەی شاخاوی دەڕوێت، بە بەرەکەی دەڵێن قەزوان، بە فەرێکی دەخورێت، دارەکەش بنیشتی تاڵی لێ دروست دەبێت و دەکرێتە بنیشتی کوردی.

## گاوان
کەسێکە هەموو چێڵەکانی گوندەکە بەخێو دەکات، مانگانە لە بەرامبەر بەخێوکردنی مانگاکان بڕێک پارە وەردەگرێت.

## شوان
کەسێکە نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ سەر بزن لە گوند بەخێو دەکات، خاوەن بزنەکان مانگانە بڕێک پارە دیاری دەکەن و دەیدەنە ئەو کەسەی کە بزنەکان بەخێو دەکات.

## کارەوان
کارەوان وەک شوان ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام لە جیاتی بزن، بێچووە بزن، واتە کاریلە بەخێو دەکات.

## دار گێوژ
دارێکی خۆڕسکی بەرییە، لە وەرزی پاییزان پێ دەگات و دەخورێت. کاتێک لقە دارێک لە دار گێوژێک دەسووتێنێت ئاوێکی خەستی وەک ڕۆنی لێ دێت، ئەو ئاوە خەستە بۆ برین و زیپکە، وەک دەرمانی سروشتی پزیشکی بەکار دێت.

## دار کرۆسک
دارێکی سروشتی خۆڕسکە لە شێوەی هەرمێ، لە مانگی تشرینی یەکەم پێ دەگات و تامێکی تایبەت و خۆشی هەیە.

## دار بەڕوو
لە ناوچە شاخاوییەکان دار بەڕوو زۆرە، سێبەری دارەکە خۆشە و بەڕووەکەش بۆ شەوانی زستان وەک شەوچەلە دەخورێت و تامی خۆشە.

## دار مازوو
دار مازوو وەک شێوەی دار بەڕوو سێبەری خۆشە، بەڵام مازووەکانی بۆ فرۆشتن و دەرمانی کوردەواری بەکار دێت.

## کۆلی ئاویَ
لە داریَکی ئەستوور لە بەڕوو، یان مازوو پێک دیَت، دریَژی دارەکە دوو بۆ سیَ مەتر دەبیَت، ناوەکەی هەڵ دەکۆڵن و مەڕدارەکان بۆ ئاودانی ئاژەڵەکانیان بە کاریان هیَناوە.

## کۆلی دۆشاو
بە هەمان شێوەی کۆلی ئاویَ دروست دەکریَت، بەڵام شێواز و دیزاینی جیاوازە، تریَ لە سەر ئەم کۆلە دەگوشریَت تا بکریَتە دۆشاو.

## گردە گەڵا
لە گەڵای دار مازوو پێک دیَت، لە وەرزی زستاندا گەڵایەکی زۆر بۆ خۆراکی بزن و مەڕ کۆ دەکریَتەوە، هەروەها چیلکە و دارەکەی بۆ سووتان و چیَشت لیَنان بەکار دیَت.

## گرەبان، یان خۆڵەبان
کاتیَک خانوو لە لادیَ دروست دەکریَت، دارە را، پاشان حەسیر و خیَزەرە لەسەر بانەکان دادەنریَت، پاشان گەڵایەکی زۆری دار بەڕوو لە سەر بانەکان دادەندریَت، کۆمەڵیَک لە گەنجەکان بە شێوەی هەرەوەزی خۆڵیان لە سەر بانەکان ڕوو دەکرد، تا تەواوی خانووەکەی دەگرتەوە، بەوە دەڵیَن خۆڵەبان.

## قەفەز
لە دار دروست دەکریَت؛ بۆ بەندکردنی کەو، سویَسکە و باڵندەی کیَوی بەکار هاتووە.

## پواز
بریتییە لە پارچە ئاسنیَکی دەم تیژ و کورت، بۆ شەق کرد و لەت لەت کردنی داری ئەستوور بەکار دیَت.

## دەستەندوو
کلکە داریَکە لە کۆتایی ئامور گیر دەکریَت، جووتیار لە کاتی جووت کردن ئەو دەستەندووە بە دەست دەگریَت، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و جیَگۆڕکیَ بە ئامورەکە بەکار دەهیَنریَت.

## زەنگوڵە
پارچە ئاسنیَکی بچووکە، لە شێوەی فنجان دروست کراوە، پارچە ئاسنیَک لە شێوەی کەلا بە زنجیریَک لەو زەنگوڵە بەستراوە، لە ملی بەران، نیَری و مانگا دەخریَت، بۆ ئاگادار کردنەوە.

## کەوەت
جۆرە داریَکە، شوڕکەکەی بۆ تریانە و قەرتارە بەکار دیَت.

## مەتارەی ئاو
هەموو شوان و گاوان و کارەوان، تەنانەت پیَشمەرگەکانیش مەتارەیان بەکار هیَناوە بۆ ئاو خواردنەوە.

## بەیتار
کەسیَکی لیَزانە، هەر کاتیَک کەسیَک دەست، یان قاچی شکا، وەک دکتۆر چارەسەری شکاوییەکەی کردووە.

## ناربەند
کەسیَکی لیَزانە، ناری لە پیَی گویَدریَژ، هیَستر و ئەسپ دەخات، بە مەبەستی پاراستنی قاچی ئاژەڵەکان.

## چیغ
لە پیَشوودا ژن و پیاو دارکە گوڵەبەڕۆژەیان بە بەن لیَک دەبەست و دەیانکردە چیغ، لەماڵەکان بەکاریان دەهیَنا.

## لغاو
لە دەمی ئەسپیان دەکرد، کە قایشیَکی پیَوە بوو، ئەسپ سوار لە سەر پشتی زینەکە بە دەستەوەی دەگرت، لەم ڕیَگەیەوە کۆنترۆڵی ئەسپەکەی دەکرد.

## جاترە
جۆرە گیایەکی بەهاری بۆن و تام خۆشە، بۆ زۆربەی خواردنەکان بەکار دیَت.

# لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس)

## یەکەم: پێرستی ناوەکان (کەسایەتییەکان)

### پیتی (ئەلف)


ئادەم عەزیز: ١١٠.
ئادەم: ٣٠٠.
ئاراس محێدین: ٢٩٥.
ئازاد باوەکر: ١٤١.
ئازاد چالاک: ٥٦.
ئازاد خۆشناو: ٣٦.
ئازاد ڕەشیدی سماقوڵی گرتک: ١٦، ٢٥٢، ٢٥٥.
ئازاد مام ڕەسووڵ: ١٥١.
ئازاد مام کاکل: ٥٣.
ئازادی سماقوڵی سەروچاوە: ٣٠.
ئاکۆ موحسین: ٩٠، ٩١.
ئاکۆ ئەنوەر: ١٥٩.
ئامینی خێزانی حاجی عەلی: ١٠٧.
ئامینە حاجی نادر: ١٤٢.
ئامینە سەعید: ١٦٥، ١٧٩.
ئامینە سەمەد: ١٧٣.
ئامینە مام عەوڵا: ١١.
ئامینە مەولوود: ١٣٠.
ئامینەی خێزانی حاجی باقی: ١٤٣.
ئامینەی خێزانی حاجی جەلال: ٩٣، ١٠٧.
ئامینەی خێزانی حاجی سدیق: ١٣٥، ١٣٦.
ئاواز حاجی ئەبووبەکر: ١٣٣.
ئومێد شەهید بەکر گۆمەشینی: ١٦.
ئیبراهیم حاجی سابیر سوسەیی: ١٣٧.
ئیبراهیم زەنگەنە: ٤٧.
ئیبراهیم کێشکەیی: ٣٠٠.
ئیحسان کێخوا عەبدە: ٥١، ٧٤، ٨١، ٨٣، ٨٤، ٨٦، ٩٠، ١٢٨، ١٩١، ١٩٣، ٢٢٣، ٢٢٤.
ئیدریس بارزانی: ١٨٤، ٢٩٣.
ئیدریس حاجی سدیق: ١٢٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧.
ئیسماعیل (سمە): ٢٥.
ئیسماعیل حاجی باقی: ١٤٣.
ئیسماعیل عەزیز: ٢٨١.
ئیسماعیل عەلی مێر: ١٣٠.
ئیسماعیل کەریم: ٢٤٥.
ئیسماعیل ئەنوەر: ٧٤، ١٥٧.
ئیسماعیل: ٣٠٠.
ئیلهام بەکر: ١٨٠.
ئیمامی عەلی: ١٠٥.
ئەبو کاروان: ٣٦.
ئەبووبەکر ئەحمەد شێر: ١١٨.
ئەبووبەکر: ١٢٢.
ئەحلام بەکر: ١٨٠.
ئەحمەد چۆک ڕەش: ٩٤.
ئەحمەد حاجی ئەمین: ٢٦٢.
ئەحمەد حەسەن بەکر: ٣١، ٣٢، ١٠٥.
ئەحمەد خان: ٣٣.
ئەحمەد سمایل: ٢٥١.
ئەحمەد سۆفی: ٢٩، ١٢٢، ٢٣٧.
ئەحمەد سەرباز: ٢٥٢.
ئەحمەد شێر: ١١٩.
ئەحمەد قوربانی: ١٠٧.
ئەحمەد کێشەیی: ٣٠٠.
ئەحمەد مام باوەکر: ٢٣١.
ئەحمەد مام ڕەسووڵ: ٢٥٢.
ئەحمەد مام مستەفا: ٢٩٩.
ئەحمەد مەلا (ئەحمەد حەمەد مەحموود): ١٢١، ١٢٢.
ئەحمەد مەولوود: ٢٨٩، ٢٩٠.
ئەحمەد هیرانی: ٣٦.

ئەحمەدی سماقوڵی گەلی: ٢٨١.
ئەسعەد حاجی مەحموود: ٣٠، ١٨٨.
ئەسعەد کێخوا حەمەدەمین بانەقەڵاتی: ٢٣٥.
ئەسعەد مام مستەفا: ٢٤١، ٢٥٢.
ئەسمەر سەعید: ١٧٩.
ئەسوەد حاجی حەسەن: ٩٤.
ئەسوەد ئەحمەد مەلا: ١٢١، ١٢٢.
ئەکرەم بەگ: ٢٨٥.
ئەکرەم حاجی کاکۆل: ٢٢٦.
ئەکرەم عەزیز: ١١٠.
ئەمیر کێخوا عەزیز: ٢٩، ٨١، ٩٦، ٩٨، ١٤٠، ١٩٧.
ئەمیرە حەمەدەمین: ١١٥.
ئەنوەر بەگی بێتواتە: ٨٥.
ئەنوەری سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
ئەنوەری سماقوڵی گەلی: ٢٨١.
ئەنوەر مام حەوێز: ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٨٩.
ئەنوەر مام حەوێز: ٢٩، ٩١، ١١١.
ئەنوەر مام کەریم: ٣٠.
ئەنوەر محەممەد حوسێن: ٢٦٢.
ئەیووب حەمە حەسەن سوسەیی: ١٢٤.
ئەیووبی سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
ئەیووب نادر: ٤٢، ٤٧، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١.

## پیتی (ب)

باپیر گورزەیی: ٣٣.
باپیر مام مستەفا ونکەیی: ٢٨٩.
باپیرە حەمەد: ٧٩.
باقی سوسەیی: ٢٢٧.
باویلی سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
باوەکری سماقوڵی سەروچاوە: ٣٠.
بایز حاجی جەلال: ٩٣.
بایز حاجی مەحموود: ١٨٩.
بایز عوسمان: ١٦٠.
برایم عەلی مێر: ١٣٠.
برایم کێشکەیی: ٣٠٣.
برایم مام سمایل: ٢٥٢.
برایم خدرانی: ٨٥.
بورهان بلەیی: ٣٣.
بورهان سەعید سۆفی: ٥٢.
بورهان مام مستەفا: ٢٩.
بێستوون: ٤٣.
بەختیار شەهید سەلام: ٤٥.
بەختیار کاوانی: ٤٨.
بەدری ئەنوەر سەعدی: ١٧٩، ١٨٠، ١٨١.
بەفرین مام سەعید: ١٥٠.
بەکر توتمەیی: ٣٣.
بەکر حاجی جەرجیس: ٢٥٢.
بەکر حاجی سوورە: ٢٥٢.
بەکر حەمە: ١٦، ٣٢، ٣٣، ٣٥، ٨٧.
بەکر حەمەد قادر ئاغا: ٢٩، ٢٣٥، ٢٣٦،
بەکر حەمەسوور: ٣٠.
بەکر عوسمان گۆمەشینی: ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢.
بەکر قادر مەحموود: ٢٥٢.
بەکر کێشکەیی: ٣٠٠.
بەکر مام ڕەسووڵ: ١٥١.
بەکر مام سمایل: ٢٥٢.
بەکر مام سەعید (بەکر سەعید ڕەشید): ١٧٩، ١٨٠، ١٨١.
بەکر مامە مین: ٣٠.
بەکر مەعرووف: ١٠٧.
بەگیس حاجی نادر: ١٤٢.
بەهار حاجی باپیر: ١٩٦.
بەهیە سەعید: ١٦٥.
بەیان عوسمان: ١٦٠.
بەیان کێخوا ئەحمەد: ٩٩.
بەیان ئەنوەر: ١٥٧.

## پیتی (پ)


پلکە زوبێد (دایکی کاک کۆسرەت): ٤٢.
پلکە زەکیە کێخوا حوسێن (پلکە زەکیە): ٢٩، ٨٣، ٨٩، ٩٠، ١١٣، ١١٤، ١٣٢.
پلکە ناجیە کێخوا حوسێن (پلکە ناجیە): ٣٠، ٧٩، ٨٣، ٩١.
پلکە نەزیف کێخوا حوسێن: ٨٣.
پوورە هەیبەت: ١٤٧، ١٤٨.
پەخشان نادر: ١٦٩.
پەرژین کێخوا عەبدە: ٨٣، ٨٩، ٩٠.
پەروین سابیر: ٥١، ٥٢، ٥٣، ٩٠، ١٢٨.
پەروین مام سەعید: ١٥٠.
پەروین مەعرووف: ١٨٣.
پەسیرە حەمەدەمین: ١١٥.
پەیمان عوسمان گۆمەشینی: ٢٣١.
پەیمان عوسمان: ١٦٠.
پەیمان نادر: ١٦٩.


## پیتی (ت)


تاڵیب سلێمان: ٢٦٢.
تاڵیب مام ئەسوەد کۆیی: ٣٣.
تاڵیبی سماقوڵی گرتک: ٢٥٢.
تاهیر حاجی مستەفا: ١٦.
تاهیر خارە کەریم: ٤٥.
تاهیر عوسمان گۆمەشینی: ٢٣٠، ٢٣١.
تاهیر کێشکەیی: ٣٠٠.
تاهیر مەجید ئەحمەد (تاهیر مام مەجید/ تاهیر مەجید): ١٠، ١٢، ١٦، ٧٤، ١١٩، ١٢٠، ١٩٣.
تریفە جەلال (منداڵی بچووک): ١٣٨، ١٤٠.
تریفە جەلال (منداڵی گەورە): ٤٤، ١٣٨، ١٤٠.
توانا سەید محەممەد: ٢٦٩.
تۆفیق کانی وەتمانی: ٥٩.
تەحسین ڕەحمان: ٧٤.
تەحسین عومەر: ٢٥٢.
تەحسین کێخوا عەبدە (تەحسین): ١٦، ٥١، ٥٢، ٧٤، ٨٣، ٨٤، ٨٦، ٩٠، ٩١، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦، ٢٠٩، ٢٢٤.
تەها حوسێن: ٢٥٢.
تەها کێخوا شێخ محەممەد: ٣٠٥.
تەها کێشکەیی: ٣٠٠.
تەها مام عەرەب: ٢٢٧، ٢٤١.
تەها مام فەقێ: ٢٥١.


## پیتی (ج)


جاسم: ٤٢.
جەبار حاجی سەلیم: ٧٤، ٨١، ١٤٤.
جەبار حاجی قادری سماقوڵی گرتک: ١٦، ٢٥٢، ٢٥٥.
جەبار قادر مەولوود: ٢٦٠.
جەبار گەرمیانی: ٤٣.
جەبار ئەحمەد مەلا: ١٢١.
جەعفەر قادر بەگ: ٨٥.
جەعفەر کێشکەیی: ٢٩٥، ٣٠٠.
جەعفەر مام خدر: ٢٩.
جەعفەر مام شێخ محەممەد: ٢٦٠.
جەعفەر مام کەریم: ٣٠.
جەعفەر: ٤٢.
جەلال تاڵەبانی (مام جەلال): ٨٤، ٨٧، ١٣٩، ٢٩٣.
جەلال حاجی سەلیم: ١٤٤.
جەلال حەمەد قوربانی: ٧٩، ٨٦، ٨٨، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ١١٦، ١١٧، ١٢٢.
جەلال شێرە: ٤٢.
جەلال یا سەفیە (جەلال مستەفا قادر/ جەلالە گۆج): ٣٠، ٤٤، ١٣٦، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٦٥، ١٦٦، ١٩٦.

جەلالی سماقوڵی گەلی: ٢٨١.
جەمال ڕەسووڵ: ٧٤.
جەمال عەلی باپیر: ٣٦.
جەمال مام ساڵح: ٢٩٩.
جەمال مام سەعید: ١٦، ١٥٠.
جەمال مەلا حەمەد: ١٧٢.
جەمالی سماقوڵی سەروچاوە: ١٤٧، ١٤٨.
جەمیل حوجرانی: ٤٨.
جەمیلە سەمەد: ١٧٣.
جەنگی فەخری بەگ: ٢٨٩.
جەنگی فەقێیانی: ٣٧، ٤٠.
جەنگی کێخوا عەزیز: ٩٦، ٩٩.
جەواد ئەسعەد ئاغای شێتنێ: ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦.
جەواد: ٤٢.
جەواهێر حاجی سدیق: ١٣٥.
جەواهێر مەحموود عەلی: ١٨٥، ١٨٧.
جەوهەر بەکر: ١٨٠.

## پیتی (چ)

چاپوک سەید عومەر: ١٦، ٢٨٢.
چرۆ کەریم: ١٦٨.
چنار حاجی باپیر: ١٩٦.
چیا کەریم: ١٦٨.

## پیتی (ح)

حاتەم عەزیز: ١١٠، ١١٢.
حاجی باپیر (تەها مستەفا مستی حەڵاوێ): ٢٩، ٨١، ٩٤، ١٦٦، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧.
حاجی باقی: ٣٠، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤.
حاجی باوەکر: ٣٠٠، ٣٠١.
حاجی بورهان: ٢٤٢.
حاجی بەکر حەمەد قادر ئاغا: ١٦٥.
حاجی بەکری سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
حاجی تەها باغەر گەورە: ٢٥١.
حاجی تەهای سماقوڵی گرتک: ١٩٩، ٢٥٣.
حاجی جەرجیس: ٢٥١.
حاجی حاجی برایم: ٣٣، ٣٥.
حاجی حاجی کەریم: ٢٥٢.
حاجی حاجیەمین: ٢٢٧.
حاجی حوسێنی ناودارۆکان: ١٩٩.
حاجی حەسەن کێشکەیی: ٢٩٩.
حاجی حەسەن: ١٩٠.
حاجی حەمەد مام حوسێن: ٣٠، ١٢١، ١٢٢، ٢٣٦.
حاجی حەمەدی سماقوڵی گرتک: ٢٥٢.
حاجی حەمەدەمین شێخ عیسا: ٢٨٩.
حاجی حەمەدەمین مام سەعید: ٢٤٢.
حاجی حەمەدەمین: ٨٨.
حاجی حەمەی موختار: ٢٣٦.
حاجی حەویز مام فەقێ: ١١٦، ١٤٢.
حاجی حەیدەر: ٢٩، ١٢٢، ١٦٠، ١٦١، ١٩٠، ٢٣١، ٢٣٧.
حاجی خالید: ٢٤٢، ٢٥١، ٢٧١.
حاجی خدر دەربەندی: ٨٥.
حاجی خدر شەکری: ٢٥١.
حاجی خدر: ٢٥٢.
حاجی خەسرۆ: ٢٥٢.
حاجی ڕەحمان حاجی ڕەسووڵ: ٣٠٠، ٣٠٣.
حاجی ڕەحمان: ١١٣.
حاجی ڕەزا ئیسماعیل: ٨٩، ١٩٩، ٢٥١، ٢٦٢.
حاجی ڕەشید مام حەمەدەمین: ٣٠، ١٦٤، ١٤٧، ١٤٨.
حاجی ڕەشیدی سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
حاجی ڕەفیق: ٢٥٢.
حاجی ڕەمەزان: ٢٦٤.

حاجی سالّح: ٢٩٩.
حاجی سدیق (سدیق حەسەن): ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٦٥، ١٧٧، ٢٣٤.
حاجی سدیق مام سەلیم: ٢٩، ٨٠، ٨١، ٩٤، ١٣٩، ١٩٧، ٢٣١.
حاجی سمایل سوسەیی: ١٩٩، ٢٤٢.
حاجی سمایل کاکەلاو ونکەیی: ٢٨٩، ٢٩٠.
حاجی سوورە: ٢٥٢.
حاجی سەعیدی کاکۆیی: ٢٥١.
حاجی سەلیم حاجی ڕەحمان: ٢٩، ١٣٦، ١٩٠، ٢٣١.
حاجی سەلیم: ٢٧١.
حاجی سەلیمی سماقوڵی گرتک: ١٨٩.
حاجی شێخ تەها: ٢٨٩.
حاجی شێخ محەممەد: ٢٩٩.
حاجی عومەر حاجی عەزیز: ٨١.
حاجی عومەر: ٢٥١.
حاجی عومەری سماقوڵی سەروچاوە: ٢٩، ٢٣٧.
حاجی عەبدولکەریم: ٣٠٢.
حاجی عەبدوڵلا: ٢٥٢.
حاجی عەزیز کێشکەیی: ٢٩٩.
حاجی عەزیزی سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
حاجی عەلی مەعرووف: ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١٩٩.
حاجی عەولا سوور (حاجی عەبدوڵلا): ٢٢٧، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٥٢.
حاجی غەریب: ٣٠١.
حاجی غەفوور: ٢٥١.
حاجی فاتم: ١٣٢.
حاجی فەتاح: ٢٥١.
حاجی قادر کێشکەیی: ٢٩٩.
حاجی قادر ئەحمەد ڕەشە: ٢٤٢.
حاجی قادری سماقوڵی سەروچاوە: ٢٩.
حاجی قادری سماقوڵی گرتک: ٢٥١، ٢٥٤.
حاجی کاکۆل: ١٥، ٨٩، ١١٦، ١٣٣، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٣٥، ٢٣٧.
حاجی کێخوا ئەحمەد: ٢٥٢.
حاجی کەریم: ٢٥١.
حاجی مام حاجی عەلی: ٢٥٢.
حاجی مام ڕەسووڵ: ٤٥.
حاجی مامە ڕەش: ٢٤٢.
حاجی محەمەدی سماقوڵی گرتک: ٢٥١.
حاجی مستەفای سماقوڵی سەروچاوە: ٢٩، ١٩٠، ٢٣١.
حاجی مستەفای گەورە: ٢٥١، ٢٥٣.
حاجی موحسین: ٢٥١.
حاجی مەجیدی سماقوڵی سەروچاوە: ٢٩، ١٨٩، ٢٣٧.
حاجی مەحموود حاجی عەلی: ٢٩، ٨٦، ٩٠، ١٠٧، ١٠٨، ١١٦، ١٢٢، ١٦٥، ٢٢٧، ٢٣١.
حاجی مەحموودی گەورە (مەحموود سەعید): ٣٠، ١٢٢، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٩، ٢٣١.
حاجی مەلا: ٣٠، ٨١، ١٩٧، ١٩٩.
حاجی مەمۆ: ١٦، ٣٦، ١٤١.
حاجی مەولوودی گەورە: ٢٦٤.
حاجی نادر کێشکەیی: ٣٠٠.
حاجی نادر: ١٤٢.
حاجی وەسمانی زیارەت: ١٩٩.
حاجی ئامینە کێخوا حوسێن: ٨٢، ٨٣، ٩٦، ٩٨.
حاجی ئەبووبەکر ئەحمەد عائیشێ: ٢٤٢.
حاجی ئەبووبەکر ئەحمەد: ٣٠، ٨٦، ١١٦، ١١٧، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ٢٣١، ٢٣٦.
حاجی ئەحمەد حاجی عەلی: ٢٩، ١٠٧، ١٠٨، ١٦٦.
حاجی ئەحمەد خدر: ٢٦٤.
حاجی ئەحمەد سوسەیی: ١٩٩.

حاجی ئەحمەد کێشکەیی: ٢٩٩.
حاجی ئەحمەد یوونس: ٢٤١.
حاجی ئەحمەدی خوارەوە: ٨٩، ١٩٩، ٢٥١، ٢٥٤.
حاجی ئەحمەدی سەرەوە: ٨٩، ١٩٩، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٣.
حاجی ئەکرەم زەرگە: ٣٧.
حاجی ئەمینی سماقولّی گرتک: ٨٩، ١٩٩، ٢٥١.
حاکم بەدرەدین: ٣٠٥.
حاکم پشتیوان فەتاح: ١١٣.
حاکم جەمال: ٤١.
حاکم سەردار: ٤١.
حاکم سەمەد: ١٦، ٤١.
حاکم شۆڕش: ٤١.
حاکم عەبد: ٤١.
حاکم فەرهاد: ٥٦.
حاکم قاسم: ٤١.
حاکم گەیلان سەید ئەحمەد: ٣٠٥.
حاکم یووسف: ٤١.
حامید باوکی سەباح: ١٥٩.
حامید سەعید: ١٧٩.
حامیدی سماقولّی سەروچاوە: ٢٩.
حوسێن بندایزانی: ٤٠، ٥٩.
حوسێن حاجی باقی: ٢٩، ١٤٣.
حوسێن شا موراد: ٢٨١.
حوسێن قەساب: ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠٣.
حوسێنی سماقولّی سەروچاوە: ١٩٣.
حەبیب حاجی عەلی: ١٠٧.
حەبیب حاجی مەحموود: ٩٩، ١٨٩.
حەبیبی خێزانی مام سەعید: ١٥٠.
حەبیبەی خێزانی نادر قادر: ١٦٩، ١٧١.
حەسیبەی خێزانی مام ڕەسووڵ حاجی عەلی: ١٥١، ١٥٢، ١٥٣.
حەسەن حاجی باقی: ١٤٣.
حەسەن حاجی حەیدەر: ٢٩، ١٦٠، ١٦١.
حەسەن حاجی سدیق: ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧.
حەسەن حەمە عەلی: ٢٥٢.
حەسەن خدر: ٢٦٤.
حەسەن کانی دەربەندی: ١٢.
حەسەن کێخوا حوسێن: ٢٤١.
حەسەن کێشکەیی: ٣٠٠.
حەسەن مامە شێخ: ١٣٧.
حەسەن: ٢٣٧.
حەسەنی سماقولّی سەروچاوە: ١٩٩.
حەکیمە عەبدوڵلا: ١٨٥.
حەکیمە مام سەعید: ١٥٠.
حەلیم حاجی عەلی: ١٠٧.
حەلیم حاجی مەحموود: ١٨٩.
حەلیم سەعید: ١٧٩.
حەلیمی خێزانی نافیز بەگ: ٢٨٦.
حەلیمە کەریم عەوڵا: ١٩٦.
حەمدیە حاجی ئەبووبەکر: ١٣٣.
حەمید خارە کەریم: ٧٩، ٨٣، ٨٦، ١١٦.
حەمید عەزیز: ١١٠، ١١٢.
حەمید: ٤٣.
حەمیدی پەرستار: ١٤٠.
حەمە ڕەئووف: ٣٠٠.
حەمە سالّح: ٤٠.
حەمە سووری دەشتی کۆیە: ٣٣.
حەمە عەلی: ٢٥١.
حەمە غەریب: ٢٥١.
حەمە وسووی سماقولّی گرتک: ٢٢٧، ٢٥١.
حەمەد حاجی ئەمین: ٢٦٢.
حەمەد عەزیز: ٢٨١.
حەمەد قادر: ٧٤.
حەمەد قوربانی: ١٠٧.
حەمەد کێشکەیی: ٢٩٩، ٣٠٠.
حەمەد مام عەوڵا: ١١٠.
حەمەد مستەفا: ٢٦٤.
حەمەد مەولوود: ٢٨٩.
حەمەد ئاشەوان: ٢٥١.
حەمەد ئاغای پەلکە ڕەش: ٨٥.

حەمەدی سماقوڵی گەلی: ٢٨١.
حەمەدەمین باوکی محەممەد: ١٥٩.
حەمەدەمین جۆڵا: ٨٠.
حەمەدەمین حاجی حەمەد: ٩٤.
حەمەدەمین حاجی سابیر: ٧٤.
حەمەدەمین حاجی نادر: ١٤٢.
حەمەدەمین عەزیز: ٢٩، ١١٠.
حەمەدەمین کێشکەیی: ٣٠٠، ٣٠١.
حەمەدەمین مام باوەکر: ٢٩، ١٦٢، ١٦٣، ٢٦٤.
حەمەدەمین مام حوسێن: ٣٠، ٢٦٤، ٢٦٧.
حەمەدەمین مام حەیدەر: ٢٤٢.
حەمەدەمین مام فەقێ: ١١٦.
حەمەدەمین مام مارف: ٣٠.
حەمەدەمین مام مستەفا: ١٦، ٢٩، ٨١، ٨٦، ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١٢٢، ١٤٢، ١٩٦، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٣٦.
حەنیفە حاجی حەیدەر: ١٦٠.
حەنیفە حەمەد، (دایکم/ خێزانی کێخوا عەبدە): ٨٣، ٩٠، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٧٤.
حەنیفە حەمەساڵح: ٢٩٥.
حەنیفە خدر بابەکر: ٣٠٦.
حەنیفە مەعرووف: ١٠٧.
حەنیفە ئەحمەد مەحموود: ١٢١.
حەنیفەی خێزانی شەهید حەسەن: ١٣٧.
حەنیفەی خێزانی مام سەعید: ١٦٤.
حەوێز عوسمان: ١٦٠.
حەوێزی سماقوڵی گرتک: ٢٥٢.
حەیشە گەورەی خێزانی مام سەعید (عائیشە): ١٦٤.

## پیتی (خ)

خاتوو فەیمە: ٢٨٢.
خاتوو نایلە: ٢٨٢.
خاتوون خالید: ١٨٦.
خارە قادر: ٨٨.
خارە قاسم: ٤٢.
خارە کاکە: ٢٨١.
خارە کاکەی نازەنین: ٣٧.
خارە کەریم: ٧٩.
خاڵس ئەحمەد مەلا: ١٢١.
خالید حاجی ئەحمەد: ١٨٩.
خالید دۆسکی: ٥٦.
خالید عەبدولڕەحمان: ٢٨٩.
خالید عەزیز عەبدوڵڵا: ١١٠، ١٢٤.
خالید عەلی مەحموود: ١٢٤.
خالید کێخوا ئەحمەد: ٩٩.
خالید کێشکەیی: ٣٠٠.
خالید مام شێخ محەممەد: ٢٥٢.
خاڵە سەید مەجید: ٤٠، ٤٢.
خاڵە شێخ عیسا ونکەیی: ٢٨٩.
خانزاد خالید: ١٨٦.
خانە حاجی مەحموود: ١٨٩.
خدر بارزانی: ٤٣.
خدر عەلی مێر: ١٣٠.
خدر کێشکەیی: ٣٠٠.
خدری مام سۆفی: ٢٦٤.
خدرە گەورە: ٢٦٤.
خوشکە مونیرە: ٨٩، ٩٠.
خومار کێخوا عەبدە: ٨٣، ٨٦، ٩٢، ١٢٨.
خوناو موحسین: ٦٩، ٩٠.
خونچە حاجی مەحموود: ١٨٨، ١٨٩.
خونچە کێخوا عەزیز: ٩٦.
خونچەی خێزانی عوسمان: ١٦٠.
خێریە بەکر: ١٨٠.
خێریە فەتاح: ١٣٢.
خێریە کێخوا ئەحمەد: ٩٩.
خەجیج حاجی عەلی: ١٠٧.
خەجیج مەلا حەمەد: ١٧٣.

خەجیجی خێزانی حاجی مەحموودە گەورە: ١٨٨.
خەجیجە فەتاح: ١١٣.
خەزاری خێزانی حاجی عەلی: ١٠٧.
خەسرۆ خارە کاکەی نازەنین: ٣٧.
خەسرۆ مام ڕەشید: ١٥٨.
خەلیل کێشکەیی: ٢٩٩.
خەلیل: ٤٢.

## پیتی (د)

داک نەزیف: ٨٥.
دکتۆر پشتیوان کێخوا مامە: ٢٦٤.
دکتۆر چالاک سەید عومەر: ٢٨٢.
دکتۆر چیا: ٤١، ٥٧.
دکتۆر خەلیل سەید کەریم: ٣٠٥.
دکتۆر زریان: ٤١، ٤٦، ٥٧.
دکتۆر کەمال خۆشناو: ٤٠.
دکتۆر فوئاد مەعسووم: ٨٧.
دکتۆر فەیزوڵڵا حاجی جەلال: ٩٣.
دکتۆر کامەران: ١٢٤، ١٢٥.
دکتۆر کەریم: ٤١.
دکتۆر کەمال خۆشناو: ٣٩.
دکتۆر مەجید: ٣٠.
دکتۆر مەزن: ٤١، ٤٦، ٥٧.
دکتۆر نەوزاد: ٣٠١، ٣٠٥.
دکتۆر هاوکار: ٤٦، ٥٧.
دکتۆرە هاژە: ٣٠٥.
دکتۆرە هەتاو: ٣٠٥.
دڵخواز حاجی ئەبووبەکر: ١٣٣.
دڵزار: ٣٣.
دڵشاد کێشکەیی: ٣٠٠.
دڵشاد مەعرووف: ١٨٣.
دلێر واحید: ٤٣.
دێنێ هاوڕێ: ٢١٥.
دێهان هاوڕێ: ٢١٥.
دەروێش ڕەسووڵ عەولا: ٢٨١.
دەروێش سەلیم: ٢٤٢.
دەروێش سەمەد: ٢٥١.
دەروێش قادر: ٢٥١.
دەروێش مەغدید: ٣٠.

## پیتی (ڕ)

ڕابیعە عەبدولڕەحمان: ٢٩٥.
ڕابیی خێزانی ئەنوەر حەوێز: ١٥٩.
ڕازیە مام ڕەسووڵ: ١٥١.
ڕائید کاکل: ٦٣.
ڕزگار عەزیز: ٣٠٠.
ڕووناک کێخوا ئەحمەد: ٩٩.
ڕۆژگار حاجی باپیر: ١٩٦.
ڕێباز عوسمان: ١٦٠.
ڕێبین هاوڕێ: ٢١٥.
ڕێبەری پێشمەرگە: ٤٢، ١٤١.
ڕێبەند ئیسحان: ٨٦.
ڕێژین خالید: ١٨٦.
ڕێناس خالید: ١٨٦.
ڕەحمان حاجی ڕەشید: ٢٩.
ڕەحمان حاجی سەعید: ١٦٥، ١٩٣، ٢٣٦.
ڕەحمان حاجی سەعید: ٣٠، ١٣٦، ١٦٢، ٢٢٤.
ڕەحمان حاجی قادر: ٢٤٢.
ڕەحمان حاجی کاکۆل: ٢٢٦.
ڕەحمان سۆفی باپیر ناربەند: ٣٠٢.
ڕەحمان سۆفی ڕەسووڵ: ٢٦٤.
ڕەحمان قادر: ٣٠٠.
ڕەحمان کۆپتەر: ٣٥.
ڕەحمان کێشکەیی: ٢٩٩.
ڕەحمان مام حەسەن: ٣٠.
ڕەحمان مەلا حەمەد: ١٧٢.
ڕەحمانی سماقوڵی گەلی: ٢٨١.
ڕەحمانی یا عیسمەت: ١١٨.
ڕەحمە حاجی مەحموود: ١٨٩.
ڕەحمە نادر: ١٦٩.

ڕەحیم: ٨٥.
ڕەسووڵ حاجی عەلی: ٢٩، ٣٥، ٨١، ١٠٧، ١٠٩، ١١٦، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣.
ڕەسووڵ خدرانی: ٨٥.
ڕەسووڵ عەلی: ٤٢.
ڕەسووڵ کێشکەیی: ٣٠٠.
ڕەسووڵ مام حەمەد: ١٨٩.
ڕەسووڵ مامەند: ٨٧.
ڕەسووڵ ئاشەوان: ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٨.
ڕەسووڵ ئەحمەد مەلا: ١٢١، ١٢٢.
ڕەسووڵی کەڕێ: ٣٠.
ڕەشید حەمەد شا موراد: ٢٨١.
ڕەشید سابیر: ٢٨١.
ڕەشید کێشکەیی: ٢٩٩.
ڕەشید مام حەمەدەمین: ٢٩.
ڕەشید مام سەعید: ٢٥٢.
ڕەشیدی پێشمەرگە: ١٢٨.
ڕەعنا حاجی ئەبووبەکر: ١٣٢.
ڕەفیق مام تەها: ٢٥١.
ڕەقیب: ٤٣.
ڕەمەزان حاجی عەلی: ٢٥٢.
ڕەمەزان سابیر: ٢٨١.
ڕەمەزان سەمەد: ١٧٣، ١٧٤.
ڕەمەزان مام حاجی عەلی: ٢٥٢.
ڕەمەزانی سماقوڵی گەلی: ٣٣.
ڕەنگین خالید: ١٨٦.
ڕەهبەر سەید برایم: ٤٠.
ڕەوشەن سەعید: ١٦٥.
ڕەیحان قادر: ١٧٦.

## پیتی (ز)

زارا خێزانی مەلا حەمەد: ٣٠، ١٢٢، ١٧٢، ١٧٣.
زامدار ئەحمەد: ٢، ٧، ٩، ١٦.
زاهیر حەمە وسوو: ٢٥١.
زاهیر کێشکەیی: ٣٠٠.
زاهیر مامە مین: ١٨٩.
زاهیری سماقوڵی سەروچاوە: ٣٠.
زاهیری سماقوڵی گەلی: ٢٨١.
زرار مەجید زیارەتی (هێمن): ٣٧.
زراری مەلا گچکەی شەقڵاوە: ٣٧.
زولێخا مام ڕەسووڵ: ١٥١.
زولێخای خێزانی حاجی ئەبووبەکر: ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤.
زێبا حاجی ئەبووبەکر: ١٣٢.
زێڕین فەتاح: ١٠٧، ١١٣.
زەکیە حاجی مەحموود: ١٨٩.
زەکیە عەلی: ١٧٧.
زەکیە مام ڕەشید: ١٤٧.
زەهوە خێزانی مام سەعید: ١٦٤.

## پیتی (ژ)

ژیان نادر: ١٦٩.

## پیتی (س)

سابیر جەرجیس حەسەن: ٢٦٢.
سابیر حاجی مستەفا: ٢٨٩، ٢٩٥.
سابیر حەمەدەمین: ٢٥١.
سابیر عوسمان گۆمەشینی: ٢٣٠.
سابیر عەبدولخالق: ٣٠٠.
سابیر عەزیز: ٢٦٢.
سابیر فەقێیانی (سابیر لاتە): ٣٣، ٣٥.
سابیر قادر: ٣٠، ١٧٦، ١٩٠.
سابیر کێشکەیی: ٣٠٠.
سابیر مام سەلیم: ٣٠، ٩٤، ١٨٦، ١٨٩، ٢٣٦.
سابیر مام مەلا: ٢٤٢.
سابیر مەولوود: ٢٨٩.

سابیر ئاغای کوڕی مەحموود ئاغای کاکە خانی گەورە: ٢٨٧.
ساڵح حاجی مستەفا: ٢٨٩.
ساڵح ڕەشید سەعید: ٢٦٢.
ساڵح سابیر: ٢٨١.
ساڵح کورتان: ٣٠٢.
ساڵح کێشکەیی: ٢٩٩، ٣٠٠.
ساڵح مام قادر: ٣٠، ٣٠٣.
ساڵح وەستا کەریم: ٣٠٠.
سامی قادر سوسەیی (نەریمان): ١٦، ٣٧، ٦٠.
سان کەریم: ١٦٨.
ست نازەنین: ٣٠.
ستار ئەحمەد مەلا: ١٢١.
سدیق مام حەمەد سوسەیی: ١٥٨.
سروە سەمەد: ١٧٣.
سلێمان بیرێژی: ٣٣.
سلێمان ڕەحمان حەمە غەریب: ٢٦٢.
سلێمان سەعید: ٢٩، ٨١، ١٧٩، ١٩٦.
سلێمان عومەر: ٢٩٩.
سلێمان موختار: ٣٠٠.
سلێمانی سماقوڵی گرتک: ٢٥٢.
سمایل کێشکەیی: ٢٩٩.
سمایلی خوماریێ: ٢٨٩.
سنوور سەمەد: ١٧٣، ٢٤٥، ٢٦٠.
سوعاد جەلال: ١٣٨.
سوعاد حاجی باقی: ١٤٣.
سۆران تاودەر: ٢، ٧.
سۆژین کەریم: ١٦٨.
سۆفی باپیر: ٢٩٩.
سۆفی ڕەسووڵ: ٢٦٤.
سۆفی ڕەشید: ٨٥.
سۆیلە جەلال: ١٣٨.
سیامەند مستەفا عەلی: ١٢٤.
سێبور دەروێش سەمەد: ٢٥٢.
سیروان مام هەمزە: ٢٥٢، ٢٦٠.
سەباح حامید: ١٥٨.
سەباح مام شەریف: ٤٢.
سەبیحە حەمەدەمین: ١١٥، ٢٨٥، ٢٨٧.
سەددام حوسێن: ٣١، ٣٢، ١٠٥.
سەرتیپ: ٤٣.
سەردار جەلال: ١٣٨.
سەردار سەعید سۆفی: ٤٧.
سەرگوڵ ئیحسان: ٥٢.
سەروین مەعرووف: ١٨٣.
سەعدی عەبدولڕەحمان: ٢٥١، ٢٥٢.
سەعدی گچکە: ٨٧.
سەعید سۆفی: ٤٢.
سەعید کێخوا ساڵح: ٢٣٦.
سەعید کێشکەیی: ٣٠٠.
سەعید مام حەمەدەمین: ٢٩، ٣٠، ٨٨، ١٣٦، ١٣٩، ١٥٠، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٩٦، ٢٣٧.
سەعید مامە حەمە: ٣٠، ١٤٩، ١٥٠، ٢٣٦.
سەعیدی سماقوڵی گرتک: ١٧٦.
سەفین مەلا قەرە: ٣٦، ٤٠، ٥٠، ٨٧.
سەفەر بەکر: ١٨٠.
سەفەر جەلال: ١٣٨.
سەڵاح حاجی ئەبووبەکر: ٧٤، ١٣٣.
سەڵاح شەفیق: ٧٤.
سەڵاح مەسیفی: ٣٦.
سەلام باوکی شەهید بەختیار: ١٣٤.
سەلام حاجی ئەبووبەکر: ٨٦، ١٣٣.
سەلام کاکە ڕەش: ٤٣.
سەلمان حاجی جەلال: ٩٣.
سەلمان کاکی هیرانێ (شێخ نیهاد): ٤٣.
سەلمە حاجی باقی: ١٤٣.
سەلمە مەجید: ١١٩.
سەلیم حاجی ڕەمەزان: ٢٦٤.
سەلیم کێخوا ئەحمەد: ٩٩.
سەلیم کێشکەیی: ٣٣، ٣٠٠.
سەلیم مام مەلا: ٢٤٢.
سەلیمی سماقوڵی سەروچاوە: ١٩٧.

سەمیر ئەمین: ١٦.
سەمەد مام خدر: ٢٩.
سەمەد مەلا حەمەد (سەمەدی یا زارا): ١٧٢، ١٧٣، ١٧٤.
سەمەد ئەحمەد عەلی: ٧٤.
سەمەدی سماقولّی سەروچاوە: ٣٠، ١٦٥.
سەنگەر بەکر: ١٨٠.
سەنگەر ئەکرەم بەگ: ٢٩١.
سەید باپیر: ٣٠٠.
سەید باوەدین کرۆژیی: ٢٠٠، ٢٧١.
سەید بورهان: ٣٠٠.
سەید بیلال: ٢٩٥.
سەید بەختیار: ٢٧١.
سەید جاسم: ٢٨١.
سەید جەعفەر: ٢٦٤.
سەید جەلال: ٢٧١.
سەید جەمال: ٢٧١
سەید جەنگی: ٢٨١.
سەید حاجی خالید: ٢٧٦.
سەید حوسێن: ٢٦٤.
سەید حوسێنی سێنان: ١٩٩.
سەید حەسەن: ٢٦٤.
سەید حەمەد کرۆژیی: ٢٠٠، ٢٧١.
سەید حەمەدەمین شێخ عیسا: ٢٨٩.
سەید حەمەدەمینی سێنان: ٢٦٤.
سەید خەجیجە: ٢٧٦.
سەید ڕەسووڵ: ٢٨١.
سەید ڕەشید شێخ عیسا: ٢٨٩.
سەید ڕەشید کێشکەیی: ٢٨١.
سەید زرار: ٢٨١.
سەید سالّحی سێنان: ١٩٩، ٢٦٤.
سەید سلێمان: ٢٧٢.
سەید سەرتیپ: ١٦، ٢٧١، ٢٧٦.
سەید سەرهەد: ٢٧١.
سەید سەلام: ٢٨١، ٢٨٢.
سەید شێخ محەممەد: ٢٨٩.
سەید عائیشە گۆمەشینی: ٢٧٥، ٢٧٦.
سەید عائیشەی خێزانی مام سەعید: ١٦٤.
سەید عوسمان شێخ عیسا: ٢٨٩.
سەید عوسمان کرۆژیی: ٢٧١،
سەید عوسمان کێشکەیی: ٣٠١.
سەید عومەر: ٢٦٤، ٢٧٢، ٢٨١، ٣٠١.
سەید عومەری سماقولّی گەلی: ١٩٩.
سەید عەبدولخالق: ٢٧١.
سەید عەبدوڵڵا کەردزی: ٣٣.
سەید عەبدوڵڵا: ٢٦٤، ٢٧١، ٢٧٢.
سەید عەلائەدین: ٢٨١.
سەید عەولّا: ٢٨١.
سەید فەتاح: ٢٧١.
سەید فەقێ عوسمان گۆمەشینی: ٢٣٠.
سەید قادر: ٢٧٢، ٢٨١.
سەید کاکە، ٣٢، ٣٥، ٨٧، ١٠٤، ١٠٥.
سەید کەریم: ٣٠٠.
سەید کەمال سێنانی (حەمە سوور عەرەب): ٢٦٤.
سەید کەمال کرۆژیی: ٢٧١.
سەید کەمال: ٢٥١،
سەید گوڵ: ٢٧١.
سەید لوقمان: ٢٧١.
سەید لەتیف: ٢٧١.
سەید مامە شێخ تەها: ٢٨٩.
سەید محێدین: ٣٠١.
سەید محەممەد: ٢٦٤، ٣٠٠، ٣٠١.
سەید مستەفا سێنانی: ٢٦٤.
سەید مستەفا سەید سالّح: ٢٦٩.
سەید مستەفای سماقولّی گەلی: ١٩٩.
سەید موحسین سەید حوسێن: ٢٦٤.
سەید مەجید: ٣٠٠.
سەید مەعرووف: ٢٨١.
سەید مەلیک: ٢٨١.
سەید مەولوود: ٢٥١.
سەید نووری سەید سالّح: ٢٦٤.

سەید نووری: ٢٦٤، ٢٧١، ٢٧٢.
سەید وەلیی سماقوڵی گەلی: ١٩٩، ٢٨١.
سەید یووسف شێخ عیسا: ٢٨٩.
سەید ئۆمەر: ٢٨.
سەید ئیبراهیم: ٢٦٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٨١.
سەید ئیدریس: ٢٧١.
سەید ئیسماعیل: ٢٧٢.
سەید ئەبووبەکر: ٢٧١، ٢٨٢.
سەید ئەحمەد کێشکەیی: ٣٠٠.
سەید ئەحمەدی سێنان: ٢٦٤.
سەید ئەنوەر سەید وەلی: ٢٨٢.
سەید ئەنوەر شێخ تەها: ٢٨٩.
سەید ئەنوەر کێشکەیی: ٣٠٠.
سەیفەدین حەمەد حەمەدەمین: ٢٦٢.
سەیفەدین عومەر: ٢٤٥.

## پیتی (ش)

شا موورادی: ٢٨١.
شادیە حاجی باپیر: ١٩٦.
شادیە ئەنوەر: ١٥٩.
شاکر مام کاکل: ٥٣.
شاکر یووسف: ٢٥٢.
شاهۆ گەرمیانی: ٤٣.
شلێر حاجی سدیق: ١٣٥.
شوان حاجی باپیر: ١٩٦، ١٩٧.
شوان عەلی: ١٧٦، ١٧٧.
شوان کەریم کابان: ٥٦.
شۆڕش فەتاح: ١١٣.
شۆڕش مام کاکل: ٥٣.
شێخ تەها: ٢٦٤.
شێخ جەعفەر مستەفا: ٤٠، ٤٢، ٨٧، ١٤١.
شێخ جەمال: ٥٦.
شێخ ڕەسووڵ: ٢٨٢.
شێخ ڕەش: ٢٦٤.
شێخ ساڵحی نازم گەرمە حەسەن: ١٧٧، ١٧٨.
شێخ سلێمان بالیسانی: ٣٧.
شێخ سەدرەدین: ٨٥.
شێخ سەلام: ٢٧١.
شێخ عیسا: ٢٩٠.
شێخ عەلی: ٤٠، ٨٧.
شێخ فەتاح: ٢٦٤، ٢٦٧.
شێخ فەزڵ: ٨٣.
شێخ قادر: ٣٧.
شێخ قادری هەولێر: ٨٥.
شێخ محەممەد حەمەدەمین: ١٦٤.
شێخ محەممەد سەرگەڵویی: ٤٠.
شێخ محەممەد کێشکەیی: ٢٩٩.
شێخ محەممەد: ٢٣٧.
شێخ محەممەدی سێنان: ٢٦٤.
شێخ مستەفا: ٢٧١.
شێخ مەحموود شێخ مەعرووف: ٢٧١.
شێخ مەحموود کرۆژیی: ٢٠٠، ٢٧٥، ٢٧٦.
شێخ مەحموودی گەورە: ٢٧١.
شێخ مەزهەر کاکی هیران: ٤٨، ٨٣.
شێخ مەعرووف شێخ مەحموود: ٢٧١.
شێخ ئیسماعیل: ٢٦٤.
شیرین حاجی ئەبووبەکر: ١٣٣.
شیرین ئەنوەر: ١٥٧.
شینە بۆڵی: ٣٣، ٣٤، ١٠٣، ١٠٦.
شەفیق کێخوا ئەحمەد: ٨٠، ٩٩، ١٠١.
شەماڵ جەلال: ١٣٨.
شەمام حاجی سدیق: ١٣٥.
شەهید باپیر عوسمان گۆمەشینی: ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٢.
شەهید بارام خۆشناو: ٤١.
شەهید باقی بارزانی: ٤٣.
شەهید بەختیار سەلام: ١٣٤.
شەهید بەکر عوسمان: ٢٢٩.
شەهید بەکر کێخوا کەریم: ٢٤٣.
شەهید تاهیر خارە کەریم: ١٣٤.

شەهید تەحسین ڕەحمان ڕەسووڵ: ٣٠٣، ٣٠٦.
شەهید تەحسین کاوانی: ٣٧، ٤٠، ٥٢، ٥٩.
شەهید تەحسینە شەل: ٣٢، ٨٧.
شەهید جوامێر: ٣٦.
شەهید جەرگۆ پیرداود: ٥٩.
شەهید جەلال ساڵح: ٢٦٠.
شەهید جەواهێر حەمەدەمین کێخوا باوەکر: ٢٦٩.
شەهید حاجی مام ڕەسووڵ: ١٣٤.
شەهید حاجی ئەفسانە: ٢٨٩.
شەهید حاکم ڕزگار: ٤١.
شەهید حاکم شێرزاد: ٤١.
شەهید حوسێن حاجی عەزیز: ٢٦٠.
شەهید حەسەن حاجی سدیق: ١٣٥.
شەهید حەسەن حەمەدەمین مستەفا: ٣٠٦.
شەهید حەسەن کوێستانی: ٣٩، ٤٠.
شەهید حەمید ناوچە: ٣٧.
شەهید حەمە زیاد سەعید: ٣٠٦.
شەهید حەمەد تایەر: ٢٤٣.
شەهید حەوێز سوسەیی: ٢٤٣.
شەهید حەوێز هیرانی: ٣٥، ٣٦.
شەهید خدر: ٤٢.
شەهید خەبات مام شەریف: ٤٢.
شەهید خەسرۆ شێرە: ٤١، ٨٧.
شەهید دەشتی موهەندیس: ٥٩.
شەهید ڕێباز: ٣٦، ٤٠، ٤٤، ٥٠، ٦٠.
شەهید ڕەحمان حاجی سەلیم: ١٤٤، ١٤٥.
شەهید ڕەقیب حوسێن: ٢٤٣.
شەهید ڕەنجە: ٤٢.
شەهید ڕەئووف نێرەنگینی: ٥٩.
شەهید ساڵح ئیسماعیل: ٢٦٠.
شەهید سلێمان خدر حەسەن: ٢٦٠.
شەهید سەباح حەمەدەمین: ٢٤٣.
شەهید سەرباز کۆیی: ٣٥، ٣٦.
شەهید سەعدوڵڵا عەزیز: ٢٦٠.
شەهید سەعید حاجی جەرجیس: ٢٥٢، ٢٦٠.
شەهید سەڵاح مستەفا: ٢٦٠.
شەهید سەلام: ٤٥، ٩٠، ١٣٢، ١٣٥.
شەهید سەلیم کێشکەیی: ٢٩٩، ٣٠٢، ٣٠٦.
شەهید سەلیم ئەحمەد عەبدوڵڵا: ٣٠٦.
شەهید سەید جەمیل: ٢٦٩.
شەهید سەید سەلیم: ٣٣، ٣٤، ١٠٣، ١٠٦.
شەهید سەید کەریم هەودیانی: ٨٧.
شەهید سەید کەمال: ٢٦٠.
شەهید شاخەوان عەباس: ٤٠، ٥٠، ٦٠، ٨٧.
شەهید شوان: ٥٩.
شەهید شەفیق: ٣٦.
شەهید عومەر مام باویل: ٢٦٠.
شەهید عەباس سلێمان: ٢٦٠.
شەهید عەبدولڕەزاق: ٤٠.
شەهید عەلی وەیس: ٥٩.
شەهید فوئاد حەمەد سوسەیی: ٣٧، ١٢٣، ٢٤٣.
شەهید فەتاح قادر: ٢٦٠.
شەهید فەقێ عوسمان: ٢٢٩، ٢٣٢.
شەهید قادر داودی: ٣٠٦.
شەهید قادرە سوور: ٢٤٣.
شەهید کارزان شەقڵاوەیی: ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦.
شەهید کازم قاسم حامید: ٢٦٠.
شەهید کاکەڵڵا عومەر: ٢٤٣.
شەهید کاوە مەخمووری: ٣٦.
شەهید کەریم حاجی عەوڵا سوور: ٢٤٣، ٢٤٥.
شەهید لوقمان سەمەد: ١٩٢.

شەهید مامۆستا ڕەسووڵ مام فەتاح: ٣٦.
شەهید مامۆستا کاوە ئەنوەر: ٣٦.
شەهید محەممەد حەلاق: ٣٦، ٨٧.
شەهید ملازم کەریم: ٣٥، ٣٦، ٤٠.
شەهید موخلیس یاسین: ٢٤٣.
شەهید موزەفەر حەمەد: ٢٤٣.
شەهید موشیر: ٥٩.
شەهید مەریوان: ٤٢.
شەهید مەلا غەفوور: ٣٦.
شەهید مەلا کاوە: ٢٤٣.
شەهید مەلا ئاراس: ٣٦، ٤٠، ٤٢.
شەهید نادر مام سەلیم: ٢٤٣.
شەهید نەجمەددین حەمەدەمین: ٢٤٣.
شەهید نەوزاد یووسف: ٥٩.
شەهید هاواری کاکی هیرانێ: ٣٦.
شەهید وەلی مام سلێمان: ٢٤٣.
شەهید ئازاد سابیر مام ڕەسووڵ: ٢٦٠.
شەهید ئازاد: ٥٩.
شەهید یاسین: ٥٩.
شەهید ئیبراهیم بەهرام عوسمان: ٢٤٣.
شەهید ئیبراهیم حاجی سابیر: ٢٤٣.
شەهید ئیسماعیل حاجی حەسەن: ٢٤٣.
شەهید ئیسماعیل حەسەن کەریم: ٣٠٦.
شەهید ئیسماعیل مام تەها: ٢٦٠.
شەهید ئەبووبەکر سابیر: ٢٦٠.
شەهید ئەحمەد قەمبەری: ٣٦.
شەهید ئەسوەد حەمەدەمین بابەکر: ٢٦٩.
شەهید ئەکرەم سەید حوسێن: ٢٦٩.

## پیتی (ع)

عادل مام ئەبووبەکر: ١١٨، ١٢٢.
عادل: ٤٣.
عائیشە حاجی مەحموود: ١٨٩.
عائیشە سەعید: ١٧٩.
عائیشە قادر: ١٧٦.
عائیشە مەجید: ١١٩.
عائیشە مەعرووف: ١٠٧.
عائیشەی خێزانی جەلال یا سافیە: ١٣٨.
عائیشەی خێزانی حاجی عەوڵا سوور: ٢٤٢.
عائیشەی خێزانی حاجی مەحموودی گەورە: ١٨٨.
عائیشەی خێزانی حاجی نادر: ١٤٢.
عوسمان بانیمارانی: ٥٢.
عوسمان بەگی شەقڵاوە: ٨٥.
عوسمان جەمیل: ٤٢.
عوسمان حاجی حەیدەر: ١٦٠، ١٦١، ٢٣٧.
عوسمان حاجی عەزیز: ٢٥١.
عوسمان حاجی عەلی: ٢٩، ١٠٧، ١٠٩.
عوسمان حاجی ئەحمەد: ٢٥١، ٢٥٢.
عوسمان عەزیز: ٢٥٢.
عوسمان گۆمەشینی: ٢٣٠.
عوسمان مام خدر: ٢٤٢.
عوسمان مام مستەفا: ٢٤٢.
عومەر حاجی باقی: ١٤٣.
عومەر حاجی حەمەد: ٩٤.
عومەر حاجی حەیدەر: ١٦٠.
عومەر حاجی عەلی: ١٤٤، ١٤٥.
عومەر سابیر: ٢٨١.
عومەر سەمەد: ١٧٣، ١٧٤.
عومەر فەقێیانی: ٢٧١.
عومەر کێشکەیی: ٢٩٩، ٣٠٠.
عومەر مام ساڵح: ٩٤.
عومەر مام مستەفا: ١١٥.
عومەر مام مەولوود: ٢٥٢.
عومەر مستەفا ئاودلی: ٢٤٢.
عومەر ئاغا: ٤٢.
عومەری یا عیسمەت: ١١٨.

